دیل کارنگی

چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی دەکەیت؟

وەرگێڕانی: مەشخەڵ کەوڵۆسی

چاپی نوێ
2015

Dale Carnegie

پێڕست

لەبری پێشەکی ٥
چۆن چێژ لەژیان و کارەکەت وەردەگریت؟ ٧
پێشەکی ٨
دەروازەی یەکەم ١١
حەوت ڕێگە بۆ دڵنیایی وبەختەوەری ١١
بەشی یەکەم ١٣
خۆت بدۆزەرەوە وهەوڵ بدە خۆت بیت! ١٣
بەشی دووەم ٢٥
چوار ئەریت کەلەکاتی کارکردندا یارمەتیت دەدەن بۆ دوور کەوتنەوە لەشەکەتی ودوو دڵی ٢٥
بەشی سێیەم ٣٣
چ شتێ هیلاکت دەکات؟ ٣٣
چیت پێ دەکرێ لەئاقاریدا ؟ ٣٣
بەشی چوارەم ٤١
چۆن ئەو دڕدۆنگیە لاوە دەنێیت، کەدەبێتە هۆی شەکەتی ودوو دڵی وبێ ئومێدی ٤١
بەشی پێنجەم ٥٥
ئایائەوەی هەتە، دەیگۆڕیتەوە بە یەك ملیۆن دۆلار ؟ ! ٥٥
بەشی شەشەم ٦٦
لەبیرت بێ، هیچ کەسێك پێلەقە لەسەگی تۆپیو نادات! ٦٦
بەشی حەوتەم ٧٢
ئاوابکە، ڕەخنە ئازارت نادات! ٧٢
دەروازەی دووەم ٧٩
ڕێگەسەرەکیەکانی هەڵس وکەوتکردن لەگەڵ خەڵکیدا ٧٩
بەشی هەشتەم ٨١
ئەگەر ئەتەوێت هەنگوین کۆبکەیتەوە، شانەی هەنگەکە مەجوڵێنە ٨١
بەشی نۆیەم ٩٥
نهێنی هەرەگەورەی هەڵس وکەوتکردن لەگەڵ خەڵکیدا ٩٥
بەشی دەیەم ١١١

هەرکەس بتوانێ وابکات، هەموو جیهان هی ئەوە. هەرکەسیش نەتوانێت بەتەنهایی ڕێگە کە دەبڕێ...... ۱۱۱
بەشی یانزەیەم ۱۳۲
ئاوابکە، بۆهەرکوێ بچیت پێشوازیت لێ دەکرێ. ۱۳۲
بەشی دوانزدەیەم ۱۴۷
چۆن وادەکەیت دەست بەجێ خەڵکی خۆشیان بوێیت؟ ۱۴۷
دەروازەی سێیەم ۱۶۵
بەشی سیازدەیەم ۱۶۷
ڕێگەیەکی مسۆگەر بۆ پەیداکردنی ناحەز، وە چۆنیش خۆت لەو ڕێگەیە دوور دەخەیتەوە؟ ۱۶۷
بەشی چواردەیەم ۱۸۳
ڕێگەیەکی گشتی بەرەو بیرکردنەوەی خەڵك ۱۸۳
بەشی پازدەیەم ۱۹۶
نهێنی سوکرات ۱۹۶
بەشی شانزەیەم ۲۰۴
چۆن هاوکاری بەدەست دێنیت؟ ۲۰۴
بەشی حەڤدەیەم ۲۱۳
داواکاریەك کەبۆ هەموان باشە! ۲۱۳
دەروازەی چوارەم ۲۲۳
بەشی هەژدەیەم ۲۲۵
چۆن ڕەخنە دەگریت، بەبێ ئەوەی بەرانبەرەکەت بێزاربێت؟ ۲۲۵
بەشی نۆزدەیەم ۲۲۸
یەکەمجار، باسی هەڵەکانی خۆت بکە ۲۲۸
بەشی بیستەم ۲۳۳
هیچ کەس حەزناکات فەرمانی بەسەردا بکرێ! ۲۳۳
بەشی بیست ویەکەم ۲۳۵
لێگەڕێ، ئاوی ڕوی خۆی بپارێزێ! ۲۳۵

پێشەکی

ئایا هەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە کەزۆربەمان، بەشی زۆری تەمەنمان لەنێو کارکردندا بەسەردەبەین... ئیتر جۆری ئەو کارکردنە هەرچی بێت؟ .

ئەمەش مانای وایە، ڕەنگە دید وتێڕوانینی ئێمە بۆ کارکردن، بۆمان دیاری بکات ئایا ڕۆژەکانی ژیانمان پڕن لەهەڵچون وهەست کردن بەسەرکەوتن لەکاردا-یان بەپێچەوانەوە-پڕن لەچەپاندن وشەکەتی وبێ ئومێدی.

مەشقەکانی دیل کارنگی، تەرخانکراون بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن لەوەدا کەچۆن بتوانیت زۆرترین سودلە ڕۆژانی کارکردن وتەنانەت لەتەواوی ماوەی ژیانت، وەربگریت.

کاتێ ئەم لاپەڕانە دەخوێنیتەوە، هەست بەتێگەشتنێکی قوڵتر دەکەیت لەژیان ولەخەڵك، لەدوایدا دەست دەکەیت بەبنیات نانی هێزو تواناکان ودۆزینەوەی زۆرێك لەو بەهرە وتوانایانەت کەلەبەردا پێیان ئاشنا نەبوویت.

ئەبێ چەندە خۆشحاڵ بیت کاتێ ئەو بەهرەو توانا شاردراوانەت بەکار دەهێنیت؟ .

ئەم کتێبە، بریتیە لەچەند بەشێك، کەلەباشترین دوو کتێبی (کارنگی) هەڵبژێردراون. دوو کتێبەکەش بریتین لە(چۆن هاوڕێ پەیدا دەکەیت وکاریگەری لەسەر خەڵك دادەنێیت؟) هەروەها (واز لە دوودڵی بهێنە ودەست بەژیان بکە).

تۆ دەتەوێت هیواکانت لەژیاندا بەدەست بێنیت، هەوڵ دەدەیت هەست بەشادومانی وئومێد بکەیت وکەڵك لە ووزە شاردراوەکانی نێو ناخت وەربگریت.ئەم پەرتوکە یارمەتیت ئەدات بۆ ئەوەی بەو ئامانجەت بگەیت.

خوێندنەوەی ئەم پەڕاوە، وەك سەرە ڕۆییەك وایە بۆ دۆزینەوەی خود، بۆیە دوورنیە ببێتە خاڵی وەرچەرخان لەژیانتدا.

تۆ لەنێو ناختدا کۆمەڵێ وزەی شاردراوەت هەیە، بۆی هەیە بەکارهێنانی ئەو وزانە ژیانت ڕازاوە وخۆش بکات... ئێستاش تەنها پێویستیت بەسوور بوون هەیە لەسەر تەقاندنەوە وبەکار هێنانی توانا و وزە شاردراوەکانی نێو ناخت.

دۆرۆسی کارنگی

سەرۆکی پە یمانگای کارنگی وهاوڕێکانی

دەروازەی یەکەم

حەوت ڕێگە بۆ دڵنیایی وبەختەوەری

کارنگی، ئەم پەرتوکەی بۆیە داناوە، تاکو دەرکەوێت ژیان بریتیە لەوەی ئێمە دەیکەین.

ئەگەر فێر بووین:

خۆمان قبوڵ بکەین، بەڕوونی تایبەتمەندی وناتەواویەکانی خۆمان ببینین... لێرەوە کاری پێویست بکەین بۆ گەشتن بەئامانجەکانمان... بەو جۆرە ئارەزوی کات کوشتن و وزە بەفیڕۆدان لەناخماندا پاشەکشە دەکات وئەو ئارە زووە بزر دەکەین.

بەشی یەکەم

خۆت بدۆزەرەوە وهەوڵ بدە خۆت بیت!

نامەیەکم لەخاتوو(ئەدیت ئەلرد) ەوە پێگەیشت، ئەو خاتوونە لەباکوری کارۆلینا نیشتەجێیە، لەنامەکەیدا دەڵێت: (کەمنداڵ بووم زۆر شەرمن وکەمڕوو بووم، کێشی لەشیشم لەزیاد بونێکی ئاشکرادا بوو، لەڕاستیدا کوڵمە سورەکانم دەبونە هۆی ئەوەی قەڵەوتر لەئەندازەی ڕاستەقینەی خۆم دەربکەوم. دایکم ئافرەتێکی موحافیزکاربوو، پێی وابوو دیزاینی جل وبەرگی جوان و ڕازاوە، بێ ئەقڵی ونەفامیە.هەمیشە دەیگوت: (جلی دەڵب زیاتر دەمێنێتەوە لەجلی تەسك وتروسك کەخێرا دەدڕێ) بەردەوام هەوڵیشی ئەدا، بەگوێرەی ئەو پرەنسیپە جل وبەرگ بپۆشم.

هەرگیز نەدەچومە هیچ ئاهەنگێك، کاتیشم بەیاری کردن وپێکەنینەوە بەسەر نەدەبرد، کەچوشمە قوتابخانە، بەشداری هیچ جۆرە چالاکیەکی دەرەکی قوتابیەکانم نەدەکرد، تەنانەت لەڕاهێنانە وەرزشیەکانیشدا. چونکە زۆر شەرمن بووم، هەستم دەکرد لەهەموو قوتابیەکان جیاواز ترم و، ئەوان حەزیان بەبوونی من لەناو خۆیاندا نیە!!.

(کاتێکیش گەورە بووم، شوم بەپیاوێکی لەخۆم گەورەتر کرد.وەلێ لەدەرونەوە نەگۆڕابووم. خێزان وبنەماڵەی مێردەکەم بەهێزبوون ومتمانەیان بەخۆیان هەبوو. زۆر هەوڵمدا وەکو ئەوان وابم، وەلێ شکستم هێنا. هەرچەندە ئەوان هەوڵیان ئەدا لەو مۆڵ خواردنە بەدەوری خۆمدا قوتارم بکەن، من زیاتر بەرەو گۆشەگیری دەچووم... وام لێهات زۆر تورە ببووم، خۆم لەهەموو هاوڕێکانم بەدوور دەگرت.حاڵم زۆر شڕبوو، تەنانەت ڕقم لەدەنگی زەنگ بوو کەلێی دەدا... کەسێکی شکست خواردوو بووم، زۆر باش ئەوەم دەزانی، بەلام دەترسام لەوەی هاوسەرەکەم بەو ڕاستیە بزانێت.

لەبەر ئەوە لەهەنێ ئاهەنگدا بەشداریم دەکرد وهەوڵم ئەدا دەم بەخەندە وخۆشحاڵ خۆم پیشان بدەم، زۆرم لەخۆم دەکرد وادەربکەوم، هەرچەندە دەشمزانی دواتر هەست بەبەدبەختی وچارەڕەشی دەکەم! تاوام لێهات تەواو هەستم بەنەگبەتی خۆم دەکرد وگەشتمە ئەو بڕوایەی کەژیانی من هیچ کەڵك وسودێکی نیە ودەستم کردە بیرکردنەوە لە(خۆکوشتن)!.

ئەی ئەبێ پاشتر چی ڕوی دابێت وژیانی ئەم ژنە چارەڕەشەی گۆڕیبێت؟

تێبینیەك کەبەڕێکەوت گوێی لێ بوو!

خاتوو (ئەلرد) بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خۆی ودەڵێت: (جارێکیان بەڕێکەوت گوێم لەتێبینیەك بوو، ئەو تێبینیە سەرتاپای ژیانمی گۆڕی، گوێم لێ بووپورم باسی لەپەروەردە کردنی منداڵەکانی دەکرد... دەیگوت: (هەمیشە داوام لێدەکردن هەوڵ بدەن

خۆیان چۆنن، هەروابن وهەرواش خۆیان پیشان بدەن)! ئەم ڕستەیە کاری لێکردم.زۆر بەخێرایی تێگەیشتم کەمن بەدبەختیم هێناوە بەسەر خۆمدا، بەوەی خۆم خستۆتە نێو چوار چێوەیەکی نەگونجاوەوە.

لەماوەی شەو وڕۆژێکدا گۆڕام، هەوڵم ئەدا خۆم چۆنم، وەها خۆم نیشان بدەم، هەوڵمدا لێکۆڵینەوەیەك لەسەر خۆم بکەم، خۆم بدۆزمەوە. لەخاڵە لاواز وبەهێزەکانی نێو ناخم کۆڵیمەوە... تاوتوێی هەموو ڕەنگەکان وجل وبەرگەجیاجیاکانم کرد، ئەوەیانم هەڵبژارد کەلەگەڵمدا دەگونجا. توانیم هاوەڵ پەیدابکەم.پەیوەندیم بەڕێکخراوێکی ژنانەوە کرد- هەرچەندە لەسەرەتاوە ڕێکخراوێکی بچکۆلانەش بوو- زۆر ترسام کەیەکەمجار خستیانمە نێو بەرنامەکانی خۆیانەوە، وەڵێ هەرگا پێویستی بکردایە من قسەبکەم، پەیتا پەیتا ئازایەتیم پەیدا دەکرد... ئەم بگرەو بەردەیە کاتێکی زۆری خایاند-بەڵام ئەمڕۆ، هەست بەبەختەوەریەکی زیاتر دەکەم، کەلەبەردا خەونیشم پێوە نەدەبینی!.

لەپەروەردە کردنی منداڵەکانمدا، هەمیشە هەوڵم ئەدا ئەو پەندەیان فێربکەم کەلەئەنجامی ئەزمونە تاڵەکەی خۆمەوە فێری ببوم: هەوڵ بدە خۆت چۆنیت، هەروابیت!.

مەسەلەی ئارەزوو کردنی ئەوەی خۆت چۆنیت، وەك دکتۆر (جیمس گۆردون گیلکی) دەڵێت: (بەقەدەر کۆنی مێژوو، کۆنە!). لەبەرانبەریشدا، ئارە زوونەکردنی ئەوەی خۆت چۆنیت وەهابیت و، وەها خۆت نیشان بدەیت، هۆکاری ڕاستەقینەی پشتی هەموو گرێ دەرونی ونەخۆشینە دەماریەکانە.

(ئەنگیلۆ) سیازدە پەرتوك وهەزاران وتاری ڕۆژنامەیی لەبارەی پەروەردە کردنی منداڵەوە نوسیوە، ئەو دەڵێت: (هیچ بەدبەختێ نیە، بەدبەخت تربێت لەو کەسەی کەهەوڵ ئەدات کەسێکی جیاواز تربێت لەخۆی، چ وەك جەستەیان وەك ئەقڵ)!.

لە (هۆلیوۆد) هەوڵدان بۆ ئەوەی کەسێکی جیاوازتربیت لەخۆت، شتێکی باوە... (سام وۆد) کەیەکێکە لە بەرهەم هێنەرە بەناوبانگەکانی پێشولە (هۆلیوۆد)دا، دەڵێت: ناڕەحەت ترین گرفتێ کەڕوو بەڕووی دەبومەوە، بریتی بوو لەقەناعەت کردن بەئەکتەرە لاوەکان تاکو کەسایەتی خۆیان لەڕاستیدا چۆنە، بەو شێوەیە هەڵس وکەوت بکەن. هەریەکەیان دەیان ویست ببنە (لانا تۆرنەر) ی پلە دوو، یان ببنە (کلارك گیبلێ) ی پلەی سێ.هەمیشە دەیگوت: (جەماوەر تامی کارەکانی ئەو ئەکتەرانەی کردووە، ئێستاش جۆرە کارێکی جیاوازی دەوێت).

کاتێ فیلمی (خواحافیز بەڕێز چیلپس) و(زەنگ بۆکێ لێ دەدات) ی بەرهەم هێنا، چەند ساڵێك بەردەوام کاری کرد بۆ هەڵبژاردن وبەرە و پێشەوە بردنی ئەکتەری تازە.ئەوەشی ڕاگەیاند کەئەو بنەمایانەی لەجیهانی کارکردندا بەکار دەهێنرێن، هەمان ئەو بنەمایانەن کەلەسینەماشدا بەکار دەهێنرێن.

تۆ ناتوانیت ڕۆڵی مەیمون ببینیت یاخود ببیتە توتی. (سام وۆد) هەروەها دەڵێت: (ئەزمونەکانم فێریان کردم، دەست بەرداری هەموو ئەو کەسانەببم کەهەوڵیان ئەدا بەشێوەیەکی جیاواز لەهەقیقەتی خۆیان، نمایشی خۆیان بکەن).

لە(پۆل بۆینتۆن) ی بەڕێوەبەری (بەکارخستن)ەکانی کۆمپانیای پترۆلی (سۆکۆنی ڤاکیۆ) م پرسی: گەورەترین هەڵە کامەیە، کەئەوکەسانەی داوای کارکردن دەکەن، ئەنجامی دەدەن ؟ . ئاخەر ئەو پێویستە وەڵامیئاوا پرسیارێك بزانێت، چونکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ شەست هەزار کەسدا ئەنجامداوە لەوانەی داوای کارکردنیان پێشکەش کردووە. کتێبێکیشی نوسیوە بەناوی (شەش ڕێگە بۆبەدەست هێنانی کار)... لەوەڵامی پرسیارەکەمدا گوتی: (گەورەترین هەڵەیەك ئەوکەسەی داوای کارکردنی پێشکەش کردوە ئەنجامی دەدات، لەوەدایە کەلەبریتی ئەوەی بەڕەحەتی وڕاشکاوی بدوێت، پەنادەباتە بەر جۆرە وەڵامێك کەبڕوای وایە ئێمە ئەو وەڵامانەمان دەوێت، بەڵام ئەوە سودی نیە، چونکە هیچ کەسێك دراوی ساختەی ناوێت).

کچی شۆفیرێك هەیە، پاش تێپەڕین بەئەزمونێکی سەختدا ئەوجا ئەو وانەیە فێربوو. زۆری هەوڵدا ببێتە گۆرانی بێژ.بەڵام ڕوخساری ببویە هۆکاری بەدبەختی بۆی. دەمی گەورە وددانەکانی بەرز بوون. کەبۆ یەکەمینجار لەبەردەم جەماوەردا گۆرانی گوت (لەیانەیەکی شەوانەی شاری نیوجرسیدا) هەوڵی ئەدا لچی سەرەوەی درێژبکاتەوە بۆ ئەوەی ددانەکانی پێ بشارێتەوە... هەوڵی ئەدا جوان بێت... ئەی ئەنجامەکەی چی بوو؟ خۆی وەك کەسێکی هیچ وپوچ نیشانداو خەریك بوو شکست بهێنێ.

بەڵام پیاوێ گوێی لەگۆرانیەکانی گرتبوو، هەستی کرد بوو ئەو کچە خاوەنی بەهرەیە. بۆیە پێی گوت: من چاودێری گۆرانیەکانم دەکردیت، هەستم کرد هەوڵ ئەدەیت چی بشاریتەوە، تۆ شەرم لەددانەکانت

دەکـەیت!) کـچەکە شـەرمێکی زۆر دایگـرت، وەڵێ پیاوەکـە بـەردەوام بـوو لەسـەر قسەکانی وگـوتی: (چ نەنگیـەك لـەوەدا هەیـە؟ ئایا تاوانـە ئەگـەر ددانەکانت بەرزبن؟ هـەوڵ مەدە ددانـەکانت بشاریتەوە! دەمت بکـەرەوە، ئـەوجا دەبینیت جـەماوەر پێت سەرسام دەبن، کـەبت بینن هیچ شـەرم ناکەیت. جگەلـەوەش ڕەنگـە ئـەو ددانانـەی کەدەتـەوێت بیان شاریتەوە، ببنە بەخت بۆت!).

(کـاس دایلـی) کـاری بـەم ئامۆژگاریـە کـرد وهـەموو شـتێکی سـەبارەت بەددانـــەکانی لـــەبیری خـــۆی بـــردەوە.لەوکاتـــەوە، بەتـــەنها بـــیری لەجەماوەرەکـەی دەکـردەوە. دەمـی دەکـردەوە وبەشـادومانی گـۆرانی دەگـوت، لەئەنجامـدا بویـە یـەکێك لەدرەوشـاوەترین ئەسـتێرەکانی ڕادیـۆ وتەلـەفزیۆن و، ئێـستاش ئەکتـەرە کۆمیدیـەکان هـەوڵ ئـەدەن لاسـایی بکەنەوە!.

(ولیـەم جـیمس) ی بـەناوبانگ، باسـی لـەو پیاوانـە دەکـرد کەهـەرگیز ناتوانن خۆیان بدۆزنەوە کاتێ ڕای گەیاند: مرۆڤی ئاسایی زیاترلە(١٠٪) یتوانا هزریە شاردراوەکانی بەکار ناهێنێت... لەو ڕووەوە زیاتر دەدوێت ودەنوسـێت: (بەبـەراورد لەگـەڵ ئـەوەی کەپێویـستە وابـین، ئێمـە نیـوە وەئاگـاین، ئێمـە تـەنها بەشـێکی کـەم لـەتوانا جەسـتەیی وفیکریـەکانمان بەکار دێنین.

بەواتایەکی تر، مرۆڤ لەنێو سنورەکانیدا دەژی، کۆمەڵێ وزە وتوانای جۆراو جۆری هەیە، کەچی هەوڵ نادات بەکاریان بێنێت).

هـەموومان ئـەو توانایانـەمان هەیـە، دەی باهـەوڵ بدەین هـیچ چریـەکی تەمـەنمان بـەدوودڵی نەسـپێرین، چونکە ئێمـە وەکـو خـەڵکانی ترنین.تۆ

لەجیهاندا تازەیت، کەسێکی وەکو تۆهەرگیز لەجیهاندا دروست نەکراوە، بەهەمان شێوە، هەرگیز کەسێکی کتومت وەکو تۆ دووبارە لەسەر زەویدا دروست ناکرێتەوە. زانستی بۆماوەیی پێمان دەڵێت: تۆ لەئەنجامی یەکگرتنی بیست وچوار کرۆمۆسۆمی باوکت لەگەڵ بیست وچوار کرۆمۆسۆمی دایکتدا پێك هاتوین. ئەو چل وهەشت کرۆمۆسۆمە خەسڵەتە بۆماوەییەکانت دەست نیشان دەکەن. (ئەمرام سشاینفیلد) دەڵێت: (لەنێوان سەدان جیندا، تەنها یەك جین دەتوانێت ژیانی مرۆڤ بگۆڕێت).

تەنانەت کاتێ دایك وباوکت پێکەوە جووت بوون، لەنێو (٣٠٠/٠٠٠ بلیۆن) هەلدا، تەنها یەك هەل هەبوو بۆ ئەوەی تۆ لەدایك بیت!، بەواتایەکی تر: تۆڵەوکاتەدا (٣٠٠/٠٠٠بلیۆن) خوشك وبرات هەبوو، ئەوان هەموویان لەتۆ جیابوون...

ئایا ئەم قسەیە تەنها مەزەندەکاریە؟ نەخێر، بەڵکو ڕاستیەکی زانستیە.

ئەگەر دەتەوێت لەبارەی ئەم بابەتەوە زیاتر بزانیت، کتێبی (تۆ وبۆماوە) ی‌دانراوی (ئەمرام سشاینفیلد) بخوێنەرەوە!.

من بەمتمانەوە باس لەمەسەلەی هەوڵدان دەکەم بۆ خۆنیشاندان وەك ئەوەی هەیت، چونکە هەستێکی قوڵم بەرانبەر مەسەلەکە هەیە، دەشزانم باس لەچی دەکەم، لەئەنجامی ئەزمونە بەنرخ وتاڵەکانمەوە فێربووم. بۆ نمونە: کەلەسەرەتاوە لەکێڵگەکانی گەنمە شامی لە(میسوری) ەوە هاتمە شاری (نیویۆرك) پەیوەندیم کردبە (کۆلیژی ئەمریکی بۆ هونەرەکانی شانۆ) وە... زۆر هەوڵم ئەدا ببمە ئەکتەر. بیرۆکەیەکم هەبوو، خۆم پێم

وابوو بیرۆکەیەکی نایابە، وام دەزانی ڕێگەیەکی کورتە بۆ گەشتن بەسەرکەوتن، لێکۆڵینەوەم لەسەر ئەوە دەکرد کەچۆن ئەکتەرە ناودارەکانی وەك: (جۆن درو، والتر هامبدن، ئۆتیس سکین) گەشتونەتە ئامانجەکانیان. دواتر خەسڵەتە باشەکانیانم بەنەمری لای خۆم دەهێشتەوە... ئیدی خۆمم دەکردە ئەستێرەیەکی درەوشاوە... بەڵام هەموو ئەم بیرۆکەیەم شتێکی هیچ وپوچ بوو! بەڵکو پێویست بوو لەسەرم چەندساڵێکی تەمەنم بەلاسایی کردنەوە بگوزەرێنم، بەر لەوەی باشترین بیرۆکە بدۆزمە، بیرۆکەی ئەوەی کەپێویستە ببمە خۆم!وهەرگیز ناکرێت من ببمە کەسێکی تر.

ئەم ئەزمونە سەختە پێویست بوو، وانەیەکم فێربکات کەهەرگیز لەیاد نەچێت.بەڵام وانەبوو. من زۆر سەر سەخت بووم. بۆیە وای پێویست دەکرد وانەیەکی تریش فێرببم. پاش چەندساڵێك، خۆم ئامادەکرد بۆنوسینی پەڕاوێ کەخۆم وام بەخەیاڵدا دەهات، باشترین پەرتوك بێ کەسەبارەت بەهونەری وتاردان نوسرابێ وبۆ بزنسمانەکان تەرخانکرابێ... کەچی بۆ نوسینی ئەو پەرتوکەش پەنام بردەوەبەر هەمان بیرۆکە هیچ وپوچەکە: بڕیارمدا بیرۆکەی نوسەرانی تر وەربگرم ولەیەك کتێبدا کۆیان بکەمەوە، تاکو کتێبێ دەرچێت بیرو بۆ چونی زۆری تێدا کۆببێتەوە.ژمارەیەك کتێبی تایبەت بەبواری وتاردانم لەخۆم کۆکردەوە ویەکسالی ڕەبەق سەرقاڵی ئەوە بووم بیرۆکەی نێو ئەو کتێبانە بە وشە تایبەتەکانی خۆم دابڕێژمەوە. کەچی دوایی هەستم کرد، من زۆر دەبەنگانە ڕەفتار دەکەم. چونکە ئەو تێکەڵە بیرۆکەیەی کارم لەسەر دەکرد لێکترازاو وناچونیەك بوون. تەنانەت یەك بزنسمان

تەماشای كارەكەمی نەكرد. بەو جۆرەش كۆششی یەك ساڵم خستە نێو سەبەتەی فەرامۆشكردنەوە، سەر لەنوێ دەستم بەكار كردەوە، بەخۆمم دەگوت: (پێویستە دیل كارنگی بیت... دیل كارنگی بیت بەهەموو هەڵەو كەم وكوورپیەكانیەوە، بەهەموو سنور وبەربەستەكانیەوە، ناتوانیت كەسێكی تربیت) بەو شێوەیە دەست بەرداری ئەوە بووم كەببمە تێكەڵەیەك لەكۆمەڵێ پیاوی تر.بۆیە قۆڵم هەڵماڵی ودەستم بەو كارە كرد كەهەر لەسەرەتاوە دەبوا بمكردایە، پەرتوكێكم سەبارەت بەهونەری وتاردان نووسی، بیرۆكەكانی پەرتوكەكەم لەئەزمون وتێبینی وباوەڕەكانی خۆمەوە (وەك مامۆستاو وتاربێژێ) هەڵگۆستبوو. بەو پەندە فێربووم كە(سیروالتەر رالیە) فێری ببوو، ئەو دەڵێت: (ناتوانم پەرتوكێ بنوسم شان بدات لەشانی نوسراوەكانی شكسپیر، بەڵكو دەتوانم پەرتوكێ بەگوێرەی پێنوسەكەی خۆم بنوسم)!.

هەوڵ بدە ببیتە خۆت، هەوڵ بدە كار بەو ئامۆژگاریە بكە كە(ئیرفینگ برلین) پێشكەشی (جۆج گیر شوین)ی كرد. كاتێ بۆیەكەمجار (برلین) و(گیرشوین) چاویان بەیەكتر كەوت.برلین بەناوبانگ بوو، لەبەرانبەردا (گیرشوین) نوسەرێكی تازە پیاكەوتووی لاوبوو، هەموو هەوڵێكی بۆ ئەوە بوو لەهەفتەیەكدا سی وپێنج دۆلار بەدەست بێنێت لە(تین بان ئالی).برلین كەبەتواناكانی گیرشوین سەرسام ببوو، كارێكی بۆ دۆزیەوە بەسێ ئەوەندەی ئەو كرێیەی خۆی خوازیاری بوو، كارەكەش بریتی بوو لەكاركردن وەك سكرتێری مۆسیقی. بەلام دواتر برلین لەم هەنگاوە پاشگەز بویەوە وئامۆژگاری شوینی كردوگوتی: (بەوكارە قایل مەبە، ئەگەر ئەو كارە بكەیت، لەوانەیە نوسەرێكی پلە دوو بمێنێتەوە، بەلام

ئەگەر پێداگری بکەیت لەسەر ئەوەی خۆت بیت، ئەوا دەبیتە هونەرمەندێکی پلەیەك).

(گیرشوین) بەم ئاگادار کردنەوەیە قایل بوو، بۆیە زۆری نەبرد بویە بەناوبانگترین نوسەری ئەمریکی لەسەردەمەکەی خۆیدا.

هەریەك لە(شارلی شاپلن، ویل روجزز، ماری مارگریت، جینی ئوتری وملیۆنەهای تر) دەبوا ئەو پەندە فێر بوبان... هەر یەکێکیشان بگریت لەمیانەی ئەزمونی تاڵی تایبەتی خۆیەوە فێری ئەو وانەیە ببوو.

کاتێ شارلی شاپلن، دەستی بەدروستکردنی فیلم کرد، بەرهەم هێنەرەکە پێداگری ئەوەی لێدەکرد کەلاسایی هونەرمەندێکی کۆمیدی بەناوبانگی ئەوکاتەی ئەڵمانیا بکاتەوە.بەڵام شارلی شاپلن ئەوەی ڕەت دەکردەوە کەجگە لەخۆی ببێتە کەسێکی تر.(بۆب هوب)یش ئەزمونێکی هاوشێوەی هەیە: ئەمیش چەند ساڵێکی لەنمایشی ئیستیعرازیدا... بەسەر برد، کەچی هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا تائەوکاتەی دەستی کردە نمایش کردن بەکەسێتی خۆی.کاتێکیش ماری مارگریت دەستی بەکاری نواندن کرد، هەوڵیدا ببێتە ئەکتەرێکی کۆمیدی ئیرلەندی، لەم هەوڵەیدا شکستی هێنا. لەبەرانبەردا کاتێ ویستی ببێتە خۆی -ببێتەوە کچە لادێییە سادەکەی ناوچەی میسوری -بویە درەوشاوەترین ئەستێرەکانی ئێستگە لەنیویۆرکدا.

ئەو دەمەی (جینی ئوتری) هەوڵیدا واز لەشێوەزمانی تەکساس بهێنێ وجلی شاریەکانی لەبەرکرد وخۆی کردبوە خەڵکی نیویۆرك.خەڵك گاڵتەیان پێ دەکرد. وەڵێ کاتێ دەستی کردە گۆرانی وتن. بەشێوەی شوانەکانی مانگا، پێی نایە ژیانێکی هونەری واوە، کەبویە بەناوبانگ

ترین دەنگ ورەنگی شوانەکانی مانگا... تۆ شتێکی تازەیت لەم جیهانەدا، بەوەش شادومان و دڵخۆش بە... .ۆربەی ئەوشتانە بەکار بێنە کەسروشت پێت دەبەخشێت، چونکە هونەر شتێکی خودیە. تۆ تەنها لەمیانەی خۆتەوە ستران دەبێژیت وهەر لەمیانەی خودی خۆشتەوە وێنەدەکێشیت.

پێویستە دەقاو دەق وەك ئەوە وابیت کەئەزمونەکانت، دەوروبەرت و، فاکتەرە بۆماوەییەکانت لێتیان دەوێت، پێویستە بەخۆت باخچە بچکۆلانەکەت بڕوێنیت، ئیدی باجەکەی هەرچی بێت. لەئۆرکسترای ژیانیشدا، بەئامێرە بچکۆلانەکەی خۆت مۆسیقا بژەنیت، ئیدی باجەکەی هەرچی بێت.

وەك (ئەلرسۆن) لەوتارەکەیدا (پشت بەخۆ بەستن) دەڵێت: (لەژیانی ڕۆشنبیری مرۆڤدا ماوەیەك هەیە، تیایدا دەگاتە ئەو بڕوایەی کەئێرەیی نەزانینە ولاساییش خۆکوشتنە، پێویستە لەسەری خۆی قبوڵ بکات بەخەسڵەت وتایبەتمەندیەکانیەوە. سەرباری ئەوەی گەردونی بەرین لێوانە لەشتی باش، ناتوانێت لەو بەرهەمە زیاتر بەدەست بێنێت کەلەزەویەکەی خۆیەوە چنگی دەکەوێت... ئەو هێزەکەی لەنێو ناخیدایە، شتێکی تازەیە لەسروشتدا، جگەلەخۆیشی هیچ کەسێکی ترنازانێت دەتوانیت بەو هێزەی چی بکات، خۆیشی نازانێت دەتوانێت چی بکات تاکو دەست بەهەوڵدان نەکات).

ئەمە پوختەی ئەو شێوازەیە کەئەمرسۆن تیایدا دەربڕلە پشت بەخۆ بەستن دەکات. بەڵام لێرەکانەدا میکانیزمێکی هۆزانڤانانە هەیەکە (دۆگلاس مالوتچ) دەربڕی لێدەکات ودەڵێت:

ئەگەر نەت توانی ببیتە دار سنەوبەرێك بەسەرلوتکەی تەپۆلکەیەکەوە.

ببەرە دەوەنی نێو دۆڵێك

ببەرە باشترین دەوەنی تەنیشتی چەشمەیەك.

ببەرە دەوەن، ئەگەر نەتوانی ببیتە دەوەن، ببە بەگژوگیا.

ڕێگەکە برازێنەوە

ناتوانین هەموو مان ببینە سەرکردە،

بەڵکودەتوانین ببینە دەریاوان

هەرکەسەوکارێکی هەیە

کارێکی گەورە هەیەو کارێکی کەمتریش هەیە پێویستە ڕایان بپەڕێنین

ئەبێ ئەو ئەرکەی لەسەر ئەستۆمانە، جێبەجێی بکەین. باهەوڵ بدەین لاسایی کەسانی تر نەکەینەوە، تاکو خۆمان بدۆزینەوە...

ئەگەر نەتتوانی ببیتە شاڕێ،

ببەرە تولەڕێیەك

گەر نەتتوانی ببیتە خۆر،

ببەرە ئەستێرە.

بەشی دووەم

چوار نەریت کەلەکاتی کارکردندا یارمەتیت دەدەن بۆ دوور کەوتنەوە لەشەکەتی ودوو دڵی

نەریتی ژمارە١: نوسینگەکەت پاك بکەرەوە لەهەر پەڕەو کاغەزێك، جگە لەو کاغەزو نوسراوانەی کەپەیوەندیان بەکاری ئێستاتەوە هەیە.

(ڕۆلاندل ولیمس) سەرۆکی هێڵی ئاسنی شیکاگۆ وباکوری ڕۆژهەلات، دەڵێت: (مرۆڤ کاتێ لەنوسینگەیەکی پڕلەکاغەزو نوسراوی هەمەچەشندا دادەنیشێت، هەست دەکات کارەکەی زۆر ئاسان دەبێت گەربێتو نوسینگەکەی پاك بکاتەوە لەهەر نوسراو وکاغەزێکی زیادە، جگە لەو نوسراوانەی کەپەیوەندییان بەکارەهەنوکەییەکەیەوە هەیە... ئەوە ناو دەنێم ڕێکوپێکیەکی باش لەماڵدا، یەکەمین هەنگاویشە بەرەو کارا بوون وسەرکەوتن. هەر میوانێك سەردانی کتێبخانەی کۆنگریس دەکات لە(واشنتۆن د.س)، پێنج وشەی بەر چاو دەکەوێت کەبە بانی کتێبخانەکەوە نوسراون، وشەکان لەلایەن هۆزانڤان (بوب pope) ەوە نوسراون، ئەویش ئەو ڕستەیەکە دەڵێت: (ڕێك وپێکی یەکەمین یاسای ئاسمانە).

پێویستە لەکارکردنیشدا ڕێکوپێکی وڕژێم یەکەمین یاسا بێت، بەڵام ئایا ئەمە ڕاستە؟ نەخێر، چونکە نوسینگەی هەربزنسمانێکی ئاسایی بگری، پڕەلە چەندین نوسراو کەماوەی چەند هەفتەیەك بەسەریاندا گوزەری کردوە وهێشتر سەیری نەکردوون.لەڕاستیدا، سەرنوسەری ڕۆژنامەیەك لە(نیوئۆرلیانز) باسی ئەوەی بۆ کردم کەکاتێ سکرتێرەکەی نوسینگەکەیی بۆ ڕێکخستۆتەوە، ئامێرێکی چاپکردنی تێدا دۆزیوەتەوە کەماوەی دووساڵ بزر ببوو!.

بەتەنها دیمەنی نوسینگەیەکی شپرز، کەپڕبێت لەنامەی وەڵام نەدراوە وڕاپۆرت ویادخەرەوەی زۆر، بەسەبۆ دروست بوونی ڕاڕایی وبێتاقەتی وقەڵسی ودوو دڵی.مەسەلەکە تەنها بەوەشەوە ناوەستێت. چونکە بینینی ئەو هەموو کاغەزە کەڵەکە بوانە، وەبیرت دێننەوە کەکاری زۆرت لەپێشە، کەچی دەرفەتی تەواویشت نیە بۆ جێبەجێکردنیان (ئەمەش نیگەران وقەڵست دەکات وتەنها دووچاری شەکەت بونت ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی فشاری خوێن ونەخۆشینەکانی دڵ وبرینی گەدە).

د.کتۆر(جۆن.ھ.ستۆکس) مامۆستای دەرچووی پەیمانگای پزیشکیە لەزانکۆی پەنسلڤانیا، لەبەردەم کۆنگرەی نیشتمانی پزیشکی ئەمریکیدا، لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کرد بەناوی: (گرژیە دەماریە کرداریەکان، وەك ئاسەواری نەخۆشیە جەستەییەکان).لەم لێکۆڵینەوەیەدا.دکتۆر ستۆکس لیستێکی لەیانزە حاڵەتدا نوسیوە لەژێرناوی: (لەحاڵەتی نەخۆشینی دەرونیدا، پێویستە بەدوای چیدا بگەڕێیت)... لەبڕگەی یەکەمی ئەو لیستەدا دەڵێت: (هەست کردن

بەبەرپرسیاریێتی یان ئەرك، دریژبونەوەی بێ کۆتایی ئەو شتانەش کەپێویستە جێ بەجێ بکرێن).

بەڵام چۆن چۆنی کردارێکی سادەو ساکاری وەك ڕیك وپێك کردنی نوسینگەکەت، یارمەتیت دەدات لەدوورکەوتنەوە لەفشاری بەرزی خوێن وهەست کردن بەپەیگیری ودریژبونەوەی بێ کۆتایی کارەکان؟ ...

دکتۆر(ولیەم .سدلەر) پزیشکی دەروونناسی بەناوبانگ، باسی نەخۆشێکمان بۆدەکات کەلەڕێی بەکارهێنانی ئەو شێوازەوە توانی بەربگرێت بە(داڕوخانی دەماریی).

ئەم نەخۆشە بەڕێوەبەری یەکێك لەکۆمپانیا گەورەکانی شیکاگۆبوو، کاتێ سەردانی عەیادەکەی(دکتۆر سدلر)ی کرد، زۆر ڕاڕاو توڕە ودوو دڵ بوو، هەستی دەکرد خەریکە بەتەواوی دادەڕوخێت، لەهەمان کاتدا هەستی دەکرد ناتوانێت دەست بەرداری کارەکەی بێت، بۆیە پێویستی بەهاوکاری دکتۆر هەبوو.

(دکتۆر سدلەر) دەڵێت: کاتێ پیاوەکە باسی چیرۆکەکەی بۆ کردم، زەنگی تەلەفۆن لەنەخۆشخانەوە لێیدا، لەبری ئەوەی مەسەلەکە دوابخەم، کاتەکەم قۆستەوە بۆئەوەی بگەمەبڕیاری گونجاو.چونکە من هەمیشە مەسەلەکان بەخێرایی چارەسەر دەکەم.هێندەی نەبرد بۆ جاری دووەم زەنگی تەلەفۆن لێیدایەوە، جاری سێیەم کارەکە زۆر بەپەلە بوو، دەبوا ماوەیەك تەرخان بکەم بۆ تاوتوێ کردنی... سێیەمین ناوبڕ بەهۆی ئەوە وەبوو کەهاوڕێیەکم هات بۆ نوسینگەکەم بۆ پرسیارکردن لەبارەی بارودۆخی نەخۆشێکەوە، کاتێ لەگەڵ ئەویشدا کۆتایم بەقسەوباسەکانم هێنا، ئاوڕم دایەوە بەلای نەخۆشەکەمدا وداوای لێبوردنم لێکرد

کەبۆماوەیەك فەرامۆشم کردوە، کەچی ئەو زۆر چوست بوو، بەرِوخساریەوە ئەدگاری جیاواز دەبینرا) پێمی گوت: (دکتۆر گیان داوای لێبوردن مەکە!لەم (دە)خولەکەی دوایدا.هۆکاری نەخۆشینەکەی خۆمم بۆ دەرکەوت.دەگەڕێمەوە بۆ نوسینگەکەم وئەگەڕێمەوە بەسەر نەریتەکانم لەکارکردندا... بەلاّم بەر لەوەی بڕۆم ڕێگەم ئەدەیت چاوێك بەنوسینگەکەتدا بگێڕم؟).

دکتۆر درگاکانی نوسینگەکەی بۆ دەکاتەوە، هەموو ژورەکان خاڵی بوون تەنها کەل وپەلە پێویستیەکانیان تێدابوو.بۆیە نەخۆشەکە گوتی: (پێم بڵێ، لەکۆتایدا ئەو کارانە هەڵدەگریت کەجێ بەجێت نەکردوون؟).

-سدلەر گوتی: (بەجێبەجێ کراوی هەڵیان دەگرم)!.

(ئەی لەکوێندەر ئەو نامانە هەڵدەگریت کەوەلاّمت نەداونەتەوە؟)

-(هەمویان وەلاّم دەدەمەوە ئەوجا هەڵیان دەگرم، یاسای من لەژیاندا ئەوەیە هیچ نامەیەك بەرلە وەلاّمدانەوە هەڵنەگرم، دەست بەجی وەلاّمەکانیان دەدەمە سکرتێرەکەم).

لەپاش شەش هەفتە، هەمان بەڕێوەبەر داوەتی دکتۆر سدلەری کرد تاکوسەردانی نوسینگەکەی بکات، ئەو لەدوای تێپەڕینی شەش هەفتە ببویە مرۆڤێکی نوێ.هەروەها نوسینگەکەیشی گۆڕابوو، درگای ژورەکانی بۆ والاّکرد، تاکو پیشانی بدات کەنوسینگەکەی ئەمیش خاڵیە لەهەر جۆرە کارێکی ئەنجام نەدراو.

ئینجا گوتی: (بەر لەشەش هەفتە، سێ دانە نوسینگەم هەبوو لەناو دوو ژوردا، پڕبوون لەکاری ئەنجام نەدراو، بەلاّم دوای ئەوەی قسەم لەگەڵ تۆدا کرد، کەهاتمەوە باری یەك گەلاّبە ڕاپۆرت ونوسراوی کۆنم

جێبەجێ کرد.ئێستاش تەنها لەیەك نوسینگەدا کاردەکەم، هەر داواکاریەکیشم پێ بگات، دەست بەجێ ڕای دەپەڕێنم، پشت گوێیان ناخەم تالەدوایدا بۆم نەبنە مایەی دوو دڵی وشڵەژان)... وەڵێ ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کەبەتەواوی چاك بومەتەوە، وەك دەمبینی ئێستا زۆر ساغڵەمم وتەندروستیم باشە!).

(چارلز ئیڤنس هیوز) سەرۆکی دادگای باڵای وڵاتەیەکگرتوەکان دەڵێت: (مرۆڤ بەهۆی کاری سەختەوە نامرێ، بەڵکو بەهۆی پەرتەوازەیی ودوو دڵیەوە دەمرێ). بەڵێ، بەهۆی پەرتەوازە بوونی وزە وتواناکانیان و دوودڵیەوە، دەمرن، چونکە بەو حاڵەوە هەرگیز ناتوانن کارەکانیان ڕاپەڕێنن.

نەریتی ژمارە٢: بەگوێرەی گرنگییان، کارەکان ڕاپەڕێنە (هنری ل.دوهرتی) دامەزرێنەری کۆمپانیای (سیتز سرڤیس) دەڵێت: بری ئەو کرێیە هەرچەندەبێ کەدەدرێت، دوو توانا هەیە ئەستەمە بەدەست بهێنرێن.

ئەو دوو توانایەش کەبە پارەو پول مەزەندەناکرێن، بریتین لە: یەکەم، توانای بیرکردنەوە، دووەم، توانای هەستان بەڕاپەڕاندنی کارەکان بەگوێرەی بایەخ وگرنگییان.

چارلز لۆکمان، ئەو گەنجەی کە لە داڕوخانەوە دەستی پێکردو لەدوای دوانزەساڵ بویە سەرۆکی کۆمپانیای (ببسودوانت)، دواتر لەماوەی ساڵێکدا سەدهەزار دۆلار داهاتی دەست دەکەوت، ئەمە سەرباری کۆکردنەوەی یەك ملیۆن دۆلار.ئەم لاوەش دەڵێت، زۆرینەی سەرکەوتنەکانم دەگەڕێتەوە بۆ گەشەپێدانی ئەو دوو توانایەی کە(هنری

دوهرتی) پێی وایە ئەستەمە بەدەست بهێنرێن... چارلز لۆکمان هەروەها دەڵێت: (شتێ کەزیاترلە یادەوەریمدا مابێتەوە، ئەوەیە کەهەمیشە کاتژمێر پێنجی بەیانی لەخەو ڕادەبووم، چونکە لەوکاتەدا، پتر لەهەر کاتێکی تر دەتوانم بیرکەمەوە.دەتوانم باشتر بیرکەمەوە وپلان بۆ سەرتاسەری ئەو ڕۆژەم دابنێم وهەروەها پلانیش بۆئەوە دابنێم کەبەگوێرەی بایەخی شتەکان جێبەجێیان بکەم).

(فرانگ باتگر) یەکێك لەهەرە کاراترین کەسایەتیەکانی بواری بیمەدان ودڵنیایی، چاوەڕوان ناکات تاکو کاتژمێر پێنجی بەیانی، بەڵکو هەر شەو پلانی ڕۆژی داهاتوو دادەنێت.

من لەئەنجامی ئەزمونی دوورو درێژمدا، بۆم دەرکەوتووە کەمرۆڤ ناتوانێت بەهەمیشەیی کارەکانی بەگوێرەی گرنگییان جێ بەجێ بکات، وەلێ دەشزانم کەهەر بوونی نەخشە بۆ جێبەجێ کردنی کارەگرنگەکان باشترە ویارمەتیت دەدات تاکوبە سانایی ئەرکەکانت ڕاپەڕێنیت.

ئەگەر جۆرج بەرنادشۆ، کاری بەم ڕێسایە نەکردایە، ڕەنگە وەك نوسەرێك شکستی بهێنایە وبەدرێژایی ژیانی کرێکاری بانك بوایە.

بەرنادشۆ پلانی هەبوو کەبەدرێژایی نۆساڵ ڕۆژانە پێنج لاپەڕە بنوسێت، هەرچەندە بەدرێژایی ئەو ماوەیە تەنها سیی دۆلار دەستکەوتی هەبوو (واتە نزیکەی یەك میلم لەڕۆژێکدا)!..ڕۆبنسۆن کروزو، تەنانەت پلان ونەخشەی دارشتوە بۆ هەرکاتژمێرێك لەکاتژمێرەکانی کارکردنی ڕۆژانەی.

نەریتی ژمارە٣: هەر گرفتێك ڕوبەڕوت بویەوە، دەست بەجێ چارەسەری بکە، ئەگەر ڕاستیە پێویستیەکانی دەرکردنی بڕیارت لابوو، هەرگیز

پرۆسەی بڕیاردان دوامەخە. یەکێك لەقوتابییە کۆنەکانم بەناوی (هـ.ب.هـول) باسی ئەوەی بۆ کردم، کاتێ ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای پۆلای ئەمریکا دەبێت ، کۆبونەوە بۆچارەسەرکردنی گرفتە ئاڵۆزەکان دەبەستران، لەوکاتەشدا نەیان دەتوانی بگەنە بڕیاردان سەبارەت بەو گرفتانە مەگەر کەمێکی زۆر کەم نەبێت.

ئەی سەرەنجام چی بوو؟ دەبوو هەر ئەندامێکی ئەنجومەن باوەشێك راپۆرت بباتەوە ماڵەوە ولێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکات.

دواجار بەڕێز (هول) قەناعەتی بەئەنجومەنەکە کرد تاکو یەك یەك بابەتەکان تاوتوێ بکرێن.بەم شێوەیە نەدواخستن ڕودەدات ونەپشێوی... چونکە هەرچۆن بێت پێویستە بگەنە بڕیاردان لەبارەی گرفتێکەوە، ئەوجا بگوازنەوە سەر گرفتێکی تر.بەڕێز(هول) گوتی سەرەنجامی ئەم پێشنیارە سەرسامکەر بوو، چونکە توانرا زۆر بەئاسانی چارەسەری هەموو گرفتەکان بکرێت، ئیدی پێویست نەبوو هەر ئەندامێك باوەشێ ڕاپۆرت لەگەڵ خۆیدا بباتەوە بۆماڵەوە. ئەو دڵە ڕاوکێیەش لەئارادا نەما کەپێشتر بەهۆی چارەسەر نەکرانی گرفتەکانەوە دروست دەبوو.

ئەم ڕێسایە تەنها بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبەران گونجاو نیە، بەڵکو بۆمنیش وتۆش گونجاوە.

نەریتی ژمارە٤: - بزانە چۆن کارەکان ڕێکدەخەیت وبەڕێوەیان دەبەیت. زۆر جار بزنسمانێك خۆی بەرەو ناو گۆڕ دەنێرێت بەر لەوەی کاتی مردنیشی بێت، هۆکاری ئەم مردنە ناوەختەش ئەوەیەکە نەیزانیوە

چۆن بەرپرسیارێتیەکان دەسپێرێت بەکەسانی تر، تەنانەت پێداگریش دەکات لەسەر ئەوەی بەتەنها خۆی هەموو کارەکان ڕاپەڕێنێت.ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کەپشێوی وبێ سەرو بەری ڕوی تێدەکات وشەکەت وماندوو دەبێت... هەمیشە هەست بەدوو دڵی وڕاڕایی دەکات... من دەزانم ئەرك سپاردن بەبەرانبەرەکانت، کارێکی سەختە.چونکە خۆم بەلامەوە زۆر سەخت بوو.هەروەها لەئەنجامی ئەزمونەکانیشمەوە دەزانم کەچ کارەساتێك دەقەومێ ئەگەر بەرپرسیارێتی بدرێتە دەستی کەسانی ناشایستە.لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە بەڕێوەبەر ئەو کارە بکات تاکو خۆی دوور بخاتەوە لەدوو دڵی وڕاڕایی وشەکەتی.

ئەو پیاوەی کارێکی گەورە دادەمەزرێنێت ودواتر نازانێت چۆن چۆنی ڕێکی بخات وبەڕێوەی بەرێت، سەرەنجام لەتەمەنی پەنجاکاندا یان لەسەرەتای شەستەکانی تەمەنیدا، توشی نەخۆشینی دڵ دەبێت.نەخۆشینی دڵ هۆیەکەی بریتیە لەڕاڕایی ودوو دڵی.

ئایا دەتەوێت لەم ڕووەوە نمونەیەکی دیاریکراوت بۆ بهێنمەوە؟ بفەرموو لاپەڕەی تایبەت بە(مردنی نەخۆشەکان) لەڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا بخوێنەرەوە.

بەشی سێیەم

چ شتێ هیلاکت دەکات؟

چیت پێ دەگرێ لەئاقاریدا ؟

لێرەکانە. ڕاستیەکی پڕبایەخ هەیە دەڵێت: بەتەنها کاری هزری نابێتە هۆی ماندوبونت.ڕەنگە ئەم قسەیە بەهیچ وپوچ بێتە بەرچاو.وەلێ چەند ساڵێك لەمەوبەر، زاناکان هەوڵیاندا بزانن ماوەی چەند هزری مرۆڤ دەتوانێت کاربکات، بێ ئەوەی بگاتە(وزەی کەمکردوی کار)، پێناسەی زانستی شەکەتی ئەو دێڕەی ناو دووکەوانەکەیە.دواجار زاناکان گەشتنە ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر، ئەویش ئەوە بوو کەبۆیان دەرکەوت ئەو خوێنەی بەمێشکدا دەڕوات لەکاتی کارکردن وچالاکیدا، هەرگیز نابێە هۆی هیلاك بوون.

ئەگەر دڵۆپی خوێنی کرێکارێ وەربگریت لەکاتی کارکردنیدا ولەئەزمایشگاشیکاری بۆ بکەیت، دەبینیت پڕە لەمیکرۆبی شەکەتی وئاسەوارەکانی هیلاکی.بەڵام ئەگەر لەکۆتایی ڕۆژیشدا دڵۆپێ خوێنی (ئەلبێرت ئەنیشتاین) وەربگریت و لەتاقیگە لێی بنواڕیت دەبینیت هیچ جۆرە میکرۆبێکی هیلاك بوونی تێدا نیە.

هەرچی مێشکیشە، دەتوانێ بەو پەڕی چوست وچالاکی وبەخێرایی کاری خۆی بکات، تەنانەت لەپاش هەشت یان دوانزە کاتژمێر کارکردنی بەردەوامیش.وەك چۆن لەسەرەتادا کاری کردووە. مێشك هەرگیز هیلاك نابێت... کەواتە تۆ چی هیلاکت دەکات؟ .

نۆژدارانی دەروونناسی پێیان وایە زۆرینەی شەکەتیەکانمان بەهۆی هەڵوێستە فیکری وسۆزداریەکانمانەوەیە... (ج.أ.هارفیڵد) بەناو بانگترین پزیشکی دەروونناس لەئینگلتەرا، لەپەرتوکەکەیدا (دەروونناسی هێز) دەڵێت: (سەرچاوەی بەشی زۆری ئەو هیلاکیەی هەستی پێ دەکەین بریتیە لەمێشك، لەڕاستیدا، ئەو هیلاکیەی کەهۆیەکی جەستەیی هەیە، شتێکی زۆر دەگمەنە).

پزیشکی بەناوبانگی ئەمریکایی(أ.بریل) پتر لەو سنورەش دەڕوات ودەڵێت: (لەسەداسەد، هیلاك بوونی کرێکارێکی ساغڵەم، دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە دەرونیەکان، مەبەستمان لەهۆکارە سۆزداریەکانە).

کەوابێ ئایا ئەو هۆکارە سۆزداریانە کامانەن کەکرێکارێکی ساغڵەم ماندوو دەکەن؟ خۆشحاڵی؟ حەسانەوە؟ پشودان؟ نەخێر! هەرگیز!... بێ ئومێدی وڕەش بینی وهەست کردن بەوەی بەرانبەرەکانی ڕێزی ناگرن، هەست کردن بەوەی دژایەتی دەکرێ، دوو دڵی... هتد، ئەمانە ئەو هۆکارە سۆزداریانەن کەکرێکار شەکەت دەکەن وبەرهەمی کەم دەکەنەوە وبەژانە سەرەوە دەیگێڕنەوە بۆماڵەوە... بەم جۆرە، ئێمە هیلاك دەبین، چونکە هەستەکانمان دەبێتە هۆی گرژبوونی دەمارەکانمان وشەکەتی جەستەمان.

کۆمپانیای (میترپۆلیتان)ی تایبەت بەدڵنیایی، لەنامیلکەیەکدا ئاماژە بەمەسەلەکانی تایبەث بەشەکەتی دەکات ودەڵێت: (کاری نارەحەتیش، زۆر بەدەگمەن دەبێتە هۆی شەکەتیەکی واکە بەنوسین وپشودانیش چارەسەری نەکرێ... دوو دڵی وراڕایی وپشێوی سۆزداری، هۆکاری سەرەکی شەکەت بونن.نەکاری جەستەیی هۆکاری هیلاکیەو نەکاری هزری...).

لەم چرکەساتەدا چاودێریەکی وردی خۆت بکە، کاتێ ئەم چەند دێرە دەخوێنیتەوە، ئایا هەست بەشڵەژان وراڕایی دەکەیت؟ یاخود بەشێوەیەکی رەحەت لەسەر کورسیەکەت دادەنیشیت؟ ئایا شانت بەرز دەکەیتەوە؟ یان دەموچاوت گرژە؟ ئەگەر هەموو جەستەت لەم کات وساتەدا وەکو پارچە قوماشێك رەهاو بێ گرێ وگۆڵ نیە.ئەوا تۆلەم کاتەدا گرژی دەماری وگرژی ماسولکەکانت هەیەو دەمارەکانت هیلاك وشەکەت دەکەیت!.

بۆچی ئەم جۆرە گرژیانە بۆ خۆمان دروست دەکەین لەکاتێکدا کارێکی هزری رادەپەڕێنین؟

جۆلسین دەڵێت: (پێم وایە ئاستەنگی سەرەکی ... بریتیە لەو بڕوا باوەی کەدەڵێت: کاری نارەحەت پێویستی بەهەستکردن بەکۆشش هەیە، دەنا بەشێوەیەکی باش رانا پەڕێنرێ)... بۆیە ئێمە لەکاتی بیرکردنەوەدا وانیشان دەدەین کە ئەرکێ رادەپەڕێنین، ئەمەش هەرگیز هاوکاری مێشك ناکات.لێرەدا راستیەکی حەسرەتامێزی سەرسوڕهێنەر هەیە: ملیۆنەها کەس لەوانەیە حەزبە لەدەستدانی پارەو سامان ناکەن، رووە دەکەنە بەفیڕۆدانی ووزە وتواناکانیان، بەشێوەیەکی وا بێ

موبالاتانـه، کـەبی موبالاتیەکـەیان یەکـسانە بـەبێ موبـالاتی حـەوت دەریاوانی سەرخۆش لەسینگافۆرەدا!!.

کەواتە ئایا وەڵامی ئەم هیلاك بوونە دەماریە چیە.گوشادی!فێربیە هەمیشە لەکاتی کارکردندا گوشادبە.

بـەڵام ئایـا ئـەم گوشـاد بوونـە، ئاسـانە؟ نـەخێر.چـونکە لەوانەیـە وایپێویست بکات نەریتـەکانی ژیانـت وازگـون بکەیتـەوە.وەڵێ مەسـەلەکە شایستەی ئەم کۆششە گەورەیەیە، چونکە ڕەنگە ژیانت ڕزگار بکات! ولیەم جیمس لەوتارەکەیدا دەڵێت: (پەیامی گوشادی)بریتییە لەوەی (ڕاڕایی‌و پشێوی‌و ... لای تاکی ئەمریکی ، نـەریتێکی ناپەسـەندە) شـڵەژان نەریتــە . گوشــادیش نەریتــە . دەکــرێ نەریتــە خــراپ و ناپەسەندەکان بگۆڕن بە نەریتە باشەکان.

چۆن گوشاد دەبیت ؟ ئایا بە مێشکت دەست پێ دەکەیت یاخود بە دەمارەکانـت ؟ نابێ بەهیچکام لـەو دووانـە دەسـت پـێ بکـەیت.بـەڵکو پێویستە بەماسولکەکانت دەست پێ بکەیت.

لێگەڕێ هەوڵی ئەوە بدەین.باوای دابنێین لەچاوەکانتەوە دەست پێ دەکەین.

ئەم پەرەگرافە بەوردی بخوێنەرەوە، کاتێ تەواو بویت، پاڵ بدەرەوە وچاوت دابخە وزۆر بەهێوری بەهەر دوو چاوت بڵێ (بەسە شڵەژان، بەسە شڵەژان، گوشادبن) چەندجارێك بۆ ماوەی یەك خولەك ئەم نیوە دێڕە بەهێوری دووبارە بکەرەوە.

پاش چەند چرکەیەك، ئایا هەست ناکەیت ماسولکەکانی چاوت گوشادبوون؟ ئایا هەست بەوە ناکەیت دەستێك شلەژان وگرژیەکەی لەسەر سرپیونەتەوە؟ .

زۆر باشە، وادیارە ئەمەماقوڵ نیە، تۆ ئەوەت لەماوەی خولەکێکدا کردوو ئاشنابوویت بەکلیلی نهێنی هونەری گوشاد بوون.دەتوانیت هەمان کردار لەگەڵ ماسولکەکانی شەویلگەکان وڕوخسار ومل وهەر دووشان وهەموو جەستەشتدا بکەیت. بەڵام چاو هەرە گرنگترینی ئەندامەکانە .دکتۆر(ئەدمۆن جاکۆبسۆن) لەزانکۆی شیکاگۆ، دەڵێت: (ئەگەر بتوانیت ماسولکەکانی چاوت گوشاد بکەیت، دەتوانیت هەموو هیلاکیەکانی جەستەت لەبیر بکەیت) هۆکاری ئەم گرنگیەی چاوەکانیش لەلابردنی گرژی وشلەژاوی دەمارەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە(هەردوو چاو) چواریەکی ئەو دەمارە ووزەیە بەکار دەهێنن کەهەموو لەش بەکاری دەبات.لەبەر هەمان هۆکاریش ئەوانەی خاوەنی سەرنجێکی باشن، ئالودەن بەدەست(شلەژان وگرژی چاوەکان)ەوە.

(فیکی بوم)ی ڕۆماننوسی بەناوبانگ، دەگێڕێتەوە لەکاتێکدا منداڵ بووە، چاوی بەپیرە پیاوێك کەوتوە، ئەو پیرەپیاوە گرنگترین وانەی لەژیانیدا فێرکردووە...

بەمنداڵی کەوتوە وئەژنۆی بریندار بووە، پیاوە پیرەکە بەرزی دەکاتەوە وتەپ وتۆزەکەی دەتەکێنێت، ئینجا پێی دەڵێت: (هۆی بریندار بونت ئەوەیەکە تۆ نازانیت چۆن گوشاد دەبیت.پێویستە وانیشان بدەیت کەوەکو گۆرەویەکی کۆن گوشادیت، وەرە باپیشانت بدەم چۆن چۆنی فێری ئەوە دەبیت).

ئـەم پیـاوەپیرە هەمیـشە پێـداگربوو لەسـەر ئـەوەی کـەدەیگوت: (وابیرلـەخۆت بکـەرەوە کەگۆرەویـەکی کۆنیـت، پێویـستە بەهەمیـشەیی گوشاد بیت). دەتوانیت لەکاتەکانی دەست بەتاڵیتدا گوشاد بیت، گوشاد بوون یانی نـەبوونی هـیچ جـۆرە ڕاڕایـی وشـڵەژان وکۆشـشێك.بـەهێمنی وگوشـادی بیربکـەرەوە... بەبیرکردنـەوە لەگوشـاد کردنـی ماسـولکەکانی چاوت وڕوخسارت دەست پێ بکەو هەمیشە بێژە: بابە گوشادی دەست پێ بکەین...).

هەست بکە بـەو وزەیـەی کەلەماسـولکەکانی ڕوخـسارتەوە دادەبەزێتە ناوەڕاستی سینگت، وابیر لـەخۆت بکـەرەوە کـەوەکو منـداڵ ڕزگـار بویت لەگرژی وشڵەژان.

(گـالی کۆرسـی) گۆرانیبێـژی گـەورەی ئـۆپێرا، لەسـەر هـەمان کـردار نەریتی گرتبوو.(هیلیین جبسۆن) باسی ئەوەی بۆ کردم کەهەمیشە(گالی) بەرلـەوەی گـۆرانی بڵێـت، لەسـەر کورسـی دادەنیـشت وهـەموو ماسـولکەکانی وشـەویلگەی خـوارەوەی گوشـاد دەکـرد.ئەمـە مەشـقێکی نایابە.چونکە دەبوە هـۆی ئـەوەی بەرلـەوەی بچێتە سـەر تەختـەی شـانۆ، هـیچ گرژیـەك لەدەمارەکانیـدا نـەمێنێت، لەئەنجامیشدا دوور دەکەوتـەوە لەشەکەت بوون.

ئەم پێنج پێشنیارەی خوارەوە، یارمەتی گوشاد بونت دەدەن:

کتێبی (ڕزگار بوون لەگرژی دەمارەکان) دانراوی دکتـۆر(دێڤید هارۆڵد فینك) بخوێنەرەوە کەیەکێکە لەکتێبە هەر بەناوبانگەکانی ئەم بوارە.

لەساتەکانی بـێ ئیشیدا گوشادبە، لێگـەڕێ لەشـت بەتـەواوی گوشـاد بێت، ئایا پشیلەت بینیوە کەلەبەر هەتاودا دەخەوێت؟ لـەو دەمـەدا گوربە

وەكو لاپەڕەیەكی تەڕكراو شل بوە لەبەر هەتاوەكەدا... تەنانەت یۆگاییەكانیش (ئەوانەی یاری یۆگادەكەن) لەهندستان، دەڵێن: ئەگەر دەتەوێت هونەری گوشاد بوون بەباشی فێربیت، ئەوا تەماشای پشیلە بكە.من هەرگیز پشیلەی ماندووم نەدیوە.یان پشیلەیەكم نەدیوە دوو چاری داڕوخانی دەماری یان نەخۆشینی دەرونی ودوو دڵی وزامی گەدە بوبێت، ئەگەر فێر ببیت پشیلە چۆن خۆی شل وپەت وگوشاد دەكات، تۆش وابكەیت، لەوانەیە لەهەموو ئەو نەخۆشیانە خۆت دوور بخەیتەوە.

لەبارێكی خۆش وگونجاو وڕەحەتدا كاربكە، لەبیرت بێت گرژی وناڕەحەتی جەستە، دەبێتە هۆی ئازاری شان و، شەكەتی دەمارەكان.

لەڕۆژێكدا چوار تاپێنج جار خۆت بپشكنە، بەخۆت بڵێ: ئایا كارەكەم والێ بكەم زیاتر شەكەتم بكات؟ ئایا ئەو ماسولكانەش بەكار بێنم كەهیچ پەیوەندیەكیان بەكارەكەمەوە نیە؟ ئەم كردارەش یارمەتیت دەدات بۆ دروست بوونی نەریتی گوشاد بوون.

جارێكی ترلەكۆتایی ڕۆژدا بەم پرسیارە خۆت تاقی بكەرەوە: (ئایا ماندووم؟ ئەگەر ماندووبویت. دڵنیابە بەهۆی ئەو ئەركە هزریەوە نیە كەجێبەجێت كردووە، بەڵكو بەهۆی ئەو شێوازەوە كەلەجێبەجێكردنی كارەكەدا پێڕەوت كردووە).

دكتۆر(دانیاڵ و.جۆسلین) دەڵێت: (لەكۆتایی ڕۆژدابڕی دەستكەوتەكانم بەبڕی هیلاك بوونم ناپێوم، بەڵكو بەڕادەی هەست نەكردنم بەشەكەتی دەیپێوم.هەرجارێ لەكۆتایی ڕۆژدا هەست بەماندوێتی بكەم، یاخود هەركاتێ هەست بەهیلاكی دەمارەكانم بكەم،

تێ دەگەم ئەو ڕۆژەی گوزەراندومە، کارا نەبووە لەڕووی چەندێتی وچۆنێتییەوە).

ئەگەر هەموو بزنسمانەکان لەئەمریکادا ئەم وانەیە فێربوبا ئەوا ڕێژەی ئەو مردنانانە کەم دەبویەوە کەبەهۆی ڕاڕایی زیاد لە سنورەوە ڕودەدەن... هەروەها ئێمەش دەستمان کۆتا دەکرد لەپڕکردنی شێتخانەو زیندانەکانمان لەو پیاوانەی کەشەکەتی ودوو دڵی چۆکی پێداداون ولەناوی بردوون.

بەشی چوارەم

چۆن ئەو دڕدۆنگیە لاوە دەنێیت، کەدەبێتە هۆی شەکەتی ودوو دڵی وبێ ئومێدی

یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی شەکەت بوون، بریتیە لەڕەش بینی.بابۆ نمونەی ئەم قسەیە خاتوو(ئەلیس)ی نوسەر وەرگرین... ئەم خاتوونە نوسەرە ڕۆژێك گەڕایەوە ماڵەوە تەواو شەکەت بوو. توشی سەریەشەیەکی سەخت ببوو.پشتیشی دەیەشا... ئەوەندە شەکەت وبێتاقەت بوو، ویستی بەبێ شێوخواردن بنوێت... دایکی لێی پاڕایەوە... لەبەر خاتری دایکی لەدەوری مێزی نان خواردنەکە دانیشت.زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، هاوڕێیەکی لەسەر هێڵ بوو! بانگهێشتی کرد بۆسەماکردن! چاوەکانی درەوشانەوە و، هەموو گیانی پڕبوو لەشادومانی.

بەپەلە ڕۆشتە نهۆمی سەرەوە وپۆشاکە شینەکەیی لەبەرکرد، تاکو کاتژمێرسێی سەرلەبەیانی سەمای کرد!کاتێ گەڕایەوە ماڵەوە، هیچ شەکەت نەبوو!! بەڵکو هێندە دڵخۆش بوو نەیدەتوانی بنوێ.

جائایا (ئەلیس) بەر لەهەشت کاتژمێر، شەکەت بوو، کاتێ خۆی وایپیشاندەدا کەزۆر هیلاك وشەکەتە؟ بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، زۆر هیلاك بوو، چونکە لەکارەکەی بێتاقەت ببوو، تەنانەت ڕەنگە لەژیانیشی بێتاقەت بووبێت... ملیۆنەها کەس لەدونیادا وەك ئەووان، پێدەچێت تۆی خوێنەریش یەکێك بیت لەو ملیۆنەها کەسە.

ئەمە ڕاستیەکی زانراوە کەبارو دۆخە سۆزداریەکانمان پتر لەهەر کۆششێکی جەستەیی دەبێتە هۆی هیلاك بوونمان... چەند ساڵێکی کەم بەر لەئێستا(جۆزیف ئی.بارماك) دکتۆری فەلسەفە، لە(ئەرشیفی دەروونناسی)دا ڕاپۆرتێکی سەبارەت بەهەندێ لەئەزمونەکانی خۆی بڵاو کردەوە، لەو ڕاپۆتەدا ئەوەی ڕوون کردبویەوە کەچۆن ڕەش بینی دەبێتە هۆی شەکەت بوون.

(دکتۆر بارماك) ژمارەیەك لەقوتابیەکانی خستە ژێر زنجیرەیەك ئازمایشەوە کەدەیزانی ئەو ئەزمونانە هیچ خرۆشانێك لای قوتابیەکان دروست ناکات.ئەی ئەنجامەکەی چی بوو؟ قوتابیەکان هەستیان بەهیلاکی کرد ودەستیان کردە باوێشك دان... سەریان هاتە ئێش وچاوەکانیان گلی دەکرد... تەنانەت هەندێکیان هەستیان بەتێکهەڵاتنی گەدەیان دەکرد.ئایا هەموو ئەم قسانە ئەندێشەن؟ .نەخێر، چونکە پشکنینی پزیشکی بۆ ئەو قوتابیانە کرا، دەرکەوت هەرکاتێ مرۆڤ هەست بەبێتاقەتی ودڵگرانی بکات فشاری خوێن وئاستی ئۆکسجینی لەشی دادەبەزێت. هەرکاتێکیش مرۆڤ هەست بکات گرنگی پێ دەدرێت وکارەکەیی خۆش بوێت، جەستەی دەچێتەوە باری ئاسایی خۆی.

زۆر بەدەگمەن هیلاك دەبین لەکاتێکدا بەکارێکی خۆش ودڵخۆشکەرەوە سەرقاڵ دەبین.بۆ نمونە: جارێکیان ماوەی پشوەکەمم بردە شاخەکانی (ڕۆکی) کەنەدا لەدەورو بەری دەریاچەی (لویس)دا.ماوەی چەند ڕۆژێکم بەڕاو کردنی ماسیەوە بەشێوازی تایبەتی خۆم بەسەربرد.بەڕێگەیەکدا دەڕۆشتم گژوگیاکانی بەتەواوی بەژن وباڵامیان دادەپۆشی... دوای ئەوەی هەشت سەعات بەناو ئەو گژوگیا زۆر وزەوەندەدا ڕێم دەبڕی، هەرگیز هەستم بەهیلاکی نەدەکرد.بۆچی؟ چونکە حەزم لەوکارە دەکرد، هەستم بەباڵایی وبەرجەستە کردنی خود دەکرد، بەتایبەت چونکە ماسی گەورەم ڕاودەکرد.

بەڵام باوای دابنێین ڕاوەماسی بەلای منەوە خۆش نەبوایە ومایەی نیگەرانی بوایە، لەو حاڵەتەدا پێت وایە هەستی من چۆن دەبوو؟ بێگومان هەستم بەشەکەتی دەکرد بەهۆی ئەوکارە نارەحەتەوە، کەلەسەروی حەوت هەزار پێوە جێبەجێم دەکرد.

تەنانەت لەکاتی کردنی چەند کارێکی نارەحەتی وەکو خزینی سەرشاخ، ڕەنگە دڕدۆنگ بوون لەهەرکارێکی نارەحەتی ئاسایی پتر بەسەرتدا زاڵ بێت.بۆ نمونە: بەڕێز(س.هـ.کینگمان) سەرۆکی بانکی- بەرهەمهێنانی جوتیارو پیشەوەرەکان لە(مینا پۆلیس) باسی ڕووداوێکی بۆ کردم کەدەکرێ ببێتە نمونەیەکی جوان لەسەر ئەم بابەتە.ڕوداوەکەش ئەوەیە لەمانگیتەمموزی ساڵی ١٩٤٣دا، حکومەتی (کەنەدا) داوای لەیانەی (باین)ی کەنەدی کرد تاکو چەند ڕاهێنەرێ دەست نیشان بکات بۆ ڕاهێنانی ئەندامانی (برینس ئۆن وایلز) لەسەر خزینی سەر شاخ.

بەرێز(کینگمان) یەکێك دەبێت لەوکەسانەی کەدەست نیشان کراون بۆ راهێنانی گروپەکە.

ئەم بەرێزە باسی ئەوەی بۆ کردم کەچۆن خۆی وڕاهێنەرەکانیتر (کەهەموویان پیاو بوون وتەمەنیان لەنێوان ٤٢-٥٩ساڵیدا بوو) ئەو گەنجانەیان دەبردە سەر بەرزاییەکان، بەسەر چاڵە بەفرو سەهۆڵبەنداندا دەیانبردنە جێگەی واکە چل پێ بەرز بوو، دەبوا بەگوریس خۆیان بخزاندایە وجێ پێیان بۆ خۆیان دروست بکردایە.لەلوتکەکانی (میشیل وفایس برازید منت) وچەندین لوتکەی تری دۆڵی (یوهو)ی چیای(ڕۆکی) دا، هەڵزنان وداخزانیان ئەنجامدا.دوای پانزە کاتژمێرلەخزان بەسەر چیادا، گەنجەکان هەستیان بەشەکەتی تەواوەتی کرد، چونکە ڕاهێنانی شەش هەفتەیان لەیەك ڕۆژدا تەواو کردبوو.

جائایا هۆکاری شەکەتیەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بەکار هێنانی ماسولکەکانیان کەهێشتر ڕاهێنانی سەربازییان پێ نەگەشتبوو؟ هەر پیاوێ مەشقی سەربازی بینی بێت گاڵتە بەم پرسیارە دەکات!نەخێر، شەکەت بونەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بێتاقەت بونیان لەهەڵخزانی سەرشاخ.هێندە هیلاك بوون هەر ئێوارە نوستن بی ئەوەی شێوبخۆن.

وەلێ ڕاهێنەرەکان(کەتەمەنیشیان سێ بەرانبەری تەمەنی سەربازەکان بوو) ئایا هیلاك بوون؟ بەڵێ، هیلاك بوون لەڕووی جەستەییەوە، بەڵام شەکەت نەبوون.ئەوان شێویان خوار دوو چەندکاتژمێرێکیش لەدوای شێوخواردن دانیشن وباسی ئەزمونەکانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد.هەستیان بەشەکەتی نەدەکرد.چونکە کارەکەیان دەیوروژاندن.

کاتێ دکتۆر (ئیدوارد سۆرندایك) لەزانكۆی (كۆلۆمبیا) چەند تاقی كردنەوەیەكی لەسەر شەكەتی ئەنجام ئەدا، كارێكی وای دەكرد گەنجەكان بۆ ماوەی هەفتەیەكی تەواو نەدەخەوتن، چونكە سەرقاڵی دەكردن بەكاری سەرنج ڕاكێش وخۆش وپڕلەجۆش وخرۆشەوە، لەپاش وورد بونەوەی تەواو، ئەوجا دکتۆر سۆرندایك گوتی: (بێزاری تاكە هۆكاری ڕاستەقینەی كەمكردنەوەی كارە).

ئەگەر تۆ كرێكاری هزربیت، زۆر بەدەگمەن ڕوو دەدات بڕی كارەكەت ببێتە هۆی هیلاك بوونت. بەپێچەوانەوە، لەوانەیە بڕی ئەو كارە هیلاكت بكات كەئەنجامت نەداوە.بۆ نمونە ئەو ڕۆژەی هەفتەی ڕابوردوت لەیادە، كەكارەكانت بچڕ بچڕ دەكرد؟ وەڵامی هیچ نامەو پەیامێكت نەدایەوە و لەوادەكانت دواكەوتیت و، لێرە ولەوێ گرفت ڕووی تێ دەكردیت... ئەو ڕۆژە هەموو كارو بارەكانت بەشێوازێكی نادروست وهەڵە گوزەران، هیچ كارێكت ئەنجام نەدا... كاتێ بۆ ماڵەوە گەڕایتەوە، شەكەت وماندوو ببویت ودووچاری سەریەشەیەكی زۆریش هاتبویت.

ڕۆژی دواتر، كارەكانت لەنوسینگەكەت بەشێوەیەكی ئاسایی بەڕێوە چوون.چەند بەرابەری ڕۆژانی پێشوو كارت كرد... بۆیە بەچوست وچالاكی گەڕایتەوە ماڵەوە، وەكو گوڵ گەشابویتەوە.

تۆ بەو ئەزمونەدا ڕەت بوویت، منیش بەهەمان شێوە، ئەزمونی وەك ئەوەی تۆم بەسەردا تێ پەڕیوە.

چ پەندێ لەو ئەزمونە هاوبەشە وەردەگرین؟ زۆر بەسادەیی ئەوەی لێ وەردەگرین كەئەو شتەی دەبێتە هۆی هەراسان كردن وبێتاقەت وشەكەت كردنمان، كاركردن نیە.بەڵكو دوودڵی وچەپاندن وبێ ئومێدیە.

وەختێ سەرقاڵی نوسینی ئەم بەشە بووم، ڕۆشتم بۆ سەیرکردنی شانۆگەری کۆمیدی(جیروم کیرن).کاپتن ئاندی کاپتنی گوڵی لۆکە، لە یەکێك لەبڕگە فەلسەفیەکانیدا دەڵێت: (گەلە بەختەوەرەکان، ئەو گەلانەن کەپێویستە لەسەریان کارگەلێ بکەن کەچێژ وەردەگرن لەکردنی کارەکان)... میللەتانێکی ئاوها، بەختەوەرن، چونکە وزە وتوانای زۆرتر وشادومانی پتریان هەیە، کەمتریش دوو دڵیوشەکەتی بەخۆوە دەبینیت.سەرچاوەی جۆش وخرۆش لەهەرکوێ بێت، وزە وتواناش لەوێندەرە.

دەهەنگاو ڕێ بڕین لەگەڵ هاوسەرێکی ڕەزا گراندا، پتر مرۆڤ شەکەت دەکات لەوەی دەمیل لەگەڵ کچێکدا ڕێ بکات کەخۆشی بوێت!

ئەمە یانی چی؟ تۆ دەتوانیت چی بکەیت؟ ... یەکێك لەئافرەتە سکرتێرەکانی کۆمپانیایەکی نەوت لە(تۆڵسا)ی ویلایەتی (ئۆکلاهۆما) دەکرێ لەم ڕووەوە بکرێتە نمونە. دەبوو لەمانگێکدا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك خەریکی کارێکی ناڕەحەت وبێزار کەربێت، دەبوا گرێ بەستە چاپکراوەکانی کۆمپانیای پڕبکردایەتەوە وژمارە وئامارەکانیشی ئامادە بکردایە. ئەم کارانەش زۆر بێزار کەربوون. بەڵام ئەم ئافرەتە بڕیاریدا کارە کەبۆ خۆی خۆش وسەرنج ڕاکێش بکات.چۆن؟ دەستی کردە کێبەرکێیەکی ڕۆژانە لەگەڵ خۆیدا، ئەو گرێ بەستانەی دەژمارد کەلەڕۆژێکدا پڕی دەکردنەوە، هەوڵی ئەدا ڕۆژی داهاتوو لەو ژمارەیە زیاتر پڕبکاتەوە.ئەی ئەنجامی ئەم کارە چی بوو؟ لەئەنجامدا توانی لەهەر کچەنوسەرێکی تر زیاتر گرێ بەست پڕبکاتەوە..ئەی ئەو پاداشتە چی بوو کەبەدەستی هێنا؟ سوپاس وستایش بوو؟ نەخێر..

پلەبەرزکردنەوە بوو؟ نەخێر... دەستکەوتنی داهاتی زۆر تربوو؟ نەخێر.بەڵکو پاداشتەکەی بریتی بوو لەخۆشی دوور کەوتنەوە لەو شەکەتیەی کەلە ئەنجامی ڕانەپەڕاندنی کارەکەیدا هەستی پێدەکرد..هەروەها هاندەرێکی ئەقڵی وایشی پێ بەخشی کەبتوانێ ئەو پەڕی توانای بخاتە کار بۆ ئەوەی کارە بێزراو وناڕەحەتەکەی، بگۆڕێت وبیکاتە کارێکی خۆش وبەتام!!.

بۆیە بویە خاوەن توانایەکی زیاتر لەفەرمانبەرەکانی تری کۆمپانیا، بەو پێیەش زیاتر لەوان خۆشحاڵ دەبوو لەکاتەکانی بێکاری ودەست بەتاڵیدا... من زۆر باش دەزانم ئەم بەسەرهاتە ڕاست ودروستە، چونکەخۆم هاوسەرگیریم لەگەڵ ئەوکچەدا کردووە.

کچە تایپیستێکی تر، گەشتە ئەو بڕوایەی کەباشتر وایە مرۆڤ واهەڵسوکەوت بکات کەئەو کارەی دەیکات سەرنج ڕاکێش وخۆشە، هەرچەندە بەر لەو بەسەرهاتە ڕقی لەکارەکەی دەبووەوە.ئەوخاتونە ناوی (فالی.ج.گۆڵدن)ەو لەشەقامی(کنیلۆرسی باشور) ژمارە (٤٧٣) ی(ئیللینوا) دەژی... ئەو خانمە بەسەر هاتەکەی بەم شێوەیە بۆ من نوسیوە:

لەنوسینگەکەمدا جگە لەخۆم چوارکچی تر هاو ڕێمن، ئێمە نامەو پەیام لەچەند فەرمانبەرێکەوە وەردەگرین و تایپی دەکەین. ڕۆژێکیان هەموومان زۆر سەرقاڵی ئیش بوین وشەکەت ببوین، بۆیە کاتێ یاریدەدەری بەڕێوەبەر پێداگری کرد لەسەر ئەوەی نامەیەکی درێژ دووبارە چاپ بکەمەوە، زۆر تووڕە بووم.هەوڵمدا قەناعەتی پێ بکەم دەتوانم نامەکە ڕاست بکەمەوە، بێ ئەوەی ناچاربم دووبارە چاپی

بکەمەوە.بەڵام ئەو لەوەڵامدا گوتی: ئەگەر دووبارە چاپی نەکەیتەوە، ئەوا دەتوانم لەبری تۆ کەسێکی تر بدۆزمەوە ئەوکارەم بۆ بکات!بەو قسەیە زۆر پەست بووم! وەلێ کاتێ دەستم کردبە چاپکردنی نامەکە، هات بەخەیاڵمدا کەچەندین ئافرەت هەن چاوەڕوانی هەلێك دەکەن بۆکارکردن.پاشان من موچەیەك وەردەگرم لەبەرانبەر ئەوکارەدا... هێدی هێدی بەرەوباشی دەچووم.لەناکاو وام لێهات گرنگیم بەکارەکەم ئەدا، وەك ئەوەی چێژی لێوەربگرم-هەرچەندە لەڕاستیشدا ڕقم لێی بوو-پاشتر شتێکی پڕبایەخم دۆزیەوە: ئەگەر من بەشێوەیەك کاربکەم وەك ئەوەی چێژی لێوەربگرم، ئەوادەتوانم لەڕاستیشداچێژی لێوەربگرم... هەروەها گەشتە ئەو دەرەنجامەی کەهەرکاتێ چێژم لەکارەکەم وەرگرت، دەتوانم زۆر بەخێرایی تەواوی بکەم.بەوپێیەش زەرورەتێ نابێ بۆئەوەی لەکاتەکانی بەتاڵیدا کاربکەم.

ئەم شێوازە تازەیەم کردمیە ژنە تایپیستێکی باش، بۆیە کاتێ بەڕێوەبەری یەکێك لەلقەکان داوای سکرتێرەیەکی تایبەتی کرد، داوای لەمن کرد ئەو پۆستە وەربگرم، گوایە من، وەك ئەودەیگوت، حەزم لەکاری زیاترە بێ ئەوەی بێزاربیم!بەڕاستی گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە، دۆزینەوەیەکی زۆربایەخدار بوو بۆمن... وەکوجادویەك کاری لێکردم)!.

خاتوو(گۆڵدن) فەلسەفەکەی مامۆستا(هانزفاینگر)ی بەکارهێناوە کەفێرمان دەکات هەمیشە لەهەڵس وکەوتەکانماندا واخۆمان نیشان بدەین کەخۆشحاڵ وشادومانین.ئەگەر واخۆت نیشان بدەیت کەگرنگی بەکارەکەت ئەدەیت، ئەم هەڵس وکەوتە وات لێدەکات کە لەڕاستیشدا

گرنگی بەکارەکەت بدەیت، هەروەها دەبێتەهۆی کەم بونەوەی شەکەتی وڕاڕایی و دوودڵیت.

چەندساڵێکی کەم لەمەوبەر، (هارلن هوارد) بڕیارێکیدا، بڕیارەکە هەموو ژیانیگۆڕی. بڕیاریدا کارە تەرێزلێکراوەکەی بگۆڕێت وبیکاتە کارێکی خۆش.هەرچەندە لەڕاستیشدا کارێکی ناڕەحەت بوو.کارەکەی شۆردنی قاپ وقاچاخ وئامێرەکانی بەستەنی (ئایس کرێم) بوو لەژووری چێشتخانەی قوتابخانەیەکدا.لەکاتێکدا قوتابیەکانی هاوڕێی یاری تۆپێنیان دەکرد یاخود گاڵتەوگەپیان لەتەك کچەکاندا دەکرد. (هارلن هوارد) زۆر ڕقی لەکارەکەی بوو، بەڵام چونکە هەردەبوو ئەوکارەبکات، بڕیاریدا لەگەڵیدا دەست بکات بەلێکۆڵینەوە لەڕێگەکانی دروستکردنی ئایس کرێم.ئەوەبوو دەستی کردە خوێندنی (کیمیای خۆراك) تەنانەت چوە کۆلیژی (ماساشۆستس)وبویە پسپۆڕی زانستی خۆراك ناسی.

ئەودەمەی (کۆمپانیای کاکاوی نیویۆرك) خەڵاتی سەددۆلاری دانابۆباشترین توێژینەوە سەبارەت بەسودەکانی شەکولاتە وکاکاو-کەئەم خەڵاتەش کراوەبوو بۆ هەمووقوتابیانی کۆلیژەکە... گومانت وایە خەڵاتەکە بەرکێ کەوتبێ؟ ... بێگومان هارلن هوارد، ئەوخەڵاتەی بەدەست هێنا.

کاتێکیش هەستی کرد ناتوانێ کارێ پەیدابکات، هەستا لەنهۆمی خوارەوەی خانوەکەیدا کەدەکەوتە شەقامی (pleasamt)ی باکورەوە لە(ئەمرست) یویلایەتی (ماساشۆستس)، تاقیگەیەکی کردەوە.

بەماوەیەکی کەم لەدوای ئەوە، بڕیارێکی نوێ دەرچوو، ئامارکردنی ژمارەی بەکتریا لەشیردا.بۆیە دەست بەجێ (هارلن هوارد) دەستی کردە

ئامارکردنی ژمارەی بەکتریا بۆ(١٤) کۆمپانیای بەرهەمهێنانی شیرلە(ئەمرست)دا، ئەم سەرقاڵیەش وایکرد پەنابەرێتە بەرئەوەی چەند کەسێك بۆهاوکاریکردنی خۆی دەست نیشان بکات.

بیست وپێنج ساڵ دواتر، هارلن هوارد بویە یەکێك لەکەسایەتیە ناسراوو پسپۆڕەکانی بواری کارەکەی، لەکاتێکدا هاوڕێکانی تری کەئەم ئایس کرێمی پێ دەفرۆشتن، بێکاربوون ونەفرەتیان لەحکومەت دەکرد لەبەر ئەوەی هەلی کارکردنی بۆنەڕەخساندبوون.ڕەنگە بواری کارکردن بۆ هارلن هواردیش نەڕەخسایە ئەگەر نەیتوانیبا کارەناڕەحەت وناخۆشەکەی لای خۆی بگۆڕێت و، وەك کارێکی خۆش وسەرنج ڕاکێش لێی بنوارێت.(ه.ف کالتنبۆرن) شیکەرەوەی بەناوبانگی هەواڵ لەڕادیۆدا، باسی ئەوەی بۆکردم کەچۆن توانی کارەناخۆشەکەی بگۆڕێت ووەك کارێکی سەرنج ڕاکێش سەیری بکات. ئەم پیاوە لەتەمەنی بیست ودووساڵیدا، لەسەرپشتی کەشتیەکی گواستنەوەی ئاژەڵان، بەسەردەریای ئەتڵەسیەوە، کاری ئەوە بوو ئاڵف وئاوی دەدایە ئاژەڵەکان، لەپاش گەڕانێك بەدەوری ئینگلتەرادا، بەڕوت ورەجاڵی وبێ پارەو پول هاتەوە پاریس.لێرە کامیرایەکی خستە بارمتەوە لەبەرانبەر پێنج دۆلاردا بۆ دابەزاندنی ڕیکلامێك لەڕۆژنامەی (نیویۆرك هیراڵد)دا، تاکو کارێکی لەفرۆشتنی دووربین وکامیرا دادەست بکەوێت.

ئەگەر تۆکەسێکی بەتەمەن بیت لەوانەیە ئەو ئامێرانەت لەبیربێت، ئامێرەکان وادروست کرابوون دەتتوانی بەهۆیانەوە دوو وێنەی تەواو لێك چوو ببینیت.کاتێ لەمیانەی ئەو ئامێرانەوە تەماشات دەکرد، سەیروسەمەرە ڕووی ئەدا... هەردوو عەدەسەکە، دوو وێنەکەیان دەکردە

یەك وێنە، بەهۆی بوونی دووری سێیەم لەنێوانیاندا. وەك پێشتر گوتم، کالتنبۆرن دەستی کرد بەفرۆشتنی ئەم ئامێرانە، هەرچەندە زمانی فەرەنسیشی بەباشی نەدەزانی بەڵام درگابەدرگا دەگەڕا ولەدرگاکانی ئەدا تاکو ئامێرەکانی بفرۆشێت.

بەڵام توانی بەم کارە لەساڵێکدا پێنج هەزار دۆلار پەیدابکات، ئەم پارەیەش زۆرترین کرێ بوو کەلەفەرەنسادا کرێکارێکی دەستگێڕ توانیبێتی بەدەستی بێنێت... کالتنبۆرن باسی ئەوەی بۆکردم کەئەم سەرکەوتنە هاندەرێکی لەناخیدا دروست کرد بۆئەوەی وەك هەر قوتابیەکی تر لەزانکۆی (هار فارد) سەرکەوتن بەدەست بێنێت.لەپاش ئەم ئەزمونە هەستی کرددەتوانێ (تۆمارەکانی کۆنگریس) بفرۆشێت بەژنە فەرەنساییەکان. ئەم ئەزمونە تازەیەش تێگەیشتنێکی وردی لەبارەی ژیانی فەرەنساییەوە پێ دەبەخشی، ئەم تێگەشتنە ووردەیش زۆرگرنگ بوو بۆئەوەی بتوانێ لەڕادیۆدا ڕووداوە ئەوروپیەکان شیی بکاتەوە!.

ئایا ئەم پیاوە چۆن توانی کاروبارەکانی خۆی ڕێك بخات و، لەگەڵ ئەوەشداکە زمانی فەرەنسی نەدەزانی، کەچی بویە فرۆشیارێکی شارەزا؟ باشە، داوای دەکرد لەبەکاربەرەکەی ئەوڕستانەی بۆبنوسێتەوە کەلەفرۆشتندا پێویستی پێیان دەبوو، ئینجا ئەو ڕستانەی لەبەر دەکرد.لەهەردرگایەکی دەدا، کابانی ماڵەکە وەڵامی دەدایەوە، ئەمیش بەشێوەیەکی ناڕەوان دەستی دەکردە گوتنەوەی ئەوڕستانەی کەلەبەری کردبوون، پاشان وێنەکانی دەخستە بەردەمی کابانی ماڵەکە، ئەگەر

ژنەکە هەرپرسیارێکیشی لێ بکردایەن ئەم شانی هەڵدەتەکاند ودەیگوت: (من ئەمریکیم... من ئەمریکیم).

دواتر شەپقەکەی دادەکەنێت وئامارژەدەکات بۆئەو لاپەڕەیەی کەبەزمانێکی فەرەنسی ڕێك وڕەوان هەندێ قسەی تێدا نوسیبویەوە وچەسپی کردبووبەناو شەپقەکەیەوە.کابانی ماڵەکە بەوەزیاتر پێدەکەنی، خۆیشی لەگەڵ ئەودا بەخۆی پێدەکەنی!کاتێ کالتنبۆرن ئەوقسە وباسەی بۆ گێڕامەوە، دانیشی بەوەدانا کەکارەکە ئاسان نەبوو، بەڵام سەرکەوتنی لەوکارەدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەپێداگربوو لەسەرئەوەی چێژ ببەخشێتە کارەکە.هەموو بەیانیەك لەبەردەم ئاوێنەدا ڕادەوەستا وبەخۆیی دەگوت: (کالتنبۆرن، ئەگەر بتەوێت بژیت پێویستە ئەوکارەبکەیت.جامادەم دەبێ هەر ئەوکارەبکەیت، بۆچی چێژوخۆشیەکی پێ نابەخشیت؟ بۆچی خۆت وەك ئەکتەرێك سەیرناکەیت، هەرکە لەدرگایەکیش دەدەیت، وابزانە لەسەرتەختی شانۆ ولەبەردەم جەماوەردا کاری نواندن ئەنجام دەدەیت؟ بەرلەهەرشتێ، خۆئەوکارەی تۆدەیکەیت وەکو هەر شانۆگەریەکی ترجێگەی سەرنجە.کەواتە بۆچی هەموو دڵگەرمی وتواناکانت تەرخان ناکەیت بۆئەوەی بەجوانترین شێوە کارەکەت ئەنجام بدەیت؟ .

کالتنبۆرن باسی ئەوەی بۆکردم کەئەم وتوێژە ساکارانەی ڕۆژانە لەگەڵ خۆیدا ئەنجامی دەدا، بویەیارمەتی دەری بۆخۆشکردنی کارەکەی.ئەوئیشەی ئەم ڕقی لێی دەبویەوە، بەهۆی ئەو وتوێژانەوە گۆڕاو بویەکارێك کەتەواو حەزی لێی دەکرد وقازانجی زۆر وبەلێشاوی لێیەوە بەدەست دەهێنا.

کەلەبەڕێز (کالتنبۆرن) م پرسی، ئایا هیچ ئامۆژگاریەکت پێیە بۆئەو گەنجانەی کەلەئەمریکادا بەدوای سەرکەوتندا وێڵن، گوتی: (بەڵێ، هەمووبەیانیەك لەگەڵ خۆتاندا بدوێن.ئێمە زۆرجارباس لەگرنگی ڕاهێنانی جەستەیی دەکەین کەلەخەواڵویی ڕزگارمان دەکات.بەڵام لەوڕاهێنانەش زیاتر ئاتاجمان بەڕاهێنانی ئەقڵی وڕۆحی هەیە، تاکو پاڵمان پێوەبنێت بەرەوکار کردن... هەموو بەیانیەك لەگەڵ خۆتدا بدوێ).

ئایا ئەگەر بەیانیان لەگەڵ خۆتدا بدوێیت، کارێکی هیچ وپوچ ومندالآنەت کردووە؟ نەخێر.بەپێچەوانەوە، کارێکی ڕاست ودروستت کردووە.چونکە ئەوەبناغەی دەروونناسیە.

(ژیانمان بریتیە لەوەی بیروبۆچونەکانمان وێنای دەکەن).ئەم وشانە ئەمرۆش ڕاستن، وەك چۆن هەژدەسەدە بەرلەئێستا (مارکۆس ئۆریلیۆس) لەکتێبەکەیدا (تێڕامانەکان) ئاماژەی پی کردوون.

ڕۆژانە لەمیانەی یەك سات دووان وهەڤپەیڤین لەگەڵ ناخی خۆتدا، دەتوانیت ڕێنمونی دەرونی خۆت بکەیت بۆ بیرۆکەی ئازایانە وبەختەوەرانە وبەهێزانە وپڕلەدڵنیایی. لەڕێگەی بیرکردنەوە لەبیروبۆچونی ڕاست ودروستەوە. دەتوانیت کارەکەت بکەیتە کارێکی واکەکەمترین قەڵسی وبێتاقەتی لەگەڵدا بێت.سەرۆکەکەت دەیەوێت گرنگی بەکارەکەت بدەیت بۆئەوەی خۆی پارەی زیاتری دەست بکەوێت.بەڵام تۆ ئەومەبەستەی سەرۆکەکەت لەبیربکە!.تەنها بیرلەوە بکەرەوە گرنگی دان بەکارەکەت چ دەستکەوتێ دەستی خۆت دەخات!بیرلەوە بکەرەوە کەگرنگیدان بەکارەکەت شادومانی وبەختەوەری

زیاتر دەبەخشێتە ژیانت.چونکە نیوەی ساتەکانی بێداریت لەکارکردندا دەگوزەرێنیت.جائەگەر لەکارەکەتدا هەست بەچێژ وبەختەوەری نەکەیت، ئەوا لەهیچ جێگەیەکدا هەست بەبەختەوەری ناکەیت.لەبیرت بێت بایەخدان بەکارەکەت دوودڵیت لەناودەبات، لەماوەی ئایندەی دووریشدا ڕەنگەببێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەو زۆربونی دەستکەوت وداهاتەکانت.

تەنانەت ئەگەر ئەوەشت بۆ مسۆگەر نەکات، بێگومان شەکەتیت کەم دەکاتەوە ویارمەتیت ئەدات بۆ ئەوەی چێژلەکاتەکانی بێ کاریت وەربگریت.

بەشی پێنجەم

ئایائەوەی هەتە، دەیگۆڕیتەوە بە یەك ملیۆن دۆلار ؟ !

ماوەی چەندساڵێکە (هارۆڵد ئەبوت) دەناسم، ئەولەشەقامی (ساوس مادیسۆن) ژمارە(٨٢٠) دەژی، بەڕێوەبەری پەیمانگاکەم بوو.ڕۆژێکیان لە(کنساس سیتی) چاومان بەیەکترکەوت، لەوێوە گەیاندمیەوە باخەکەی خۆم لەشاری (بلتۆن)ی ویلایەتی (میسوری).لەڕێگەدا، پرسیاری ئەوەم لێکرد، ئایا چۆن توانیویەتی دوودڵی لاوەبنێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بەسەرهاتێکی بۆگێڕامەوە کەهەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

لەوەڵامدا گوتی: (پێشتر هەمیشە دوودڵ ونیگەران بووم.بەڵام لەڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٣٤دا، بەشەقامی (دورتی ڕۆژئاوا) لە(وبی سیتی)دا دەگەڕام، دیمەنێکم بینی کەبویەهۆی ئەوەی دوودڵی ونیگەرانی لای من نەهێلا.ئەم ڕووداوە لەماوەی دەچرکەدا ڕویدا.وەلێ لەودەچرکەیەدا فێربووم چۆن بژیم، زیاتر لەوەی لەماوەی دەساڵدا فێربووم!... چونکە ماوەی دووساڵ بوو، لەشاری (وبی سیتی)دا دوکانێکی سەوزە ومیوە فرۆشتنم بەڕێوە دەبرد، لەوماوەیەدا نەك هەرئەوەی هەمبوو لەدەستمدا، بەڵکو لەنێو قەرزدا نقوم بووم، هێندە

قەرزاربووم، حەوت ساڵی ڕەبەق کارمکرد ئەوجا توانیم قەرزەکانم بدەمەوە. دوکانەکەم داخست وڕووم کردە بانکی (بازرگان وپیشەوەران) بۆ پارەقەرزکردن. تاکو بتوانم بەوپارەیە بگوازمەوە بۆ(کنساس سیتی)ولەوی بەدوای کارێکدا بگەڕێم.

وەکو پیاوێکی دۆڕاو بەڕێدا دەڕۆشتم، هەموو ئازایەتی وبوێری و متمانەیەکم لەدەستدابوو.لەناکاو پیاوێکم بینی هەردوو قاچی قرتابوو.لەسەر کورسیەك (ڕەو ڕەوە) دانیشتبوو، بەهۆی دوودارەوە کەگرتبوی بەدەستیەوە ڕەو ڕەوەکەی بەسەرشەقامەکەدا لێدەخوڕی.

کاتێ من بینیم، لەشەقامەکە پەڕیبویەوە وخەریك بوو خۆی بەرز دەکردەوە بۆ ئەوەی بگاتە سەرشۆستەکە. لەگەرمەی ئەم هەوڵەیدا بوو.چاومان هەڵتۆقی بەیەکتریدا.زەردە خەیەنەکی پان وپۆڕی بۆ کردم وگوتی: بەڕێز بەیانیت باش، بەیانیەکی جوانە، وانیە؟).

کاتێ من بەپێوە ڕاوەستابووم وتەماشای ئەو پیاوەم دەکرد... هەستم کرد من چەندە دەوڵەمەندم... دوولاقم هەیە، دەتوانم بەڕێدابڕۆم. زۆرلەحاڵی خۆم تەریق بومەوە.لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر ئەو پیاوە بەختەوەر وخۆشحاڵ بێت ومتمانەی بەخۆی هەبێت، لەکاتێکدا هەردوو لاقیشی لەدەست داوە، ئەی ئەبێ من چۆن بم کەهەردوو قاچیشم هەیە؟ هەستم بەشادومانی وحەوانەوەکرد، پێشتر بڕیارمدابوو بڕی تەنها سەد دۆلار لەبەنك بەوام وەربگرم، بەڵام لەدوای ئەم گۆڕانە بوێریم گەشتە ڕادەیەك بڕیارمدا بڕی دووسەد دۆلار وەربگرم.پێشتر دەمگوت: دەچم بۆ کنساس سیتی بەڵکو کارێك بدۆزمەوە، وەلێ لەئێستا بەدواوە دەڵێم: دەچم بۆکنساس سیتی بۆکارکردن!... لەئەنجامیشدا هەم وامەکەم

دەست کەوت وهەم کارەکەش. لەو ڕۆژەوە ئەم ڕستەیەم لەسەرئاوێنەکەم نوسی وهەموو بەیانیەك دەمخوێندەوە: (من غەمم بۆ ئەوەدەخوارد کەکەوشم نەبوو، کەچی لەسەر شەقامەکەدا چاوم بەپیاوێك کەوت هەردوو قاچی نەبوو)!!.

جارێکیان لە(ئیدی ڕیکنباکر)م پرسی: لەماوەی ئەو بیست ویەك ڕۆژەدا کەلەگەڵ هاوەڵەکانتدا لەنێو بەلەمی ڕزگار بوندامایتەوە، باشترین وانە وپەندێ کەفێری بویت.چی بوو؟ لەوەڵامدا گوتی: باشترین پەند کەلەوئەزمونەوە فێری بووم ئەوە بوو کەنابێ بێزاری ڕوت تێ بکات، ئەگەر نان وئاوی پێویستت لابێت.

ڕۆژنامەی(تایم) وتارێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بەسەرکردەیەکی سەربازی کەلەنۆکەندی گۆدالدا بریندار بوو، پارچەیەك بەرقوڕگی کەوتبوو.ئەم سەرکردەیە لە نۆژدارەکەی دەپرسێت: ئایا من دەژیم؟ پزیشکەکە دەڵێت: (بەڵێ)... دووبارە لێی دەپرسێت: ئایا دەتوانم لەمەولا قسەبکەم؟ پزیشکەکە لەوەڵامدا دەڵێت(بەڵێ)... دوای ئەوە، سەرکردە بریندارەکە دەنوسێت: (کەواتە ئیتر من بۆ ئەوەندە دوو دڵ ونیگەران بم؟ .

بۆچی تۆش ڕاناوەستیت ولەخۆت بپرسیت: (من بۆچی دوودڵم؟) ڕەنگە بەهۆی ئەم پرسیارەوە بگەیتە ئەوبڕوایەی کەئەوەی نیگەرانی کردویت شایستەی نیگەران بوون نیە.

نزیکەی لەسەدا نەوەتی شتەکان لەژیانمدا ڕاست ودروستن و لەسەدا دەشیان هەڵەن. جائەگەر بمانەوێت بەختەوەربین، پێویستە تەنها تەرکیز بخەینە سەرلەسەدا نەوەتە ڕاستەکە. ئەگەر دەتەوێت نیگەران بیت وئازار

بچێژیت ودووچاری برینی گەدەببیت، ئەوا تەنها بایەخ بدە بەلەسەدا دەی لایەنەهەڵەکان ولەسەدا نەوەتی شتەڕاستەکان فەرامۆش بکە.

هەردوو وشەی (بیرکەرەوە وسوپاس گوزاربە) لەدێرزەمانەوە نوسراون وهەموو ئاینەپیرۆزە ئاسمانیەکانیش بانگەشەیان بۆ کردووە، بیربکەرەوە وسوپاسگوزاربە، بیربکەرەوە لەهەموو ئەوشتانەی کەئاواتیان بۆدەخوازیت، سوپاسی خوداش بکە لەسەر ئەوەی پێتی بەخشیوە.

(جۆناسان سویفت) دانەری پەرتوکی (گەشتەکانی گالفیر) یەکێك بوولە نوسەرە هەرە ڕەش بینەکانی نێو ئەدەبی ئینگلیزی. زۆر پەشیمان بوو لەوەی لەدایك بووە.بەئەندازەیەك ڕەش بین بوو، کەخۆی ڕەش پۆش دەکرد ولەیادی لەدایك بونیشیدا بەڕۆژوو دەبوو.لەگەڵ ئەوەشدا، لەترۆپکی ڕەش بینی وبێ ئومێدیدا، ستایشی سودەکانی شادومانی دەکات وڕای دەگەیەنێت: (باشترین پزیشکەکان لەجیهاندا بریتین لەدکتۆر ڕیجیم و دکتۆر هێوری ودکتۆر بەختەوەری!).

دەتوانین لەهەمووو ساتەکانی ڕۆژدا سودوەرگرین لەخزمەتگوزاریەکانی (دکتۆر بەختەوەری!!) بەوەی سەرنجەکانمان چڕبکەینەوە لەسەر ئەوسامانە بەلێشاوەی کەهەمانە-سامانێك کەزیاترە لەوەی عەلی بابا... ئایا چاوەکانت دەفرۆشیت بەیەك ملیار دۆلار؟ ئەی قاچەکانت ودەستەکانت وگوێچکەکانت ومنداڵەکان وخێزانەکەت بەچەند دەفرۆشیت؟ هەموو ئەوسامانە بەنرخانە کۆبکەرەوە، ئەوسادەبینیت کەتۆ ئامادەنیت ئەوەی هەتە بگۆڕیتەوە بەهەموو سامانی بنەماڵەکەی ڕۆکفیلەر وفۆرد ومۆرگان پێکەوە!.

وەڵێ ئایا هەموومان دەرك بەم ڕاستیە دەکەین؟ نەخێر.وەك شۆبنهاوەر دەڵێت: (زۆردەگمەنە بیر لەوەبکەینەوە کەهەمانە. بەڵکو هەمیشە بیرلەوە دەکەینەوە کەنیمانە!) بەڵێ، ئەم ئارەزوە گەورەترین کارەساتە لەسەر ڕووی زەویدا.ڕەنگەئەو نائومێدیەش کەئەم ئارەزوە دروستی کردوە، زیاتربێت لەو نائومێدیانەی کەهەموو جەنگ ونەخۆشینەکان لەمێژودا خوڵقاندویانە.

ئەمەش بویە هۆی ئەوەی (ژۆن بالمر) کەگەنجێکی ئاسایی بوو، بگۆڕێت و ببێتە کەسێکی زۆر توڕە وبێزار، تەنانەت خەریك بوو ماڵەکەی خۆیی وێران دەکرد.. هەرخۆیشی ئەم بەسەرهاتەی لەبارەی خۆیەوە بۆ گێڕاومەتەوە.

بەڕێز بالمەر لەشەقامی نۆزدەی شاری(باترسۆن)ی ویلایەتی (نیوجرسی) دا دەژی... لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیدا دەڵێت: (کەلەسوپاگەڕامەوە، دەستم بەکارکردن کرد بۆخۆم. شەو وڕۆژ کارم دەکرد.کارەکانم بەڕێکوپێکی دەچون بەڕێوە... وەڵێ هێندەی نەبرد سەریەشەکان دەستیان پی کرد.پارچەی یەدەگم دەست نەدەکەوت. زۆر دەترسام لەوەی ئیش وکارەکانم ڕابوەستن، بەم هۆیەوە هێندەنیگەران وپەست وقەڵس بووم کەبەتەواوی گۆڕام و بوومە کەسێکی توڕە.دەمزانی خەریکە ماڵەکەشم لەدەست دەربچێت... لەم تاوماوەدا، گەنجێکی کەمئەندامی خۆبەخش کەلای خۆم کاری دەکرد پێمی گوت: ئەی جۆنی، پێویستە لەخۆت تەریق بیتەوە وشەرم بکەیت.چونکە تۆپێت وایە تەنها تۆ لەم جیهانەدا کێشەو گرفتت هەیە.باوای دابنێین واپێویست بێت بۆماوەیەکیش لەکارکردن ڕابوەستیت.چی ڕوئەدات؟ .دەتوانیت دووبارە

دەســـت بەکاربکەیتـــەوە.تائەوڕادەیـــەی شـــتەکان بەلاتـــەوە ئاسـایی دەبێتەوە.تۆزۆرت هەیە بۆ ئەوەی ڕژدیت پێ ببڕێ.لەگەڵ ئەوەشدا زۆر تـــوڕە ودڕدۆنگیـــت... مـــن زۆر هیـــوا دەخـــوازم لەجێگەکـــەی تـــۆدا بوایـەم!سەیری مـن بکـە، تـەنها یـەك قاچـم هەیـە.نیـوەی ڕوخساریـشم لەدەست داوە.کەچی هـەرگیز بێتاقـەتیش نـابم. ئەگـەر تـۆش لـەم هـەموو سکاڵاکردن وبێتاقەتیەت وازنەهێنیت، ئەوە نـەك هـەر کارەکـەت لـەکیس دەچێت، بـەڵکو تەندروسـتی ومـاڵ ومنـداڵ وهاوڕێکانیـشت لەدەست دەدەیت!).

ئـەم تـێ بینیانـە لەجێگەکـەی خۆمـدا ڕەق ڕایـان وەسـتاندم! بـیری خستمەوە کەچەندە حاڵ وباڵم باشە... بۆیە بڕیارمدا بگۆڕێم و ببمەوە بەپیاوەکەی جاران).

خاتونێکی هاوڕێم هەیە ناوی(لوسیل بلایك)ە.ئەمیش لەنێو تراژیدیادا جێنگڵی داوەبەرلەوەی فێر ببێت خۆشحاڵ بێت، لەبری ئـەوەی نیگـەران بێت لەبەر ئەوشتانەی کەنیەتی!.

چەندساڵێك لەمەوبەر (لوسیل)م ناسی، ئەو دەمە پێکـەوە لـەزانکۆی کۆڵۆمبیـادا وانـەی نوسـینی کورتـە چیرۆکمان لەبەشـی ڕۆژنامـە گەریـدا دەخوێند، ئەم خاتونە ماوەی نۆساڵە یەکەم خورپەی ژیانی بەرکەوتوە... لەو سەردەمەدا لەشاری (تۆسۆن)ی ویلایەتی (ئەریزۆنا)دا دەژیا.

خـۆی ئاوابەسـەرهاتەکەی بـۆمن گێڕایـەوە: (لـەنێو سـەرقاڵی و گـەرم وگوڕیـدا دەژیـام، ئۆرگـۆنم لـەزانکۆی ئـەریزۆنا دەخوێنـد. بەشـداری وانـەکانی پزیـشکی ومـۆزیکم دەکـرد ودەشـچومە ئاهـەنگ وسـەما شـەوانەش لەبـەر ڕۆشـنایی ئەسـتێرەکاندا سـواری ئەسـپی چـالاك

دەبوم.بەیانیەك بەتەواوی داڕوخام... دووچاری نەخۆشیەکی دڵ بووم، پزیشك داوای لێکردم بۆماوەی یەك ساڵ لەجێگەدا بکەوم!!زۆر ترسام! ئەم شتانەبۆچی ڕوئەدەن؟ هاوارم کرد وگریام، بەڵام وەك چۆن نۆژدارەکە ئامۆژگاری کردم، هاتم ولەسەر جێگەکەم لێی کەوتم... دراوسێیەکم بوو ناوی بەڕێز(ڕۆدۆڵف)بوو، هونەرمەندبوو، پێمی گوت: تۆپێت وایەساڵێك مانەوە لەجێگەدا کارەساتە.بەڵام وانیە.چونکە لەم ماوەیەدا بوارت دەبێ زۆربەباشی بیربکەیتەوە وخۆت بناسیت... لەچەندمانگێکی کەمدا لەڕووی ڕۆحیەوە ئەوەندە گەشەدەکەیت کەلەماوەی ژیانتدا نەتتوانیوە هێندە گەشە بکەیت) بەم قسەیە کەمێك هێور بومەوە... هەوڵمدا هەستێکی ترسەبارەت بەکەوتنم لەسەرجێدا بۆدروست بکەم... دەستم بەخوێندنەوەکرد لەبارەی ئیحائەوە..هەرلەم کاتەدا گوێم لەبێژەرێکی ڕادیۆبوو دەیگوت: (تۆتەنها دەتوانیت دەربڕ لەوە بکەیت کەلەئەندێشەتدایە)لەوکاتانەدا لەم جۆرە قسانەم زۆر دەبیست، ئێستاش چونەتە نێو قوڵاییەکانمەوە. بۆیە بڕیارمدا تەنها بیرلەو بیرۆکانە بکەمەوە کەدەمەوێت بەهۆیانەوە بژیم: بیرۆکەکانی بەختەوەری وشادومانی وتەندروستی...

هەموو بەیانیەك کەهەڵدەستام لەخەو، خۆم ناچارکردبوو بیرلەوشتانە بکەمەوە کەدەبونە هۆی حەوانەوەم: هەست بەئازارناکەم، کچێکی جوانکیلە ولاویشم هەیە، چاوم هەیە وگوێچکەم هەیە، مۆسیقام هەیەو کاتی تەواویشم هەیە بۆخوێندنەوە، خۆرای چاك وهاوڕێی باشیشم هەیە... لەکاتی ڕیزکردنی ئەم ڕستانەدا هەستم بەبەختەوەری زۆر دەکرد.ئەمەش وایکردبوو، هاوڕێ وناسراوەکانم بەلێشاو دەهاتنە

سەردانم... قەرەباڵغیەکە ئەوەندە زۆربوو، پزیشکەکەم ناچار بوو تێ بینیەك بنوسێت وتیایدا ڕێگەبدات بەهاتنە ژوورەوەی تەنها یەك کەس بۆلام، ئەویش لەهەندێ کاتی تایبەتدا.ئێستا نۆساڵ بەسەر ئەوڕوداوانەدا تێپەڕیوە.ژیانێکی جوانم هەیە کەپڕەلەچوست وچالاکی، هەستیش بەمنەتباریەکی زۆر دەکەم بەرانبەر ئەوساڵەی کەتیایدا لەسەرجێگە کەوتبووم... چونکە خۆشترین ساڵ بووکەلەئەریزۆنا بەسەرم برد... تائەم ساتەش کەتێیدا دەژیم نەریتی ژماردنی ئەو نیعمەتانەی کەپێم بەخشراوە، لەلام ماوەتەوە، بێگومان بەهادارترین نەریتیشە کەمن هەم بێت... هەرچەندە شەرم دەکەم لەوەی دان بەوڕاستیەدا بنێم کەبەڕاستی من نەم دەزانی بژیم تائەوەدەمەی گەشتمە لێواری مەرگ!!.

لۆسیل بلایکی ئازیز، لەوانەیە ئەوەشەت نەزانیبا، وەلێ تۆ هەمان ئەو وانەیە فێربویت کەبەرلە دووسەد ساڵ (سمۆئیل جۆنسۆن) فێری ببوو... دکتۆر جۆنسۆن دەڵێت: (نرخی نەریتی سەرنج دان لەلایەنە باشەکانیهەر ڕووداوێك، لەهەرساڵێکدا بەزیاترلە هەزارپاوەند مەزەندە ئەکرێ).

بۆزانیاریشت، ئەم قسانە کابرایەکی گەشبین وپسپۆڕ لەگەشبینیدا نەیکردون، بەڵکوپیاوێك کردوونی کەلەماوەی بیست ساڵی ڕەبەقی تەمەنیدا ئاشنابوو بەدوودڵی وهەژاری وبرسێتی، تادواجاریش بویە بەناوبانگترین نوسەری سەردەمەکەی خۆی.

(لۆگان پیرسۆڵ) ژمارەیەکی زۆر پەندی پیرۆزی لەچەندڕستەیەکی کەمدا کۆکردۆتەوە، کاتێ دەڵێت: (دووئامانج هەیە، پێویستە لەژیاندا

هەوڵی بۆبدەیت: یەکەم، بەدەست هێنانی ئەوەی دەتەوێت، دووەمیش چێژوەرگرتن لەوەی بەدەستت هێناوە... هیچ کەسیش ناگاتە ئامانجی دووەم مەگەر ئەوانەی کەزۆر داناوکارزانن).

ئایا دەتەوێت بزانیت چۆن قاپ وقاخ شۆردنی نێوچێشتخانە دەگۆڕیت ودەیکەیتە ئەزمونێکی خۆش و بەسود؟ بفەرموکتێبێك لەبارەی ئازایەتی وبوێریەکی لەڕادەبەدەرەوە بخوێنەرەوە، کەلەنوسینی (پۆرگیلد داڵ)ەوە ناوی (ئەمەوێت ببینم)ە!!.

نوسەری ئەو کتێبە خاتونێکی نابینایە، ئەم خاتونە ماوەی نیوسەدەی تەواو نابینابوو... خۆی بەم شێوەیە وەسفی حاڵی خۆی دەکات ودەنوسێت: (یەك چاوم هەبوو، نەمدەتوانی بەوچاوەش بەباشی ببینم، بەڵکو دەبوو کتێبەکە بەدەستەوە بگرم و زۆر لەنزیك چاومەوە ڕاییبگرم)!

لەگەڵ ئەوەشدا ڕازی نەدەبوو خەڵکی بەزەییان پێیدابێتەوە یان بەدواکەوتووی لەقەڵەم بدەن، کەمنداڵ بوو، دەیویست یاری (خەت خەتێن) لەگەڵ منداڵانی تردا بکات.بەڵام نەیدەتوانی هێڵەکێشراوەکان لەسەرزەویەکە بەباشی ببینێت... بۆیە کاتێ منداڵەکانی ترلەیاری کردن دەبونەوە ودەگەڕانەوە بۆماڵەوە، ئەم لەدەرەوە دەمایەوە وبەووردی سەرنجی هێڵە کێشراوەکانی سەرعاردەکەی ئەدا، تاکو هەموو هێڵەکان لەبەربکات ودواتر بتوانێ لەگەڵ هاوەڵەکانیا گەمەبکات.

هێندەی نەبرد بووە شارەزایی ئەم جۆرە وازیانە.لەماڵەوە دەیخوێند، کتێبەپیت گەورەکانی لەنزیکی چاویەوە دەگرت، بەجۆرێ خەریك بوو برژوڵەکانی بەرلاپەڕەکان دەکەوتن.لەئەنجامیشدا توانی دوو بڕوانامەی

زانکۆیی بەدەست بێنێت، یەکیان لەزانکۆی (مینیسوتا)و ئەویتریشیان لەزانکۆی کۆلۆمبیا.

ئەم خاتونە لە(توین گالی) کەگوندێکی بچکۆلانەبوو دەستی بەخوێندن کرد، دواجار بویە مامۆستای وێژەورۆژنامەگەری لەزانکۆی (ئۆگستانا) لەباشوری (داکۆتا)... ماوەی سیانزەساڵی ڕەبەق لەوێدا مامۆستابوو... کۆڕی لەبەردەم یانەکانی ژناندا پێشکەش دەکرد ولەڕادیۆشدا سەبارەت بەنوسەران وخوێندنەوەی کتێب بەرنامەی هەبوو... لەوبارەیەوە دەڵێت: (هەمیشە دەترسام لەوەی بەتەواوی بینایم لەدەست بدەم، وەلێ بڕیارمدا بەسەرئەم ترسەشدا سەربکەوم، هەربۆیە شێوازێکی بەختەورانەم لەژیاندا هەڵبژارد).

ساڵی ١٩٤٣، واتە ئەوساڵەی گەشتە تەمەنی پەنجا ودووساڵی، ڕوداوێکی سەیر وسەرنج ڕاکێش ڕویدا: نەشتەرگەریەکی لەنەخۆشخانەی بەناوبانگی (مایۆ) بۆکرا، ڕۆشنایی گەڕایەوە بۆ چاوەکانی، ئێستاش چەندبەرانبەر پێشوو چاوی دەبینێت!.

بەهۆی ئەم ڕووداوەوە دەرگای جیهانێکی سەیری پڕلەخۆشەویستی بۆکرایەوە، هەستی دەکرد تەنانەت قاپ شۆردنی نێوچێشتخانەش کارێکی زۆر خۆشە... لەو بارەیەشەوە دەڵێت: (بەوکەفەسپیەش یاریم دەکرد کەلەشۆردنی قاپەکان دروست دەبوو، دەستم پڕدەکرد لەکەفی گلۆپ کردوی سابونەکە و، لەبەر ڕۆشنایدا سەیرم دەکردو، هەموو ڕەنگە جوانەکانی پەلکەزێڕینەم تێدا دەبینی).

کاتێکیش لەپەنجەرەوە سەیردەکات، ئەوپاساریە باڵ خۆڵەمێشیانەی دەبینی کەبەنێو بەفرە باریوەکاندا دەفڕن، هەستی دەکرد ئەم

دیمەنــەجوانترین دیمەنێکــە کــەمرۆڤ چــێژلەبینینی وەربگرێــت... بۆیــە لەبەرخۆیەوەئەم وشانەی دەگوت:

ئــەی خــوای ئەرزوئاسمانــەکان... مــن سوپاســت ئەکــەم، سوپاســت ئەکەم!.

بیرلەوە بکەرەوە کەسوپاسی خودابکەیت لەبەرئەوەی دەتوانیت قاپ بشۆریت و دەتوانیت پەلکەزێڕینە لەنێوبڵقی کەفدا ببینیت وپاساریش ببینیت کەبەنێوبەفردا دەفڕێت!.

پێویستە لەحاڵی خۆمان تەریق بینەوە وشەرم دامان بگرێت.چەندین ڕۆژ وچەندین ساڵ لەنێو بەهەشتێکی پڕلەجوانیدا دەژیاین.کەچی نەماندەتوانی ئەوجوانیە ببینین، یاخودچێژی لێ وەرگرین!!.

کەواتــە ئەگــەر دەتــەوێت لــەدوودڵی دوور کەویتــەوە ودەســت بــەژیان بکەیت، ئەواکاربەم ڕێسایە بکە:

نیعمەتەکانت بژمێرە، نەك ناڕەحەتی وشەکەتیەکانت!.

بەشی شەشەم

لەبیرت بێ، هیچ کەسێك پێلەقە لەسەگی تۆپیو نادات!

سالی ١٩٢٩، ڕوداوێکی سەیر ڕویدا وشلەژانێکی لەنێوەندەکانی خوێندندا بەرپاکرد، خەلکی لەهەموو قوژبنەکانی ئەمریکاوە ڕویانکردە شیکاگۆ بۆئەوەی ئەوڕوداوە ببینن... چەندسالێك لەمەوبەر. پیاوێك کەناوی (ڕۆبەرت هاچینز)بوو، لەزانکۆ دارتاش ومامۆستا وچەندپیشەیەکی تریشی هەبوو!... لەپاش هەشت سال ئەم کابرایە هەلبژێردرا بەسەرۆکی چوارەم دەولەمەندترین زانکۆ لەئەمریکادا، زانکۆی شیکاگۆ!!... ئەی تەمەنی لەوکاتەدا چەندبوو؟ ، تەمەنیشی سیی سالان بوو... ئاخەر ماقول نیە!! ڕۆشنبیرە گەورەکان. لەم مەسەلەیە سەریان بائەدا... وەکو شمشێری بڕندە بارانی ڕەخنەکان لەهەموو لایەکەوە دابارین بەسەر ئەم کابرایەدا!هەندێك دەیانگوت: جاران ئاوا وئاوابوو! زۆر مندالە... هەندێکی تردەیانگوت: پسپۆڕنیە وبیرۆکە

فێرکاریەکانیشی ڕوکەشن... کار گەشتە ئەوەی ڕۆژنامەکانیش بەشداریان کرد لەهەڵمەتە ڕەخنەییەکانی سەر ئەم کابرایەدا.

لەڕۆژی هەڵبژاردنیدا، هاوڕێیەکی باوکی (ڕۆبەرت هاچینز) بەباوکی گوت: (ئەم بەیانیە توشی شۆك هاتم، وتارێکم خوێندەوە، ڕەخنەی توندی لەکوڕەکەی تۆدەگرت).

هاچینزی باوك، لەوەڵامدا دەڵێت: (بەڵێ ڕەخنەکان زۆر توندوتیژبوون، بەڵام لەبیرت بێ هیچ کەس پێلەقە لەسەگی تۆپیو نادات!).

بەڵێ، تاچەندەسەگێ بزێوبێت، ئەوەندەش خەڵك دەخوازن پێلەقەی لێبدەن، ڕوداوێکی بەم شێوەیەش بەسەر شازادە(وایلز)دا هات کەدواتر بوویە ئیدواردی هەشتەم(دۆق وێندەرسۆن) ی ئێستا.شازادە کاتێ لەزانکۆی (دارتماوس)ی (دیفۆنشایر) دەیخوێند(ئەم زانکۆیە هاوتای زانکۆی دەریاوانی ئەناپۆلیسە) ئەودەمە لەتەمەنی چواردە ساڵیدابوو.ڕۆژێکیان، ئەفسەرەکان بینیان واشازادە ئەگری، پرسیاریان لێکرد چی ڕویداوە؟ !لە سەرەتاوە نەیویست ڕاستیەکەیان پێ بڵێت.بەڵام دواتر دانی پیادانا کە قوتابیە دەریاوانەکان پێلەقەیان لێداوە..!

فەرماندەی زانکۆی، مێردمنداڵەکانی کۆکردەوە وبۆی ڕوون کردنەوە کەشازادە سکاڵاوشکایەتی نیە، بەڵکو دەیەوێت هۆکاری ئەومامەڵە ڕەقە بزانێت... لەپاش ماوەیەك هێنان وبردن، قوتابیەکان دانیان بەوەدا ناکەبۆیە وایانکردووە، چونکە کاتێ دەبنەفەرمانبەر لەتیپەدەریاوانیەکانی شاهانەدا، دەتوانن بڵێن پێلەقەمان لەپاشاداوە!!.

بۆیە هەرکاتێ پێڵەقەت لێدرا وڕەخنەت لێگیرا، باش بزانە ئەوەکەسی ڕەخنەگر لەنێو دەرونیدا هەستی بەگرنگی تۆکردووە.هەروەها مانای ئەوەش دەگەیەنێت کەتۆکارێکی وات بەجێ گەیاندوە کەشایستەی ئاوڕلێدانەوەیە... خەڵکێکی زۆرهەن کاتی لەکەسانی باشترلەخۆیان ڕەخنەدەگرن، ئیدی هەست بەقەناعەت دەکەن.

بۆنمونە: لەکاتێکدا ئەم بەشەم دەنوسی، نامەیەکم لەژنێکەوە پێگەیشت، لەونامەیەدا ڕەخنەی توندی گرتبوو لەژەنراڵ(ولیەم بۆس) دامەزرێنەری سوپای ڕزگاری... من بەر لەونامەیە، بەرنامەیەکم لەستایشی ئەوژەنراڵەدا پێشکەش کردبوو.بۆیە ئەو ژنە نامەیەکی بۆمن نوسیبوو، تیایدا گوتبووی ئەو ژەنراڵە هەشت ملیۆن دۆلاری لەوپارەیە دزیوە کەبۆهەژارانی کۆکردبویەوە. بێگومان ئەم قسەیە تۆمەتێکی پوچ بوو.وەلێ ئەم ژنەبەدوای ڕاستیدا نەدەگەڕا.بەڵکو دەگەڕا بەدوای قەناعەتێکدا کەلەڕێگەی شکاندنی مرۆڤێکی لەخۆی باشترەوە بەدەستی بێنێت.بۆیە میش نامەتوندوتیژەکەیم بڕکدایە نێو سەبەتەکەوە.سوپاسی خوایشم کردلەسەر ئەوەی کەمن مێردی ئەو ژنەنیم!نامەکەی ئەو ژنەهیچی لەبارەی ژەنراڵ(بۆس)ەوە، پێ نەگوتم، بەڵکو چەندڕاستیەکی لەبارەی خودی ژنەکەوە بۆ ڕوون کردمەوە. شۆبنهاوەر چەندساڵێك لەمەوبەر گوتویەتی: (خەڵکە بازاڕیەکە، چێژوەردەگرن لەدۆزینەوەی هەڵەو ناتەواوی لەپیاوە مەزنەکاندا).

کەسانێکی زۆر کەم، خەیاڵیان بەلای ئەوەدا ئەچێت کەسەرۆك (ییل) پیاوێکی بازاڕی بوبێت، لەگەڵ ئەوەشدا، دەبینین ئەمیش چێژێکی زۆری وەرگرت لەسوکایەتی کردن بەپیاوێك کەلەسەرۆکایەتی ئەمریکا نزیك

دەکەوتەوە... سەرۆک (ییل) هۆشداریدا، ئەگەربێت وئەم پیاوە بۆپۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا هەڵبژێردرێت، ڕەنگە ژن وکچەکانمان ببنە قوربانی بەدڕەوشتیەکی یاسایی، خۆشمان دەبینە جێگەی سوکایەتی پێکردن وچاوبەست لێکردن، ئەوەش نەخواپێی قایلە ونەمرۆڤیش.

ئەمەش کتومت لەتۆمەتبارکردنی هیتلەر دەچێت، وانیە؟ بەڵام وانیە.چونکە ئەم تۆمەتە ئاراستەی(تۆماس جیڤەرسۆن)ی دانەری (ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی) کراوە.

ئەبێ کام ئەمریکیە بێت کەتۆمەتبارکراوە بەدووڕویی وفێڵبازی وبەدی، گوایەکەمێك لەپیاوکوژێك باشتربووە؟ ڕۆژنامەیەك لەدیمەنێکی کاریکاتێریدا نیشانی دابوو، لەودیمەنەدا کێردێکی گەورەش لەپاڵیدا وێناکراوە، گوایە ئەم کێردەش بۆسەربڕینی ئامادەکراوە.لەولاشەوە جەماوەر گاڵتەی پێ دەکەن. ئەبێ ئەوپیاوە کێ بوبێت؟ ... ئەوپیاوە جۆرج واشنتۆن بوو، وەڵێ ئەم ڕووداوە ماوەیەکی زۆرە ڕوویداوە.ڕەنگە لەوساوە تاهەنوکە سروشتی مرۆڤ گۆڕابێت. بابزانین ئایا ئەوقسەیە ڕاستە... باوەك نمونە، ئەوبارودۆخە وەربگرین کەبەسەر (ئەدمیرال بیری) داهات. ئەو دۆزەرەوەیەی کەهەموو جیهانی سەرسامکرد.بەوەی کەتوانی ڕۆژی ١٩٠٩/٤/٦ جەمسەری بەستەڵەکی باکوری گۆی زەمین بدۆزێتەوە، بەهۆی ئەوگالیسکەیەوە کە گەماڵەکان بەسەر بەفردا ڕایان دەکێشا.

دیارە ئەو ئامانجە چەندین کەڵەپیاو هەوڵیان بۆدابوو، کەسانێکی زۆریش ئاواتیان بۆ خواست، بەڵام بەرلەوەی پێی شادبن، مردن.

بیریش خەریك بوو لەبرساندا بمرێت ولەسەرمادا ڕەق بێتەوە، هەشت دانە لەپەنجەکانی قاچی بونەسەهۆڵ ودواجار ناچاربوو بیان

بڕێتەوە.ئەوەندە نارەحەتی وسەختی هاتبویە ڕێ، پێی وابوو شێت دەبێت وئاوەزی لەدەست ئەدات ئەوجا دەگەڕێتەوە.

سەرکردە دەریاوانەکان لەواشنتۆن، زۆر ڕقیان لێی دەبویەوە، چونکە دەیانزانی ئەوکاتێ دەگەڕێتەوە، جەماوەرێکی زۆری دەبێت.بۆیە تۆمەتباریان دەکرد بەوەی پارەوپول بۆ دۆزینەوەی زانستی کۆدەکاتەوە، دواتر بۆگەشتوگوزار بەو پارەیە دەچێت بۆ جەمسەری باکور.ڕەنگە خۆشیان باوەڕیان بەوتۆمەتە کردبێت، چونکە زۆر سەختە خۆت بڕوا بەشتێك نەکەیت و بتەوێت خەڵکی بڕوای پێ بکەن. بەم پێیە زۆر بەتوندی پێداگری دەبینرا بۆسوکایەتی پێکردن وسەرشۆڕکردنی بیری... کارگەیشتە ئەوڕادەیەی (بیری) بەهۆی فەرمانێکی تایبەتی سەرۆك (ماکینلی) یەوە توانی پارێزگاری لەوەزیفەکەی بکات. ئایابیری دەبوەجێگەی سوکایەتی پێکردن، ئەگەر تەنها لەنێو نوسینگەکەی خۆیدا لەفەرمانگەی دەریاوانی واشنتۆندا دابنیشتایە؟ نەخێر.چونکە ئەوکات کارێکی وای نەدەکرد کەببێتە هۆی وروژاندنی ڕژدی!.

ژەنراڵ (گرانت) ئەزمونێکی خراپتری لەئەزمونەکەی ئەدمیراڵ (بیری) هەیە.لەساڵی١٨٦٢دا، ژەنراڵ (گرانت) سەرکەوتنێکی گەورەی وای بەدەست هێناکە لەماوەی شەو وڕۆژێکدا بویە قیبلەگای جەماوەر-سەرکەوتنەکەی تەنانەت لەئەوروپاش دەنگی دایەوە-سەرکەوتنێ بویەهۆی ئەوەی زەنگی کڵێساکانی بۆ لێ بدرێ ومەشخەڵەکانی ئاگریش هەڵبکرێن وهەرلەمانیەوە تاکو کەنارەکانی (میسیسیبی) ڕوناك بکەنەوە.لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی هەشت هەفتەی یەکەمی بەدەست هێنانی ئەوسەرکەوتنە مەزنەدا، ژەنراڵ گرانت، پاڵەوانەکەی باکور،

دەستگیرکرا و، سوپاکەیشی لێسەنرایەوە، بۆیە ژەنراڵیش، لەبەر بێ ئومێدی وئەوسوکایەتیەی پێکرابوو، تێروپڕگریا.

ئایا بۆچی ژەنراڵ گرانت دەستگیرکرا، لەکاتێکدا ئەو لەترۆپکی سەرکەوتندابوو؟ لەبەر ئەوەگیرا، چونکە ڕژدی وڕقی ئەوانەی بزواندبوو کەلەخۆی بەرزتربوون.

جائەگەر بەهۆی ڕەخنەی نادادگەرانەوە قەڵس دەبیت، ئەوا کاربەم یاساکرداریە بکە:

لەبیرت بێت، ڕەخنەی دادگەرانە، موجامەلەیەکی شاردراوەیە... لەبیریشت بێت، هیچ کەس پێلەقە لەسەگی تۆپیونادات.

بەشی حەوتەم

ئاوابكە، ڕەخنە ئازارت نادات!.

جارێك دیمانیەكم سازدالەگەڵ ماجۆر(ژەنراڵ سمیدلی باتلەر)سازدا، باتلەری خاوەنی دووچاری تیژو شەیتانەكەی دۆزەخ!وەبیرت دێتەوە كێیە؟ دەركەوتووترین سەركردەی مارێنزی ئەمریكی.

باتلەر بۆی گێڕامەوە لەسەردەمی لاوێتیدا، بی ئومێدانە تامەزرۆی ناوبانگ بوو، تامەزۆری ئەوەبوو ئاسەوارێكی باش لەناخی هەمواندا بەرانبەربەخۆی دروست بكات... لەو ڕۆژانەدا، بچوكترین ڕەخنە دەیگەست وئازاری پێ دەگەیاند... وەڵێ دانیشی بەوەدانا كەخزمەتكردنی بۆماوەی سیی ساڵ لەنێو مارێنزدا، بویەهۆی ئەوەی ببێتە پیاوێكی سەختگیر وتوند، لەوبارەیەوەگوتی: (ببومەجێگەی ڕەخنەوسوكایەتی پێكردن، وەكوماروسەگی هار ڕیسوادەكرام... ڕژدەكان نەفرەتیان لێدەكردم وهێندەیان سەخڵەت دەكردم وسیفاتی ناشیرینیان پێدا هەڵئەدام، كەبەهیچ شێوەیەك مانایان لەفەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا نابینرێت، چونكە وشەگەلێكی زۆرپیس وخراپ بوون... وەڵێ ئایائەو ڕەفتارانەكاریان تێكردم؟ نەخێر.بەڵكوهەركاتێ

گوێبیستی سوكایەتیەك بومایە، ئاورم نەدەدایەوەتاكوبزانم كێیەسوكایەتیەكەم پێ دەكات).

ڕەنگەخاوەنی دووچاوە تیژەكە.بایەخی بەڕەخنەگرتن نەدابێت، وەلێ زۆربەی خوڵك ئەوسوكایەتی وتۆمەتە پوچانە بەگرنگ دەگرن كەئاراستەیان دەكرێن. بیرم دێ چەندساڵێك لەمەوبەرجارێكیان پەیامنێری ڕۆژنامەی(نیویۆرك) هاتەنێویەكێك لەپۆلەكانمەوە ودواترهێرشی كردبویەسەر شێوازی وانەبێژی وفێركاری من، ئایامن بەوڕەخنانە توڕەبووم؟ ئەوەم بەسوكایەتیەكی شەخسی لەقەڵەمدا، بۆیە پێوەندیم بە(گیل هودجن)ەوەكرد، ئەم پیاوەسەرۆكی ئەنجومەنی جێبەجێكردنی ڕۆژنامەكەبوو، داوامليكرد وتارێك بلاوبكاتەوە ڕاستیەكانی تێداباس بكرێ لەبری ئەوشتەپڕوپوچانەی لەڕەخنەی پەیامنێرەكەدا هاتبوون. بڕیارمدا سزاكە كتومت هاوتای تاوانەكەبێت.

ئێستاكەزۆر شەرم لەوڕەفتارەم دەكەم.چونكە دەزانم نیوەی ئەوكەسانەی ڕۆژنامەكەیان كڕیوە، ئەو وتارەیان نەبینیوە.نیوەی ئەوانەش كەوتارەكەیان خوێندۆتەوە بەگاڵتەوسوعبەتیان زانیوە.هەركەسیش بەوردی خوێندبێتیەوە چەند هەفتەیەك دواتر هیچی لەو وتارە لەبیرنەماوە.هەنوكە دەزانم، خەڵكی نەبایەخ بەتۆدەدەن ونەبەمن، نەبایەخ بەوەش ئەدەن كەلەبارەی من وتۆوە دەگوترێت.ڕۆژتائێوارە بیرلەخۆیان دەكەنەوە.بەڵكو تانیوەی شەوبیرلەخۆیان دەكەنەوە... بگرەبیرلە ژانەسەرێكی خۆیان دەكەنەوە، هەزارئەوەندەی كەبیرلەمردنی تۆ ومردنی من دەكەنەوە، تەنانەت ئەگەر چاوبەستیشیان لێ بكرێت ودرۆ ودەلەسەمان بۆدروست بكرێت

ونزیکترین هاوڕێشمان لەپشتەوە خەنجەرمان لێ بدات.بالەپیاهەڵدانی خۆمان دووربکەوینەوە.لەبری ئەوەنمونەی سوکرات بێنینەوەکەنیوەی ڕێکی قوتابیەکانی لەکاتی دادگایی کردنەکەیدا لێ هەڵگەڕانەوە وتۆمەتباریان کردبەوەی کەگەنجەکانی ئەسینا تێك ئەدات بەوبیر وبۆچونانەی کەبڵاویان دەکاتەوە.لەئەنجامدا سزای مەرگیان بەسەردا سەپاند بەخواردنەوەی ژەهری تێکەڵکراو بەهەنگوین... ئەوپیاوە هەرلەدووهاوڕێی، یەکێکیان لێیهەڵگەڕانەوە وخیانەتیان لێکرد.

ئایائێمە چاوەڕوانی ڕێژەیەکی باشتردەکەین؟

چەندساڵێك ئەوەم بۆ ڕوون بۆتەوەکەهەرچەندە من ناتوانم خەڵکی دووربخەمەوە لەوەی ڕەخنەی نابەجێ ونادادگەرانەم لێبگرن، بەڵام دەتوانم کارێکی تربکەم کەلەوکارەی پێشو کەم بایەخترنیە: دەتوانم خۆم بڕیاربدەم لەسەر ئەوەی ئایا ڕێگە ئەدەم ڕەخنەی نابەجێ کارم لێ بکات یان نا؟.

بالەوڕووەوە کەمێك ڕونتر بدوێین: من پێم باش نیەهەموو جۆرە ڕەخنەیەك پشتگوێ بخرێت.تەنهاباس لەفەراموشکردنی ڕەخنەی پڕوپوچ دەکەم... جارێکیان لە(ئیلیانۆر ڕۆزڤلت)م پرسی، ئایاتۆچۆن چارەسەری ڕەخنەی پوچ دەکەیت-چونکە خوادەیزانێ ئەم پشکی زۆری لەڕەخنەی پوچ بەرکەوتووە، ڕەنگە لەهەر ئافرەتێکی ترکەلەنێوکۆشکی سپیدا ژیابێت، زیاترهاوڕێی دڵسۆز ودوژمنی سەرسەختیشی هەبێت.

لەوەڵامدا باسی ئەوەی بۆکردم کەلەسەر دەمی لاوێتیدا، زۆرشەرمن بوە، هەروەها زۆریش دەترسالەقسەی خەڵك.لەڕەخنەگرتن دەترسا.تەنانەت جارێکیان داوای لەخوشکەکەی تیۆدۆر ڕۆزڤلت کرد

ئامۆژگـاری بکـات وگـوتی: (پـوریَ گیـان، دەمــەوێت فلانــەکار یـان فیسارەکاربکەم، بەلاّم لەڕەخنەدەترسم).

پوریَ سەرنجێکی چاوەکانیدا وپاشان گوتی: (مادەم بڕوای تـەواوت هەبێت بەوەی لەسەرهەقیت، ئیدی گویَ بەوەمەدەخـەڵکی چی دەڵێن)... ئیلیـانۆر ڕۆزڤلـت باسـی ئـەوەی بـۆکردم کەلەسـالأنی داهـاتوودا ئـەم ئامۆژگاریە بۆ ئەم بویە تاوێرەکەی جیبرلتـار... پاش چەند سـاڵێك ژیان لەکۆشکی سپیدا، پێی گـوتم باشترین ڕێگە بۆ دوورکەوتنەوە لەڕەخنە، ئەوەیــە کــە وەك پەیکــەری (درســۆنی چـینی) وابـین کەلەسـەر ڕەفـە دادەنـریَ... هەمیـشە دەیگـوت: (مـادەم بـاش دەزانیـت کـەخۆت لەسـەر هەقیت ئـەوا هەرچیت دەویَ بیکـە، چونکە هەرچۆن بیت هەرڕەخنـەت لیَ دەگیرێت).

(ماسـیۆس بـراش) سـەرۆکی کۆمپانیایـەکی ئـەمریکی نێودەوڵـەتی بووله(وۆلَ ستریت). پرسیارم لێکرد ئایا هەستیارە بەرانبەر ڕەخنە یان نا؟ لەوەلاّمـدا گـوتی: (بـەڵیَ، لەهـەرەتی لاوێتیـدا زۆر هەستیاربووم بەرانبـەر بەرەخنـە. هـەوڵم زۆر ئـەدا بۆئـەوەی هـەموو کـەس بزانێـت مـن پیـاوێکی تێروتـەواوم، ئەگـەر وانـەبا، خەفـەت ودوو دڵـی دایـان دەگـرتم. تەنانـەت هـەوڵم ئـەدا ئەوکەسـانە قایـل بکـەم کـەوەك نـەیار دەهاتنـە بەرچاوم. وەلیَ هەرکەلەوهەوڵانەم تەواو دەبوم، ڕق وخەشمی مرۆڤێکی ترم بزواندبوو. کە لەگەڵ ئەویشدا کێشەکەم چارەسەردەکرد، دەمبۆڵە وپرتەوخورتەی کەسێکی ترم لێوە دەئالاَ.

بۆیـە بـۆم دەرکـەوت هەرچـەندە سارێژی برینـیَ بکـەم بۆئەوەی بتوانم لەڕەخنەگرتن هەڵبێم، ئەوەندەش دژمنەکانم پتردەبن. بۆیە بەخۆمم گوت:

(ئەگەر سەریشت بەرزکەیتەوە بەسەرجەماوەردا، ئەوا ڕەخنەت لێ دەگیرێت، کەواتە خووبەم بیرۆکەیەوە بگرە)... ئەمەش یارمەتیەکی زۆریدام، لەوکاتەوە، ئەم ڕێسایەم بۆخۆم هەڵبژارد، کاروکۆششی خۆم دەکەم، دواتر چەترەکۆنەکەم بەسەرخۆمەوە دەگرم تاکوڕەخنەکان لەسەری هەڵبخزێن، لەبری ئەوەی دابارێنە سەرئەستۆ وگەردنم)!.

(دیمزتایلۆر) لەوسنورەش زیاتر دەڕوات: ئەم ڕێگەی ئەدابارانەکانی ڕەخنە دابارێنە سەری وشۆڕببنەوە بەنێو ئەستۆو گەردنیدا، دواتریش لەبەردەم هەمواندا گاڵتەی بەڕەخنەکان دەکرد!!لەدوانیوەڕۆی ڕۆژێکی یەکشەممەدا کاتێ بەرنامەی مۆسیقای پێشکەش دەکرد، نامەی ئافرەتێکی پێی گەیشت کەبە(درۆزن و، بەکرێ گیراو و، مار) لەقەڵەمی دابوو.بەڕێز تایلۆر لە کتێبەکەیدا(سەبارەت بەپیاوەکان ومۆسیقا)دەڵێت: گومانم وایە ئەو ئافرەتە هیچ گوێی بەقسەکانم نەداوە.

لەهەفتەی داهاتوودا، بەڕێزتایلۆر لەڕادیۆوە نامەی ژنەکەی خوێندەوە ودای بەگوێیملیۆنەها کەس لەگوێگرەکانی ڕادیۆدا... کەچی پاش چەندڕۆژێکی کەم هەمان خانم نامەیەکی تری بۆنوسیبویەوە وهەمان ڕای پێشوی خۆیی سەبارەت بەتابلۆ دووبارە کردبویەوە کەبەدرۆزن وبەکێگیرا و وماری لەقەڵەم دابوو. دەبێ ئێمە ڕێزبگرین لەهێوری وهاوسەنگی وسنگ فراوانی ئەوپیاوە لەکاتی ڕەخنەلێگیرانیدا!!

لەکاتێکدا (چارلزشواب) وتاری بۆئەنجومەنی قوتابیان ئەدالەبرینستۆن، باسی ئەوەی بۆکردن کەگرنگترین وانەی ژیانی لەپیاوێکی پیری ئەڵمانیەوە فێربوە کەلەکارگەی پۆلاسازی شوابدا کاری دەکرد.ئەوپیاوەپیرە توشی شەڕەقسەیەك بوولەگەڵ کرێکارەکانی تردا،

کارگەیشتە ئەوەی پیاوەپیرەکەیان خستەناوڕووبارەکەوە. بەڕێزشواب دەڵێت: (کەئەوپیاوەهات بۆنوسینگەکەم هەمووگیانی هەڵژنرابوو لەقوڕاو، پرسیاری ئەوەم لێکرد کەئاخۆچیت بەوکرێکارانە گوتووە، توڕیان داویتە ناوڕووبارەکەوە، لەوەڵامداگوتی: (تەنها پێکەنیوم!)... دواجار بەڕێزشواب قسەی پیاوە پیرەئەڵمانیەکەی کردۆتە دروشم: (تەنها پێبکەنە).

ئەگەربوبیتە قوربانی ڕەخنەگرتنی پوچ، ئەم دروشمە زۆر بەسودە بۆت... ئاخەر تۆدەتوانیت وەڵامی کەسێك بدەیتەوە کە ئەویش وەڵامت بداتەوە، بەڵام دەتوانیت چی بڵێیت لەگەڵ کەسێکدا کە(تەنها پێ بکەنێت)؟ .

(لنکۆڵن) خەریك بوو بپڕوکێت لەژێرباری قورسی جەنگیناوخۆیدا ، ئەگەر فێرنەبوایە چۆن چۆنی وەڵامی ڕەخنەی تیژوبریندارکەر بداتەوە... شێوازی چارەسەرکردنی ئەم بۆ ئەوڕەخنە توندوتیژانەی ئاراستەی دەکران، دواتربویە دروشمێك وهەموان کاریان پێ دەکرد، تەنانەت ژەنراڵ (ماك ئارسەر) کۆپیەك لەودروشمەی لەماوەی جەنگدا بەنوسینگەکەی خۆیەوە هەڵواسیبوو.هەروەها (لۆنستۆن چەرچڵ)یش، کۆپیەکی لەهەمان دروشم لەنێو چوارچێوەیەکدا لەنوسینگەکەی خۆی لە (چارنۆبڵ)دا هەڵواسیبوو... تیایدا هاتبوو: (ئەوپەڕی هەوڵ وکۆششم بەکاردەهێنم، جائەگەر ئەنجامەکەی باش کەوتەوە، ئیدی گوێ نادەم بەوەی لەدژم دەگوترێت.ئەگەر ئەنجامەکانیش هەڵەبوون، ئەوا ئەگەر دەدانەفریشتەش سوێند بخۆن کەکارێکی ڕاستم کردبوو، هەرهیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت).

کاتێ دەبینە جێگەی ڕەخنەلێگرتنی پوچ، بائەم ڕێسایەمان لەبیربێت: هەموو هەوڵ وتوانای خۆت بەکاربێنە، دواترچەترەگۆنەگەت بەسەرتەوە هەڵبدە، بابارانی ڕەخنەکان بەسەریدا هەڵبخزێت ودانەبارێتە سەر شان وئەستۆت.

دەروازەی دووەم

ڕێگەسەرەکیەکانی هەڵس وکەوتکردن لەگەڵ خەڵکیدا.

(چـۆن هـاوڕێ ودۆسـت پەیدادەکـەیت وکاریگـەری لەسـەر خـەڵك دادەنێـت) پەرتوکێکـە سـەبارەت بەپەیوەندیـە مرۆییـەکان-سـەبارەت بەهـەڵس وکـەوتکردن لەگـەڵ خەڵکیـدا، هەروەهاسـەبارەت بەپێویستی بونی دۆست وهاوڕێ تاکوژیانێکی تێروتەواو بژین.

بەرهەڵستی کردنی ئارەزووی ڕەخنەگرتن وبەدەست هێنانی نەریتی ستایش کردنی دڵسۆزانە، کاریگەری مەزنی هەیەلەدڵ ڕاکێشانی ئەوانی تـردا... هـەروەها ئەوشـتانەش کەلەجیهانـدا خۆشـحاڵ وبەختـەوەرمان دەکـەن، هـەمان ئەوشـتانە لەماڵـەوەش بەختـەوەرمان دەکـەن... کەواتـە مەسەلەگەلێکی گرنگن بۆهەموو پیاو وئافرەتێك.

بەشی هەشتەم

ئەگەر ئەتەوێت هەنگوین کۆبکەیتەوە، شانەی هەنگەکە مەجوڵێنە.

لە١٩٣١/٥/٧دا شاری نیویۆرک گەورەترین کردەوەی ڕاوەدونانی بەخۆیەوە بینی، ئەوەبوو پاش چەندهەفتەیەك گەڕان و پشکنین، توانرا تاوانبار کراولی (کەناسرابوو بەجووت دەمانچە)لە باڵەخانەی کچە هاوڕێکەیدا لەشەقامی (ۆست ئەند)دادەستگیربکرێت.

سەدوپەنجاکەس لەپیاوانی پۆلیس، گەماڕۆی باڵەخانەکەیان داوهەوڵیاندابانی خانوەکە کون بکەن وگازی فرمێسك ڕێژی لێوەبکەنەژورەوە، جگەلەوەش لولەی تفەنگەکانیان کردبویە باڵەخانەکانی دەوروبەریش، بۆماوەی زیاتر لەکاتژمێرێك، جوانترینی باڵەخانەکانی نیویۆرك بونە ئامانجی تفەنگەکان کراولیش بەڕۆڵی خۆی لەپشتی کورسیەکەوە خۆی حەشاردابوو، تەقەی لەپیاوانی پۆلیس دەکرد.دەهەزارکەس ئەم جەنگەیان بینی شەڕێکی بەوشێوەیە پێشتر لەسەر شۆستەکانی نیویۆرکدا نەبینرابوو.

لەپاش ئەوەی کراولی دەستگیرکرا، مفەوەزی پۆلیس (مالرۆنی) ڕای گەیاند.کراولی (ناسراوبە جووت دەمانچە) یەکێك لەو هەرە ئەوتاوانبارانەی کەمێژوی نیویۆرك بەخۆیەوە بینیبونی.

بەلام ئایا کراولی خۆی بەچی لەقەڵەمئەدا؟ ئێمەدەزانین لەکاتێکدا پۆلیس گوللەی دەنابەباڵەخانەکەیەوە، ئەونامەیەکی نوسیبوو بۆ(هەرکەسێ بایەخ بەومەسەلەیە ئەدا) لەکاتی نوسینی ئەونامەیەدا، خوێنی زامەکانی دەتکایەسەرلاپەڕەکە.کراولی لەونامەیەدا دەڵێت: (لەناخمدا دڵێکی پەژموردەهەیە، بەلام دڵێکی ناسکە، دڵێکەئازاری کەس نادات).

کەمێك بەرلەو ڕووداوە وبەرلەنوسینی ئەونامەیەش، کراولی لەگەڵ هاوڕێکەیدا لەسەر ڕێگەی (لۆنگ ئایلەند)دانیشتبوو، لەناکاو چاوی بەپۆلیسێك دەکەوێت.پۆلیسەکە ئۆتۆمبیلەکەی دەوەستێنێت وپێی دەڵێت: (مۆڵەتی شۆفێریەکەتم پیشان بدە).

کراولی بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، دەمانچەکەی ڕادەکێشێت وڕێژنەیەك گوللەبەپۆلیسەکەوە دەنێت.لەپاش ئەوەی پۆلیسەکە دەمرێت.کراولی لەئۆتۆمبیلەکەی دێتەدەرەوە ودەمانچەی پۆلیسەکە ڕادەکێشێت وچەندفیشەکێك دەنێت بەورگی تەرمەکەوە.ئەمەش ئەو پیاوکوژەیە کەدواتر لەنامەکەیدا دەنوسێت: (لەناخمدا دڵێکی پەژموردەهەیە، بەلام دڵێکی ناسکە، دڵێکە ئازاری کەس نادات)!.

سزای مەرگ، لەڕێی کورسیەکی کارەباییەوە بەسەر کراولیدا سەپێنرا، کاتێکیش گەشتە ئەوجێگەیەی سزاکەی تێدا جێبەجێ دەکرالە(سیگ

سیگ) ئایا گوتی: (ئەوەی بەسەرمدا هاتووە ئەنجامی کوشتنی خەڵکە؟) نەخێر، بەڵکوگوتی: (ئەمە سەرەنجامی بەرگری کردنمە لەخۆم)!!.

مەبەست لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە ئەوەیەکە تێ بگەین لەوەی خاوەنی جوت دەمانچە(کراولی)بەهیچ جۆرێ لۆمەی دەرونی خۆی نەدەکرد.جائایا ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە شتێکی نائاساییە لەنێو تاوانبارانداُ؟ ئەگەر بڕوات وایە، ئەوابفەرموو، ئەم بەسەرهاتەی تریش بخوێنەرەوە:

(زۆربەی ساڵەکانی ژیانم لەگەیاندنی خۆشی بەدڵی خەڵکیدا بەسەربرد، لەیارمەتی دانی خەڵکیدا بۆئەوەی کاتەکانی ژیانیان بەچێژو خۆشیەوە بەسەربەرن، لەئەنجامیشدا تەنها سوکایەتیم پێکرا).

بێژەری ئەم قسەیەش (ئال کابۆنی)ە، کەسەرسەخترین دوژمنی ئەمریکا وسەرکردەی مەترسیدارترین باندیش بوولەشیکاگۆدا.ئال کابۆنی ڕەخنەلەخۆی ناگرێت، بەڵکوخۆی بەسودبەخش دەزانێت، بەڵام لەهەمان کاتدا خۆیشی بەوەدەزانێت کەهیچ کەسێك ڕێزی لێناگرێت ولێی تێ ناگات.

(داچ شوڵتز)یش بەرلەوەی بەگوللەی باندەکان لەنێوئارکدا بتلیسێتەوە لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنوسیدا باس لەوەدەکات کەخۆی بەوەدەزانێت سودێکی گشتی هەبێت.بڕوایشی پتەوەبەوەی کەخۆی کەسێکی بەسودە.

سەبارەت بەم بابەتە پێوەندی گەلێکی سەرنج ڕاکێشم گرێدا، لەگەڵ بەرپرسی زیندانی سینگ سینگدا، ئەوبەرپرسەش باسی ئەوەی بۆکردم کەژمارەیەکی زۆرکەم لەتاوانبارە دەستگیرکراوەکانی زیندانی سینگ

سینگ خۆیان بەکەسێکی خراپ وتاوانبار دەزانن. ئەوانیش وەکومن وتۆمرۆڤن، پاساوی هەڵوێستەکانیخۆیان دەدەن وبارودۆخی خۆیان ڕون دەکەنەوە. دەتوانن پێت بڵێن کەلەپای چی میلی تفەنگەکان ڕادەکێشن وگوللە دەتەقێنن. زۆربەشیان هەوڵ ئەدەن، لەڕێگەی دانایی ولۆژیکەوە کردەوە نایاساییەکانیان پاساوبدەن، تەنانەت دێن کردەوەکانیان بۆخۆیان پاساوئەدەن وبەوپێیەش دەگەنە ئەوبڕوایەی کەبڵێن پێویست نیەزیندانی بکرێت).

جائەگەر ئال کابۆنی وجوت دەمانچە وداچ شوڵتز، ئەوپیاوە بەدکار وبێ ئومێدانەی کەلەپشتی شیشەکانی زیندانەوە بوون، سەرزەنشتی خۆیان نەکەن لەبەرانبەر کردەوەکانیاندا، ئەبێ ئەوکەسەئاساییانە چۆن بن کەڕۆژانە ڕوبەڕویان دەبینەوە؟ .

جارێکیان (ژۆن واناماکر) دان بەڕاستیەکدادەنێت ودەڵێت: (سیی ساڵەتێ گەشتوم کەنیگەران بوون بێ ئەقڵیە، چونکە ئەوەندەم سەرقاڵی هەیە کەلەتوانای خۆم بەدەرە. بشزانەکەخودا سیفەتی زیرەکێتی بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەکردووە).

(واناماکر) لەزووەوە ئەووانەیە فێربوو، وەلێ من قەدەرم وابوو بەدرێژایی سێ یەکی سەدەیەك لەم جیهانەدا بزربم، بەرلەوەی بۆم ڕوون بێتەوە کە(٩٩٪)یخەڵکی هەرچەندە هەڵەکانیان گەورەبێت، هێشتر ئامادەنین ڕەخنەلەخۆیان بگرن.

ڕەخنەگرتن کوشندەیە، چونکە مرۆڤ دەخاتەحاڵەتی بەرگریەوە، هەرچی نەریتیشە وای لێدەکات پاساوی کارەکانی خۆی بدات. ڕەخنەگرتن مەترسیدارە، چونکەکیبریای مرۆڤ بریندارەکات

وئازاریش دەگەیەنێت بەهەستکردنی بەبایەخی خۆی!! جگەلەوە دەبێتەهۆی نیگەران بون وبێ ئومێدبونیشی.

سوپای ئەڵمانیارێگەنادات هیچ کام لەسەربازەکانی ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی گرفتێکی بۆدێتەپێشەوە، سکاڵابەرزبکاتەوە یان ڕەخنەبگرێت. بەڵکوپێویستە بەسەر برینەکەیدابنوێت تاکو هێوردەبێتەوە. هەرسەربازێك ڕاستەوخۆسکاڵابکات، سزائەدرێت. پێویستە لەژیانی مەدەنیشدایاسایەکی هاوشێوەدابنرێت. یاسایەك بۆئەوانەی سەرزەنشت ئەکەن وئەوژنانەی زۆرسکاڵادەکەن وهەموو ئەوانەش، کەبەدوای هەڵەدادەگەڕێن.

دەتوانیت نمونەگەلێکی زۆربخوێنیتەوە سەبارەت بەڕەخنەگرتنی کوشندە، چونکەئەونمونانەلاپەڕەکانی مێژویان پڕکردوە. بۆنمونە سەرنجی ئەوناکۆکیە بەناوبانگەبدە کەکەوتەنێوان تیۆدۆر ڕۆزڤلت وسەرۆك تافتەوە—ئەوناکۆکیەی کەبویەهۆی لێك ترازانی ئەوپەرلەمانەی کەلەکۆماریەکان پێك هاتبوو، لەئەنجامیشدا(ودۆر وێلسۆن) ی‌هێنایەکۆشکی سپیەوە...

بابەپەلە بەسەر ڕاستیەکاندا بچینەوە: کەلە ١٩٠٨دا تیۆدۆر ڕۆزڤلت لەکۆشکی سپی چوە دەرەوە، تافتی کردەسەرۆك وخۆی ڕۆشت بۆڕاوی شێرلەئەفریقیا. کاتێ گەڕایەوە، زۆربەتوندی ڕەخنەی‌لەوشکی وتەزەموتی تافت گرت وهەوڵیدابونی خۆی بۆجاری سێیەم لەکۆشکی سپیدا مسۆگەربکات. ئەوەبوو پارتی کۆماری ئەمریکای هەڵوەشاندەوە وپارتێکی تری بەناوی (bull moose)ەوە دامەزراند. لەهەڵبژاردنەکەی دوای ئەو ڕوداوە، ولیەم هواردتافت وپارتی کۆماری هیچ

سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا جگەلە بەدەست هێنانی ویلایەتەکانی (فیرمۆنت وئۆتاوا). ئەمەش گەورەترین شکست بوو کەمێژووی پارتی کۆماری ئەمریکا بەخۆیەوە ببینێت.

تیۆدۆر ڕۆزڤلت لەپای ئەم شکستەدا سەرزەنشتی تافتی کرد. بەڵام ئایاسەرۆك تافت لۆمەی خۆیی کرد؟ بێگومان نەخێر. بەڵکو بەدەم قوڵپی گریانەوە گوتی: (نازانم غەیری ئەوەی کەکردم دەبوا چیم بکردایە، کەواتە ئەبێ لۆمەی کێ بکرێت؟ ڕۆزڤلت یان تافت؟ بەڕاشکاوی من وەڵامی ئەم پرسیارەنازانم. تەنانەت گرنگیشی پێ نادەم... بەڵکو هەوڵ ئەدەم ئەوەڕون بکەمەوە کەڕەخنەکانی ڕۆزڤلت نەبوونەهۆی ئەوەی کەتافت بڕوابکات بەوەی خۆی بەهەڵەداچووە. بەڵکو ڕەخنەکان پاڵیان بەتافتەوەنا، بۆئەوەی پاساوی هەڵوێستی خۆی بدات وبەدەم. گریانەوە بڵێت: (نازانم غەیری ئەوەی کردم، دەبواچی دیکەم بکردایە).

لەم جۆرەهەڵوێستانەدا، سروشتی مرۆیی دەست لەکایەکە وەرئەدات، بابای هەڵەکاریش لۆمەی هەموان دەکات جگەلەخۆی: ئێمەهەموومان واین. کاتێ ئارەزوی ڕەخنەگرتن لەکەسێك دەکەین، بابیرلەئال کابۆنی وجوت دەمانچە وسەرۆك تافت بکەینەوە. بائەوەمان لەیادبێت کەڕەخنەگرتن وەکوکۆتریماڵیکراووایە، لەهەمووکاتێکدا دەگەڕێتەوە بۆسەرچاوەکەخۆی. ئەوکەسەش کەئێمەهەوڵ ئەدەین چاکی بکەین ورەخنەی لێبگرین، پاساوی هەڵویستەکانی خۆی ئەدات وتەنانەت ڕەخنەش لەئێمە دەگرێت"!!.

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٨٦٥/٤/١٥، ئیبراهام لنکۆڵن لەسەرجێگەی مەرگ کەوتبوو، لەڕۆژێکی ناخۆش وناشایستەدا،

ژورەکە دەکەوتەسەر ئەوشەقامەی کەلەشانۆی (فۆرد) جیادەبویەوە... لنکۆڵن لەسەردۆشەکێك کەوتبوو کەلەباڵای ئەوکورت تربوو.بەدیواری ژورەکەیشەوە وێنە بەناوبانگەکەی ڕۆزابنهاور (ئەسپەجوانەکە- the horse fair) و ڕوناکیەکی زەردی هێوریش دەبینرا.

لەوساتانەدا کەلنکۆڵن هەناسەکانی سەرەمەرگی ئەدا، سکرتێری وەزارەتی جەنگ گوتی: (لێرەدا یەکێك لەوپیاوە هەرەکاملەکان هەلاژیاوە، کەجیهان ناسیونی).

ئایانهێنی سەرکەوتنی هەڵس وکەوتی لنکۆڵن لەگەڵ خەڵکیدا چی بوو؟ من بۆماوەی دەساڵ لەژیانی لنکۆڵن کۆڵیمەوە، سێ ساڵیشم تەرخانکردبۆدانانی پەرتوکێك بەناوی (لنکۆڵنی نادیار).پێم وایە توێژینەوەیەکی وردم سەبارەت بەکەسایەتی لنکۆڵن وژیانی خانەوادەیی ئەو ئامادەکردووە، هەروەها هەستام بەلێکۆڵینەوەی شێوازی مامەڵەکردنی لنکۆڵن لەگەڵ خەڵکیدا.

جائایا لنکۆڵن پەنای دەبردەبەر ڕەخنەگرتن؟ بەڵێ.لەسەردەمی لاوێتیدا لەدۆڵی (بیگۆن کریك)لەئینديانا، نەك هەر ڕەخنەی دەگرت، بەڵکوهۆنراوە ونوسینی هەبووکەتیایدا گاڵتەی بەخەڵکی دەکرد.ئەونوسراوانەیشی دەخستەسەر ڕێگەسەرەکیەکانی شارۆچکەکە، بۆئەوەی بەئاسانی خەڵك چاویان بەنوسراوەکان بکەوێت وهەڵیان بگرنەوە وبیان خوێننەوە.یەکێك لەونامانەش بونەهۆی نیگەرانیەك کەبەدرێژایی ژیانی پێیەوەچەسپی بوو. تەنانەت کاتێکیش لە(سبرینگ فیلد) یویلایەتی (ئیللینوا)دا بویەپارێزەر، بەشێوەیەکی ئاشکراهێرشی دەکردە سەرنەیارەکانی لەڕێگەی ئەونامانەوەکە لەڕۆژنامەکاندا بلاوی

دەکردنــەوە.لــەپایزی ١٨٤٢دا، ڕەخنــەی لــە(جـیـمس شـیڵدن) گـرت کەسیاسـەتمەدارێکی ئیرلەنـدایی بـوو.لـەڕێی نامەیـەکی ئاشکراشـەوە کەلەڕۆژنامــەی (سـبرینگ فیلـد)دا بــڵاوی کــردەوە هێرشــی کردەسـەری.هـەموو خـەڵکی ئەوشـارە بـەهۆی ئەوهێرشـەوە دەسـتیان بەپێکـەنین کـرد.بـەڵام ئەوکابرایـەی کەهێرشـی کرابویەسـەر، نوسـەری نامەکەیی دۆزیەوە، سواری ئەسپەکەی بوو، دەستی کردەگەڕان بەدوای لنکۆڵندا، داوای کردلەگەڵیدا بجەنگێت.هەرچی لنکۆڵن بوو نەیدەویست شەڕبکات، بەڵکو ناچار بەشەڕکردن کرا، لەبەر ڕێز وحورمەتی خۆیشی نەیـدەتوانی خـۆی لەوشـەڕە بدزێتـەوە. کاتێ چـەکی ئەوشەڕەدەسـت نیشانکرا، شمشێری پانی هەڵبژارد، چونکە دوودەستی درێژی هـەبوو، وانەی شەڕەشمشێریشی لە(ئەلۆست پۆنیت) خوێندبوو.

لـەڕۆژی دیـاریکراودا، لەگـەڵ شیڵدزدا لەکـەناری ڕوبـاری میسیسیبی بەیـەك گەیـشتن وئامـادەبوون بۆشـەڕکردن تـاکو یـەکێکیان ئـەویتریان دەکوژن.بەڵام لەدوای چرکەکانی ئەم ئامادەسازیەدا ئەوانەی لەگەڵیابوون نەیان هێڵاشەڕەکە بکەن.

ئەم ڕوداوە لەژیانی لنکۆڵندا، دزێوترین وناخۆشترین ڕوداوبوو.هەرئەم ڕووداوە، وانەیـەکی بـەپێزی سـەبارەت بەمامەڵـەکردن لەگـەڵ خەڵکیـدا فێری لنکۆڵن کرد.لەپاش ئەو ڕووداوە، نامـەی گاڵتـەئامێزی نەدەنوسی وگاڵتەیـشی بەکـەس نـەدەکرد، تەنانـەت لـەدوای ئـەوڕووداوە هـەرگیز ڕەخنەی لەکەس نەدەگرت.

لـەماوەی شـەڕی نـاوخۆدا، هـەرجارناجارێ لنکۆڵن کەسـێکی دەست نیـشان دەکردبۆسـەرکردایەتی کردنـی سـوپای (بۆتۆمـاك).هـەر یـەکێك

لەوانەش- هەرلەماکیلانەوە بیگرە تابەلۆپ و، برنساید، هۆکرمیدی دەگات-بەڕۆڵی خۆی هەڵەی گەورە گەورەی دەکرد ئەم مەسەلەیەش لنکۆڵنی بێزارکردبوو.کار گەشتبوە ئەوەی نیوەی دانیشتوانی وڵات ڕەخنەیان لەوسەرکردانە دەگرت. بەڵام لنکۆڵن لەبەرئەوەی هەموانی خۆش دەویست وهەستی بەدژایەتی کردن لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەدەکرد.بەردەوام هێمن بوو. کاتێ هاوسەرەکەیشی بەزمانێکی ڕەق باسی دانیشتوانی باشوری کرد. لنکۆڵن لەوەڵامدا گوتی: ڕەخنەیان لێ مەگرن، ئەگەر ئێمەش لەبارودۆخەکەی ئەواندا بژیاینایە، وەکو ئەوان دەبوین).

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هەرپیاوێك بوارێکی هەبوبێت بۆڕەخنەگرتن، ئەوە لنکۆڵن خۆی بوە.بالەم ڕوەوە ئەم نمونەیە سەیربکەین: لەسێ ڕۆژی سەرەتای مانگی تەمموزی ساڵی ١٨٦٣ داشەڕی (گیتسبۆرگ)ڕویدا.شەوی چوارەمی شەڕەکە (لیی) دەستی کردە پاشەکشەکردن وگورێزدان بەرەو باشور، لەوکاتەدا هەوربەری ئاسمانی گرتبوو، هەڕەشەی باران بارینی دەکرد.ئەودەمەی(لیی)بەخۆی وسوپاشکست خواردوەکەیەوە گەشتە (بۆتۆماك).بینی ڕووبارێکی زۆرگەورە لەبەردەمیاندایە و ناتوانن لێی بپەڕنەوە، سوپای یەکێتیش کەسەرکەوتوی جەنگەکە بوون لەپشتیانەوە دەهاتن.(لیی) کەوتەنێو تەڵەکەوە و نەیتوانی ڕابکات.لنکۆڵن پێی وابووئێستا هەلێکی زێڕینەبۆ دەستگیرکردنی لیی ولەناوبردنی سوپاکەی وکۆتایی هێنان بە جەنگەکە بەشێوەیەکی خێرا.

بەوشێوەیە ولەمیانەی ئەم شەپۆلەگەورەی ئومێددا، لنکۆڵن فەرمانیدا بە(میدی) تاکو ئەنجومەنی جەنگ بانگهێشت نەکات، بەڵکو دەست بەجێ هێرش بکاتە سەر(لیی).لنکۆڵن ئەم فەرمانانەی دەرکرد، پاشتریش نێردراوێکی تایبەتی نارده لای (میدی) وداوای لێکرد دەست بەجێ بەوکارەهەستێت.

ئەی ژەنراڵ میدی چی کرد؟ بەپێچەوانەی فەرمانەکانەوە ڕەفتاری کرد.فەرمانەکانی لنکۆڵنی پێشێل کرد. بانگهێشتی ئەنجومەنی جەنگی کرد کۆببنەوە.چەندین پاساوی هێنایەوە وهێرش کردنەسەر(لیی) ڕەت کردەوە.دواجاریش، ئاستی ئاوەکە دابەزی، لیی توانی بەخۆی وسوپاکەیەوە بگاتە بۆتۆماك.

لنکۆڵن تورەبوو، بەتورەییەوە هاواری کردلە ڕۆبەرتی کوڕی: (توخوائەوە مانای چی؟ دەمانتوانی لەناوی بەرین، بەڵام فەرمانەکانم نەیانتوانیسوپاکە ببزوێنن.لەم جۆره بارودۆخانەدا، هەرسەرکردەیەك بگری دەتوانێ لیی ببەزێنێت.ئەگەر من لەوێ بومایە، هەربەتەنها خۆم دەمبەزاند" دەربڕینی وەرگێڕ" ... لەوکاتەدا کەهەستی بەنیگەرانیەکی قولێ دەکرد لە بەرانبەر (میدی)دا، نامەیەکی نوسی بۆمیدی (لەبیرت بێ لەوماوەیەدا لنکۆڵن تەواو خۆپارێزوژیربوو)... ئەونامەیە کەلە١٨٦٣دا نوسیویەتی بەنامەیەکی ڕەق وسەرزەنشتکاردێتە ژماردن..لەنامەکەیدا دەڵێت:

"سەرکردەخۆشەویستەکەم"،

پێم وانیە تۆمەزەندەی ئەوبەدبەختیە بکەیت کەبەهۆی هەڵاتنی لییەوە بەرۆکێ پێ گرتین، ئێمە خەریك بوو دەستگیری بکەین.ئەوەش دەچوە

سەرسەرکەوتنەکانی پێشومان وکۆتایی بەجەنگەکە دەهێنا.وەلێ ئێستا، جەنگ بۆماوەیەکی نادیار درێژەدەکێشێ.ئەگەر ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو نەتتوانی هێرش بکەیتە سەر لیی. ئەی لەباشوری ڕوبارەکەدا چۆن دەتوانیت هێرش بکەیتەسەری لەکاتێکداناتوانیت سێ یەکی ئەوهێزانە لەڕوبارەکە بپەڕێنیتەوە کەپێشتر لەگەڵت بوون... بۆیە شتێکی ناماقوڵە چاوەڕوانی سەرکەوتن بکەیت.چونکە هەلی زێڕینت لەدەست دەرچوو.منیش بۆئەو دەرفەتەی لەکیسمان چوو، زۆر نیگەران وخەمبارم).

ئەی پێت وایە (میدی) کاتێ نامەکەی خوێندەوە چی کرد؟ لەڕاستیدا میدی نامەکەی نەخوێندەوە، چونکە لنکۆڵن نامەکەی بۆ نەنارد، بەڵکوئەم نامەیە لەدوای کۆچی دوایی لنکۆڵن، لەناونوسراوەکانیدا دۆزرایەوە!!.

بەبڕوای من، ئەم قسەیە تەنها مەزەندەکاریە-لەدوای نوسینی ئەونامەیە، لنکۆڵن لەپەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کردوە ولەدڵی خۆیدا گوتویەتی: (کەمێ ڕاوەستە، لەوانەیە پێویست نەبێ ئەوەندەش بەپەلەبم.شتێکی ئاسانە لەکۆشکی سپیدا دابنیشم وفەرمانی هێرش کردن بۆمیدی دەربکەم.بەڵام ئەگەر منیش لە(گیتسبۆرگ) بوایەم، ئەولێشاوی خوێنەم بدیبایە کەلەماوەی یەك هەفتەدا میدی بینی.ناڵەوهاواری بریندارەکان بەگوێمدا بچوایە.ڕەنگەمنیش هیچ دڵگەرمیەکم بۆهێرش کردن نەبوایە... ئەگەرلەهەمان باری دەرونی میدیدابومایە.منیش لەوانەیە هەروەکو ئەوم بکردایە.

بەهەرحاڵ، ئێستا لەژێرپەردەکەدا ئاوهەیە. ئەگەر نامەکە بنێرم، لەوانەیە هەستەکانی خۆم ئاسودەبکەم، وەلێ میدی ناچاردەکەم هەوڵی پاساودانی هەڵوێستەکەی خۆی بدات، جگەلەوە وایشی لێدەکەم ڕەخنەم لێبگرێت، واتە هەستە دوژمنکارانەکانی دەبزوێنم وبەوەش پێگەی خۆی وەکوسەرکردەیەك تێ دەپەڕێنێت ولەوانەشە بەوکردەوەیە پاڵی پێوەبنێم بۆئەوەی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت).

بەوشێوەیە، وەکوپێشتر ئاماژەم پێدا، لنکۆڵن نامەکەی لاوەنا، چونکەلەڕێگەی ئەزمونەکانیەوە فێری ئەوە ببووکەڕەخنە وسەرزەنشتەتوندەکان بەسەرەنجامی هیچ وپوچ وبێ کەڵك کۆتاییان دێت.

(تێودۆر ڕۆزڤلت) لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا، ئەودەمانەی گرفتی سەخت وئاڵۆزی بۆدەهاتە پێش، ڕادەکشا وچاوی دەبڕیەوێنەگەورەکەی سەرۆك لنکۆڵن کەبەدیواری نوسیگەکەیدا لەنێو کۆشکی سپیدا هەڵواسرابوو، دەیگوت: (ئەگەر لنکۆڵن لەجێی من بوایە چی دەکرد؟ چۆن ئەم گرفتەی چارەسەردەکرد؟).

باجارێکی تر، هەرکەویستمان سەرزەنشتی کەسێك بکەین، وەرەقەیەکی پێنج دۆلاری بەدەستەوە بگرین وسەرنجی وێنەکەی لنکۆڵن بدەین ولەخۆمان بپرسین: (ئەگەر ئەم مەسەلەیە ڕووبەڕووی لنکۆڵن بوایەتەوە، چۆن چارەسەری دەکرد؟).

ئایا تۆکەسێك دەناسیت بتەوێت چاکی بکەیت وگۆڕانکاری بەسەردا بنێیت؟ چاکە، ئەوەشتێکی باشە. من خۆزگەدەخوازم کەسێکی واهەبێت. بەڵام بۆچی لەخۆتەوە دەست پێناکەیت؟ لەمن گەراییەکەی

نێوناخی خۆتەوە دەست پێ بکە.لەمەداچەندین شتی سودبەخشت دەست دەکەوێ پترلەوەی کەلەگۆڕینی کەسانی تردا دەستت دەکەوێت. براوننگ دەڵێت: (ئەودەمەی مرۆڤ دەست بەململانێ دەکات لەگەڵ ناخی خۆیدا، نرخ وبەهایەك پەیدادەکات، چاکسازی کردن لەناخی خۆیدا ماوەیەکی درێژدەخایەنێت.پاش ئەوە دەتوانیت کاتەکانی دەست بەتاڵیت تەرخانبکەیت بۆگۆڕینی کەسانی تر. بەڵام یەکەمجار لەخۆتەوە دەست پێبکە.

کۆنفۆ شیۆس دەڵێت: (لەکاتێکداماڵەکەی خۆت پڕبوە لەبەفر، لەو بەفرەپەست مەبە کەکلۆکلۆ لەبانی ماڵە دراوسێکەت دەکەوێتە خوارەوە).

ئەگەر بمانەوێت کەسێك بەجۆرێك نیگەران بکەین کەبەدرێژایی ژیانی لەیادیدا بمێنێتەوە، هیچمان لەسەرنیە ئەوەنەبێت پەنابەرینەبەر ڕەخنەگرتنێکی توندوتیژی لێی.بازۆرمتمانەشمان پتەوبێت بەوەی ڕەخنەکە ڕاست ودروستە.

پێویستە لەکاتی هەڵس کەوت کردنمان لەگەڵ خەڵکیدا، ئەوەمان لەبیربێت کەئێمە لەگەڵ خەڵکانێکی لۆژیکیدا هەڵس وکەوت ناکەین، بەڵکو لەتەك کەسانێکی عاتیفیدا ڕەفتاردەکەین کەبەناهەق هەڵدەچێت وبەهۆی غروریشەوە دەشڵەژێت!!.

ڕەخنەگرتن پزیسکەیەکی مەترسیدارە، پزیسکەیەکە لەوانەیە ببێتەهۆی تەقاندنەوەی غرور.ئەوتەقینەوەیەش زۆربەی کات دەبێتەهۆی خێراهاتنە پێشەوەی مەرگ.بۆنمونە: ڕەخنەی توندگیرا لە (ژەنراڵ لیۆنارد وود) ڕێگەیان نەدا لەگەڵ سوپادا بڕوات بۆفەرەنسا.ئەم گورزەش کەئاراستەی کرا، بویەهۆی کورت بونەوەی تەمەنی.

هــەر ڕەخنــەگرتنی تونــد، وای کــرد نوســەری بــەناوبانگی بــەریتانی (تۆماس هاردی) بۆهەتاهەتایە واز لەنوسین بهێنێت... هــەروەها (تۆماس چاترتۆن)ی هۆزانڤـانی بـەناوبانگی بـەریتانیش، هەربـەهۆی ڕەخنـەی توندەوە پەنای بردەبەر خۆکوشتن.

(بنجامین فـرانکلین) لەهــەڕەتی لاویـدا، یـەکێك بـوو لەدیبلۆماتەهـەرە ناودارەکـان.تەنانـەت کرایـە بـاڵوێزی ئـەمریکا لەفەرەنـسا.ئایـانهێنی سەرکەوتنی ئەوپیاوە لەچیدابوو؟ بەڕێز فرانکلین خۆی دەڵێت: (هەرگیز باسی خراپەکانی کەسانی ترناکەم، بەڵکوتەنها باسی ئەوباشیانە دەکەم کەدەزانم تیایاندایە) هەرکەسێکی دەبەنگیش بگریـت، دەتوانـێ ڕەخنـە بگرێـت وئـەوانی ترقـەڵس بکـات.زۆربـەی گەمـژەکانیش وادەکـەن.وەلێ پێویــسته مــرۆڤ بەســەرناخی خۆیــدا زاڵ بێــت ولێبــوردە وتێگەیــشتووبێت.(کارلیــل) دەڵێــت: (پیــاوی مــەزن لەڕێگــەی ڕەفتارکردنیەوە لەگەڵ گێلەپیاوەکاندا، گەورەیی خۆی دەردەخات).

لـەبری ڕەخنـەگرتن لەخـەڵك، باهـەوڵ دەیـن تـێ بگـەین.باهـەوڵ دەیـن بیرکەینـەوە لـەوەی ئـەوان بۆچـی وەهـا ڕەفتاردەکـەن؟ .ئەمەبەسود تـرە لەڕەخنەگرتن.دەشبێتە هۆی خۆشەویستی وبەرگەگرتن وسۆزگۆڕکێ

(بۆئەوەی بەهەموان ئاشنابیت.پێویستە لێبوردەبیت لەتەك هەمواندا).

دروست وەك دکتۆر جۆنسۆن دەڵێت: (خوای گەورە لێپرسینەوەلەهیچ مرۆڤێك ناکات، بەرلەوەی بواری پەژیوان بونەوەی بداتێ).

کەواتەبۆچی من وتۆ دادگایی بکەین؟ !

بەشی نۆیەم

نهێنی هەرەگەورەی هەڵس وکەوتکردن لەگەڵ خەڵکیدا.

لەژێرئەم ئاسمانە بەرزوبەرینەدا، تاکەیەك ڕێگەهەیە بۆئەوەی کەسێك واڵ بکەیت کارێك بکات.جائایا هیچ جارێك هەڵوێستەیەکت کردووە ولەخۆتت پرسیوە ئەوڕێگەیە کامەیە؟ بەڵێ، تەنها یەك ڕێگەهەیە، ئەویش ڕاکێشانی کەسێکەبۆئەوەی ئارەزوی بچێتەسەرکردنی ئەوکارەی کەتۆدەتەوێت بیکات.

لەبیرت بێت، جگە لەوڕێگەیە، ڕێگەی ترنیە.بێگومان تۆدەتوانیت کەسێك واڵ بکەیت کاتژمێرەکەی خۆییت پێ بدات، ئەگەر لولەی دەمانچەکەت بکەیتە سەرسنگی.یان هاوکارەکەت واڵ بکەیت یارمەتیت بدات ئەگەر هەڕەشەی کوشتنی لێ بکەیت.ئەگەر هەڕەشەی شەللاقیش لەهەرمنداڵێك بکەیت دەتوانیت ئەوەی دەتەوێت پێی بکەیت.وەلێ ئاگاداربە ئەم شێوازەدڕندانەیە، بەرەنجامی مەترسیدار ونەخوازراوی دەبێت. تاکەڕێگەش لەبەردەممدا، بۆئەوەی بتوانم کارێکت پێ بکەم کەمن دەمەوێت بیکەیت، ئەوەیەکە تۆئارەزوت لەچیەپێت ببەخشم.وەلێ

ئایاتۆچیت دەوێت؟ (دکتۆر سیگمۆند فرۆید) کە یەکێکە لەبەناوبانگترین پزیشکە دەروونناسەکانی سەدەی بیستەم، لەوەڵامی ئەوپرسیارەدا، پێی وایەهەموو ئەوکارانەی مرۆڤ دەیانکات لەدووپاڵنەری سەرەکیەوە هەڵدەقوڵێن: پاڵنەری سێکس وئارەزوی ئەوەش کەببنە کەسانێکی مەزن.

پرۆفیسۆر(ژۆن دێوی)ش کەیەکێکە لەناودارترین فەیلەسوفەکان لەئەمریکادا، بەشێوازێکیتردەربڕی لەوڕاستیەکردووە.دکتۆر (دێوی)دەڵێت: قوڵترین هاندەرلەسروشتی مرۆڤایەتیدا بریتەیەلە(ئارەزوکردنی مرۆڤ لەوەی کەسێکی گرنگ وبەبایەخ بێت).ئەم ڕستەیەت لەبیربێت (ئارەزوکردنی مرۆڤ لەوەی کەسێکی گرنگ وبەبایەخ بێت).ئەم ئارەزوە زۆرگرنگە و، لەنێو ئەم پەڕاوەشدا لەبارەی ماناکانی ئەم ڕستەیەوە زۆر دەخوێنێتەوە وزۆر دەبیستیت.

کەواتە تۆچیت دەوێت؟ شتێکی ئەوتۆت ناوێ.بەڵکوچەندشتێکی کەمت دەوێت، بەلام ئەوشتەکەمە، کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکات.هەرمرۆڤێکی سروشتی بگریت حەزی لەمشتانەی خوارەوەیە:

١)تەندروستی وپارێزگاری کردن لەژیان.

٢) خۆراك.

٣)خەوتن.

٤) ماڵ وسامان وئەوپێداویستیانەی بەپارەوسامان دەکڕدرێن.

٥)ژیان لەپاشەڕۆژدا.

٦)ڕەزامەندی وتێربوونی سێکسی.

٧) پەروەردەکردنی باشی منداڵەکانی.

٨) هەستکردن بەگرنگی وبایەخی خۆ.

زۆربەی ئەم پێداویستیانە یان ئەم ئارەزوانە (جگەلەیەکێکیان)دەکرێ دەستەبەر بکرێن.وەلێ ئارەزویەکی گرنگ وقولیشی هەیە کەوەك خەو وخۆراك بایەخدارە، بەلام بەدەگمەن فەراهەم دەکرێ.ئەویش ئەوئارەزوەیەکەفرۆید ناوی دەنێت (ئارەزوکردنی ئەوەی کەسێکی مەزن بێت) ئەمەش هەمان ئەوئارەزوەیەکە دیوی ناوی دەنێت (ئارەزوکردن لەوەی گرنگ وبایەخداربێت).

جارێکیان لنکۆلن نامەیەك دەنوسێت وسەرەتای نامەکەی بەم دێرەدەست پێدەکات کەدەلێت: (هەموو مرۆڤێك حەزی لە موجامەلە هەیە)... ولیەم جیمس دەلێت: (قولترین بنەما لەسروشتی مرۆڤدا بریتیە لەبەدەست خستنی ستایش). ئەم باس لە(ئارەزو) یان (هیوا)یان (حەز وتامەزرۆیی) بۆستایشکردن ناکات.بەلکو باس لەبەدەست هێنانی ستایش دەکات .

لێرەدا برسێتیە شەکەتکارەکەی نێو سروشتی مرۆڤ خۆی مەلاس داوە، ئەوکەسە دەگمەنەی کەدەتوانێت برسێتیەکەی دلی تێربکات. تەنانەت کابرای دوکانداریش نیگەران دەبێت بەمردنی.

ئارەزوی هەستکردن بەگرنگی، یەکێکە لەوخەسلەتانەی کەمرۆڤ لەئاژەل جیادەکاتەوە.بۆنمونە : من کاتێ جوتیاربووم لەمیسوری، باوکم بەرازی بچکۆلەوئاژەلی سپی بەخێودەکرد. باوکم ڕاهاتبوو لەسەرئەوەی ئاژەلەکانی لەبازاڕەکانی شاروپیشانگاکانی ئاژەلاندا نمایش بکات کەلەڕۆژئاوای ناوەڕاستداسازدەکران.زۆربەی جارئیمەخەلاتی یەکەممان بەدەست دەهێنا.باوکم هەموو ئەوشریتەشینانەی کەبەخەلات

وەریدەگرتن دەیلکاند بەپارچە مۆزلینێکی سپییەوە.هەرکاتێ میوانمان بهاتایە، پارچەمۆزلینەسپییەکەی دەهێناپیشانی میوانەکانی دەدا، من سەرێکی مۆزلینەکەم دەگرت وباوکیشم سەرەکەی تری دەگرت وشریتەشینەکانمان پیشانی میوانەکان ئەدا.

بەرازەکان هیچ بایەخێکیان بەوشریتەشینانە نەدەداکەبەخەڵات وەریانگرتبوو!.بەڵام باوکم بایەخی پێ ئەدا.ئەوخەڵاتانە وایان لێدەکرد هەست بەگرنگی خۆی بکات.

ئەگەر پێشینانمان بەوشێوەیە حەزیان لەهەستکردن بەبایەخی خۆیان نەکردایە، سەرهەڵدانی شارستانیەت ئەستەم دەبوو، تەنانەت بەبێ ئەوئارەزوەش بەتەواوی دەچوینەقاڵبی ئاژەڵانەوە.

هەرئەم ئارەزوەبوو کەپاڵی نابەونوسەرەهەژار ونەخوێندەوارەکەدەست بکات بەخوێندنەوەی ئەوکتێبەیاساییەدڕاوانەی کەلەبەرمیلی خۆڵ وخاشاکدا دەیدۆزینەوە.لەوانەیە ناوی ئەونوسەرەشت بیستبێت.ناوی لنکۆڵن بوو.هەمان ئەو ئارەزووەش پاڵی بە(دیکینز)ەوە نا، تاکو ڕۆمانە نەمروبەناوبانگەکانی بنوسێت، یان (کریستۆڤەر ڕین)ی هاندا سەمفۆنیا قەشەنگەکانی دابنێت، یان ڕۆکفیلەریشی هاندا بۆئەوەی ملیۆنەها دۆلار کۆبکاتەوە!.

هەمان ئەم ئارەزوەیە وادەکات دەوڵەمەندترین پیاوی شارەکەی تۆهەوڵ بدا بۆئەوەی خانویەك بکاتەوە کەزۆر لەپێویستی خۆی زیاتربێت.

هەمان ئارەزوە تۆش هان ئەدا نویترین قۆندەرە لەپێ بکەیت وتازەترین ترۆمبیل لێ بخوڕیت وکاتێ باسی منداڵەکانیشت ئەکەیت، باسی منداڵەزیرەکەکانت بکەیت!!.

هەمان ئارەزوو منداڵ وهەرزەکارەکان هاندەدات ببنەتاوانبار وئەندامی باندەکان... (أ.ب مالرۆنی) کەکۆنەئەفسەرێکی پۆلیسی نیویۆرکە دەڵێت: هەرزەکارە.ئاساییەکان، گیانی من گەراییان تێدایە..یەکەم داواکارییان ئەوەیە وێنەیان لەڕۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە وەك: بابی ڕۆس ولاگۆردیا وئەنیشتاین ولیندبرگ وتۆسکانی ، یان وەکو ڕۆزڤلت!!.

ئەگەرتۆ پێم بڵێیت چۆن هەست بەبایەخی خۆت دەکەیت.ئەواپێت ئەڵێم تۆچۆن کەسێکیت.ئەم هەست کردنە کەسایەتی تۆدیاری دەکات.گرنگترین شتیشەکەپەیوەندی بەتۆوە هەبێت.بۆنمونە: ڕۆکفیلەر بەوشێوەیە هەستی بەگرنگی خۆت دەکرد کە ماڵ وسامان ببەخشێت بۆکردنەوەی نەخۆشخانەیەکی تازەلەوڵاتی چین.بۆچارەسەرکردنی ئەوهەژارانەی کەنەبینیبونی و نەدواتریش دەی بینین.دیلینگر لەلایەکی ترەوە.بەشێوەیەك هەستی بەگرنگی خۆی دەکرد کەببێتە سەرۆکی باندێکی دزین وتاڵانکردنی بانکەکان.

ئەودەمەی پیاوانی پۆلیس سەرقاڵی شوێنپێ هەڵگرتنی بوون، لەکێڵگەیەکی ناوچەی (مینسوتا)دا، خۆی حەشاردا و گوتی: (من دیلینگرم).زۆرشانازی دەکرد بەوەوە دوژمنی یەکەمی گەلە.ئینجاگوتی: (هیچ ئازارتان نادەم، بەڵام من دیلینگرم).

بەڵێ، جیاوازی هەرە گرنگی نێوان ڕۆکفیلەر ودیلینگر، بریتیە لەشێوەی هەستکردنیان بەبایەخی خۆیان.ئەمیان لەڕێی بەخشینی ماڵ

وسامانەوە هەست بەبایەخی خۆی دەکات، ئەویان لەڕێی دزین وشکاندنی بانکەکانەوە.

مێژوپڕە لەنمونەی سەرنج ڕاکێش، سەبارەت بەهەندێ کەسایەتی ناودارکەهەوڵ وتەقالایان داوە لەپێناوی هەستکردنیان بەبایەخی خۆیاندا.تەنانەت جۆرج واشنتۆن پێی خۆش بووبەناوی (خاوەن شکۆسەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکان) بانگ بکرێ.کۆڵۆمبسیش نازناوی(ئەمیراڵی دەریا)ی پێ خۆش بوو.کاترینی مەزنیش هەرگیز ئەونامانەی نەدەکردەوە کەلەسەریان نەنوسرایە (شاژنی خاوەن شکۆ)... .هاوسەرەکەی لنکۆڵنیش کاتێ لەکۆشکی سپیدابوو، وەك پڵنگ هاشاوڵی بردبۆ (گرانت) خان وبەسەریداقیڕاندنی(جۆن دەوێرێت لەبەرانبەرم دابنیشیت، بەرلەوەی خۆم بانگهێشتت بکەم؟)... .

هەندێ کەس لەنەخۆشین چاك دەبنەوە لەپێناوی ئەوەدا بایەخ وسۆزی خەڵك بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، تاکولەوڕێگەیەوە هەست بەبایەخی خۆیان بکەن.باخاتوو(ماکینلی) بەنمونە وەربگرین. ئەم ژنە بەوشێوەیە هەستی بەبایەخی خۆی کرد کەمێردەکەی هەموو کار وبارەکانی دەوڵەت فەرامۆش بکات ولەلای بمێنێتەوەتاکو خەوی لێ دەکەوێت.یاخود جارێکیان حەزی تینوی بۆهەستکردن بەگرنگی خۆی بەوە تێرکرد کەمێردەکەی لەلای بمێنێتەوە تاکوپزیشك چارەسەری ددانی دەکات.لەکاتێکدا مێردەکەی سەرۆکی ئەمریکابوو، وادەیەکی گرنگیشی هەبوولەگەڵ (جۆن های)دا!!!.

خاتوو (ماری ڕۆبرتس) بەسەرهاتنی خانمێکی بۆگێڕامەوە کەتەنها بۆئەوەی هەست بەگرنگی خۆی بکات، کەمئەندام ببوو، پەکی

کەوتبوو.خاتوو ڕینهارت دەڵێت: (ڕۆژێکیان، دەبوئەوژنە ڕووبەڕووی مەسەلەیەك بێتەوە، لەوانەیە مەسەلەی بەسالآچون وشونەکردنی بێت.ساڵەکان بەسەریدا تێ دەپەڕین وئەم هەربەتەنهایی مابویەوە.بۆیە بەتەواوی داڕوخا.بەهۆی بیرکردنەوە لەم حاڵە، نەخۆش کەوت وبۆماوەی دە ڕۆژ لەجێگەدا کەوت.دایکی خواردنی بۆدەهێنا وخزمەتی دەکرد. ڕۆژێکیان دایکیشی مرد! کەچی لەدوای چەندهەفتەیەك، ئەوخانمەی کەپێشتر پەکی کەوتبوو، چاك بویەوە ولەجێگەکەی قوت بویەوە وجلەکانی لەبەرکرد وگەڕایەوە بۆنێو ژیانی پێشوی... دیارە ئەم ژنە لەپێناوی سەرنج ڕاکێشانی دایکی بەلای خۆیدا، کەمئەندام ببوو.

هەندێ لەسەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کەهەندێ کەس بەڕاستی شێت دەبن بۆئەوەی لەدونیای خەونەکانی شێتیدا هەست بەگرنگی خۆیان بکەن، ئەو گرنگیەی کەلە دونیای سەختی واقیعدا هەستی پێ ناکەن.لەنەخۆشخانەکانی ئەمریکاشدا، ئەونەخۆشانەی هەست بەئازارە دەرونیەکان دەکەن، ژمارەیان زۆرزیاترە لەجۆرە نەخۆشیەکانی‌تر.ئەگەر تۆلەتەمەنی پەنجاساڵیدا ولەویلایەتی نیویۆرك نیشتەجێیت، ئەوا هەلی چونەژورەوەت بۆشێتخانە لەتەمەنی حەفتاساڵیدالەنێوان یەك بۆبیست دایە.

ئەی هۆکاری ئەم شێتبونە چیە؟

هیچ کەسێك لەتوانایدانیە وەڵامی پڕا وپڕی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەڵام ئێمە دەزانین هەندێ نەخۆشینی وەك(سفلس وداڕوخانی دەمارەکان) دەبنەهۆی تێك چونی شانەدەماریەکان وشێت

بوون.لەڕاستیدا، نیوەی نەخۆشینەدەماریەکان دەگەڕێنەوە بۆ هۆکاری ئەندامی، وەك ئەوەی مێشك توشی شێتی بوبێت، هەروەها کحول وبریت.وەلێ نیوەکەی تری(کەجێگەی گرنگی پێدانی ئەم بگرە وبەردەیە) نیوەی ڕاستی ئەوخەڵکانەی شێت دەبن هیچ کێشەیەکیان لەشانە دەماریەکاندانیە.چونکەکاتێ پشکنینی وردی تاقیگەییان بۆئەنجام دەدرێ.دەردەکەوێ هیچ کێشەیەك لەخانەکانی مێشکیاندا نیە، مێشکیان ڕێکوپێکە وەکومێشکی من وتۆ.

دەی کەواتە بۆچی ئەوجۆرە کەسانە شێت دەبن؟

بەم دواییانە ئەم پرسیارەم ئاراستەی سەرۆکی پزیشکەکانی یەکێك لەگرنگترین نەخۆشخانەی شێتەکان کرد.ئەم نۆژدارەکەبەهۆی لێهاتویی خۆیی وشارەزایی لەنەخۆشیەدەماریەکاندا بڵندترین پۆستی پێ درابوو.بەڕاشکاوی پێی ڕاگەیاندم کەوەڵامی ئەم پرسیارە نازانێت وتێ ناگات بۆچی خەڵکی شێت دەبن... ئەوەیشی بۆ دووپات کرمەوە کەهیچ کەس وەڵامی تێر وتەواوی ئەوپرسیارەی لانیە.لەگەڵ ئەوەشداگوتی: (زۆربەی ئەوانەی شێت دەبن، لەوشێت بونەیاندا هەست بەگرنگی خۆیان دەکەن.ئەوهەستەی کەلەجیهانی واقیعدا نەیانتوانیوە پێی بگەن.دواترئەم بەسەرهاتەی بۆگێرامەوە: (ئافرەتێکی نەخۆشم لایە، ئەم ئافرەتە لەشوکردنیدا بەختەوەر نەبووە.ئەم حەزی لەخۆشەویستی وتێربونی سێکسی ومندال وپێگەی کۆمەڵایەتی بووە، بەڵام ژیان ئەم هیوایانەی ئەوی تاساند.مێردەکەی خۆشی نەدەویست، تەنانەت ئامادەنەبوو نانی لەگەڵدا بخوات.ناچاری دەکردنانی بۆبێنێتە ژورە

تەنهاییەکەی خۆیەوە.نەمنداڵی بوو، نەهیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیشی دەستکەوت.بۆیە لەئەنجامداشێت بوو.لەخەیاڵیدا لەمێردەکەی جیابوەتەوە وشۆرەت وناوی پێشوی خۆی بۆگەڕاوەتەوە.ئێستا پێی وایە شوی بەپیاوێکی ئۆرستۆکراتی ئینگلیزی کردوە.بۆیە هەمیشەپێداگری دەکات کە بە(سمیس خان) بانگ بکرێت.

سەبارەت بەمنداڵیش، لەخەیاڵیدا هەمووشەوێك منداڵێکی دەبێت.هەرکاتێ دێم بۆسەردانی پێم دەڵێت: دکتۆرگیان، دوێنێ شەومنداڵێکم بوو.ژیان.هەموو خەونەکانی ئەم ژنەی لەسەرگابەردی واقیع وردوخاش کرد، وەلێ لەدورگە دڵڕفێنەکانی شێتیدا، خەونەکانی دێنێتەدی (دەربڕینی وەرگێڕ).

ئایا ئەمەشێکی تراژیدیە؟ نازانم.پزیشکەکەی پێمی گوت: (ئەگەربتوانم دەست ببەم وهۆشی بهێنمەوەجێی خۆی وچاکی بکەمەوە.هەرگیز چاکی ناکەمەوە.چونکە ئەوئافرەتە بەوشێتیەوە بەختەوەرترە).

هەندێ لەشێتەکان لەمن وتۆبەختەوەرترن.زۆرێك هەن لەشێت بونیان چێژ وەردەگرن.بۆچی نا؟ ئاخەر توانیویانە گرفتەکانیان چارەسەربکەن.دەتوانن هەرلەجێی خۆیانەوە چەکێکت بەنرخی یەك ملیۆن دۆلاربۆئیمزابکەن!!یان کارتێکت پێ بدەن، بۆچاوپێکەوتنی(ئاغاخان).لەمیانی جیهانی خەونەکانیانەوە هەست بەوگرنگیە دەکەن، کەلەقولاییەکانی ناخیاندا حەزیان پێ کردووە. ئەگەر کەسانێك هەبن تاسنوری شێت بوون تینوی هەستکردن بەگرنگی خۆیان

بن.کەواتە بیربکەرەوە لەو مۆجیزانەی کەدەتوانین لەڕێی ستایش کردنی ڕاستگۆیانەی بەرانبەرەکانمانەوە بەدەستی بێنین.

دووکەس لەمێژوداهەن، کەهەریەکێکیان ساڵانە یەك ملیۆن دۆلار دەستکەوتیان بوو، یەکەمیان(واڵتەرکرایزلەر)ەو، دووەمیان (چارلزشواب)ە.

بۆچی (ئەندریۆکارنگی) ساڵانەیەك ملیۆن دۆلاری دەدایە شواب، واتە بۆهەر ڕۆژێك زیاترلەسێ هەزار دۆلار؟ .

ئایا(ئەندریۆکارنگی) ساڵانە یەك ملیۆن دۆلاری ئەدایە شواب، چونکە شواب زۆر بیلمەت بوو؟ نەخێر.ئەی لەبەرئەوەی پێی ئەدا کەشواب لەهەرکەسێکی ترزیاترشارەزای پیشەسازی پۆڵابوو.نەخێر.چارلزشواب، خۆی باسی ئەوەی بۆکردم کەچەندین کرێکاری هەیە هەموو کارەکانی بۆدەکەن ولەخۆیشی شارەزاترن. شواب دانی بەوەدا ناکەئەم مووچەیە لەپای تواناکانیدالەمامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیدا وەردەگرێ.پرسیارم لێکرد، چۆن ئەم توانایە وەگەڕدەخات.فەرموو لەگەڵ نهێنیەکەیدا(لەدەمی خۆیەوە) کەبەچەند وشەیەك دەری بڕین.هەقە وشەکانی لەسەر برۆنزهەڵبکەنرێن وبەهەموو ماڵ وقوتابخانەیەکدا هەڵبواسرێن... پێویستە منداڵان فێری ئەو وشانەبکرێن، لەبری ئەوەی سەرقاڵ بکرێن بەفێربونی لاتینیەوە یان زانینی بڕی ئەوبارانەوە کەساڵانە لەبەڕازیل دەبارێت!!.ئەگەر ئەم وشانە بکەینە کردەوە، ژیانی منیش وتۆش دەگۆڕن.

شواب گوتی: (پێم وایە ئەوتوانایەی کەهەمە بۆدروستکردنی دڵگەرمی لـەنێو خەڵكیـدا، مـەزنترین خەزنەیـە کـەمن هەمـە ، سـتایش کـردن وهاندانیش تاکە ڕێگەیەکە بۆگەشەدان بەناخی مرۆڤ.

هـیچ شتێك نیـە بەئەنـدازەی ڕەخنـەی ئەوانـەی لەئاسـتی بـاڵاتردان، ئارەزوەکـانی نـاخی مـرۆڤ بکوژێـت.بـڕوام بەوەهەیـە مـرۆڤ هانبـدرێ بۆکـارکردن.لەبـەر ئـەوەئارەزوم لەسـتایش کردنـە، نـەك لـەدوو ڕوویی..هەرشتێك دڵم گرتی، لەناخی دڵمەوە دەست گوشادانە ستایشی دەکەم).

شواب ئاوای دەکرد.ئەی مرۆڤی ئاسایی چی دەکات؟ تەواوپێچەوانە دەکـات.ئەگـەر شـتێکی بـەدڵ نـەبێت تووڕەدەبێـت وهەڵدەچێت.ئەگـەر شتێکیشی بەدڵ بێت، بێدەنگ دەبێت.

پاشـتر شـواب ئاشـکرای کـرد: (لـەماوەی ژیانمـدا، چـاوم بـەزۆرێك لەکەسـایەتیە بایەخـدارەکان لەهەمووڵایـەکی جیهانـەوە کـەوتووە... تائێـستا کەسـایەتیەکم نـەدیوە کەلـەڕێی بـەکارهێنانی گیـانی ڕەخنەگرتنەوە توانیبێتی کاری باشتربکات، وەك لە بەکارهێنانی گیانی پێکەوە گونجان).

پاشان بەڕاشکاوی گوتی: (یەکێك لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەندریۆ کـارنگی، بریتـی بوولـەوەی کەئـەو بەئاشـکرا ونهێنـی ستایـشی یاریـدە دەرەکـانی خـۆیی دەکـرد.تەنانـەت لەسـەرکێلی گۆڕەکەیـشی ڕستەیەکی نوسـیبوو کەسـتایـشی یاریـدەدەرەکانی لێ دەچـۆڕا... نوسـیبووی: (ئەم گۆڕە، ئارامگەوی کەسێکە، توانیبوی ئەوکەسانە لەخۆی نزیك بکاتـەوە کەلەخۆی زیرەك تربوون)!!.

ستایش کردنی دڵسۆزانە، یەکێك بوو لەنهێنییەکانی سەرکەوتنی ڕۆکفیلەر لەهەڵس وکەوت کردن لەگەڵ خەڵکیدا.بۆنمونە، جارێکیان یەکێك لەهاوکارەکانی بەناوی (ئیدواردبیدفۆرد) بەهۆی مۆرکردنی گرێ بەستێکی خراپەوە لەباشوری ئەمریکا.یەك ملیۆن دۆلار زیانی کرد... لەم کاتەدا ڕۆکفیلەر دەیتوانی ڕەخنەبگرێت.بەڵام دەیزانی(ئیدوارد) ئەوەی لەتوانایدا بووە، بەگەڕی خستوە، کەچی گەشتۆتە ئەو وئەنجامە وکۆتایی بەکێشەکە هێنا.لێرەدا ڕۆکفیلەر بیانویەکی دۆزیەوە بۆ ئەوەی ستایشی بکات.لەبەرئەوە پیرۆزبایی لێکرد کەتوانیویەتی ٦٠٪ی ئەوپارەیە لەفەوتان ڕزگاربکات کەبۆئەو مامەڵەیە تەرخان کرابوو.بۆیە بەدەم ستایش کردنیەوەگوتی: (شتێکی باشە... ئێمەهەمیشە واناکەین).

جارێکیان پەنام بردە بەر ڕۆژوگرتن.ماوەی شەش ڕۆژو شەش شەو بەبێ نانخواردن مامەوە.ئەمەشتێکی سەخت نەبوو.بەڵکو لەڕۆژی شەشەمدا کەمتر لەڕۆژی دووەم هەستم بەبرسێتی دەکرد.لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم، تۆش دەزانیت، خەڵکی بڕوایان وایە گوناهێکی گەورەدەکەن ئەگەرخێزان وهاوکارەکانیان بەبێ نان بۆماوەی شەش ڕۆژ بهێڵنەوە.کەچی جاری واهەیە شەش ساڵ وزیاتریش وازیان لێ دەهێنن بەبێ ئەوەی ستایشێکی دڵسۆزانە بدەن بەگوێیاندا (لەکاتێکدا ستایشکردنی دڵسۆزانە خۆراکی گیانە-وەرگێڕ).

کاتێکیش(ئەلفردلانت)ڕۆڵی سەرەکی گێڕاله(یەکخستنەوەی ڤیەننا)دا، گوتی: (پێویستم بەهیچ نیەجگە لەتێرکردنی عیزەتی نەفسم)!.

ئێمەخۆراکی لەش دەدەین بەمنداڵەکانمان وهاوڕێکانمان، بەڵام زۆربەدەگمەن عیزەتی نەفسان تێردەکەین.گۆشت وپەتاتەیان پێ ئەدەین

بۆئەوەی وزەیان تێدادروست بێت.کەچی خۆمان بەدووردەگرین لەوەی وشەی نەرم وناسك وستایش كردن بدەین بەگوێیاندا... هەرچەندە ئەو وشانە بۆماوەی چەندین ساڵ وەکوجریوەی ئەستێرەکانی بەرەبەیان لەمێشکیاندا دەمێننەوە.

هەندێ لەخوێنەران لەکاتێکدا ئەم دێڕانە دەخوێننەوە، دەڵێن: (ئەمە قسەیەکی پوچە وماستاوکردنە!ئەم شێوازەم تاقی کردۆتەوە وهیچ سودێکی نیە-لەگەڵ زیرەکەکاندا سودی نیە)!.

بێگومان، زۆر بەدەگمەن ماستاوکردن وڕوپامایی لەگەڵ کەسانێکی زیرەك وچاوکراوەدا سودی دەبێت.چونکە شتێکی هیچ وپوچ وبێ مانا ودرۆزنانەیە... بۆیە هەردەبێ شکست بێنێت... ڕاستەخەڵکانێکی زۆر تینوی ستایش کردنن، تەنانەت هەمووشتێ قووت ئەدەن وەك چۆن پیاوێکی برسی هەڵپەدەکات وگیا وکرمەکانیش پێکەوە دەخوات!.

بەڵام بۆچی، بۆنمونە، برایانی مەدیفانی، کەهەریەکەیان پترلە ژنێکیان هەبوو لەبواری فرەژنیدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا؟ بۆچی ئەوانەی نازناوی (شازادەکان)یان هەڵگرتبوو، توانیان لەگەڵ دووان لەبەناوبانگترین ئەستێرە جیهانیەکانی شاشە(بریمادۆنا) و(بربارە هاتون).هاوسەرگیری بکەن کەئەودوانە ملیۆنەها دۆلاریشیان هەبوو؟

بۆچی؟ چۆن توانییان وابکەن؟ .

(روجرزسانت) لەوتارێکیدا کەلەڕۆژنامەی(ئازادی)دابلاوی کردەوە دەڵێت: (ڕاهێنانی ژنان لەلایەن مەدیفانیەوە، بەیەکێك لەشتەتەمومژدارەکانی ڕۆژگار لەقەڵەم ئەدرێ).

هونەرمەندی مەزنی جیهانی(پۆلانیفاری) ئەومەسەلەیە شیدەکاتەوە ودەڵێت: (ئەوان لەهەموو ئەوپیاوانەی من ناسیومن زیاتر لەهونەری پیاهەڵدانی ژن زیاتر تێدەگەن. هونەری پیاهەڵدانیش لەم چەرخەدا دەگمەنە.دووپاتی دەکەمەوە ئەمە نهێنی ڕاهێنانی ژنانە لەلایەن مدیفانیەوە).

تەنانەت شاژنە ڤیکتۆریاش لەباربوو بۆپیاهەڵدان.(دیزرائیلی)دان بەوەدا ئەنێت کەلەهەڵس وکەوت کردنیدا لەگەڵ شاژندا زیادەڕەوی دەکردلەپیاهەڵدانیدا.وەڵێ (دیزرائیلی)هەموو سیاسەتەکانی دیکەی نێوئیمپراتۆریەتی بەریتانی زیرەکترولێزانتربوو. بەڵکوبلیمەت بوو.ئەوشتەش کەسودی بەوگەیاندوە، لەوانەیە سود بەمن وتۆ نەگەیەنێت.چونکە لە ماوەی درێژخایەندا، پیاهەڵدانێ زیادەڕەوی تێداکرابێ بەزیان دەشکێتەوە، ئەویش وەکوپارەی ساختە، ئەگەر بتەوێ خەرجی بکەیت، کێشەت بۆدروست دەکات.

ئەدی جیاوازی چیە لەنێوان ستایش و ڕوپاماییدا؟ جیاوازیەکە زۆرسادەیە، یەکەمیان ڕاستگۆیانە ودووەمیان درۆزنانەیە. یەکەمیان لەدڵەوەدێتەدەرێ ودووەمیان لەدەمەوە دێتەدەرێ.یەکەمیان خودپەسەندانە نیە، بەڵام دووەمیان خود پەسەندانەیە.یەکەمیان لەئاستی جیهانیدا ڕێزی لێدەگیرێت.دووەمیان کەس ئارەزوی لێ نیە.

جارێکیان پەیکەرێکی نیوەیی ژەنراڵ (ئۆبردیگۆن)م لەکۆشکی (چابۆڵتیک)ی شاری(مەکسیکۆ)بینی.لەدامێنی پەیکەرەکەدا ئەم چەندوشەدانایانە، کەلەفەلسەفەکەی ئۆبریگۆن وەرگیرابوون،

نوسرابونەوە: (لەودوژمنانە مەترسە كەپەلامارت ئەدەن، سڵ لەوهاوڕێ ودۆستانە بكەرەوە كەڕوپامایت بۆدەكەن).

نەخێر!هەرگیز پێشنیاری ڕوپامایی ناكەم، مەسەلەكە لەوەتێ دەپەڕێ.من باس لەشێوازێكی تردەكەم لەژیاندا.لێم گەڕێ بادووبارەی بكەمەوە: باس لەشێوازێك تر، ڕێگەیەكی تردەكەم لەژیاندا.

پادشا(جۆرجی پێنجەم)كۆمەڵێ پەندی لەلایە كەلەسەردیواری نوسینگەكەی لەكۆشكی (بوكینگهام)داهەڵكوڵراون.یەكێك لەو پەندانە دەڵێت: (فێرم بكەپیاهەڵدانی بێ نرخ قبوڵ نەكەم ونەیڵێم) ڕوپاماییش هیچ نیەجگە لەپیاهەڵدانێكی بێ نرخ.جارێك پێناسەیەكی ڕوپامایم خوێندەوە، هەقە ئەوپێناسەیە هەمیشە دووبارەبكرێتەوە، پێناسەكە دەڵێت: (ڕوپامایی بریتیەلەوەی هەواڵی ئەوەبدەیتە كەسی بەرانبەر كەخۆی پێی خۆشە، یان خۆی بڕوای وایە ئەوشتانەی تێدایە)واتە ڕوپامایی ئەوەیە بەگوێرەی بڕوای بەرانبەرەكەت بەخۆی، پیایدا هەڵبدەیت(وەرگێڕ).

هەركاتێ شتێكی دیاریكراو نەبێ بیری لێ بكەیتەوە، ئەوا(٩٥٪)ی كاتەكانمان بەبیركرنەوە لەخۆمان بەسەردەبەین.ئێستاش، ئەگەر بۆماوەیەك دەست هەڵگرین لەبیركردنەوە لەخۆمان وبیرلەچاكەكانی كەسانی بەرانبەرمان بكەینەوە، هەرگیز پێویستمان بەوەنابێت پەنابەرینەبەر ڕوپامایی وستایشكردنی درۆزنانە.(ئەمرسونا)دەڵێت: (چاوم بەهەركەسێك بكەوێت، پێم وایە لەڕوویەكەوە لەمن باشترە.لێرەوە ئیدی دەتوانم لێیەوە فێرببم).

ئەگەر ئەم شتەبۆ(ئەمرسۆنا) ڕاست بێت، ئەی ناگونجێت بۆمن وتۆیش ڕاست بێت؟ باکەمێك دەست کۆتاکەین لەچاکە وپێداویستیەکانی خۆمان وهەوڵ بدەین تایبەتمەندی وچاکەکانی بەرانبەرەکانمان بدۆزینەوە.دواتر ڕوپامایی لەبیربکەین... ستایشی ڕاستگۆیانە ودڵسۆزانە بەکاربێنە.دڵسۆزبە لەستایش کردندا ودەست گوشادبەلەپیاهەڵدانیدا.ئەگەر وابویت خەڵکی ڕێزی قسەکانت دەگرن وبەپیرۆزیان دادەنێن، بەدرێژایی ژیانیان لەگوێیاندا نەمردەبێت ودەزرنگێتەوە.تەنانەت لەدوای ئەوەش خۆت قسەکانت لەبیر دەچێ.خەڵکی گوتەکانت دەڵێنەوە.

بەشی دەیەم

هەرکەس بتوانێ وابکات، هەموو جیهان هی ئەوە.
هەرکەسیش نەتوانێت بەتەنهایی ڕێگە کە دەبڕێ.

هەموو هاوینێك بۆ ڕاوەماسی دەچم بۆ ماین.من بۆخۆم زۆر حەزم لە فریز وکرێمایە.سەرسامم بەوەی ماسیەکان حەزیان لەخواردنی کرمە.بەڵام، کاتێ دەچم بۆ ڕاوەماسی، بیرلەوەناکەمەوە کەخۆم حەزم لەچیە.بەڵکو بیرلەوە دەکەمەوە کەماسیەکان حەزیان لەچیە.بۆیە نایەم تامی فریزوکرێمابکەم بە قولاپەکەوە.نا، دێم کرمێك دەخەمە بەردەمی ماسیەکە و پێی دەڵێم: (حەزناکەیت ئەمەت دەست بکەوێت؟).

کەواتە بۆچی لەڕاوکردنی مرۆڤەکانیشدا ئەم لۆژیکە وەکارنەبەین؟ لویدجۆرج وای دەکرد.کاتێ پیاوێ لێی پرسی ت کەئایا لەپاش ئەو هەمووسەرکردە سەربازیانەی وەك(وێلسۆن وئورلندۆ، کلیمنصو)کەڕۆشتن ولەبیرچونەوە، چۆن چۆنی مانەوەی خۆی لەدەستەڵاتدا مسۆگەردەکات؟ ... لەوەڵامداگوتی: ئەگەرفەزڵی مانەوەی بۆشتێك بگەڕێتەوە، لەوانەیە بۆئەو ڕاستیەبگەڕێتەوە کەفێری

بووە.ڕاستیەکەش ئەوەیە (ئەوتامە بەکاربێنیت کەلەگەڵ نێچیرەکەیدا دەگونجێت).

کەواتە بۆچی باس لەوە دەکەین کەخۆمان دەمانەوێت؟ ئەمەشتێکی منداڵانە وهیچ وپوچە.ئاساییەگەر بایەخ بەوە بدەیت کەخۆت ئەتەوێ.چونکە هەتا هەتایە هەروادەبیت وهەرگرنگی بەوە ئەدەیت کەخۆت دەتەوێ... هەمووومان وەك تۆواین: ئێمە گرنگی بەوە ئەدەین کەخۆمان حەزمان لێیەتی.

بەم پێیە، تاکەڕێگە بۆئەوەی کاریگەری لەسەر بەرانبەرەکەت دابنێیت، بریتیەلەوەی باسی ئەوشتەی بۆبکەیت کەئەوخوازیاریەتی و، بۆی ڕوون بکەیتەوە کەچۆن دەتوانێ ئەوشتە بەدەست بێنێت.

سبەینێ، کاتێ ویستت دڵی کەسێك ڕابکێشیت بۆئەوەی کارێك بکات، ئەوەت لەبیربێت.بۆنمونە: ئەگەر ویستت کوڕەکەت جگەرەنەکێشێ بەئامۆژگاری مەکە وباسی ئەوەیشی بۆمەکە کەخۆت حەزت لێیەتی.بەڵکو بۆی ڕوون بکەرەوە کەلەوانەیە جگەرەکێشان ببێتەهۆی دواخستنی لەیاری(بایسبۆڵ) یان لە(ڕاکردن)دا.

زۆرباشترە ئەو ڕاستیەت لەبیربێت، ئیترهەڵس وکەوت لەگەڵ منداڵدا بکەیت یاخود لەگەڵ مەیموندا.بۆنمونە: ڕۆژێکیان(ڕۆڵف والدۆ ئەمرسۆن)وکوڕەکەی هەوڵیان ئەسپێك بخەنە تەویلەکەیەوە، بەڵام ئەمانیش هەمان هەڵە بەربڵاوەکەی ناوخەڵکیان دەکرد، هەڵەکەش بیرکردنەوەیە لەوەی خۆیان دەیانوسیت.ئەمرسۆن پاڵی دەنا وکوڕەکەیشی لەپێشەوە ڕای دەکێشا.کەچی ئەسپەکەش وەکوئەوانی دەکرد: ئەویش بیری لەوەدەکردەوە کەخۆی دەیویست.قاچەکانی

لەزەوی توندكرد وبەهیچ شێوەیەك ملی نەئەدا بەوەی لەوەڕگاكە بەجێ بهێڵێت.

كارەكەرێكی ئیرلەندایی ئەو دیمەنەی بینی... ئەوئافرەتە نەیدەزانی وتاربنوسێت وكتێب دابنێت.وەڵێ(بەلای كەمەوە لەم بوارەدا) لەئەمرسۆن زیاتر شارەزای حیكمەتی ئەسپەكەبوو.بیری لەوە كردەوە كەئەسپەكە دەیویست.هات پەنجەی خستە دەمی ئەسپەكەوە تاكو بیمژێت.ئیدی بەوشێوەیە ئەسپەكەی بردە ناوتەویلەكەوە.

هەموو ئەوكارانەی لەكاتی لەدایك بونتەوە تائێستا كردوتن، بەهۆی ویست وخواستی خۆتەوە بووە.ئەی ڕات چی بووكاتێ بڕە پارەیەكت بەخشیە خاچی سور؟ بەڵێ، تەنانەت ئەم كارەش لەویاسایەی لێی دەدوێین ڕیزپەڕنابێت.تۆبۆیە پارەت بەخشیوەتە خاچی سوور چونكە ویستوتە هاوكاریەك پێشكەش بكەیت وكارێكی مرۆڤ دۆستانەی پیرۆزبكەیت.

چونكە ئەگەرئەم هەستەت پترلەپارە كەلامەبەست نەبوایە، هەرگیز پارەت نەدەبەخشی.بێگومان، یان لەوانەیە بۆیە پارەت بەخشیبێ، چونكەشەرمت كردوە لەوەی پارەنەبەخشیت، یان لەبەرئەوە بوو كەسێك داوای ئەوەی لێكردویت... بەڵام شتێك هەیە جێگەی دڵنیاییە، ئەویش ئەوەیە تۆبۆیە ئەوپارەیەت بەخشیوە، چونكە لەوپارە بەخشینەدا ئارەزوت لەشتێ بووە كەبەو هۆیەوە دەست گیرت بێ.

پرۆفیسۆر (هاری أ.ئۆفرستریت)لەپەرتوكە بەناوبانگەكەیدا: (**التأثير بالتصرف الانساني**)دەڵێت: (لەبنەڕەتەوە كارلەئارەزوی ئێمەوە هەڵدەقوڵێت... باشترین ئامۆژگاریش بۆئەوكەسانەی هەوڵی قەناعەت

پێکردن دەدەن لەکاردا یان لەماڵ وقوتابخانە وسیاسەتیشدا ئەوەیە: یەکەم، لەناخی کەسی بەرانبەرتدا ئارەزویەك دروست بکە، هەرکەس بتوانێ وابکات هەموو جیهان هی ئەوە، هەرکەسیش نەتوانێ بەتەنهایی ڕێگەکە دەبڕێ).

(ئەندریۆ کارنگی) ئەوگەنجە ئۆسکۆتلەندایيە هەژارەی کەلەسەرەتاوە لەبەرانبەر کاتژمێرێ کارکردندا دووسەنتی وەردەگرت، کەچی دواترسێ سەد وشەست وپێنج ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە.هەرلەسەرەتای ژیانیەوە فێری ئەوڕاستیەببوو کەتاکەڕێگە بۆئەوەی کاریگەری لەسەرخەڵك دابنێیت بریتیە لەباسکردنی ئەوشتانەی کەکەسی بەرانبەر ئارەزوی لێیەتی... ئەندریۆ تەنها چوارساڵ ڕۆشتە قوتابخانە، لەگەڵ ئەوەشدا فێربوو چۆن هەڵس وکەوت لەگەڵ خەڵکیدابکات. نمونەیەك لەوبارەیەوە: خوشکی هاوسەرەکەی زۆرنیگەران بووسەبارەت بەهەردوو کوڕەکەی کەلە(ییل)بوون. ئەو دوو کوڕە بەتەواوی نغرۆ وسەرقاڵی نێوکار وبارەتایبەتیەکانیان ببوون. بەئەندازەیەك نەیان دەپەرژایە سەرئەوەی نامەی بۆبنوسن، یان هیچ نەبێ وەڵامی ئەو نامانە بدەنەوە کە دایکە هەژارەکەیان بۆی دەناردن.

کارنگی گرەوی لەسەر سەد دۆلارکرد، کەدەتوانێ نامەیەك بۆئەو دووکوڕە بنوسێت ولەڕێی پۆستەشەوە وەڵامەکەی وەربگرێتەوە، بەبێ ئەوەی خۆیشی داوای وەڵامیان لێ بکات. ئەوەبوو نامەیەکی بۆهەر دوو کوڕەکەی نوسی وتیایدا گوتبووی نیازی وایە یەکی پێنج دۆلاریان بۆبنێرێت.

وەڵێ لەبیری چوو بوو پارەکەبخاتە ناونامەکەوە.هێندەی نەبرد لەڕێی پۆستەوە وەڵامی نامەکەی وەرگرتەوە وتیایدا سوپاسی مامەئەندرێی خۆشەویستیان کردبوو لەسەرئەونامەجوانە- ئیتر تۆش خۆت دەتوانی ڕستەکە تەواوبکەیت.

لەوانەیە تۆش ئارەزوت لەوەبێ کەسێك والێ بکەیت کارێك بکات.وەڵێ بەرلەوەی هیچ قسەیەك بکەیت.ڕابوەستە ولەخۆت بپرسە: (چۆن دەتوانم وای لێ بکەم حەزی لەکردنی ئەوکارەبێت؟)

ئەم پرسیارە ڕێدەگرێت لەوەی باسی ئارەزووەکانی خۆمان بۆخەڵك بکەین... ماوەیەك ڕاهاتبووم لەسەر ئەوەی لەئوتێلێکی شاری نیویۆرکدا هەموو وەرزێك بۆماوەی بیست شەو هۆڵێکم بەکرێ دەگرت بۆئەوەی وتاری تیابدەم و وانەی تێدا بڵێمەوە. لە سەرەتای وەرزێکدا، سەرسام بووم کاتێ زانیم دەبێ سێ بەرانبەر کرێ بدەم لەچاو وەرزی پێشوو.ئەم هەواڵەم دوای ئەوەپێگەیشت کە کاستەکانی من چاپ وبڵاوکرابونەوە وهەموو ڕێ وشوێنەی پێویستیەکانم گرتبوویە بەر.

ئاسایی، من حەزم لەوە نەبوو ئەوکرێ زیادەیە بدەم، بەڵام چ سودێکی هەیە گەرمن بچمە لای خاوەنی ئوتێلەکە وباسی ئەو حەزەی خۆمی بۆبکەم؟ ئاخەر ئەوان تەنهابایەخ بەوە ئەدەن کەخۆیان دەیانەوێت... بەو جۆرە، لەپاش دوو ڕۆژ، ڕۆشتم بۆچاوپێکەوتنی بەڕێوەبەرەکە.پێم گوت: (کەنامەکەتم خوێندەوە کەمێك سەرسام بووم.بەڵام هەرگیز لۆمەت ناکەم.ئەگەرمنیش لەجێگەکەی تۆدابام، هەمان شتم دەنوسی.چونکە ئەرکی تۆ وەك بەڕێوەبەرێك ئەوەیە زۆرترین سود وقازانج کۆبکەیتەوە.ئەگەر وانەکەیت دەردەکرێیت و، لەوحاڵەتەشدا پێویستە

دەربکرێیت.ئێستاش باپارچەکاغەزێ بێنین وئەوچاکە وخراپانە بنوسین کەبەسەر تۆدادێت ئەگەر هەرسوربیت لەسەر داوای زیادکردنی کرێی هۆڵەکە.

پارچەکاغەزەکەم هێناولەناوەڕاستیدا هێڵێکم دروست کرد وکردمە دووبەشەوە وبەشێکیانم ناونا(باشیەکان) ئەویتریانم ناونا(خراپەکان)... لەژێر(باشیەکان)دا نوسیم: هۆڵی ئاهەنگێڕان بەبەتاڵی، ئەمەشتێکی باشە، چونکە دەتوانیت بەکرێی بدەیت بۆئاهەنگی سەما وکۆڕ وکۆبونەوەی تر، دیارە لەوەشدا قازانجی زیاتردەکەیت وەك لەزنجیرەی کۆڕێکی بیست شەوی.ئەگەر لەماوەی وەرزێکدا تەنها بیست شەو هۆڵەکە بەکرێ بدەیت، بێگومان زیانێکی گەورەت کردووە.

ئێستاش با بابیرلەخراپەکان بکەینەوە، یەکەم، بەرلەوەی تۆ لەڕێی منەوە داهاتی خۆت زیادبکەیت، بەپێچەوانەوە داهاتەکانت کەم دەکەیتەوە.لەڕاستیشدا ئەو داهاتانە بەتەواوی دەبڕیت، چونکە من ناتوانم ئەوکرێیە بدەم.بۆیە ناچاردەبم لەجێگەیەکی تردا ئەو وانانە پێشکەش بکەم.

جگەلەوە خراپەیەکی تریشی هەیە.کۆڕ و وتارەکانی من دەبنەهۆی ئەوەی ڕۆشنبیر وخوێندەوارەکان ڕووبکەنە ئوتێلەکەت.ڕیکلامەکەی من زۆرباشە بۆتۆ، ئەی وانیە؟ لەڕاستیدا، تۆپێنج هەزار دۆلار دەدەیت بەکرێی ڕیکلام لەڕۆژنامەکاندا، کەچی هەرناتوانیت، وەکومن کەسانێکی زۆر کۆبکەیتەوە و، پەلکێشیان بکەیت بۆئەوەی بێن ئوتێلەکەت ببینن. ئەی وانیە؟ .

وەكو گوتم، ئەم خراپانەم لەژێر ناونیشانی گونجاوی خۆیدا دانا.دواتركاغەزەكەم دایە دەستی بەڕێوەبەرەكە وپێم گوت: (هیوادارم بەوردی لەچاكی وخراپییەكان بكۆڵیتەوە ودواتر بڕیاری كۆتایتم پێ ڕابگەیەنیت).

ڕۆژی دواتر، نامەیەكم پێ گەیی تیایدا ئاگاداری كردبومەوە كەكرێكە(٥٠٪) زیاد دەكات، لەبری(٣٠٠٪)!!.

بەبیریشت دەخەمەوە ئەم نرخ وداشكانەیشم دەستكەوت لەكاتێكدا بەهیچ جۆرێ باسی ئەوەم نەكردبوو كەخۆم حەزم لێی بوو، تەنها باسی ئەوەم كرد كەبەرانبەرەكەم خوازیاری بوو.

باوای دابنێین منیش كارێكی ئاسایی ومرۆیانەم بكردایە، بۆنمونە خۆم تورە بكردایە وبم گوتایە: یانی چی داوای زیاد كردنی (٣٠٠٪)ی كرێ دەكەیت، لەكاتێكدا باش دەزانیت من بلیتەكانم چاپ كردوە وكۆڕەكانیش ئاشكراكراون؟ (٣٠٠٪)! قسەیەكی هیچ وپوچ وبێ مانایە!ئەو زیادەیە نادەم!.

ئەوكاتە چی ڕووی دەدا؟ شەڕەقسە ودەم تێكگیران-خۆشت باش دەزانی دەم تێكگیران بەچی كۆتایی دێت-تەنانەت ئەگەر قەناعەتیشم پێ بكردایە كەبەهەڵەدا چووە، هێشتر كیبریا وخۆبەزلزانینی ئەوپیاوە ڕێگەیان دەگرت لەوەی مل بەڕاستیەكان بدات.

بفەرموو، ئەوە تۆ وباشترین پەندكە لەهونەری پەیوەندیە مرۆییەكاندا پێشكەش كراون.فۆرد ئەڵێت: (ئەگەر هەرنهێنیەك هەبێت بۆسەركەوتن، ئەوا لەوەدایە كەدیدوبۆچونی بەرانبەرەكەت بزانیت ولەگۆشەنیگای ئەویش وخۆیشتەوە شتەكان ببینیت).

زۆرباشە، دەمەوێت دووبارەی بکەمەوە: (ئەگەر هەرنهێنیەك هەبێت بۆسەرکەوتن، ئەوا لەوەدایە کەدیدوبۆچونی بەرانبەرەکەت بزانیت ولەگۆشەنیگای ئەویش وخۆیشتەوە شتەکان ببینیت) ئەمەشتێکی زۆر ڕوون وئاساییە، تەنانەت هەر مرۆڤێك بگری دەتوانێت بەیەك نیگا ڕاستیەکەی بۆ دەربکەوێت.کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەسەدا نەوەدی خەڵکی سەرئەم زەویە فەرامۆشی دەکەن.دەتەوێ نمونەیەکت لەوبارەیەوە بدەمێ؟ سەرنجی ئەو نامانەبدە کەڕۆژی دووشەممە دێنە نوسینگەکەت.ئەوجا دەیبینیت زۆربەی ئەونامانە بنەمای لۆژیك پێشێل دەکەن.باوەکو نمونە ئەم نامەیە وەربگرین.نامەکە سەرۆکی فەرمانگەی ڕادیۆ ئاراستەی ئاژانسێکی ڕیکلامی کردووە کەنوسینگەی لەهەموو کیشوەردا هەیە.ئەم نامەیە ئاراستەی هەموو بەڕێوەبەرایەتی ڕادیۆکان لەوڵاتدا کراوە(من لەنێوکەوانەدا دیدوبۆچونی خۆمم لەسەر هەربڕگەیەکی نامەکە نوسیوە).

بەڕێز ژۆن بلاك.

بلانکفیل، ئیندیانا.

خۆشەویستم بەڕێزبلانك:

کۆمپانیای... بەنیازە پێگەی خۆی لەڕابەرایەتی کردنی ڕیکلامی ڕادیۆیی بەدەست بێنێتەوە.

(کێ بایەخ بەخواست وئارەزوی کۆمپانیاکەی تۆئەدات؟ من سەرقاڵی کێشەکانی خۆمم، سبەینێ بانك خانوەکەم دەخاتە ڕەهنەوە، دوێنێ بازاڕی بۆرسە دابەزی، شەمەندەفەرەکەی هەشت وچارەکی بەیانیشم لەدەست دەرچوو، بانگهێشتی ئەو ئاهەنگی دانسەش نەکرام

کەخانەوادەی بەڕێز جۆنزسازیان کردبوو.پزیشکەکەشم پێی ڕاگەیاندم فشاری خوێنم بەرزە و... لەپاش ئەم هەموو شتە، چی ڕوو دەدا؟ سبەینێ بەدوودڵیەوە دەچمەنوسینگەکەم، بەوحاڵەوە دێم نامەکان دەکەمەوە دەبینم ئەوهیچ وپوچە باسی خواست وئارەزووی کۆمپانیاکەیم بۆ دەکات.ئەگەر بزانێت نامەکەی چ کاریگەریەك دروست دەکات، ئەوا کارکردنی لەبواری ڕیکلامدا بەجێ دەهێڵا ودەبوە شوانی مێگەل).

حساباتی ئێمە هەمیشەپارێزەری تۆڕی ڕادیۆبووە. ولەکاتی گونجاویشدا باجەکانی داوە... ئاژانسەکەمان ساڵ لەدوای ساڵ لەبەرەوپێشەوە چوندایە.

(تۆمەزنیت ولەلوتکەدایت.وانیە؟ ئەمە یانی چی؟ ئاخەرمن هیچ گرنگیەك نادەم بەوەی تۆمەزنیت یان نا؟ ، تەنانەت ئەگەر هاوشانی جەنراڵ مۆتۆرز وجەنراڵ ئەلکتریك ودەستەی گشتی سوپای ئەمریکاش بیت پێکەوە... تەنانەت ئەگەرحیکمەت ودانایی بولبولیشت هەبێت، خۆت باش دەزانیت کەمن گرنگی بەخۆم وقەبارە ودۆخی خۆم ئەدەم- نەك بەتۆ وبەوقسانەت کەباس لەگەورەیی وسەرکەوتنەکانت دەکەن، هەستی ئەوەلای من دروست دەکەن بەسەرخۆما بشکێمەوە وهەست بەبچوکی وهیچ وپوچی خۆم بکەم).

ئێمەخوازیارین حساباتەکەنمان لەکۆتادێڕەکانی زانیاریەکانی ئێستگەکەدا دابنرێن.

(تۆ دەتەوێت!تۆ دەتەوێت. ئاخەر ئەی گەوجی نەفام... من هیچ بایەخ نادەم بەوەی تۆدەتەوێت.یان ئەوەی مۆسۆلینی وکروسپی دەیانەوێت.

لێم گەڕێ بائەوەت پێ بڵێم کەمن دەمەوێت.ئەوەی کەتۆ لەنامەهیچ وپوچەکەتدا هیچت لەبارەیەوە نەگوتووە).

ئایا دەتوانیت ناوی کۆمپانیاکەمان بخەیتە نێولیستی ئەفزەڵیەتەوە لەپرسگەی هەفتانەی ئێستگەدا-هەر ووردەکاریەکیش ئەگەر لەکاتی گونجاودا بڵاوبکرێتەوە لەبەرژەوەندی ئاژانسەکەدا دەبێت.

(لیستی ئەفزەڵیەت.ئەوێریت باسی لیستی ئەفزەڵیەت بکەیت! ئەوەندەباسی گەورەیی کۆمپانیاکەت ئەکەیت، وام لێ دەکەیت هەست بەبێ بایەخی خۆم بکەم-کەچی دواتر داوام لێدەکەیت بتخەمە نێو لیستی ئەفزەڵیەتەوە... تەنانەت کاتێ ئەو داوایەش دەکەیت ناڵێیت: (تکادەکەم!)...

بۆیادخستنەوەش لەکۆتایی نامەکەدا، ئەگەر دوایەمین دەستکەوتەکانتانمان پێ بدەیت، سودێکی هاوبەشی لێ دەبینین.

(ئەی بێ ئەقڵ!لەلایەکەوە نامەیەکی بێ نرخ وپرژم بۆدەنێریت.پرژ وەکو گەڵاهەڵوەریوەکانی پایز.لەلایەکی تریشەوە ئەوێریت داوام لێ بکەیت.داوام لێ دەکەیت لەکاتێکدا سەرقاڵی گرفتەکانی خۆم وڕەهنی ماڵەکەم وبەرزبونەوەی فشاری خوێنەکەمم. بێم دابنیشم ونامەیەك بۆتۆ پڕبکەمەوە دەربارەی گەورەیی کۆمپانیاکەت. جگەلەوە داواشم لێ دەکەیت بەپەلە وبێ خاوەخاوکردن ئەوکارەت بۆبکەم.ئەرێ مەبەستت لە"بەبێ خاوەخاوکردن" چی‌یە؟ ئەی نازانیت منیش وەکوتۆ سەرقاڵم؟ یان لانی کەم حەزدەکەم وابیربکەمەوە کەسەرقاڵم! ئینجا کاتێ ئێمە لەم بابەتە دەدوێین، کێ ئەو مافە پیرۆزەی پێداویت کەفەرمان بەسەرمندا بدەیت؟ ...

تۆدەڵێیت: (ئەوە لەبەرژەوەندی هەردوولامانە) بەم دواییانە خەریکە لەگۆشەنیگای منەوە شتەکان دەبینیت.بەڵام هەر تەم ومژت هەیە لەوەدا کەچۆن ئەوشتە لەبەرژەوەندی منادەبێت).

تێ بینی: ڕوونوسێك لەڕۆژنامەی بلانکفیل هەیە، لەوانەیە بتەوێت لەڕادیۆکەتەوە بیخوێنیتەوە...

(دواجار، تێبینیەکت داوەکە یارمەیتم دەدات بۆچارەکردنی یەکێك لەگرفتەکانم.ئەویش ئەوەیە کەبۆچی نامەکەت بەوشێوەیە دەست پێ نەکردوە-بەڵام تازەسودی چیە؟ هەرپیاوێ وەکو تۆ تاوانباربێت بەکردنی قسەی بێ ئەقڵانە، هەردەبێ ناتەواویەك لەئەقڵیداهەبێت،کەواتە تۆپێویستت بەنامەیەك نیە کەدوایەمین دەستکەوتەکانی ئێمەت پێ ڕابگەیەنێت، بەڵکو پێویستت بەچارەکە پەرداخێك لەدەرمانی یۆد هەیە بۆغودە دەرەقیەکەت).

ئەگەر مرۆڤێك ژیانی خۆی بۆبواری ڕیکلام تەرخان کردبێت وشارەزا ولێزان بێت لەهونەری کاریگەری دانان لەسەرخەڵك، نامەیەکی ئاوها بنوسێت، ئەی ئەبێ چاوەڕوان بین قەساب ونانەوا وجوڵاچی بنوسن؟

نامەیەکی ترهەیە کەبەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی گەورەی بارکردن بۆ بەڕێز(ئیدواردفیرمیلین)ی نوسیوە کەیەکێك لەقوتابیەکانی پەیمانگاکەم... ئایا ئەو نامەیە چ کاریگەریەکی دروستکرد لەسەرئەو کەسەی کەبۆی نوسرابوو؟ جارێ نامەکە بخوێنەرەوە، دواجارپێت ڕادەگەیەنم چ کاریگەریەکی دروستکرد.

کۆمپانیای کوڕانی ا.زیریگاد

٢٨ فرۆنت ستریت

برۆکلین، نیویۆرك

بەڕێزان، زۆربەی پرۆسەکانی بارکردن لەکۆمپانیاکەماندا دووچاری فەلەجی بووە، چونکە ڕێژەی زۆری کەلوپەلەکانمان لەدوانیوەڕۆدا بۆدەنێردرێن.ئەمەش دەبێت هۆی مۆڵدرانی کەل وپەلەکان وکارکردنی زیادەی ئێمەش. هەروەهادەشبێتەهۆی ئەوەی ئۆتۆمبیلە باربەرەکان دوابکەون چ لەداگرتن یاخود لەبارکردنیاندا.ڕۆژی ١٠ی تشرینی دووەم، لەکۆمپانیاکەی ئێوەوە بارێکمان بۆهات لەکاتژمێر چوار وچارەکی پاش نیوەڕۆدا کەپێکهاتبوولە(٥١٠)پارچە.خۆشحاڵین بەهاوکاریتان بۆزاڵبوون بەسەر ئەنجامە نەخوازراوەکاندا وهەروەها بۆسەرکەوتن بەسەر دواکەوتنی تەسلیم کردنی کەلوپەلەکاندا... ئایا دەتوانین داوای ئەوەتان لێ بکەین ئەگەر بارێکی گەورەی وەك بارەکەی ئەوڕۆژەتان هەبوو، لەپێش نیوەڕۆدا بۆمان بنێرن؟ .

سودی ئەوەش بۆئێوە، ئەوەیە کەبارەکانتان زوتربەتاڵ دەکرێن وکارەکانتان بەپەلە ڕایی دەکرێن.

دڵسۆزتان ج.ب.سویت

لەپاش خوێندنەوەی ئەونامەیە، بەڕێز فیرمیلین، بەڕێوەبەری بەشی فرۆشتن لەکۆمپانیای ناوبراو، نامەکەی بۆناردم لەگەڵ ئەم توانجەدا: (ئەم نامەیە بەرەنجامێکی پێچەوانەی مەبەستەکەی خۆیی هەبوو.ئەولەسەرەتاوە باسی ئەو نارەحەتیانە دەکات کەدێنەڕێی کۆمپانیاکە، دیارە ئەوەش لای ئێمەگرنگ نیە.دواتردێت داوا لەئێمە دەکات یارمەتییان بدەین بەبێ ئەوەی بیرلەوە بکاتەوە ئایا ئەو یارمەتی دانە بۆئێمە گونجاوە یان نا.دواجار، لەکۆتابڕگەدا، بیری دەکەوێتەوە ئەگەر ئێمە هاوکاری بکەین، مانای وایە بارەکانمان زوو بەزوو خاڵی

دەکرێن وکارەکانمـان ڕادەپـەڕێنرێن... بـەدەربڕینێکی تـر: ئەولـە دوابڕگـەکانی نامەکەیـدا باسـی ئـەوەدەکات کەبـەلای ئێمـەوە گرنگـە، ئەمـەش ڕۆحێکـی دوژمنکارانـە لای ئێمـە دروسـت دەکـات نـەك ڕۆحـی هاوکاری).

باسەرنج بدەین لەوەی دەتوانین دووبارە ئەونامەیە ڕێك بخەینەوە بەبێ ئـەوەی باسـی کێـشەو گرفتـەکانی خۆمـان بکـەین و، لەدیـدی بەرانبەرەکـەمان وخۆشمانـەوە شـتەکان ببیـنین.وەك (هنـری فۆرد)دەڵێت.لێرەدا شێوازێك بۆداڕشتنەوەی نامەکە دەخەینە بەرچاو، ڕەنگە باشترین شێوازیش نەبێت بەڵام پێشنیارێکە لەوبارەیەوە.

بەڕێز ئیدوارد فیرمیلین

کۆمپانیای کوڕانی ا.زیریگا

٢٨ فرۆنت ستریت برۆکلین

نیویۆرك

خۆشەویستم بەڕێز فیرمیلین:

کۆمپانیاکـەی بـەڕێزتان لەچواردەساڵی ڕابردوودا باشترین مامەڵەچی بـووە لەگـەڵ ئێمـەدا، بۆیـە ئاسـایی، ئێمـە هەسـت بەمنـەتباری دەکـەین بەرانبـەرتان وئاواتـەخوازین بتـوانین ڕاژەی خێـرا وکاریگـەری شایـستەی خۆتانتان پێشکەش بکەین.بەڵام، جێگـەی نیگەرانیشمانە کەدەبێ بڵێین ناتوانین ئەو خزمەتگوزاریەتان پێشکەش بکەین لەبەر ئەوەی لۆریـەکانی ئێـوە بارەگـەورەکانیان لـەدوانیوەڕۆدا دەگەیەننەئێمـە.وەك ئـەوەی ڕۆژی (١/١٠)ڕوویـدا.بۆچـی؟ لەبەرئـەوەی زۆربـەی مامەڵەچیەکانی تریشمان هەرلەدوای نیوەڕۆدا کاڵاکانیان دەگەیەنن.بۆیە شتێکی ئاساییە کاڵاکان

بەسەرماندا کەڵەکە ببن.ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی داگرتن وبارکردنی بارهەڵگرەکانی ئێوەش دوابکەوێت.

ئەمەش کارێکی زۆر خراپ ونەخواراوە، بەڵام دەتوانین خۆمان لەو کارەخراپە دووربخەینەوە ئەگەر بتوانن بارەکانتان بەر لەنیوەڕۆ بگەیەنن، بەوشێوەیە لۆریەکانیشتان بواریان دەبێ سەرلەبەیانیان بەئازادی جموجوڵ بکەن، ئێمەش بایەخ بەبارکردنیان دەدەین.کرێکارەکانیشمان سبەینێ سەرلەئێوارە دەگەڕێنەوە وشێوێك لەو مەعکەرۆنە بەتامە دەخۆن کەئێوە دروستی دەکەن.

هیوادارم ئەمە بەبێ تاقەتی لەقەڵەم نەدەیت، هیوادارم واش تێ نەگەیت ڕەخنە لەشێوەی بەڕێوەبردنی کارەکانت دەگرم، چونکە ئەم نامەیە بەمەبەستی باشتر خزمەت کردنی تۆنوسراوە.

هەرکاتێ بارەکانت بگەن، خۆشحاڵ دەبین خزمەتت بکەین.

دەزانم سەرقاڵیت، هیوادارم خۆت هیلاك نەکەیت بەوە لامدانەوەی نامەکەوە.

دڵسۆزتان ج.ب.سویت

هەزاران فرۆشیاری دەستگێڕی سەر شۆستەکان بە هیلاکی وشەکەتی دێن ودەچن ولەژێرکۆڵی قورسی قەرزاریدا دەناڵێنن. بۆچی؟ ... چونکە تەنها بیرلەوە دەکەنەوە کەخۆیان دەیانەوێت.ئەوان نازانن کەئێمە نامانەوێت هیچ شتێ بکڕین، ئەگەر بشمانەوێ شتێ بکڕین، دەڕۆین دەیکڕین.وەلێ هەمووومان بیرمان بەلای چارەسەرکردنی گرفتەکانمانەوە.هەرکاتێ کابرای فرۆشیاری دەستگێڕتوانی کاڵاوخزمەتگوزاریەکانیمان پێشکەش بکات وبیخاتە قاڵبی

چارەسەرکردنی گرفتەکانمانەوەیە، ئەوکاتە پێویستی نابێ بەوەی پێمان بفرۆشێ، بەڵکو ئێمە پێویستمان دەبێ بەوەی کاڵاکانی بکڕین.هەرکڕیارێ بگری حەزی بەوەیە شتەکەبکڕێ، نەك پێی بفرۆشرێ.لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێکی زۆر هەن ژیانیان لەکڕین وفرۆشتندا بەسەردەبەن، بەبێ ئەوەی بتوانن شتەکان لەگۆشەنیگای کڕیار ومامەڵەچیەکانیانەوە ببینن.بۆنمونە: من لە(فرۆست هیلن) دەژیم کە کۆمەڵەماڵێکی تایبەتە لەناوەڕاستی نیویۆرکدا.ڕۆژێکیان کەبەپڕتاو بەرەو وێستگە دەڕۆشتم، چاوم کەوت بەکابرایەك کەکاتی خۆی لە(لۆنگ ئایلەند) دەلاڵی کڕین وفرۆشتنی زەوی بوو.ئەو زۆرباش (فرۆست هیلن) شارەزابوو.بەپەلە بەرەو ڕوی ڕۆشتم تاکو پرسیاری ئەوەی لێ بکەم ئایا خانوەکەم بەکۆنکرێتی مسەلەح دروستکراوە یان بەمادەی (جفصین). لە وەڵامدا گوتی: نازانم.دواتر شتێکی پێ گوتم کەمن خۆیشم ئەوەم دەزانی.گوتی: دەتوانی لەڕێگەی پەیوەندی کردنتەوە بەکۆمەڵەی باخچەکانی فرۆست هیلزەوە وەڵامی پرسیارەکەت دەست بکەوێت.بۆسبەینێ سەرلەبەیانی، نامەیەکم لەوکابرایەوە پێگەیشت.ئایا لەو نامەیەدا وەڵامی پرسیارەکەمی دابویەوە؟ ئەو هەرلەسەرەتاوە دەیتوانی بەیەك خولەك لەڕێگەی تەلەفونەوە وەڵامی پرسیارەکەم بۆ وەربگرێتەوە.بەڵام وای نەکرد.کەچی لەنامەکەیشیدا ڕێنمونی ئەوەی کردبووم گوایە دەتوانم بە تەلەفۆن وەڵامەکەم وەرگرم!!داوای ئەوەی کردبوو کەسەرپەرشتی کاروبارەکانی دڵنیایی(تأمین) یمن لە ئەستۆ بگرێت.

ئەوهیچ بایەخێکی بەیارمەتی دانی من نەئەدا. بەڵکوتەنها مەبەستی یارمەتی دانی خۆی بوو. لەوحاڵەتەدا دەبوا نوسخەی هەریەك لەو دوو پەرتوکە نایابەکەی (فاش یونگما)ی بدەمێ: (فرۆشیاری دەستگێڕ) و(کانزایەك بۆبەشداری).

جائەگەر ئەوپیاوە ئەو دوو کتێبەی بخوێندایەتەوە وبنەماکانیانی جێبەجێ بکردایە. ئەوا چەندین بەرانبەری ئەوە قازانجی دەست دەکەوت کەتەئمینی ژیانی من یان خانوەکەم لەئەستۆبگرێ.

پسپۆڕەکانیش هەمان هەڵە دووبارە دەکەنەوە. چەند ساڵێك لەمەوبەر، چومە عەیادەی پسپۆڕێکی قوڕگ ولوت وگوێ لە شاری فیلادلفیا. ئەوپزیشکە تەنانەت بەرلەوەی چاوێك بگێڕێت بەناو دەممدا، پرسیاری ئەوەی لێکردم کەئایا چ کارێك دەکەم! ئەو بایەخی بەلەوزەکەم وهەڵاوسانی قوڕگم نەئەدا، بەڵکو تەنها گوێی بەبڕی ئەو پارەیە ئەدا کەلەمنی دەبچڕێ بۆخۆی!! مەبەستی ئەوە نەبوو یارمەتی من بدا، تەنها مەبەستی بوو زۆرترین پارەم لێ بکێشێتەوە. لەئەنجامیشدا هیچی لێم دەست نەکەوت. چونکە لەعەیادەکەی چومەدەرەوە وزۆریش بێتاقەت بووم لەکەم ئەدەبی ئەوکابرایە. جیهان پڕەلەو جۆرە کەسانە: کەسانی خۆپەسەند... ئەوکەسە دەگمەنانەش کەدەیانەوێت بەبێ خۆپەرستی خزمەتی خەڵکی بکەن، هەڵگری کۆمەڵێ خەسڵەتی گەورەن. کەسانێکی زۆرکەمیش هەن بتوانن ڕکابەری ئەوکەسە دەگمەنانەبکەن. ئۆنی یۆنگ دەڵێت: (هەرکەسێك بتوانێ خۆی بخاتە جێگەی کەسی بەرانبەری، هەروەهابتوانێ ئەوەی لەمێشکی بەرانبەرەکەیدایە بیخوێنێتەوە ولێی تێ

بگات، ئەوکەسە هەرگیز پێویستی بەدوودڵی نابێت سەبارەت بەوەی قەدەربۆی حەشارداوە).

ئەگەر لەم پەرتوکەوە تەنیا شتێك دەست بکەوێت: ئارەزووی ئەوەت دەست بکەوێت کەلەگۆشەنیگای بەرانبەرەکەتەوە بیربکەیتەوە وشتەکان ببینیت-ئەوە ڕەنگە ببێتەبەردی بناغەیەك وڕێڕەوی ژیانت بگۆڕێت.

زۆربەی خەڵك دەڕۆنە زانکۆ وفێری خوێندنەوە وجەبرولێکدانەوەی ژمێرە نارەحەتەکانیش دەبن، بەبی ئەوەی بزانن مێشکیان چۆن کاردەکات.بۆنمونە: من وانەی : (پەیڤی گاریگەر)م دەگوت بەکۆمەڵێ لەوگەنجانەی زانکۆ کەبەڕێوەبوون بچنە کۆمپانیای (کارێر) لەشاری(نیویۆرك) لەویلایەتی(نیوجرسی).کاری ئەو کۆمپانیایەش بریتیە لەبەڵێندەرایەتی دامەزراندنی سیستەمی فێنك کردنەوەی نوسینگە وهۆڵ وشانۆکان.جارێکیان پیاوێ ویستی ئەوانی تر واڵێ بکات یاری(تۆپی باسکە)بکەن... بزانە چی بەوکۆمەڵە قوتابیەدەگوت...

دەیگوت: (من حەزم لەیاری تۆپی باسکەیە، دەمەوێ هەمووتان یاری باسکەبکەن.کاتێ دەچووم بۆیاری جمباز، ژمارەیەکی تەواو نەبوو بۆئەوەی یاری باسکەبکەین.شەوی ڕابردوو تەنها دووسێ کەس هەبوو تۆپ هەڵبدەین. هەربەهۆی ئەوەشەوە بۆکسێ بەرچاوم کەوت، دەمەوێت ئەمشەو بێن، من دەمەوێت یاری باسکەبکەین).

ئایا ئەوپیاوە باسی شتێکی کردوە کەتۆبتەوێت؟ تۆناتەوێت بچیت بۆ یاریگای جومباز کەهیچ کەس ڕووی تێناکات، وانیە؟ هیچ گوێیش نادەیت بەحەزوئارەزوەکانی بەرانبەرەکانت.تۆ ناتەوێ زەربەیەك بەرچاوت بکەوێ.

دەتــەوێت پێـت بڵـێم لــەیاری جومبــازدا چـەند ســوود وەردەگـرین؟ بەدڵنیاییــەوە. چــالاكیەكی زیــاتر، ئارەزویــەكی زۆرتــر بــۆ خــواردن، مێشكێكی ساف، ڕابواردن ویاری كردن.

بائامۆژگاریەكەی مامۆستا(ئۆفرستریت) دووبارە بكەینەوە كەدەڵێت: (هـەوڵ بدەلـەناخی بەرانبەرەكەتـدا ئـارەزوو دروسـت بكـەیت، هەركـەس بتوانـێ وابكـات، هــەموو جیهــان هــی ئــەوە، هەركەسـیش نــەتوانێت، بەتەنهایی ڕێگە كەدەبڕێ).

یــــەكێك لەقوتابیــــەكانی پەیمانگاكـــــەم زۆر دوودڵ بـــوو بەرانبـــەر بەكوڕەبچكۆلەكەی كەكێشی كـەم بوو، كەچی لەگـەڵ كـەمبونی كێشیدا، خواردنیشی نـەدەخوارد، دایك وباوكی هەمیشە ڕێگـە كلاسیكیەكانیان لەگەڵدابەكار دەهێنا.لێی تورەدەبوون وپێیان دەگەوت: (دایكت دەیەوێت ئەوەبخۆیت، باوكت دەیەوێت گەورەببیت و، ببیتە پیاوێكی مەزن).

بەڵام ئایا كوڕەكە گوێی بەم قسانە دەدا؟ دروست وەك چۆن تۆ بایەخ بەوگەردیلــە خۆڵانــە ئــەدەیت كــەڕاخراون بەڕۆخەكانــدا! مەگــەرپیاوێ حیكمەتی ئەسپی هەبێت، چاوەڕوان بكات منداڵێكی سێ ساڵانە، لەگەڵ بیر وبۆچونەكانی باوكیدا خۆی بگونجێنێت كەتەمەنی لەسی ساڵیدایە.

بــاوكی منداڵەكە ئەوەی دەویـست.بـەڵام هـیچ سـودێكی نـەبوو.دواتر دەردەكەی دۆزیەوە،لەدڵی خۆیدا گـوتی: (منداڵەكـەم چـی دەوێـت؟ چۆن دەتوانم داواكەی ئەو لەگەڵ خواستی خۆمدا بگونجێنم؟). هەركە دەستی بەبیركردنـــــەوە كـــرد، چارەســــەری گرفتەكـــە لەبەردەمیـــدا ئاســـان بوو.منداڵەكەی پاسكیلێكی سێ تـایی هـەبوو، حـەزی لـەوەبوو لەبـەردەم ماڵی خۆیاندا بەتەنیشت شەقامەكەوە پاسكیلەكەی لێ بخوڕێت، لەنزیك

ماڵیشیاندا، منداڵێکی هار وهاج هەبوو، هەرکەئەمی لەسەرپاسکیلەکە بدیایە، دەهات پاڵێکی پێوەدەنا وپاسکیلەکەی لێ دەستاند وخۆی لێی دەخوڕی.

ئاسایی، منداڵەکەش دەستی بەگریان دەکرد ودەهاتەوە بۆلای دایکی، دایکیشی ناچاردەبوو، دەچوە دەرەوە وپاسکیلەکەی لەمنداڵە هار وهاجەکە وەردەگرتەوە.ڕۆژانە ئەم شانۆگەریە دووبارە دەبوویەوە. کەواتە منداڵەبچکۆلەکە چی دەویست؟ وەلامەکە پێویستی بەوەنیە پرسیار لە(شیرلوك هۆلمز) بکەین... ئارەزووی ئەو بۆ هەستکردن بەگرنگی خۆی، هەروەها ڕق وتوڕەییە کەیشی پاڵیان پێوە دەنا بۆتۆڵەکردنەوە وشکاندنی لوتی مناڵە هارەکە.بۆیە کاتێ باوکی پێی گوت ئەگەر هەموو ئەوشتانە بخوات کەدایکی بۆی دادەنێ، ئەوجائەم دەتوانێ منداڵەکەی بۆفەلاقە دەکات، واتە کاتێ باوکی بەڵێنی دایە منداڵەکەی بۆفەلاقە بکات، هیچ گرفتێ لەئارادانەما وهەموو ئەوخواردنانەی دایکی بۆی دەهێنادەیخوارد.بۆ ئەوەی گەورەو بەهێز ببێت وپۆرتی ئەو منداڵە هاروهاجە بشکێنێ کەبەردەوام ئازاری ئەدات وگاڵتەی پێ دەکات.

لەپاش چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، باوکی ڕوو بەڕووی گرفتێکی تربوویەوە: منداڵەکە خوویەکی خراپی هەبوو، شەوانە میزی بەخۆیدا دەکرد.

منداڵەکە لەگەڵ نەنکیدا دەخەوت، هەمیشە کەنەنکی لەخەو ڕادەبوو نوێنەکەی بەتەڕی دەبینی پێی دەگوت: (ژۆنی!بڕوانە دووبارە چیت

کـردوە)کەچـی منداڵەکـە وەڵامـی دەدایـەوە: (مـن وام نـەکردوە، تـۆ واتکردوە!).

ئەم ڕەخنەوچەلەحانێیە هیچ سودێکی نەبوو.باوکی پرسیاری کرد: (چـۆن دەتوانیـت میزبـەخۆدا کردنـی شـەوانە بەمنداڵەکـەمان تـەرك بکەین؟).

داخوازیـەکانی منداڵەکەچـی بـوون؟ یەکـەم، دەیویـست وەکـو بـاوکی بیجامـە لـەپێ بکات، نـەك وەکو نـەنکی کراسێکی ئاودامانی درێژ لەبەر بکـات.جـا لەبەرئـەوەی نـەنکی لەهـەڵس وکەوتـەکانی بێتاقـەت ببـوو، بەخۆشـحاڵیەوە بیجامـەی بـۆکڕی تـاکو ئـەو هـەڵس وکەوتـە دووبـارە نەکاتـەوە!دووەم، دەیویـست نـوێنێکی تایبـەت بـەخۆی هـەبێت.نـەنکی ڕێگری ئەم داخوازیەشی لێنەکرد.

بـۆڕۆژی دواتـر، دایکـی دەسـتی گـرت وبـردی بـۆ پێـشانگاکانی (لۆزەر)لەبرۆکلین، بەئاماژەیەك ژنەفرۆشیارەکەی تێگەیاندو گوتی: (ئەو پیاوە بچکۆلەیە دەیەوێت شت بکڕێ.

ژنەفرۆشیارەکەش وایکرد منداڵەکە هەست بەگرنگی خۆی بکات.بۆیە گوتی: کاکە!دەتەوێت چیت پیشان بدەم؟ .

منداڵەکە بەشانازیەوە ڕاوەستا وگوتی: (ئەمەوێ نوێنێك بۆخۆم بکڕم. کاتێ ئەونوێنـەیان پیشاندا کەپێشتر دایکی بۆی هەڵبژاردبوو، دایکی ئاماژەی دایە ژنەفرۆشیارەکە تـاکو منداڵەکـەی بۆقایـل بکـات بـەوەی ئـەو نوێنەبکڕێت.

ڕۆژی دواتـر نوێنەکـە درایـە دەستیان.بۆیـە ئێـوارە کاتـێ بـاوکی گەڕایـەوە.بەپەلـە ڕای کـردە بـەردەرگا وهـاواری دەکـرد(بابـە!بابـە! وەرە بڕوانە نوێنم کڕیوە!).

بـاوکی تەماشـایەکی نوێنەکـەی کـرد وهـەمان ئامۆژگـاری (چارلزشـواب)ی پێڕەوکـرد(ڕاسـتگۆبوو لەستایـشکردنیدا و، زیادەڕەویشی کردلە مەدح کردنیدا)پاشان لێی پرسی: (خۆئەم نوێنە تەڕناکەیت، وانیە؟).

-نا، نەوەڵا.هەرگیز میزی پیاناکەم.

هەربەڕاسـتیش، منداڵەکـە پارێزگـاری لـەم بەڵێنـەی کـرد، چـونکە کەرامـەتی ڕێگـەی نەئـەدا پەیمانەکـەی بـشکێنێت.نوێنەکـەی نـوێنی خۆیـەتی وخـۆی کڕیویـەتی.وەکوپیـاوێکی بـچکۆلانەش بیجامـەی لـەپی کردووە.بۆیە ویستی بەکردەوەش وەکو پیاو ڕەفتاربکات.

(ولیـەم ویـنتر)دەڵێـت: (تەعبیرلـەخۆ کـردن، پێویـستیەکی پێداگرانەیـە لەسروشـتی مرۆیـدا).کەواتـە بۆچـی ئـەم ڕاستیە لـەبواری کارکردنیـشدا بەکارنـەهێنین؟ باهـەرکاتێ بیرۆکەیـەکی جوانمـان لاگەڵاڵـەبوو، لـەبری ئەوەی بەرانبەرەکەمان هەست بکات بیرۆکەی ئێمەیە، باوای لێ بکەین ئەو بیکوڵێنێـت وبـڕوای وابێـت بیرۆکـەی خۆیـەتی، بـەوجۆرە خۆشەویـستی بیرۆکەکە دەچێتە دڵیەوە وڕەنگە دووژەمیشی لێ بخوات.

لـەبیرت نەچێ: (هـەوڵ بـدە لـەناخی بەرانبەرەکەتـدا ئارەزوو دروسـت بکەیت، هەرکەس بتوانێ وابکات، هـەموو جیهـان هـی ئـەوە، هەرکەسیش نەتوانێت، بەتەنهایی ڕێگەکە دەبڕی).

بەشی یانزەیەم

ئاوابکە، بۆهەرکوێ بچیت پێشوازیت لیٚ دەکریٚ.

بۆچی ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، تاکو بۆت دەربکەوێت چۆن دەتوانیت هاوڕیٚ بۆ خۆت دروست بکەیت؟ بۆچی چاو لەگەورەترین کەسب کەری هاوڕیٚ لەجیهاندا نەکەین؟ . لەوانەیە سبەینیٚ چاوت پێی بکەویٚ کەبەسەر شەقامەکەدا دەڕوات.کاتیٚ لێی نزیك دەبیتەوە، دەست دەکات بەکلکەلەقیٚ.ئەگەر ڕایشی بهێنی، دەست دەکاتە بازبازێن وخۆشەویستی خۆیت بۆدەردەبڕیٚ. تۆباش دەزانیت لەپشتی ئەم خۆشەویستیەوە هیچ هۆکارێکی شاردراوەنیە.ئەو نایەوێت پارچە زەویەکت پیٚ بفرۆشێت یان هاوسەرگیریت لەگەڵدابکات!.

ئایا تۆهەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە کە(سەگ) تاکە ئاژەڵێکە، هیچ کارێك ناکات لەپێناوی ئەو خۆراکەیدا کەدەستی دەکەویٚ؟ مریشك دەبیٚ هێلکە بکات. چێڵ دەبیٚ شیرمان بداتیٚ. بولبول دەبیٚ بخوێنیٚ. تەنها سەگ لەبەرانبەر خۆراك وبژێویەکەیدا، هیچت ناداتیٚ، جگەلە خۆشەویستی. لەتەمەنی پێنج ساڵیدابووم، باوکم توتکەیەکی بەپەنجاسەنت بۆکڕیم، ئەو توتکەیە ببوویە سەرچاوەی هەموو خۆشی

وبەختەوەریەکانم. دوانیوەڕۆی هەموو ڕۆژێك، دەوروبەری کاتژمێر چوارونیو، لەبەردەم ژوورەکەی پێشەوە دادەنیشت وچاوە جوانەکانی دەبڕیە ڕاڕەوەکە. هەرکەگوێی لەدەنگی من دەبوو، وەك تیر دەردەپەڕی بۆلام، تاکو بەحەپەیەکی جوان سڵاوم لێ بکات.

(تیبی) بۆماوەی پێنج ساڵی تەواو هاوڕێم بوو. پاشان، لەشەوێکی خەمناکدا کەهەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، تیبی لەدووری دەپێ لەژوور سەری منەوە بە هەورە بروسکە کوژرا. مردنی تیبی کارەساتی سەردەمی منداڵیم بوو. تیبی گیان! تۆ هیچ پەرتوکێکی دەروونناسیت نەخوێندبویەوە. پێویستیشت بەخوێندنەوەی وەها کتێبێك نەبوو. تۆلەمیانەی غەریزەکانتەوە دەتزانی هەرکەسێك دەتوانێت لەماوەی دوومانگدا لەڕێگەی گرنگیدانیەوە بەبەرانبەرەکەی، زیاتر لەوە هاوڕێ بۆخۆی پەیدا بکات کە لەماوەی دووساڵدا هەوڵی بۆئەدات لەڕێی ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەرەکانی بۆ ئەوەی گرنگی پێ بدەن. لێم گەڕێ بادووبارەی بکەمەوە: تۆدەتوانی لەمیانەی بایەخدانتەوە بەبەرانبەرەکانت لەماوەی دوومانگدا زیاد لەوە هاوڕێ پەیدابکەیت کەلەماوەی دووساڵدا هەوڵی بۆ ئەدەیت لەڕێی سەرنج ڕاکێشانی بەرانبەرەکانتەوە بۆئەوەی گرنگیت پێ بدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، منیش وتۆش کەسانێك دەناسین کەلەژیاندا هەڵەدەکەن، کاتێ هەوڵ ئەدەن دڵی بەرانبەرەکانیان ڕابکێشن بۆ ئەوەی بایەخیان پێ بدەن.

ئاسایی، ئەو کارە کارێکی بێ سودە. چونکە خەڵکی نەبایەخ بەتۆ ئەدەن ونەبەمن. بەڵکو ڕۆژتائێوارە، تەنها گرنگی بەخۆیان ئەدەن.

كۆمپانیای تەلەفونی نیویۆرك، لێكۆڵینەوەیەكی وردی ئەنجامدا، تاكو بۆی دەربكەوێت كام وشە لەكاتی گفتوگۆكاندا زۆرتر دووبارە دەبێتەوە. لەئەنجامدا دەركەوت: ڕاناوی (مـن) زۆرترین دووبارە بونەوەی هەیە، چونكە لە(٥٠٠) گفتوگۆی تەلەفۆنیدا (٣٩٩٠جار) دووبارە بوەتەوە!.

كاتێ سەرنج لەكۆمەڵێ وێنەی فۆتۆگرافی خۆت ئەدەیت، یەكەمجار چاو بۆ كام وێنە دەگێڕیت؟ .

ئەگەر وادەزانیت خەڵكی بایەخت پێ ئەدەن، لەخۆت بپرسە: ئەگەر ئەمشەو بمرم، چەند كەس دەچن بۆ پرسەكەم؟ !.

بۆچی پێویستە خەڵك گرنگی بەتۆ بدەن، ئەگەر تۆ پێشتر گرنگیت بەوان نەدابێ؟ پێنوسەكەت ئامادەبكە و.وەڵامەكەت بنوسە:

ئەگەر تەنها بمانەوێت خەڵكی گرنگیمان پێ بدەن.ئەوا هاوڕێی دڵسۆزمان دەست ناكەوێ.هاوڕێی ڕاستەقینە بەو شێوەیە كەسب ناكرێ.

ناپلیۆن ئەو ڕێگەیەی تاقی كردەوە، بۆیە لەدوا چاوپێكەوتنیدا لەگەڵ جۆزفینداگوتی: (جۆزفین، منیش وەك هەرپیاوێكی تری سەرئەم گۆی زەمینە بەخت یاوەرم بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، لەم ساتەدا، تۆتاكە كەسێكی كەلەم جیهانەدا دەتوانم پشتی پێ ببەستم) ئەمە لەكاتێكدا مێژونوسەكان تەنانەت گومان لەوەش دەكەن كەئەو توانیبێتی پشت بەجۆزفینیش ببەستێ .

زانای دەرونناسی بەناوبانگ(ئەلفرد ئەدلەر) كتێبێكی نوسیوە بەناوی : (پێویستە ژیان بۆتۆ، چ مانایەك ببەخشێت).لەوپەرتوكەدا دەڵێت: (ئەو مرۆڤەی كەگوێ نادات بەبرا مرۆڤەكەی تری، لەژیاندا دووچاری چەندین گرفت وناڕەحەتی دەبێتەوە، لەهەمان كاتیشدا دەبێتە

هۆی قوڵترین زام بۆ ئەوانی تریش، هەر لەنێو ئەو جۆرە کەسانەشدا شکستە مرۆییەکان سەر هەڵئەدەن).

لەوانەیە لەنێو کتێبەدەروونناسیەکاندا تێبینی هاوشێوەی ئەم تێ بینیەت خوێندبێتەوە.بەڵام دەربڕینێکی بەسودترلەم دەربڕینەت بەرچاو نەکەوتوە.

مـن ڕقـم لەدووبارەکردنەوەیـە.وەڵێ دەربڕینەکـەی (ئەدلـەر) زۆر دەوڵەمەندە بەواتای جوان.لەبەرئەوە، لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە: (ئەو مرۆڤەی کەگوێ نادات بەبرا مرۆڤەکەی تری، لەژیاندا دووچاری چەندین گرفت وناڕەحەتی دەبێتەوە، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی قوڵترین زام بۆ ئەوانی تریش، هەر لەنێو ئەو جۆرە کەسانەشدا شکستە مرۆییەکان سەر هەڵئەدەن)جارێکیان لەزانکۆی نیویۆرك لەبارەی هونەری نوسینی چیرۆکی بچوکەوە دەم خوێند.سەرنوسەر(کولییر) لەیەکێك لەپۆلەکاندا گوتی: من دەتوانم لەنێو دەیان چیرۆکدا کەڕۆژانە پێمان دەگات، یەك چیرۆك هەڵبژێرم.لەپاش خوێندنەوەی چەند بڕگەیەکی کەمی چیرۆکە کە، تێدەگەم لەوەی نوسەرەکەی خەڵکی خۆش دەوێت یان نا: (ئەگەر نوسەر خەڵکی خۆش نەوێت، ئەوا چیرۆکەکانیشی خۆش ناوێت).

ئەم نوسەرە بەتوانایە، دووجار قسەکانی بڕی وداوای لێبوردنی کرد لەوەی کەخەریکە ئامۆژگاری پێشکەش دەکات.دواتر گوتی: (منیش وادیارە هەمان شتتان پێدەڵێم کەواعیزەکان پێتان دەڵێن.بەڵام لەبیرتان بێت، ئەگەر بتانەوێ ببنە نوسەری سەرکەوتوو، پێویستە خەڵکتان خۆش بوێت).

ئەگەر بۆنوسینی چیرۆك ئەم قسەیە ڕاست بێت.ئەوا دڵنیابە لەكاتی مامەڵـەكردنی ڕوو بـەڕوو لەگـەڵ خەڵكیـدا، ڕاسـت تـرە. ئێوارەیـەكم لەژووری جلوبەرگەكانی (هوارد تۆرستۆن)دا بەسەر برد لە(برود وای)... سورستۆن جادوگەرێكی ناسراوە، ئەوپیاوە لەماوەی چل ساڵدا هەموو جیهـان گـەڕاوە وجموجـوڵی تەمومـژداری وای نیـشان داوە كەبینـەرانی سەرسام كردووە.نزیكەی شەست ملیۆن بینەر لەسەرتاسەری جیهاندا پارەیـان داوە بـۆبینینی كارەكـانی.لەئەنجامـدا نزیكـەی دووملیـۆن دۆلار قازانجی كۆكردۆتەوە.

داوام لەبەڕێز(سۆرستۆن)كرد تاكولـەنهێنی سـەركەوتنەكەی لەژیانـدا، ئاگـادارم بكـات.بێگومـان زانـست هـیچ پەیوەندیـەكی بـەو كارانـەوە نیە كەئـەو دەیانكـات.چونكە ئەوبەمنـداڵی لـەماڵ ڕایكـردوە.بەهـەرزەكاریش لەسەرشـەقام وشۆسـتەكاندا دەخـەوت و بـەدەرۆزە كـردنیش خـواردنی بۆخۆی پەیدا دەكرد.

ئایا ئەوپیاوە شارەزاییەكی زۆری هەبوو لەجادوكردنـدا؟ نەخێر. ئەو خــۆی باســی ئــەوەی بــۆكردم كەســەدان پــەرتوك لــەبارەی یاریەشـاردراوەكانەوە هەیـە، كەسـانێكی زۆریـش وەكـو ئەوئاشـنان بـەو كتێبانـە.بـەڵام دوو تایبەتمەنـدی لەخۆیـدا دەبینـی كەلەكەسـانی تـردا نین.یەكـەم تایبەتمەنـدی ئەوەیـە كـە نمایشكارێكی شـارەزایەو دەتوانێ كەسایەتی خۆی بخاتـە بـەر ڕۆشـنایی. شارەزایشی هەیـە لەسروشـتی مـرۆڤ.هەرچـی كـردارێ ئـەنجامی ئـەدات، هەرجوڵەیـەك، هـەر دەنگێـك، تەنانـەت جوڵـەكانی برۆیشی بەوردی دیراسە دەكرد، بەرلـەوەی دەست بەنمایشەكانی بكات.سەرباری ئەوەش(سۆرستۆن) بایەخێكی زۆری ئەدا

بەخەڵك. خۆی بەمنی گوت: زۆرباشە، کۆمەڵێ خەڵکی گەمژە لەبەردەمدان ومنیش بەجوڵەکانم گاڵتەیان پێ دەکەم) بەڵام شێوازی کاری سۆرستۆن تەواو لەوان جودایە.ئەوهەرکاتێ دەچێتە سەرتەختی شانۆ لەناخی خۆیدا دەڵێت: (زۆر هەست بەمنەتباری دەکەم کەئەوخەڵکە هاتوون من ببینن. ئەوان یارمەتیم دەدەن بەشێوەیەکی باشتر، بژێوی خۆم پەیدابکەم.لەبەر ئەوە، هەرچی لەتوانامدابێت بۆیان دەکەم). هەروەها باسی ئەوەیشی بۆکردم کەهیچ هەنگاوێ نانێ بەرەو تەختی شانۆ، ئەگەر لەدڵی خۆیدا نەڵێت: (جەماوەرەکەمم خۆش دەوێ.جەماوەرەکەمم خۆش دەوێ) ئایا ئەمە شتێکی هیچ وپوچە؟ تۆی خوێنەر دەتوانی بیرلەوەبکەیتەوە.من بەبێ هیچ توانجێ دەینوسمەوە!.

خاتوو(شۆمان هینك)یش سەرباری برسێتی وناڕەحەتی.سەرباری ئەوەی کەناسۆرەکانی ژیانی خەریك بوو پاڵی پێوە بنێن بۆخۆکوشتن وکوشتنی منداڵەکانیشی، سەرباری هەموو ئەونەهامەتیانە، کەچی توانی گۆرانی بڵێت وببێتە یەکێك لەدرەوشاوەترین ئەستێرەکانی ئۆپێرا.ئەمیش دانی بەوڕاستیە دانا کەیەکێك لەنهێنیەکانی سەرکەوتنەکەی بریتیە لەگرنگی دانی بەخەڵك.

هەرئەم هۆکارەش یەکێکە لەنهێنیەکانی سەرکەوتن وجەماوەرداریەکەی تیۆدۆر ڕۆزڤلت. ئەم پیاوە تەنانەت خزمەتکارەکانیشی خۆشیان دەویست.(جیمس أ.ئەموس) کەیەکێك بوو لەخزمەتکارە تایبەتەکانی، کتێبێکی نوسیوە بەناوی(تیۆدۆر ڕۆزڤلت، قارەمانی خزمەتکارە تایبەتەکەی) لەو پەرتوکەدا ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە:

جارێکیان هاوسەرەکەم پرسیاری ئەوەی کرد لە سەرۆک کەئایا (کەو)چۆنە؟ چونکە پێشتر کەوی نەبینیبوو.ئەویش زۆر بەوردی وەسفی کەوی بۆکرد.کەچی پاش ماوەیەك، زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا(ئەموس وهاوسەرەکەی لەکەرتی ڕۆزڤلت لەئۆیستربای دەژیان).هاوسەرەکەم وەلامی دایەوە، خودی سەرۆك لەسەر هێڵی تەلەفۆن بوو.بەهاوسەرەکەمی گوتبوو: ئێستا کەوێك لەدەرەوەی پەنجەرەکەتدایە ودەتوانی بەئاسانی بیبینی.ئەم جۆرەشتە وردانە ڕۆزڤلتیان لەهەرکەسێکی ئاسایی جیادەکردەوە.هەرکاتێکیش بەلای ماڵەکەماندا تێپەڕ ببوایە. سڵاوێکی گەرم ودڵسۆزانەی لێدەکردین. ئایا کارمەندەکان دەتوانن پیاوێکی ئاوایان خۆش نەوێت؟ چۆن مرۆڤ دەتوانێت پیاوێکی وای خۆش نەوێت؟ .

ڕۆژێك سەرۆك ڕۆزڤلت سەردانێکی کۆشکی سپی دەکات، ئەوکاتە سەرۆك تافت وهاوسەرەکەی لەدەرەوە بوون.لەو سەردانەدا خۆشەویستی خۆیی بۆخەڵکە سادەکەی ئەوێ دەبڕی، لەڕێی سڵاوکردنیەوە لەهەموو حزمەتگوزارە دێرینەکانی کۆشك. بەناوی خۆیانەوە. تەنانەت سڵاویشی لەچێشت پەزەکانی چێشتخانەکەی کۆشکی سپی کرد.

(ئەرشی بات) دەنوسێت ودەڵێت: (کاتێ سەرۆك چاوی بەئەلیسی خزمەتگوزاری چێشتخانە کەوت، پرسیاری ئەوەی لێکرد ئایا تائێستاش نانی زەڕات سازدەکات.ئەلیس گوتی: زۆرجار بۆخزمەتکارەکانی سازدەکەم، بەلام ئەوانەی لەنهۆمی سەرەوەدان نایخۆن.ڕۆزڤلت گوتی:

ئەوان ئارەزوویان لەگەڵ خواردندا ساغ نیە، هەرکەچاوم بەسەرۆك کەوت باسی نانە زەڕاتەکەی تۆی لەگەڵدا دەکەم)!.

ئەلیس لەسەر دەوریەکی بچوك پارچەیەك لەونانەی بۆهێنا، ڕۆزڤلت پارچەنانەکەی هەڵگرت وبەرە ونوسینگەکەی چوو، سڵاویشی لەکرێکار وباخەوانەکانیش دەکرد. وەك جاران، هەرکەسێکی بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە بانگ دەکرد، تائێستاش زۆربەی کارمەندەکانی کۆشك باسی ئەو ڕوداوە دەکەن. (ئیك هۆفر) بەچاوی پڕلە فرمێسکەوە گوتی: (ئەو ڕۆژە، لە ماوەی دووساڵدا خۆشترین ڕۆژمان بوو، هیچ کەس ئەو ڕۆژە ناگۆڕێتەوە بەسەد دۆلار). لەمیانەی ئەزمونی تایبەتی خۆمەوە، بۆم دەرکەوتووە کەمرۆڤ دەتوانێ بایەخ وکات وهاوکاری لەزۆربەی کەسایەتیە دیار وبالاکانی ئەمریکاوە بەدەست بێنێ. ئەمیشە لەمیانەی گرنگیدانی ڕاستەقینە پێیان. بانمونەیەك وەربگرین:

چەند ساڵێ لەمەوبەر، لەدامەزراوەی برۆکلین بۆ هونەر وزانستەکان، وانەی هونەری نوسینی چیرۆکم دەگوتەوە. حەزمان کرد بانگهێشتی هەندێ کەسایەتی ناوداربکەین. وەك: (کاسلین نوریس، فانی هرست، ئیداتاربیل. ئەلبرت باسیۆن، بویرت هیوز... هتد). تاکوبێن ولەئەزموتایبەتەکانیان سودمەندمان بکەن. بۆیە نامەمان بۆنوسین وتیایدا گوتبومان: ئێمە ڕێز دەگرین لەکارەکانتان ولەقوڵاییەکانی دڵمانەوە دەخوازین لە ئامۆژگاریەکانتان بێ بەشمان نەکەن ولەنهێنی سەرکەوتنتان ئاگادارمان بکەن. دواتر نزیکەی سەدوپەنجا قوتابی واژۆیان لەسەرنامەکان کرد. گوتمان: ئێمە دەزانین ئێوە سەرقاڵی کارکردنن. لەبەرئەوە نەبادا نەتوانن وتارمان بۆبدەن. هاتین لەگەڵ هەر

نامەیەکدا لیستێ پرسیارمان کردە هاوپێچ.پرسیار سەبارەت بەشێوازی کارکردنیان. ئەوانیش ئەوەیان پی خۆش بوو.کێ هەیە ئەوەی پێ خۆش نەبێت؟ بۆیە ماڵیان بەجێ هێڵاو سەردانی برۆکلینیان کردبۆ یارمەتی دانی ئێمە.

بەهۆی ئەو شێوازەوە.هەریەکە لەم کەسایەتیانە قایل بوون بەوەی بێن لەپەیمانگاکەی مندا بۆ قوتابیەکان بدوێن: لیسلی م. شۆ، سکرتێرەی خەزێنە لەئەنجومەنی وەزیرانی تیۆدۆر ڕۆزڤلتدا.جۆرج و.ویکرشام، ئەمینداری گشتی لەئەنجومەنی تافتدا. ولیەم جێنگزبراین. فرانکلین ڕۆزڤلت... هتد.

هەموومان، ئەگەر قەساب ونانەوا بین یان پادشابین ولەسەرتەخت دانیشتبین. هەموومان ئەوانەمان خۆش دەوێت کەڕێزمان دەگرن. قەیسەری ئەڵمانیا وەك نمونە وەربگرە.لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، یەکێك بوو لەپیاوە هەرە تاکڕەو و خۆ ویستەکان. تەنانەت کاتێ بەرەو هۆڵەندا هەڵهات بۆئەوەی گیانی خۆی ڕزگاربکات، هەموو وڵاتەکەی لێی ڕاپەڕین.ڕق و تورەیی خەڵك لەو کابرایە ڕوو لەزیاد بوون بوو، بەئەندازەیەك ملیۆنەها کەس ئاواتەخوازبوون لەت وپەتی بکەن.لەناو ئەم دۆزەخی قینەدا، منداڵێك نامەیەکی سادەی نوسی بۆ قەیسەر، پڕبوو لەسۆز ودڵسۆزی.منداڵە کە گوتبووی.خەڵکی هەرچی بڵێن من هەر قەیسەرم خۆش دەوێ!!قەیسەر کەوتە ژێرکاریگەری ئەو نامەیەوە، منداڵەکەی بانگ کرد تاکوچاوی پێی بکەوێت. ئەوەبوو منداڵە کە ودایکی هاتن.قەیسەر دوایی دایکی ئەومنداڵەی مارەکرد.ئەو منداڵە پێویستی بەخوێندنەوەی کتێبی: (چۆن هاوڕێ دروست دەکەیت

وکاریگەری لەسەر خەڵك دادەنێیت) نەبوو، بەڵکو ئەو بەشێوەیەکی غەریزی ئەوەی دەزانی!.

ئەگەر بمانەوێت دۆست وهاوڕێ بۆ خۆمان دروست بکەین.باخۆمان تەرخان بکەین بۆ خزمەتکردنی کەسانی تر، باهەندێ کاربکەین کەپێویستی بەکات و وزەو بیرکردنەوە دورکەوتنەوە لەخۆپەسەندی هەیە.

کاتێ دۆق(وێندرسۆن) شازادەی وایڵز، بڕیاربوو گەشتێ بەباشوری ئەمریکادا بکات. بەر لەوەی دەست بەگەشتەکەی بکات.چەند مانگێك خۆی سەرقاڵی خوێندنی زمانی ئیسپانی کرد تاکو بتوانێ لەو جێگەیەی بۆی دەچێ، بەزمانی خەڵکەکەی وتاربدات. ئەمریکاییە باشوریەکانیش لەبەر ئەوە زۆریان خۆش دەویست.چەندساڵێك لەمەوبەر بڕیارمدا ڕێکەوتی لەدایك بوونی هاوڕێکانم بدۆزمەوە.بەڵام چۆن؟ هەرچەندە غەیبیش نازانم. بەپرسیارێك لەهاوەڵەکەم دەستم پێ دەکرد سەبارەت بەوەی: ئایا ڕێکەوتی لەدایك بوونی مرۆڤ پەیوەندی بەکەسایەتی وپلە وپایەی مرۆڤەوە هەیە؟ دواتر پرسیاری ڕێکەوتی لەدایك بونیم لێرەکرد. ئەگەربۆ نمونە بیگوتایە (٢٤)ی تشرینی دووەم. لەدڵی خۆمدا دووبارەم دەکردەوە(٢٤ی تشرینی دووەم... (٢٤ی تشرینی دووەم)هەرکە ئاوڕی بەلایەکدا ئەدایەوە، ناوەکەی ومێژوی لەدایك بونیم لەسەر لاپەڕەیەك دەنوسیی.پاشان لەتیانوسی تایبەت بە بەروارەکاندا تۆمارم دەکرد. کەڕۆژی دیاریکراو دەهاتە پێشەوە نامە یان بروسکەیەکم بۆدەنارد.ئەبێ ئەو نامەیە چ کاریگەریەکی لەسەر دەرونی ئەوکەسانە دروست کردبێت!ئەگەر بمانەوێت دۆست وهاوەڵ بۆخۆمان دروست بکەین.بابەدڵ

گەرمی ونەرم ونیانیەوە لەگەڵ بەرانبەرەکانماندا بدوێین. هەرگا کەسێکیش بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردیت، هەمان شێواز بەکاربێنە. بڵێ(سڵاو) بابەرانبەرەکەت هەست بکات کەتۆ حەزدەکەی قسەی لەگەڵدا بکەیت.کۆمپانیای نیویۆرك کارمەندەکانی خۆی ڕاهێناوە لەسەر ئەوەی کەبڵێن: (بەڕێز گیان، ژمارەکە چەندە) بەزمانێك وەك بڵێیت: (بەیانیت باش، خۆشحاڵم خزمەتت بکەم) بائەم قسەیەمان لەبیربێت ئەگەر سبەینێ وەڵامی پەیوەندیەکی تەلەفۆنیمان دایەوە.

بەڵام ئایا ئەم شێوازە بۆکاتی کارکردنیش بەسودە؟ دەتوانم بۆ وەڵامیئەو پرسیارە چەندین نمونە بهێنمەوە.بەڵام لێرەدا دەرفەتی تەنها دوو نمونەمان هەیە.

(چارلز.واڵتەرز) بەڕێوەبەری یەکێك لەگەورەترین بانکەکانی نیویۆرك بوو، داوای لێکرا ڕاپۆرتێك سەبارەت بەکۆمپانیایەکی دیاریکراو ئامادەبکات.ئەم کابرایە پیاوێکی دەناسی، هەموو ئەوشتانەی ئەم پێویستی بوو لای ئەوپیاوە دەست دەکەوت: بۆیە ویستی چاوی بەوپیاوە بکەوێت، ئەم کابرایەش سەرۆکی کۆمپانیایەکی زەبەلاحی پیشەسازی بوو.کاتێ بەڕێز(وۆلتەرز) کرایە ژورەوە بۆنوسینگەکەی سەرۆك، کچە سکرتێرەکەی لەدرگاکەوە بەسەرۆکی گوت کەئەمرۆ هیچ پولێکی لە لانیە.

(ئەو پولانە کۆدەکەمەوە بۆکوڕەکەم کەتەمەنی دوانزەساڵانە) سەرۆك هەڵوێستەکەی بەو جۆرە بۆ بەڕێز واڵتەرز شیکردەوە.

(بەڕێز واڵتەرز) دەستی کرد بەباسکردنی مەرامی هاتنەکەی وچەندپرسیارێکی ئاراستەکرد. بەڵام سەرۆك لەقسەکردن و وەڵامەکانیدا

ئەمومـرژدار بـوو. حـەزی نـەدەکرد قسەبکات. وادەردەکـەوت شـتێ نـەبێ قەناعەتی پێ بکات بۆ ئەوەی قسەی بۆبکات. لەبەر ئەوە دیمانەکە وشك وبرنگ و کورت بوو. بەڕێز واڵتـەرز لەکاتێکدا ئەم بەسەرهاتەی لەپۆلدا دەگێڕایەوە گوتی: (بەڕاشکاوی نەمدەزانی چی بکەم. دواتر ئەو قسەیەم بیرکەوتەوە کەلەبارەی پولەکانەوە سکرتێرەکەیٔ بۆی کرد... بەبیرمداهات کەفەرمانگەی دەرەوەی بانکەکـەمان پـول کۆدەکاتـەوە. پـولی ئەونامانـەی کەلەهـەموو لایـەکی دونیـاوە ئاراسـتەی دەکـرێن. پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژی دواتـر... دووبـارە ڕۆشـتمەوە بـۆ چاوپێکەوتنی ئـەوپیاوە: پـێم گـوت پولیـشم پێیـە بـۆ کـوڕە دوانزەسـاڵانەکەت. ئایـا بەگـەرم وگوڕیـەوە ڕێگەیاندام بچمە ژورەوە؟ .بەڵێ گەورەم.

ئەونە بەگەرموگوڕیەکی واوە تەوقـەی لەگەڵمدا کرد، کەئەگـەر هـەڵیش ببژێردرایـە بـۆ پۆسـتی سـەرۆکی کـۆنگریس، هـەروا تەوقـەی لەگەڵمـدا دەکـرد زەردەخەنــەی دەبەخـشیەوە... لەکاتێکـدا پولـەکانی ئەمـدیو دیــودەکرد. پــەیتا پــەیتادەیگوت: (جــۆرج ئەمــەیانی زۆر بــەدڵ دەبێ اسەیری ئەمەیان بکە!زۆر جوانە).

مـاوەی نیوکاتـژمێر باسـی پولمـان کـرد وسـەرنجی وێنـەی کوڕەکـەی ئەوماندا، دواتر ماوەی کاتژمێرێکی لەکاتی خۆی بۆتەرخانکردم وهەموو ئەو زانیاریانەی پێویستم بوو، پێی دام-بەبێ ئەوەی خۆم داوای هیچی لێ بکەم. هەموو ئەوەی دەیزانی پێمی گوت. پاشان فەرمانبەرەکانی بانگ کـرد وپرسـیاری لێـدەکردن. پەیوەندیـشی کـرد بەهەنـدێ لـە یاریـدە دەرەکانیەوە، هێندەی داتـا وزانیـاری وڕاپـۆرت وژمارەپێدام کەبەتـەواوی ئەستۆمی قـورس کـرد... ئیدی وام لێهـات لەهـەر ڕۆژنامـە نوسـێکی تـر

زیاتر زانیاریم لەلاكەڵەكە بوو).(س.م.كنافلْ) لەفیلادلفیا هەوڵی ئەدا خەڵوز بفرۆشێتە كۆمپانیایەك.بەڵام كۆمپانیاكە هەوڵەكانی ڕەت دەكردەوە ونەیدەویست سوتەمەنی لەو بكڕێت.بەڕێز كنافل وتارێكی لەبەردەم قوتابیەكاندا پێشكەش كرد و، جامی ڕق وتوڕەیی خۆی ڕشت بەسەر كۆمپانیاكەدا و بەوەی پێناسەكرد كەنەفرەتە بەسەر ئەم نیشتمانەوە.هێشتر سەرسام بوو لەوەی كەبۆچی ناتوانێ سوتەمەنیەكەیان پێ بفرۆشێت.لەم كاتەدا من پێشنیارم بۆ كرد كەشێوازی ترپێڕەو بكات.بەكورتی فەرموو بزانەچی ڕویدا:

دیالۆگێكمان سازكرد لەنێوان دوو گروپدا، بابەتی دیالۆگەكەش بریتی بوو لەوەی: (بڵاوبونەوەی گەنجینەی كۆمپانیا زنجیرەییەكان. زۆرتر زیان لەوڵات دەدەن وەك لەوەی سودی پێ بگەیەنن).

بەپێی پێشنیاری من، كنافل لایەنی نێگەتیڤی هەڵبژارد، قایل بوو بەوەی لە وتوێژەكەدا بەرگری لەو كۆمپانیایانە بكات كەلەڕاستیدا ڕقی لێیان بوو. بۆیە گوتی: (لێرەدا هەولْ نادەم خەڵوز بفرۆشم، بەڵكو هاتووم داوای خزمەتێكتان لێ بكەم) دواتر دەستی كرد بەقسەوباس لەبارەی دیالۆگەكەوە.گوتی: (هاتوم داوای یارمەتی دەكەم چونكە بۆ ئەم هاوكاریە نەم توانیوە زیاد لەتۆ بیرلەكەسی تربكەمەوە بتوانێ ئەو زانیاریانەم دەست بخات كەمن پێویستم پێیەتی، چونكە زۆر حەزدەكەم لەوتوێژەكەدا سەركەوتن بەدەست بێنم.بۆیە لەقوڵایی دڵمەوە ڕێزلەهاوكاری كردنت دەگرم).

ئەمەی خوارەوەیش كۆتایی بەسەرهاتەكەیە، لەزمانی بەڕێز كنافلْ خۆیەوە:

داوام لێکرد خولەکێك لەکاتی خۆیم بۆتەرخان بکات.لەسەر ئەم بنەمایەش قایل بوو چاوی پێم بکەوێت.پاش ئەوەی کێشەکەی خۆمم بۆباسکرد، داوای لێکردم دابنیشم.بۆماوەی کاتژمێرێك وچل وحەوت خولەکیش لەگەڵمدا دووا.دواتر بەڕێوەبەرێکی تری بانگ کرد کەلەبارەی گەنجینە زنجیرییەکانەوە کتێبێکی دانابوو. ئینجا نوسراوێکی نوسی بۆ یەکێتی نیشتمانی گەنجینە زنجیرەییەکان تاکو ڕونوسێکم لەوبابەتە بۆ دابین بکەن.ئەو واهەست دەکات گەنجینە زنجیرەییەکان خزمەتێکی ڕاستەقینە بەمرۆڤایەتی دەکەن.بۆیە شانازیش دەکات بەوکارەی کەدەیکات لەپێناوی سەدان کۆمەڵەدا. لەکاتێکدا قسەی دەرکرد چاوەکانی دەبریکانەوە.پێویستە دان بەو ڕاستیەدا بنێم کەچاوی لەئاست هەندێ شت کردمەوە کەهەرگیز خەویشم پێوە نەدەبینی وبەتەواویش هەڵوێستی منیان گۆڕی. کاتێ لەنوسینگەکە هاتمەدەرەوە، تاکو درگاکە لەگەڵمدا هات.دای بەسەرشاندا وهیوای خواست لەوتوێژەکەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنم.هەروەها داوایشی لێکردم جارێکی تریش سەردانی بکەمەوە وهەواڵی ئەوەی پێ بدەم کە لە وتوێژەکەدا چ ئەنجامێکم بەدەست هێناوە.دوا قسەیشی ئەوە بوو کەپێی گوتم: (هیوادارم لەبەهاردا سەردانم بکەیت، چونکە من دەمەوێت ڕێکەوین لەسەر ئەوەی خەڵوزت لێ بکڕم).

ئەمە بۆمن وەکو جادویەك وابوو.چونکە خۆی پێشنیاری کرد خەڵوزم لێ بکڕێت، بەبێ ئەوەی من داوای هیچی لێ بکەم.لەماوەی دووکاتژمێر گرنگی دان بەخۆی وبەکێشەکانیدا، توانیم ئامانجێ بەدەست بێنم کەبە

دەسالّیش نەمدەتوانی بەدلّ ڕاکێشانی بۆکڕینی خەلّوز ئەو ئامانجە مسۆگەربکەم.

بەڕێزکنافلّ!تۆ نهێنیەکی تازەت نەدۆزیوەتەوە.چونکە سەدسالّ بەرلە زاین (بابلیۆس سیرۆس)ی هۆزانڤانی ڕۆمانی بەناوبانگ باسی لەوە کردوە کە: (ئێمە گرنگی نادەین بەوانی تر، تاکو ئەوان گرنگی بەئێمە نەدەن).

جائەگەر دەتەوێت خەلّکی خۆشیان بوێیت، ئەوا دەست بەم ڕێساگرنگەوە بگرە:

ڕووی گرنگیدانت وەربگێڕە بەلای ئەوانی تردا. ئەگەر دەتەوێت کەسایەتیەکی دەرکەوتە ونایاب بیت، خاوەنی لێهاتویی وبەهرەیەکی باش بیت لەبواری پەیوەندیە مرۆییەکاندا.لێم گەڕێ باهانت بدەم بۆخوێندنەوەی پەرتوکی (گەڕانەوە بۆلای ئاین) کەلەنوسینی (دکتۆرلینک)ە. لەناونیشانی کتێبەکە مەترسە!!... چونکە بەڕاستی کتێبێکی نایاب وجوانە. یەکێك لە نۆژدارە بەناوبانگەکانی دەروونناسی داینـاوە کەپترلەسێ هەزارکەسی بینیوە وئامۆژگاری کردون وگوێی بۆکێشەو گرفتەکانیان گرتوە... (دکتۆر لینك) پێی گوتم کەزۆرئاسان بوو پەرتوکەکەی ناو بنایە(چۆن کەسایەتیت دروست دەکەیت).چونکە چارەسەری ئەوکێشەیە دەکات..تۆی خوێنەریش کاتێ دەیخوێنیتەوە، دەبینیت کتێبێکی سەرنج ڕاکێش وقەشەنگە.ئەگەر بیخوێنیتەوە وکار بەپێشنیارەکانی بکەیت.بێگومان پەرە بەبەهرە ولێهاتویت دەدەیت لەهەلّس وکەوت کردن لەگەلّ خەلّکیدا.

بەشی دوانزدەیەم

چۆن وادەکەیت دەست بەجێ خەڵکی خۆشیان بوێیت؟

لەڕیزدا ڕاوەستابووم، چاوەڕوانم دەکرد نامەیەك لەنوسینگەی پۆست لەشەقامی سیی وسیێ نیویۆرکدا تۆماربکەم. هەستم کرد فەرمانبەرەکە بێ تاقەت بووە لەکارەکەی، پولەکانی تەسیلم دەکرد، وەسڵەکانی دەبڕی، پاشماوەی پارەکەیشی دەگەڕاندەوە... لەدڵی خۆمدا گوتم: (هەوڵئەدەم کارێك بکەم ئەو کوڕەگەنجە خۆشی بوێم.ئەبێ قسەیەکی خۆش ونەرم ونیان بدەم بەگوێیدا.سەبارەت بەخۆم نا، بەڵکو سەبارەت بەخۆی)... ئینجا هاتم لەخۆم پرسی: (ئەبێ چی بڵێم کەلەستایش کردن وپیاهەڵدانی دا ڕاستگۆبم؟) وەلامی ئەم پرسیارە ناڕەحەتە .بەتایبەت بۆکەسانێکی نەناس. وەلێ لەم حاڵەتەدا، مەسەلە کە ئاسان کەوتەوە.چونکە دەست بەجێ لەوگەنجەدا شتێکم بینی کەبەلامەوە جوان بوو.

بۆیە بەدڵگەرمیەوە پێم گوت: (چەندم پی خۆشە کوڕەکەی منیش پرچی وەکو پرچی تۆوابێت).

بەڕویەکی خۆش وسەرسامیەوە سەیرێکی کردم وگوتی: (ئێستا وەکوجاران جوان نیە)بەلام دڵنیام کردەوە کەهەرچەندە هەندێ

لەجوانیەکەی لەدەست داوە، بەڵام هێشتا زۆر جوانە.ئەم قسەیەمی زۆر پێ خۆش بوو.وتوێژێکی بچکۆلە کەوتە نێوانمانەوە... لەکۆتایدا پێی گوتم: (زۆرکەس. پرچم بەجوان دەزانن).

گرەو دەکەم کەئەوگەنجە لەکاتی نان خواردنیشدا خەونی بەوقسەیەمەوە دیوە.گرەو دەکەم) کە گەڕاوەتەوە بۆماڵیشەوە، ئەو قسەیەی بۆهاوسەرەکەی گێڕاوەتەوە.یاخود تەماشای ئاوێنەی کردوە وگوتویەتی: (قژم جوانە)!.

جارێکیان لەبەردەم جەماوەرێکدا ئەم بەسەرهاتەم گێڕایەوە.لەپاشاندا یەکێك لێی پرسیم: (مەبەستت لەوقسەیە چی بوو؟).

مەبەستم چی بوو؟ ! مەبەستم چی بوو؟ !.

ئەگەر ئێمە هێندە خۆپەسەند بین، نەتوانین بەبێ بەرانبەر کەمێك خۆشحاڵی وستایشی ڕاستگۆیانە بگەیەنینە کەسێکی تر-ئەگەر گیانیشمان لەقەبارەی سێوێکدا بێت، ئەوا بێگومان ڕوو بەڕووی ئەوشکستە دەبینەوە کەشایستەی خۆمانە.

بەڵێ، من شتێکم لەوگەنجە دەویست کە بەپارەوپول مەزەندە ناکرێ، ئامانجەکەیشم هاتە دی.ئەو ئامانجەم هاتە دی کەمن شتێکم لەپێناوی ئەوگەنجەدا کرد، بەبێ ئەوەی ئەو هیچ بۆمن بکات.ئەم هەستەش بەردەوام لەیاوەریتدا دەمێنێتەوە تەنانەت پاش ئەوەی ڕوداوەکەش بەسەردەچێ وتێ دەپەڕێت. یاسایەکی زۆرگرنگ هەیە لەهەڵس وکەوتە مرۆییەکاندا. ئەگەر گوێڕایەڵی ئەو یاسایەبین.هەرگیز ناکەوینە نێو هەڵەوە.لەڕاستیشدا، ئەگەر ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەین ژمارەیەکی زۆر وزەوەند لەهاوڕێ وئاشنامان بۆپەیدا دەکات.وەلێ هەرگا لەویاسایە

دەرچوین. دەکەوینە نێو دونیایەك كێشەی بێ کۆتاییەوە، یاساکەش ئەمەیە: وابکە کەسی بەرانبەرت هەست بەبایەخی خۆی بکات.

دکتۆر(ژۆن دیوی)دەڵێت: ئارەزوکردنی بایەخداری، قوڵترین هاندەرەلەنێو سروشتی مرۆڤایەتیدا... پرۆفیسۆر(ولیەم جیمس)دەڵێت: قوڵترین پرەنسیپ لەسروشتی مرۆڤدا، بریتیە لە بەدەست هێنانی ستایش. وەك لەبەردا ئاماژەم پێدا. ئەم هەستە ئەو هاندەریەکە جیامان دەکاتەوە لەئاژەڵەکانی تر و، هەرئەم هەستەش بەرپرسیارە لەبەرهەم هێنانی شارستانیەت.

هەزاران ساڵ لەمەوبەر فەیلەسوفەکان سەرنجی یاساورێساکانی پەیوەندیە مرۆییەکانیان داوە. لەسەرجەم ئەو سەرنج وتێرامانانەدا یەك یاسای گرنگ بەرهەم هێنراوە، یاساکە شتێکی تازەنیە، بەڵکوچەندە مێژو کۆنە ئەویش هێندە کۆنە. (زوروستر) لەئێراندا سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر ئاگرپەرستەکانی فێری ئەو یاسایە دەکرد. بیست وچوار سەدەش بەرلەئێستا کۆنفۆشیۆس ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد دەستی پێوەبگرن. هەروەها(لاوتسی) دامەزرێنەری (تاویەت) (یەکەم بنەما کەهەموو بونەوەری لێوە دروست بووە) بنەماکانی ئەو یاسایەی لە(دۆڵی هان)دابلاو دەکردەوە. (بودا)ش لەسەر ڕۆخەکانی ڕوباری (گانج)ی پیرۆزدا، پێنج سەدساڵ بەرلە زاین برەوی بەویاسایە ئەدا. پەرتوکە پیرۆزەکانی هندۆسیش هەزارساڵ بەر لەوبەرواره ئەو یاسایانەیان بڵاو دەکردەوە. مەسیحیش لەسەر بەرزاییەکانی یەهودای پیرۆز، نۆزدە سەدە بەرلەئێستایهەمان ئەویاسایەی فێری خەڵك دەکرد... مەسیح هەموو ئەویاسایەی لەیەك دێردا کۆکردۆتەوە. ڕەنگە گرنگترین یاسابێت

لەجیهانــدا، كــەدەڵێت: (مامەڵــە لەگــەڵ خەڵكیــدا بەوشــێوەیە بكــە. كەحەزدەكەیت خەڵكی لەگەڵ خۆتدا مامەڵەبكەن).

تۆڕەفتاری باشت دەوێ لەوكەسانەی هەڵس وكەوتیان لەگەڵ دەكەیت، دەتــەوێ دان بــە بــەهای ڕاستــەقینەتدا بنێن.هــەروەها دەتــەوێت هەست بكــەیت بــەوەی لەجیهانــە بچكۆلانەكەتدا كەسێكی بایەخداریت.ناتــەوێ گوێبیــستی پیاهەڵــدانێكی درۆزنانــەببیت.بــەڵكو خوازیــاری ستایــشی ڕاســتگۆیانەیت.دەتــەوێت هــاوڕێ ویاریــدەدەرەكانت، وەك ئــەوەبن كــە(چارلزشــواب)دەڵێــت: (ڕاستگۆبن لەستایــشدا وزیــادەڕەوبن لەمــەدح كردندا) هەموومان ئەوەمان دەوێت.

كەواتــە باپــەیڕەوی لەویاســا زێڕینــە بكــەین.بائــەوە بــدەین بەبەرانبــەرەكانمان كەخۆمان حــەزی پێدەكــەین.ئەوە چۆن دەبێت؟ كەی دەبێــت؟ لــەكوێ دەبێــت؟ وەڵامەكــەش ئەمەیــە: هەمیشە، لەهەركوێیــەك. بۆنمونــە: پرسیارم لەفەرمانبــەری پرسگەی(ڕادیۆسیتی)كــرد، ژمــارەی نوسینگەكەی (هنری سوفین) چەندە؟ . فەرمانبەرەكە لــەجل وبەرگدا زۆر پێكەوتــە و ڕێكوپێــك بــوو، شــانازی بەشــێوەی وەڵامدانــەوەی خۆیــەوە دەكــرد..لەوەڵامــدا گــوتی: هنــری ســۆفین.(كــەمێك ڕاوەســتا)نهــۆمی هەژدە(كەمێك ڕاوەستا).ژوری ژمارە ١٨١٦.

بەپەلە بەرە و(ئاسانسۆر)ەكە چووم... پاشان گەڕامــەوە بۆلای تاكو پێی بڵێم: دەمــەوێ پیرۆزبایی ئەو شێوازەجوانەت لێ بكــەم كەلــەوەڵامی پرســیارەكەدا بــەكارت هێنــا.زۆر ڕوون بویــت لەوەڵامدانــەوەدا.وەك هونەرمەندێ وەڵامت دایەوە.ئەوەش شتێكی ئاسایی نیە).

لەشادومانیدا گەشایەوە، پاشتر پێی گوتم کەبۆچی لەنێوان ڕستەیەك ویەکێکی تردا کەمێك ڕاوەستاوە وبۆچی هەموو ڕستەکانی بەوشێوەیە دەربڕی. ئەوقسەیەی من وای لێکرد بۆینباخەکەی ملیشی ڕێك بکات.پاش ئەوەی گەشتمە نهۆمی هەژدەیەم، هەستم دەکرد شادومانیەکی بێ سنورم بەخشیوەتە ئەوگەنجە.

نابێ چاوەڕوان بیت ببیتە باڵوێزی فەرەنسا یاخود سەرۆکی کۆمەڵەی کلامبایکسی یانەی ئیلك، ئەوجا فەلسەفەی ستایشی بەکار بێنیت.بەڵکو دەتوانیت وەکو جادویەك هەموو ڕۆژێك بەکاری بێنیت.

ئەگەر شاگردی چێشتخانە(بۆنمونە) لەبری پەتاتەی ی برژاو، پەتاتەی کوڵاوی بۆهێنایـن.بابڵێین: بەداخەوە ناڕەحەت دەبیت، ئێمە حەزمان لەبرژاوە) ئەویش دەست بەجێ وەڵام ئەداتەوە (ناهەرگیز ناڕەحەت نابم) زۆریش خۆشحاڵ وشادومان دەبێت کەدەبینێت تۆ ڕێزت لێگرتووە. دەستەواژەگەلێکی وەکو: (نیگەرانم کەناڕەحەتت دەکەم)، (دەفەرمویت... .)، (بەبێ زەحمەت)، (سوپاس)..ئەم ڕستە و دەستەواژانە دەبنەهۆی ئەوەی بەئاسانی ئاشی ژیانی ڕۆژانە بگەڕێت... هەروەها بەڵگەشن لەسەر پەروەردەبوونێکی باش.

بانمونەیەکی دیکە وەربگرین.ئایا هیچکام لەڕۆمانەکانی(هاڵ کاین)ت، خوێندۆتەوە؟ .

ملیۆنەها کەس ڕۆمانەکانیان خوێندۆتەوە.ملیۆنەهاکەس!!. ئەو کوڕی پیاوێکی ئاسنگەربوو.لەهەشت ساڵ زیاتریش لەقوتابخانە نەی خوێندوە وزانستی وەرنەگرتووە. لەگەڵ ئەوەشداکاتێ مرد، یەکێك بوو لەهەرەدەوڵەمەندترین پیاوانی جیهان لەوێژەدا.فەرموو ئەوە تۆ و،

ئەوەش بەسەرهاتی (هال کاین): هال کاین حەزی لەهۆنراوە وسرودی کورت بوو. هەموو هۆنراوەکانی (دانتی گبریال ڕۆزیتی) خوێندەوە. جارێکیان وتارێکی نوسی وتیایدا ستایشی دەستکەوتە هونەریەکانی (ڕۆزیتی) کردبوو. ڕونوسێکی لەو وتارە نارد بۆ (ڕۆزیتی)... ڕۆزیتی بەو وتارە زۆرخۆشحاڵ بوو. ڕەنگە لەناخی خۆیداگوتبێتی: (هەرگەنجێ ئەو بۆچونە جوانەی بەرانبەر تواناکانی من هەبێ، هەردەبێ زیرەك وبیرتیژیش بێت).

بەو جۆرە ڕۆزیتی کوڕی ئاسنگەرەکەی بانگهێشت کردتاکو بێتە لەندەن ولەلای خۆی وەکوسکرتێر کاربکات. ئەم ڕووداوەش بویە خاڵی گۆڕانکاری لەژیانی (هال کاین)دا. چونکە لەوشوێنە تازەیەدا چاوی دەکەوت بەوێژەوانەکانی سەردەمی خۆی. سودی لەهاندان وئامۆژگاریەکانی ئەوان دەبینی. بەو جۆرەش بەڕێرەوێکی ژیاندا ڕۆشت کەبویە هۆی ئەوەی ناوی بەئاسۆکانی ئاسماندا بلاوبێتەوە. هەروەها ماڵەکەیشی (قەلای گریبا)، لە(دورگەکانی مرۆڤ)دا، بویە مەزارێك وخەڵکی لەهەمەوولایەکی جیهانەوە ڕویان تێدەکرد... لەپاش خۆیشی هێندەی ماڵ وموڵك بەجێ هێلا کەبە دوو ملیۆن وپێنج سەد هەزار دۆلار مەزەندە دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا. کێ دەزانێ - ڕەنگە بەهەژاری ونەناسراوی بمردایە، ئەگەر ئەو نامەیەی بۆ ئەو پیاوە ناودارە نەنوسیایە. ئەوەیە هێز، هێزی هەرەگەورەی ستایشی ڕاستگۆیانە ودڵسۆزانە. (ڕۆزیتی) خۆی بەگرنگ دەزانی. ئەمەش شتێکی نامۆنیە. چونکە هەموو مرۆڤێك خۆی زۆر بەگرنگ دەزانێت.

ئایا پێت وایە تۆپلەوپایەت لەژاپۆنیەکان بەرزترە؟ لەڕاستیدا، ژاپۆنیەکان زۆر خۆیان لەتۆ بەرزتر دەبینن... ئەوان دەخرۆشێن وتەواو تووڕە دەبن ئەگەر ببینن پیاوێکی سپی پێست لەگەڵ خانمێکی ژاپۆنیدا دانس دەکات. ئایا پێت وایە پلەو پایەت لەهندۆسەکان بەرزترە؟ ئەمە یەکێکە لەباشیەکانت، بەڵام ملیۆنێك هندۆسی پێیان وایە پلەو پایەیان لەتۆ بەرزترە. تەنانەت ئەوان خۆراکێك ناخۆن کەسێبەری تۆی کەوتبێتەسەر.

ئایا هەستت وایە، لەئەسکیمۆ باشتریت؟ جارێکی تریش، ئەوە شتێکی باشە.وەلێ ئایا ناتەوێت بزانیت ئەسکیمۆ گومانی بەرانبەرت چۆنە؟ لەنێو ئەسکیمۆدا کەسانێك هەن. نەکاردەکەن ونە ئەیانەوێت هیچ جۆرە سودێکیش بگەیەنن.ئەسکیمۆ ناوی ناون(پیاوەسپییەکان).

هەرگەلێك بگریت، خۆی بەباشتر دەزانێت لەگەلانی تر.ئەم هەستەش دڵگەرمی وجەنگەکانی پێوەیە.لەڕاستیشدا هەموو مرۆڤێك بەشێوەیەك لەشێوەکان خۆی لەکەسانی تر بەباشتردەزانێت.بۆیە باشترین ڕێگەش بۆ ئەوەی بتوانیت بچیتە ناو دڵیەوە، ئەوەیە وای لێ بکەیت هەست بکات بەوەی تۆ ڕێزی ئەو بایەخەی ئەو دەگریت لەنێو جیهانە بچکۆلەکەیدا.

ئەو گوتەی ئەمرسۆنت لەبیربێت کەدەڵێت: (چاوم بەهەرپیاوێ بکەوێ پێم وایە بەشێوەیەك لەشێوەکان لەمن باشترە، لێرەوە، ئیدی دەتوانم لێیەوە فێرببم).

لایەنی خەفەتئامێزی ئەمەش، ئەوەیە ئەوانەی پاساوی هەڵوێستەکانی خۆیان ئەدەن، هەستەناوەکیە تێکچوەکانیان، بەهات وهاوار وتێکچوزیدەرونی وغرور دەتەقێننەوە، کەلەڕاستیشدا ئەمە

شتێکی بێزارکەرە،وەك شکسپیر دەڵێت: (مرۆڤ، مرۆڤی مەغرور!زانیاریەکی سادەی هەیە، کەچی فێڵی سەیرلەبەردەم ئاسماندا دەکات، ئەمەش فریشتەکان دەگریەنێت).

سێ چیرۆك وبەسەرهاتتان پێشکەش دەکەم، سەبارەت بەسێ بزنسمان کەئەو یاسایانەیان پەیڕەو کرد وئەنجامی باشیان لێ وەدەست هێنا.یەکەمجار ئەم حاڵەتە وەردەگرین کەخاوەنەکەی بەهۆی کەسە نزیکەکانیەوە حەزناکات ناوی بەرین.

پاش ئەوەی پەیوەندی بەپەیمانگاکەمەوە کرد، بەڕێز(ڕ) لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەرە و(لۆنگ ئایسلەند) ڕۆشتن، بۆسەردان و دیدەنی هەندێ لەخزم وکەس وکارەکانی هاوسەرەکەی .لەوێ هاوسەرەکەی ڕۆشت بۆ سەردانی خزمەگەنجەکانی و مێردەکەی بەجێ هێڵا تاکو لەگەڵ پورە پیرەکەیدا بمێنێتەوە.بەڵام ئەبێ باسی چی لەگەڵدا بکات؟ باسی جێبەجێ کردنی بنەماکانی ستایش.بیری لەوە کردەوە لەگەڵ ئەوپیرەژنەدا دەست بەجێ بەجێ کردنی بنەماکان بکات.

بەدەوری خانوەکەدا سوڕایەوە تاکو بزانێ چ شتێکی تێدایە کەجێگەی ستایش کردنی دڵسۆزانە وڕاست گۆیانە بێت.لەئەنجامدا لەپیرەژنەکەی پرسی:

ئەم خانوە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٠ دروستکراوە، وانیە؟

– بەڵێ، کتومت لەوساڵەدا دروستکراوە.

ئەوخانوەم وەبیر دێنێتەوە کەتیایدا لەدایك بوم.خانویەکی جوانە.ژورەکانی فراوانن. لەم ڕۆژگارەدا. خانوەکان بەوشێوازە دروست ناکرێن.

(تۆڕاست دەكەیت). پیرەژنەكە ڕەزامەندی بۆ دەربڕی.(گەنجەكانی ئەمڕۆ بایەخ بەخانوی جوان نادەن.تەنها گرنگی بەوە ئەدەن خانویەكی بچكۆلە وبەفرگرەیەكیان هەبێت و، بەئۆتۆمبیلەكانیان بگەڕێن).

ئەم خانوە، خانوی خەونەكانە) پیرەژنەكە ئەم قسەیەی بەدەنگێكی پڕلەسۆزەوە كرد.ئەم خانوە بەخۆشەویستی دروستكرا.من ومێردەكەم چەندساڵێ بەر لەدروست كردنی خەونمان پێوە دەبینی.ئەندازیارمان بۆ بانگ نەكرد.خۆمان نەخشەمان بۆ دانا.

دوای ئەوە بەخانوەكەدا گەڕاندی.ڕێزی لەو شتەئەنتیكە جوانانە ئەگرت كە ئەو ژنە لەكاتی سەفەرەكانیدا كۆی كردبونەوە: تاقمی قۆری وپیاڵەی ئینگلیزی، دەوری سینی، كورسی فەرەنسی، پارچەقوماشی ئاوریشم كەكاتی خۆی لەنمایشگایەكی فەرەنسیدا پیشان درابوون. بەڕێز(ڕ) گوتی: (لەپاش ئەوەی خانوەكەی بەتەواوی پێ نیشاندام، بردمی بۆ ژێر زەمینێك لەوێش ئۆتۆمبیلێكی جۆی (باكارد)ی نیشاندام كەئەمیان تاڕادەیەك تازەبوو.

دواتر بەدەنگێكی ناسك گوتی: مێردەكەم ماوەیەكی كەم بەرلەوەی بمرێت، ئەم ئۆتۆمبیلەی كڕی.لەوەتەی ئەو مردوە سواری ئەم ئۆتۆمبیلە نەبووم... تۆڕێزی شتەبەنرخەكان دەگریت.لەبەرئەوە ئەم ئۆتۆمبیلەت پێشكەش دەكەم.

*(پوریێ گیان! تۆ من شەرمەزار دەكەیت.من ڕێزلە بەخشندەیت دەگرم.بەڵام ناتوانم ئەو دیاریە وەرگرم.من خزمی نزیكی تۆنیم. ئۆتۆمبیلێكی تازەیشم هەیە. خۆیشت خزمی نزیكت زۆرە، ئەوان حەزدەكەن ئەو ئۆتۆمبیلەیان پێ بدەیت.

-(خزم!) بەسەرسوڕمانەوە پیرەژنەکە گوتی(خزم!). بەڵێ خزمم زۆرە کەچاوەڕوان دەکەن بمرم وئۆتۆمبیلەکە بۆخۆیان ببەن. بەلام ئەو ئۆتۆمبیلەیان دەست ناکەوێ).

* ئەگەر نەتەوێ بیدەیت بەخزمەکانت، زۆربەئاسانی دەتوانی بیفرۆشیت.

- بەڕومدا هەڵشاخا: (بیفرۆشم!). ئایا پێت وایە دەتوانم بیفرۆشم؟ ئایا پێت وایە چاوم بەرایی ئەدا غەوارەیەك ببینم ئەو ئۆتۆمبیلە بەسەر شەقامدا لێ بخوڕێت؟ هەرگیز بیر لەفرۆشتنی ناکەمەوە. بەدیاری دەیدەم بەتۆ. چونکە تۆ ڕێز لەشتە بەنرخەکان دەگریت!).

هەوڵیدا خۆی بدزێتەوە لەوەرگرتنی ئۆتۆمبیلەکە، بەلام نەیدەتوانی بەبێ بریندارکردنی هەستی پیرەژنەکە ئەو کارەبکات.

ئەو پیرەژنەی کەبەتەنها لەگەڵ پارچە دانسقە فەرەنسیەکان ویادەوەریەکانیدا بەجێ مابوو، زۆریش تامەزرۆی کەمێك سوپاس و ستایش کردن بوو. ڕۆژگارێك ئەمیش، کچێکی جوان و سەرنج ڕاکێش بووە وگەنجەکان هەوڵیان بۆداوە.ئەو خانوەیشی بۆیە دروستکرد، تاکو پڕی بکات لەخۆشەویستی.لەهەموو لایەکی ئەوروپاوە شتی جوان ودانسقەی بۆ ڕازاندنەوەی خانوەکەی کۆکردەوە.ئێستاش، لەنێو نامۆیی پیرێتی‌دا، پێویستی بەکەمێك گەرموگوڕی مرۆیی وڕێزگرتنی ڕاستگۆیانەیە-بەلام هیچ کەسێك نەبوو ئەو کەمە ڕێزەی پێ ببەخشێت.بۆیە هەر کەئەوکەسەی دەست کەوت، وەك مرۆڤی چاوگێك ئاوی سازگار لەبیابانێکدا بدۆزێتەوە، هیچ ڕێگەیەکی تری شك نەدەبرد

بۆئەوەی دان بەجوانیەکانی ئەو کەسەدا بنێت، بێجگە لەوەی ئۆتۆمبیلە(باکارد)ەکەی پێ ببەخشێت.

باچیرۆکێکی تر وەرگرین، ئەمجارەیان لەبارەی(دۆناڵدم.ماك ماهون)ەوە، ئەم پیاوە بەڵێندەرە بوو لەکۆمپانیای (لویس وفالنتین) بۆ کارو باری ئەندازیاری لە(ڕای)ی ویلایەتی نیویۆرك:

خۆی دەڵێت: پاش ئەوەی گوێبیستی باس وخواسێك بووم سەبارەت بە(چۆن هاورێ پەیدادەکەیت وکاریگەری لەسەر خەڵك دادەنێیت، دیزاینی خانوم دەکرد بۆ دادوەرێکی بەناوبانگ.خاوەنی خانوەکە هەندێ پێشنیاری پێشکەش کرد دەربارەی ئەوگوڵانەی کەدەیەوێت لەخانوەکەیدا بیان ڕوێنێت. پێم گوت:

(جەنابی دادوەر، تۆ هیوایەتێکی جوانت هەیە. من زۆر سەرسامم بەسەگەکانت، دەشزانم لەنمایشگای سەگەکاندا، کە هەموو ساڵێك لەمادیسۆن سکویرگاردن سازدەکرێ، شریتی شین بەدەست دێنێت).

کاریگەری ئەم ستایشەجێگەی سەرسوڕمان بوو.

(بەڵێ) دادوەرەکە وەڵامی دایەوە: (زۆر بایەخ بەسەگ دەدەم. حەزناکەیت سەگە بچوکۆلەکانم ببینیت؟).

نزیکەی یەك کاتژمێر سەگەکانی وئەو خەڵاتانەیشی نیشاندام کەبەدەستی هێنابوون، تەنانەت سەگەبچکۆلەکانیشی دەهێنایە دەرەوە وئەو دەمارە خوێنانەیانی نیشان دەدام کە دەبنە بەڵگەلەسەر جوانی وزیرەکی سەگەکانی.

دواتر ئاوڕی دایەوە بەلامدا وپرسیاری کرد: (منداڵی بچکۆلەت هەیە؟).

-بەڵێ.

* زۆرباشە، حەزی لەسەگی بچوك هەیە؟.

-ئەرێ وەڵڵا، زۆر حەزی لێیە.

* زۆرباشە من دانەیەك لەوسەگانەی بەدیاری ئەدەمێ.

دواتر باسی ئەوەی بۆكردم كەچۆن چۆنی خۆراك بەسەگە بچوكە كەبدەم.هێندەی نەبرد، ڕاوەستا وگوتی: (بەدڵنیاییەوە، ئەوەت لەبیر دەچێت.باشێوازی خۆراك پێدانەكەت بۆ بنوسمەوە).جەنابی دادوەر، ڕۆشتە ماڵەوە وچۆنێتی خۆراك پێدانی سەگەكەی بۆ نوسیم.پاشان سەگەكەیشی پێدام كەنرخەكەی دەگەشتە سەد دۆلار، جگەلەوە سەعاتێك وپەنجا خولەك لەكاتە بە نرخەكەی خۆیشی پێدام.هەموو ئەوانەی پێدام، تەنها لەبەرئەوەی من سەرسامی ڕاستگۆیانەی خۆم دەربڕیبوو بە هیوایەتەكانی ئەو.

(جۆرج ئیستمان) داهێنەری فیلمە تەنكەكان، بڕی سەدملیۆن دۆلار ماڵ وسامانی كۆكردەوە... خۆیشی كردە گەورەترین بزنسمان لەجیهاندا، سەربار ی دەستكەوتە مەزنەكانی، كەچی وەكو من وتۆ حەزی بەستایش كردن دەكرد.

بۆنمونە، چەندساڵێك لەمەوبەر، ئیستمان سەرقاڵی دروستكردنی قوتابخانەی ئیستمانی مۆسیقی وهۆڵی كیلبۆرن بوو لەڕۆجستەر، هۆڵی شانۆكەی بۆ بەرز ڕاگرتی یادی دایكی دروست دەكرد.(جیمس ئادامسۆن) سەرۆكی كۆمپانیای تەجهیزكردنی ئۆتێلەكان لەنیویۆرك، هەوڵی ئەدا تەندەری تەجهیزكردنی ئەو ئاپارتمانانە بەدەست

بێنێت. پاش ئەوەی پەیوەندی بەئەندازیارەکەوە کرد. ئادەمسۆن وادەیەکی دان بۆبینینی بەڕێز ئیستمان لەڕۆچستەر.

کاتێ ئادامسۆن گەیشت، ئەندازیارەکە گوتی: دەزانم تۆ دەتەوێت ئەندەرەکانت دەست بکەوێت، بەڵام هەر لەئێستەوە دەمەوێت پێت بڵێم کەتۆ ناتوانیت پێنج خولەك زیاتر لەکاتی ئیستمان بۆ خۆت بەریت. ئەو زۆر سەرقاڵە. هەربەپەلە مەبەستەکەتی بۆ ڕوون بکەرەوە وبێرە دەرەوە. ئادامسۆن خۆی ئامادەکرد وابکات کەئەندازیارەکە دەڵێت. کاتێ ڕێگەیاندا بچێتە ژوورەوە، سەیری کرد بەڕێز ئیستمان سەرقاڵی دونیایەك کاغەزو نوسراوە. بۆیە هەرکە بەڕێز ئیستمان تەماشای کرد و چاویلکەکەی لابرد، بەرە و ئەندازیارەکە وئادامسۆن ڕۆشت وگوتی: بەڕێزان بەیانیتان باش، دەتوانم چ کارێکتان بۆبکەم؟).

ئەندازیارەکە بەڕێز ئادامسۆنی بەئیستمان ناساند، ئینجا گوتی: کەچاوەڕوانم دەکردی، چاودێری نوسینگەکەتم دەکرد. من ئەگەر ژورێکی وەکو ئەمەی تۆم هەبوایە، بایەخم بەکارەکەم نەئەدا. تۆدەزانیت من ئەندازیاری دیکۆرم. لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا لەژیانمدا نوسینگەی جوانی وەك ئەمەی تۆم نەدیووە.

جۆرج ئیستمان لەوەلامدا دەڵێت: تۆ شتێکت وەبیر هێنامەوە کەخەریك بوو لەبیرم دەچوویەوە. جوانە، وانیە؟ لەسەرەتاوە سەرسامی کردم. بەلام ئێستا ئەوەندە سەرقاڵی کارم، جاری واهەیە بۆماوەی چەند هەفتەیەك ئەم نوسینگەیە نابینم، ئادەمسۆن بەژوورەکەدا گەڕاو ئینجا دەستی هێنابەسەر ڕەفەیەکدا وگوتی: ئەمە بەڕوی ئینگلیزیە، وانیە؟ کەمێك جیاوازە لە بەڕوی ئیتالی).

(بەڵێ) ئیستمان وەڵامی دایەوە.(بەڕوی ئیگلیزیە وئاوەردەکراوە.برادەرێکم کەدارشوناسێکی پسپۆڕە بۆی هەڵبژاردم).

پاشان ئیستمان هەموو ژورەکەی پیشاندا، ئاماژەی دەکرد بۆبەشە جۆربەجۆرەکان وڕەنگ وچاڵە دەستیەکان وهەموو ئەو شتانەی ترکە لەپلان دانان وجێبەجێ کردنی دیکۆری ژورەکەدا یارمەتی دەربوون.

لەکاتی گەڕان بەژورەکەدا وسەیر کردنی کەلوپەلە دارینەکانیدا.لەبەردەم پەنجەرەکەدا ڕاوەستان، ئیستمان بەشێوازێکی خۆبەکەم زانانەوە، ئاماژەی کرد بۆهەندێ لەو دامەزراوانەی کەدەیەوێت.لەڕێگەیانەوە هاوکاری مرۆڤایەتی بکات: زانکۆی ڕۆجستەر ونەخۆشخانەی گشتی، نەخۆشخانەی چارەسەرکردن، خانەی هاوڕێیەتی، نەخۆشخانەی مندالان... ئادەمسۆن زۆر بەگەرمی دەستخۆشانەی لێکرد لەبەرانبەر ئەو شێوازە نمونەییەدا کەماڵ وسامانەکەی تیچدا بەکار دەهێنێت ودەیخاتە خزمەتی سوککردنی ناسۆرەکانی مرۆڤایەتیەوە... لەپاشدا، جۆرج ئیستمان گەنجینەیەکی شوشەی کردەوە و، یەکەم کامێرای بەدەستەوە گرت کەکاتی خۆی داهێنراوی کابرایەکی ئینگلیزبوو کڕیبووی.

ئادەمسۆن پرسیاری هەوڵەپێشوەختەکانی لێکرد بۆکارکردن. بەڕێزئیستمانیش زۆر بەڕاستگۆیانە باسی سەردەمی هەژاری ومندالێتی خۆیی بۆکرد، باسی دایکەبێوەژنەکەیی بۆکرد، کەناوەندێکی ساوایانی کردبویەوە، ئەمیش خۆی وەك نوسەر لەکۆمپانیایەکی تەئمیندا کاری دەکرد ڕۆژی بەپەنجاسەنت. دێوەزمەی هەژاری بەڕۆژ وبەشەو باڵی

کێشابووبەسەریدا.کەچی بڕیاریدا پارەو پولی تەواو کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی دایکی دەست هەڵگرێت لەوکارە سەختەی کەدەیکرد.

بەڕێز ئادەمسۆن پەلکێشی کرد بۆباس وخواسی زیاتر.دانیشت وبەپەرۆشەوە گوێی بۆقسەکانی دەگرت لەکاتێکدا ئەو باسی لەئەزمونی خۆی لەهونەری وێنەگرتندا دەکرد.باسی ئەوەی بۆدەکرد چۆن بەدرێژایی ڕۆژ لەنوسینگەکەیدا کاری دەکرد.تەنانەت هەندێ جار بەشەویشداتاقی کردنەوەکانی ئەنجام ئەدا، جاربەجارێك تاکو مادەکیمیاویەکان کارلێکیان لەیەك دەکرد.ئەم خەوە نوچکەیەکی دەدا.

جیمس ئادەمسۆن، کاتژمێر دەوپانزدە خولەك چویە نوسینگەکەوە، لەسەرەتاوە هۆشدارییان دابویە کەتەنها پێنج خولەك مافی مانەوەی هەیە لەژوورەوە، کەچی کاتژمێرێ تێ پەڕی، ئینجا بوو بەدوو کاتژمێر، ئەوان هێشتر لەگەرمەی قسەکردندابوون!!.

دواجار، ئیستمان ئاوڕی دایەوە بەلای ئادەمسۆندا وگوتی: (کۆتاجار کەلەژاپۆن بووم، هەندێ کورسیم کڕی وهێنامنەوە بۆماڵەوە ولەحەوشەکەدا دامنان.بەڵام خۆر ڕەنگەکەیانی بردبوو... ناچار خۆم چووم لەبازاڕ بۆیاخم کڕی وهەرخۆیشم ڕەنگم کردنەوە.حەزئەکەیت ئەوکارە ببینیت کەکردومە؟ زۆرباشە، فەرموو ئەچینەوە بۆماڵەوە، ئێوارە لەماڵی ئێمە نان دەخۆین وکورسیەکانیش دەبینیت).

لەپاش شێوکردنەوە، بەڕێز ئیستمان ئەو کورسیانەی پیشانی ئادامسۆن دا کەلەژاپۆن کڕیبونی.نرخی هەریەك لەو کورسیانە لەیەك دۆلار ونیو تێنەدەپەڕی.بەڵام ئەو جۆرج ئیستمانەی کەسەد ملیۆن

دۆلاری بەکارکردن، کۆکردبویەوە، زۆرشانازی بەو کورسیانەوە دەکرد، چونکە خۆی بۆیاخی کردبوون!!.

نرخی کەلوپەلەکان لەوبینایانەدا گەشتە(٩٠/٠٠٠)هەزار دۆلار.گومانت وایە کێ تەندەری کڕینەکەیانی بۆدەرچوو؟ ئادەمسۆن یان یەکێك لەڕکابەرەکانی؟ . لەوکاتەوە، تاکوبەڕێز ئیستمان کۆچی دوایی کرد، لەگەڵ جیمس ئادەمسۆندا بوونە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی.

پێویستە لەکوێوە دەست بەستایش کردن بکەین؟ بۆچی هەرئێستا لەماڵەوە دەست پێ نەکەین؟ من نازانم لەچ جێگەیەکەوە گرنگە دەست پێ بکەین... پێویستە لەهاوسەرەکەتدا هەندێ تایبەتمەندی وخەسڵەتی باش هەبێت، ئەگەر بیرلەجێ بەجێ کردنی ستایشکردن بکەیتەوە- ئەگەر وانەبوایە نەتدەکردە هاوسەری خۆت.بەڵام لەکەیەوە تۆ سەرسامی خۆت دەربڕیوە بە سەرنج ڕاکێشی ژنەکەت؟ لەکەیەوە؟ .

چەندساڵێك لەمەوبەر ڕۆشتم بۆ ڕاوەماسی لەسەرچاوەکانی (میرامینشی) لە(نیوبرانسویك)دا.لەنێو خێوەتگایەکی دابڕاودا بووم لەقوڵاییەکانی دارستانە کەندیەکاندا. تاکەشتێك کەبۆ خوێندنەوە دەستم کەوت، ڕۆژنامەیەکی ناوخۆییبوو: هەرچی شتێ لەو ڕۆژنامەدا بوو خوێندمەوە. بەڕیکلامەکانیشەوە.بەو وتارەشەوە کەبەپێنوسی(دوروتی دیکس) نوسرابوو.وتارەکە زۆرجوان وقەشەنگ بوو، بەجۆرێ قرتاندم ولای خۆم پاراستم وهەڵمگرت... نوسەر لەووتارەدا باسی ئەوە دەکات کەتەواو لەوئامۆژگاریانە بێزاربووە کەپێشکەشی بوك وزاواکان دەکرێن.بەڵکو(بەڕای ئەو) پێویستە یەکێك هەستێ زاواکە بخاتە لایەکەوە وئەم ئامۆژگاریەی بکات: مەدح وستایش کردنی ژن، بەر لە هاوسەرگیری

ئارەزویەکە بۆژنەکە. بەڵام لەدوای هاوسەرگیری زەرورەت وتەنانەت ئەمانەتێکی شەخسیشە... هاوسەرگیری جێگەی دوژمنایەتی نیە.بەڵکو کێڵگەی دبلۆماسیەتە.

ئەگەر حەزت لەوەیە ژیانێکی خۆشت هەبێت، ڕەخنەلەکار وفرمانەکانی ژنەکەت مەگرە، یاخود بەراوردی کارەکانی مەکە بەئیشەکانی دایکت!! بەپێچەوانەوە، بەردەوام دەستگوشاد بەلەستایشکردنیدا وبەئاشکرا باسی ئەوەبکە کەزۆر شادومانیت بەوەی ژنێکت هێناوە تایبەتمەندیەکانی (ڤینۆس ومینرفا وماری ئان)ی تێدا کۆبۆتەوە.تەنانەت ئەگەر خۆراك ونانیشی زۆرخراپ ئامادەکردبوو، توڕەمەبە.بەڵکو بڵێ، ئەم ژەمە زۆرباش بوو، لەباشیدا ئاستێکی ئاسایی نەبوو!!(دەربڕینی وەرگێڕ).بەوەش هانی ئەدەیت زیاتر گرنگی بەئامادەکردنی چێشت وژەمەکان بدات، تاکو بگاتە ئاستی گومانی باشیی تۆ.

لەناکاو دەست بەوکارە مەکە- چونکە گومانی بۆپەیدا دەکات.بەڵکو ئەم شەو، یان سبەی شەو، چەپکێ گوڵ یان پاکەتێ شیرینی بۆبێنە... هەربەقسە مەڵێ(بەڵێ، پێویستە وابکەم)!بەڵکو بەڕاستی وابکە.زەردەخەنەیەکی بۆبکە. وهەندێ قسەی گەرم وگوڕی بەگوێدا بدە.ئەگەر هەموو ژن ومێردەکان وابکەن، ئەرێ هیچ پەیوەندیەکی هاوسەرگیری شکست دێنێت وهەڵدەوەشێتەوە؟ .

حەزدەکەیت بزانیت، بەچ شێوەیەك ژنێك دەکەوێتە نێو داوی خۆشەویستی تۆوە؟ زۆرباشە.بفەرموو نهێنیەکت پێ بڵێم.بەڵام بیرۆکەکەی بیرۆکەی من نیە.بەڵکو لە(دوروتی دیکس)م وەرگرتوە.جارێك

چاو پێکەوتنی لەگەڵ ئەو پیاوەدا سازکرد کەفرەژن بوو، توانیبوی دڵی بیست وسێ ژن ڕام بکات(شیاوی باسە بڵێین لەزیندانەدا ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا سازکردبوو) باسی ئەوەی لێپرسی کەئایا چ شێوازێك پێڕە دەکات کاتێ والەژنێك دەکات بکەوێتە داوی خۆشەویستیەوە.لەوەڵامدا کابرا گوتی: هەرگیز پەنا نابەمەبەر فێڵ وچاوبەست: تەنها ئەوەی لەسەرتۆیە، ئەوەیە کاتێ لەگەڵ ژنێکدا دووایت، باسی خۆیی بۆبکە.

هەمان شێواز لەگەڵ پیاوانیشدا بەسودە: (باسی خۆی بۆپیاویش بکە) دزرائیلی، یەکێکە لەزیرەکترین ئەو پیاوانەی حوکمی شانشینی بەریتانیایان کردووە، دەڵێت: (باسی خۆی بۆ هەرپیاوێ بکەیت، چەندین کاتژمێر گوێت بۆدەگرێت).

بەو جۆرەش، ئەگەر ئەتەوێت خەڵك خۆشیان بوێیت، ئەم ڕێسایە بەکار بێنە: وابکە کەسی بەرانبەرت هەست بەبایەخی خۆی بکات... بەڕاستگۆیی ئەو کارەبکە.ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەم پەڕتوکەیت. پەرتوکەکە دابخە ودەست بکە بەجێبەجێکردنی فەلسەفەی ستایش کردن. لەگەڵ ئەوکەسەی لەنزیکتەوە دانیشتوە... پاشان سەرنجی ئەو ئاسەوارە جادوییە بدە، کە ئەم ستایش کردنە لەسەر ئەوکەسەی بەجێ دەهێڵێت.

دەروازەی سێیەم

هەندێ ڕێگە بۆڕاکێشانی خەڵك بەرەو شێوازی بیرکردنەوەی خۆت

دیل کارنگی دەڵێت:

زۆربەی خەڵك، ئەو توانا زیرەکانەیان نیە کەدەست لەدەستی ئەویتر بنێن بۆ چونەنێوقەڵای بیروباوەڕە مرۆییەکانەوە... لەنێو توانای زیرەکانەدا، نهێنی فێربوونی ئەم ڕێگەیە هەیە: (چۆن دڵی کەسانی تر ڕادەکێشیت بەرەو شێوازی بیرکردنەوەی خۆت و، دواتر هاوکاری دڵگەرمانەیان لێوە بەدەست دێنیت).

بەشی سیازدەیەم

ڕێگەیەکی مسۆگەر بۆ پەیداکردنی ناحەز، وە چۆنیش خۆت لەو ڕێگەیە دوور دەخەیتەوە؟

ئەودەمەی تیۆدۆر ڕۆزڤلت لەکۆشکی سپیدابوو، دانی بەوەدا نا ئەگەر بتوانێ ٧٥٪ڕاستی بپێکێت، ئەوا ئەو پەڕی هیوایەتەکانی بەدەست هێناوە.

ئەگەر ئەو ڕێژەیە، ئەو پەڕی هیوایەتەکانی درەوشاوەترین پیاوی سەدەی بیستەم بێت، ئەی ئەبێ من وتۆ چۆن بین؟ !.

ئەگەر دڵنیایت لەوەی دەتوانیت ٥٥٪لەسەرهەق بیت، ئەوا بۆت هەیە بچیتە وڵ ستریت وڕۆژانە یەك ملیۆن دۆلار بەدەست بێنیت ویەختێ بکڕیت وژنێکی جوانیش بێنیت.ئەگەر دڵنیاش نیت لەوەی دەتوانیت ٥٥٪ هەق بپێکیت، کەواتە بۆچی بەخەڵکی دەڵێیت لەسەرهەڵەن؟ !.

دەتوانیت لەڕێی جوڵەیەك یان نیگایەك یان دەنگێکەوە بەکەسێك ڕابگەیەنیت کەلەسەر هەڵەیە، دروست وەك چۆن دەتوانیت لەڕێی چەند وشەیەکەوە ئەوەی پێ ڕابگەیەنیت-بەڵام ئەگەر پێشی ڕابگەیەنیت کەلەسەر هەڵەیە.چۆن دەتەوێت ئەو بێتە سەر ڕایەکەی تۆ؟ هەرگیز

نایەتــە ســەر ڕایەکــەی تــۆ!چـونکە تــۆ گــورزێکی ڕاســتەو خــۆت داوە لــەزیرەکی ودانـایی وغروروپـشت بـەخۆ بەسـتنی ئـەو. ئەمـەش وای لێ دەکات گورزەکە ئاراستەی خۆت بکاتـەوە، هـەوڵ ئەدات لەڕاکانیدا ڕەق وسەخت گیر بێت. ئیدی تۆ پەناش بەریتە بەر لۆژیکەکەی (ئەفلاتۆن) یان فەلسەفەکەی (ئیمانۆئیل کانت). ناتوانیت گۆڕان بەسەر بۆچونەکانی ئەو کەسەدا بهێنیت، چونکە هەستەکانیت بریندار کردووە.

هەرگیز بەم دەستەواژەیە دەست بەقسە مەکە(بۆت دەسەلمێنم کەواو، وا) ئەم شێوازە خراپە، چونکە وەك ئەوە وایە بڵێیت: من لەتۆزیرەك ترم، لەبەرئەوە شتێکت پێ دەڵێم کەڕاوبۆچونت بگۆڕێت).

ئەمە گرەوکردنـە، دژایـەتی کردنـە وهـانی کەسـی بەرانبـەرت ئەدا تاکو تەنانــەت بەرلــەوەی دەســت بەقــسەکردنیش بکــەیت ئــەو دژایــەتیت بکــات.دیــارە لەبارودۆخــە ئاساییەکانیــشدا زۆرســەختە. بتــوانین ڕاو بۆچونی کەسـانی تـر بگـۆڕین. کەواتـە بۆچـی مەسـەلەکان ئاڵۆزبکـەین؟ بۆچــی پــەکی خۆمــان بخــەین؟ ئەگــەر ویــستت شــتێك بــسەلمێنیت مەهێڵەکەسانی تر بەو نیازەت بزانن..بەڵکو تـەواو بەزیرەکانـە وبێدەنگی ئەو کارەبکە، بەشێوەیەك هیچ کەسێك پێت نەزانێت.(پێویستە خەڵکی بەشێوازێك فێربکەیت وەك ئەوەی فێرت نەکردبن.شتە نادیارەکانیشیان بۆ پێشنیار بکرێت وەك ئەوەی شتانێکی لەبیرکراوبن نەك نادیار)... وەك (ئەگەر توانیت، لەخەڵك داناتربە.بەڵام باخەڵك بەوە نەزانن!).

ئێستا زۆرکـەم بڕوادەکـەم بـەو شـتانەی کەبیـست ساڵ لەمەوبـەر بڕوام پێیــان هــەبووە-جگەلەخــشتەی لێکــدان... گومــان دەکــەم لەزانیاریــەکانم تەنانــەت کاتــێ لــەبارەی ئەنیشتاینیــشەوە دەخوێنمــەوە.بیــست ســاڵی

تریش دوای ئێستا، لەوانەیە بڕوام بەوشتانە نەبێت کەلەم پەرتوکەدا باسم کردوون. بەکورتی زۆر دڵنیام لەوشتانەی کەپێشتر لێیان دڵنیابووم. سوکرات بەشوێنکەوتوەکانی خۆی گوت لەئەسینادا: (تاقە شتێ من دەیزانم، ئەوەیە کەهیچ نازانم).

زۆرباشە، من نامەوێت لەسوکرات زیرەکتربم، لەبەرئەوە دوورکەوتومەتەوە لەوەی بەخەڵك بڵێم ئێوە لەسەر هەڵەن... هەستیشم کردووە ئەم دوورکەوتنەوەیەم سودی هەبووە.

ئەگەر مرۆڤێك قسەیەکی هەڵەی کرد-تۆش باش دەتزانی هەڵەیە-ئایاواباشترنیە، بەم شێوەیە وەڵام بدەیتەوە وبڵێیت: (زۆرباشە، ئێستا سەرنج بدە، من بیرۆکەیەکم هەیە، لەوانەیە هەڵەش بم... مادەم وایە ئەگەر هەڵەش بم. دەمەوێت هەڵەکانم ڕاست بکەمەوە. کەواتە باسەرنج لەڕاستیەکان بدەین).

(ئەمە جادووە، جادویەکی پۆزەتیڤە کەلەئاوا دەربڕینێکدا مۆڵ دەخوات:

(لەوانەیە هەڵەش بم. مادەم وایە، ئەگەر هەڵەش بم. دەمەوێت هەڵەکانم ڕاست بکەمەوە).

لەئاسمان وسەرزەوی وتەنانەت لەناو ئاوی ژێرزەویەکانیشدا کەسێك نیە ڕێگری قسەیەکی ئاوات لێ بکات: (لەوانەیە هەڵەبم، باسەرنجی ڕاستیەکان بدەین).

زاناکان وادەکەن. جارێکیان چاوپێکەوتنێکم سازدا لەگەڵ دۆزەرەوە وزانای بەناوبانگ(ستیڤانسۆن)دائەنجامدا کەیازدەساڵی ڕەبەق لەجەمسەری باکوری گۆی زەوی مابویەوە وماوەی شەش ساڵ تەنهابە

خواردنی گۆشت وئاو ژیابوو.ئەو زانایە باسی ئەزمونێکی بۆ کردم کەخۆی پێی هەستابوو.پرسیاری ئەوەم لێکرد کەبەچ شتێ هەوڵی سەلماندنی ئەزمونەکەی ئەدا.هەرگیز وەڵامەکەیم لەبیرناچێ... لەوەڵامدا گوتی: (زانا، هەوڵ نادات هیچ شتێ بسەلمێنێ.بەڵکو هەوڵ ئەدات ڕاستیەکان بدۆزێتەوە).

تۆدەتەوێت لەبیرکردنەوەتدا کردەیی بیت، وانیە؟ . زۆر باشە.هیچ کەس ڕاتناوەستێنێ جگەلەخۆت.هەرگیز ناشکەویتە هەڵەوە ئەگەر دان بەوەدا بنێیت کەبەهەڵەدا چویت.چونکە ئەو دان پێدانانە هەموو دەمبەدمەکان ڕادەوەستێنێت و، دەبێتە نیگابەخش بۆبەرانبەرەکەت تاکو ئەویش وەکو تۆ نەرم ونیان وسنگ فراوان بێت.جگە لەوە ئەویش هاندەدات دان بەوەدا بنێت کەڕەنگە ئەویش لەسەر هەڵەبێت. ئەگەر زانیت بەرانبەرەکەت هەڵەیە، بەڵام بەزمانێکی ڕەق ئەوەت پێ ڕاگەیاند. دوای ئەوە چی ڕوئەدات؟ لێم گەڕێ بایەك نمونەت لەو ڕووەوە پێشکەش بکەم.

بەڕێز(س) پارێزەرێکی لاو بوو لەنیویۆرك، بەم دواییانە موناقەشەی کێشەیەکی گرنگی دەکرد لەبەردەم دادگای باڵای وڵاتە یەکگرتوەکاندا. کێشەکە سەبارەت بەبڕێك پارەی زۆر وهەندێ مەسەلەی گرنگی یاسایی بوو.

لەکاتی موناقەشەدا، یەکێك لەدادوەرەکان بەبەڕێز(س)ی گوت: (ماوەی یاسایی لەیاسای شارستانیدا شەش ساڵە، وانیە؟).

بەڕێز(س) ڕاوەستاو چاوی بڕیەچاوی جەنابی دادوەر وپاشان بەڕەقی گوتی: (جەنابی قازی، لەیاسای شارستانیدا هیچ دەرفەت ومۆڵەتێك نیە.

بەڕێز(س) ئاوا دۆخی دادگای وەسف کرد:

بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر دادگادا، وادەرکەوت پلەی گەرمای ژوورەکە دابەزیبێت بۆژێر پلەی سفر. من لەسەر هەق بووم، دادوەر... هەڵەبوو.من ئەوەم پێ ڕاگەیاند.بەڵام ئایا ئەم کارە منی نزیك کردەوە لەجەنابی دادوەر؟ نەخێر ئێستاشی لەسەربێت من پێم وایە یاسا پشتگیری من دەکات.دەشزانم لەجاران باشتر قسەم کرد.بەڵام نەمتوانی قەناعەتیان پێ بکەم.چونکە هەڵەیەکی تۆقێنەرم کرد، کاتێ بەپیاوێکی بەناوبانگم ڕاگەیاند، کەبەهەڵەدا چووە).

لەناوخەڵکیدا کەسانێکی زۆرکەم لۆژیکین.زۆربەمان لایەنگرین.زۆربەمان دووچاری ڕاوبۆچونی تێرکراو بە ڕژدی وگومان وترس ودڵپیسی وغرور بووین.

زۆربەی هاوڵاتیان ئارەزوویان لەوەنیە ئەو ڕاوبۆچونانەیان بگۆڕن کەسەبارەت بە(ئاین، یان قژچاککردن، یان کۆمۆنیزم یاخود کلارك گیبلێ... هتد)هەیانە.ئەگەر حەزت لەوەیە بەخەڵکی ڕابگەیەنیت کەبەهەڵەدا چوون، بەبێ زەحمەت ئەم پەرەگرافەی خوارەوە بخوێنەرەوە کەلەکتێبی(ژیری لەقۆناغی پێکهاتندا- the mind in the making)دانراوی پرۆفیسۆر(هارفی ڕۆبنسۆن)ەوە، وەرگیراوە:

هەندێ جار ڕاوبۆچونەکانمان دەگۆڕین بەبێ هیچ بەرهەڵستی یان هەستێکی بەرەنگار بوونەوەی بەهێز، وەلێ ئەگەر پێمان گوترا ئێوە لەسەر هەڵەن، ئەوا بێتاقەت دەبین ودڵی خۆمان ڕەق دەکەین.لەکاتی ئاساییدا هیچ گوێ نادەین بەبیروباوەڕەکانمان.بەڵام ئەگەر کەسێك هەوڵیدا لێمان زەوت بکات ئەوا دەرونمان پڕدەبێت لەڕق

وتورەیی.ئاشکرایە خودی بیروباوەڕەکان لای ئێمە ڕێزدار وپیرۆزنین، بەڵام شانازی کردنمان بەخۆمانەوە لەوڕێگەیەوە دووچاری هەڕەشە دەبێتەوە... چونکە ڕاناوی قسەکەری(من) گرنگترین وشەیە لەکار وبارە مرۆییەکاندا.ئینجا مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو وشەیەدا بەشێوەیەکی گونجاو، سەرەتای ئاقڵ بوونە... ئێمە هیچ بێتاقەت نابین.بەڵام بێتاقەت دەبین لەکاتێکدا دڵنیانەبین لەزانیاریەکانمان سەبارەت بەهەسارەی مەریخ، یان کاتێ واژەی (ئیبکتیسوس) بەڕێك وپێکی دەرنەبڕین... ئێمە حەزمان لەوەیە بەردەوام بین لەبڕواکردن وبەڕاست زانینی ئەوشتانەی کەوەکو هەقیقەت وەرمان گرتوون.ئەو بێتاقەت بوونەش کە بەهۆی گومان کردن لەو ڕاستیانە لەلامان پەیدا دەبێت؛ پاڵمان پێوە دەنێت تاکو جۆرەها پاساو بدۆزینەوە بۆئەوەی زیاتر دەستیان پێوەبگرین.لەئەنجامیشدا زۆربەی بیرکردنەوەکانمان بریتی دەبن لەدۆزینەوەی پاساو بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو بیروباوەڕانەی کەپێشتر بەڕاست ودروستمان زانیون.

جارێکیان ئەندازیارێکی دیکۆرم ڕاسپارد پەردەی ماڵەوەم بۆ دروست بکات.بەڵام کاتێ وەسڵی پارەکەی گەیشت تەواو سەرسام بووم وحەپەسام.

چەند ڕۆژێ دواتر، ئافرەتێکی هاوڕێم هات بۆ سەردانم وچاوی بەپەردەکان کەوت.کاتێ زانی نرخیان چەندە لەسەرەم کەوتووە.گوتی: (چی؟ !جێگەی نیگەرانیە.دەترسم هەقەکەی چەندقات لەسەرت زیاد کردبێت).

ئایا ئەم قسەیە ڕاست بوو؟ بەڵێ، قسەیەکی ڕاست بوو. بەڵام کەسانێکی زۆرکەم حەز بەبیستنی ئەو ڕاستیانە دەکەن کەدەشکێنەوە بەسەر دانایی وحیکمەتیاندا. بەو جۆرەش، لەبەر ئەوەی منیش مرۆڤم. هەوڵمدا بەرەوانی خۆم بکەم. گوتم: لەڕاستیدا باشترین پەردەیە وهەرزانیشە. هیچ کەس ناتوانێ شتی باش وجوان، بەنرخی هەرزان بکڕێت... .هتد.

ڕۆژی دواتر، ئافرەتێکی تری هاوڕێم هاتەسەردانم. زۆردڵی چوو بەپەردەکاندا، بەدڵگەرمیەوە هەستی خۆی دەربڕی و، حەزی لەوەبو پەردەیەکی وەك ئەوەی من بۆماڵی خۆیان بکڕێت... کاردانەوەی من بەرانبەر ئەم ئافرەتە تەواو پێچەوانە بوو لەتەك ئافرەتەکەی ڕۆژی پێشودا، گوتم: (زۆرباشە، باڕاستت پێ بڵێم، نەمدەتوانی نرخەکەی بدەم، زۆر گران بوو، پەشیمانم لەوەی ئەو پەردانەم کڕیوە).

کاتێ بەهەڵەدا دەچین، ڕەنگە لەناخی خۆماندا دان بەوەدا بنێین کەبەهەڵەدا چووین. ئەگەر بەشێوەیەکی نەرم ونیان وزیرەکانەش ڕەفتارمان لەگەڵدا بکرێت، لەوانەیە لەبەردەمی خەڵکیشدا دان بەوەڕاستیەدا بنێین وشانازیش بەخۆمانەوە بکەین کەڕاشکاو وسینگ فراوانین. وەلێ ئەم مەسەلەیە پێچەوانە دەبێتەوە لەکاتێکدا یەکێك بیەوێت بەزۆری زۆرداری ڕاستیمان لێ داڕنێت.

(هواریس گیرلی) لەماوەی جەنگی ئەهلی لەئەمریکادا، یەکێك بوو لەڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکان، نەیاریەکی توندوتیژیشی هەبوو لەگەڵ سیاسەتەکانی لنکۆڵندا. ئەو پێی وابوو دەتوانێت، لەڕێگەی دەمبەدمە وگاڵتەپێکردن ولەکەدارکردنی ناوبانگەوە، لنکۆڵن والێ بکات بەشداری

ڕایەکانی بکات.بۆیە مانگ لەدوای مانگ و، ساڵ لەدوای ساڵ لەم هێرشانەی بەردەوام بوو.لەڕاستیشدا، وتارێکی تاڵ وگاڵتەئامێزانەی لەهەمان ئەوشەوەدا لەدژی لنکۆڵن بڵاوکردەوە کە(بۆس) تەقەی تێداکرد لەلنکۆڵن.

بەڵام ئایا ئەم هێرشە تاڵ وتفتانە، بونەهۆی ئەوەی لنکۆڵن، بێتەسەر ڕایەکەی گیرلی؟ نەخێر... هەرگیز گاڵتەپێکردن ولەکەدارکردنی ناوبانگ سودنابەخشن.

ئەگەر حەزت لەدەستکەوتنی پێشنیاری بەپێزهەیە سەبارەت بەچۆنێتی هەڵس وکەوتکردن لەگەڵ خەڵکیدا وهەروەها بۆ هەڵسەنگاندن وڕێك کردنەوەی کەسایەتی خۆت، ئەوا ژیاننامەی (بنجامین فرانکلین) بخوێنەرەوە کەیەکێکە لەباشترین ئەو ژیاننامانەی تائێستا نوسراونەتەوە.هەروەها یەکێکیشە لەشاکارەکانی وێژەی ئەمریکی.

لەو ژیاننامەیەدا، فرانکلین پێمان دەڵێت چۆن بەسەر نەریتی دەمبەدمە ومشتومڕدا سەرکەوتوە وخۆی کردۆتە یەکێك لەدیپلۆماتە هەرەگرنگەکان لەمێژوی ئەمریکادا.

ڕۆژێکیان، هێشتر فرانکلین هەرزەکارێکی بێ دەربەست بوو، یەکێك لەهاوڕێکانی کێشایە لاوەو، ڕێژنەیەك ڕاستی بریندارکەر و ڕەقی پێ گوت.وەکو: تۆکەسێکی ناماقوڵیت، بیرو ڕاکانت زللەن ودەدرێن بەبناگوێی هەموو ئەوانەی لەگەڵتدا هاوڕانین.ئەمەش وایکردوە کەس بایەخ بەبیرۆکەکانت نەدات، هاوڕێکانیشت ئەوکاتە زیاتر خۆشحاڵ دەبن وڕادەبوێرن کەتۆ لەناویاندا نەبێت.تۆ زۆر دەزانیت بەجۆرێ کەس ناتوانێت هەواڵێکت پێ بدات.لەڕاستیشدا هیچ کەسێك هەوڵ نادات هیچ

هەواڵێکت بداتێ، چونکە هەوڵێکی وا دەبێتە هۆی دوودڵی وسەریەشەیەکی زۆر بۆ ئەو کەسە... بەوجۆرەش، تۆ هەرگیز لەئێستازیاتر زانیاریت دەست ناکەوێ وپتر فێرنابیت.لەکاتێکدا ئەوەی تۆ دەیزانیت کەشتێکی زۆر کەمە.

باشترین شتێ کەلە فرانکلینەوە هەستم پێ کرد، ئەوە بووکەئەو سەرزەنشتە زیرەکانەیەی قبوڵ کرد.لەڕاستیدا زۆر مەزن بوو، هەوڵی تەواویشی دابۆئەوەی بۆی دەربکەوێت ئەو قسەیە ڕاستە، تاکو بەم هۆیەوە هەست بکات لەسەرلێواری شکست هێنان وکارەساتێکی کۆمەڵایەتیدا ڕاوەستاوە... بەوجۆرە، لەناکاو خۆیی ڕاگرت ودەست بەجێ دەستی کردە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی.

فرانکلین دەڵێت: ڕێسایەکم بۆ خۆم دروست کرد، ئەویش بریتی بوو لەقبوڵکردنی هەموو ئەو ڕەخنانەی کەخۆم بەنیاز بووم ئاراستەی کەسانی تری بکەم لەبەرانبەریشدا ستایشی دڵسۆزانەی ڕەخنەگرەکەم بکەم.تەنانەت قەدەغەیشم کرد لەخۆم لەکاتی قسەکردندا هەندێ لەو وشانە بەکاربێنم کەئاماژەبەخشی ڕایەکی دیاریکراون.وەك(بەدڵنیاییەوە)، (بەبێ گومان)... هتد.

لەبری ئەو وشانە، هەندێ وشەی دیکەم بەکاردەهێنا وەکو(پێم وایە) (وای دادەنێم)، (تەسەورم وایە مەسەلەکە ئاوابێت)، یاخود(لەم کاتەدا وای دەبینم). هەرکاتێ کەسێکی تریش بڕوای بەشتێ هەبوایە کەمن دڵنیابومایە لەناڕاستی ئەوشتە، خۆم دوور دەخستەوە لەوەی ڕاستە وخۆ ڕەخنەی لێبگرم وهەڵە وناتەواوی پێشنیارەکانی دەربخەم.

بەڵکو بەم جۆرە دەستم بەوەڵامدانەوە دەکرد: لەوانەیە لەهەندێ حاڵەت وبارودۆخدا، ڕایەکەی تەواوبێت.بەڵام لەئێستادا بارودۆخەکە جیاوازە.هێندەی نەبرد کاریگەری گۆڕینی شێوازی هەڵس وکەوتکردنم هەست پێکرد. هەروەها ئەو وتوێژانەش کەبەشداریم تێدا دەکردن، زیاتر تام وچێژیان هەبوو.ئەم خۆبەکەم زانینەم لەپێشکەش کردنی پێشنیارەکاندا، لەلایەن بەرانبەرەکانمەوە زیاتر پێشوازی لێدەکرا وکەمتر ڕەخنەی لێدەگیرا.

بەوەش توانیم والەبەرانبەرەکانم بکەم، وازلەهەڵەکانیان بێنن وپشتگیری من بکەن، ئەگەر خۆم لەسەر هەق بومایە.

ئەم شێوازە کەلەسەرەتاوە بەهۆی ئارەزوە سروشتیەکانەوە، نارەحەتیەکی زۆرم چەشت لەپێڕەوکردنیدا، دواتر زۆر ئاسان بوو.بەجۆرێ خوم پێوەگرت لەماوەی پانزدەساڵی ڕابردوودا هیچ کەس نەبوە گوێبیستی ڕستەیەکی پێچەوانەی خۆی بوبێت لەمنەوە... پێم وایە نهێنی سەرکەوتنی من لەبەرانبەر جەماوەردا بۆ پەیڕەوکردن لەو ڕێسایە دەگەڕێتەوە.هەروەها بویە هۆی بەهێزکردنی دەستەڵات وهەژمونی من لەجڤاتەگشتیەکاندا.هەرچەندە من وتار بێژێکی لێوەشاوەش نیم، کەچی بوومە یەکێك لەدیارترین ئەندامەکانی ئەوجڤاتانە... بەدوودڵیەوە وشەکانم لەکاتی قسەکردندا هەڵدەبژێرم.کەم جار زمانم ڕێکوپێك بووە.لەگەڵ ئەوەشدا توانیومە بەشێوەیەکی باش بیروبۆچوونەکانم بگەیەنم.

ئەم پێڕەوەی فرانکلین چۆن لەبواری کارکردندا سود دەبەخشێت؟ بادوو نمونەش لەوبارەیەوە وەرگرین:

(ف.ج.ماهۆنی) خەڵكی شاری نیویۆرك، شەقامی لیبرتی ١١٤، لەفرۆشتنی كەلوپەلی بازرگانی نەوتدا كاردەكا.ئەم فرۆشیارە تەندەری كرینی هەندێ پێداویستی لەمامەڵەچیەكی خەڵكی(لۆنگ ئایلەند)ەوە بەدەست گەیشتبوو.ڕەزامەندی لەسەر پیشان درابوو، دەستیش كرابوو بەدروست كردنی كەلوپەلەكان.

لەناكاو شتێكی نائاسایی ڕویدا... مامەڵەچیەكە لەگەڵ دۆست وهاوڕێ كانیدا ئەو شتەی باس كردبوو.ئەوان پەشیمانیان كردبویەوە وهۆشیارییان پێدابوو كەهەڵەیەكی گەورەی كردوە. ئەوە چوبوە مێشكیەوە كە كەلوپەلەكان باش نین: زۆر درێژن،نا زۆر كورتن، وردە كاری تێدانەكراوە... هتد.

بەو جۆرە هاوڕێكانی بوونە هۆی دروست كردنی دوودڵی بۆ ئەم كابرایە.بۆیە پەیوەندی كرد بە بەڕێز(ماهۆنی)یەوە وسوێندی خوارد، ئەوكەلوپەلانەی ناوێت كەهێشتر لەقۆناغی دروستكردندان.

بەڕێز(ماهۆنی) لەبارەی ئەو كێشەیەوە دەڵێت: زۆر بەووردی سەرنجمدا، دڵنیابووم لەوەی كەلوپەلەكان زۆر تێروتەواون.جگەلەوە دڵنیاش بووم كەئەوپیاوە وهاوڕێكانی نازانن باس لەچی دەكەن.هەستم كرد هەڵەدەكەم ئەگەر ئەوەی پێ بڵێم.بۆیە بەرەو (لۆنگ ئایلەند) ڕۆشتم تاكولەوێ چاوم پێی بكەوێت.كاتێ بەرەو نوسینگەكەی چوم، هەستایەوە وبەرەو ڕووم هات ودەستی كردە قسەكردن.هێندە شڵەژابوو، لەكاتی قسەكردندا دەستی ڕادەوەشاند، جگەلەوە ڕەخنەی لەخۆم وكەلوپەلەكانیش گرت.لەكۆتایدا گوتی: (ئێستا چی دەكەیت بۆ ئەو مەسەلەیە؟).

بەو پەڕی هێمنیەوە گوتم: هەرچیەك تۆ پێت خۆش بێت وادەكەم.ئینجا پێم گوت: (تۆنرخی شتەكان دەدەیت، لەبەر ئەوە پێویستە چیت ئەوێ، ئەوەت پێ بدرێت.بەهەرحاڵ.ئەبێ بەرپرسیارێتیەكە لایەكمان هەڵیگرین.ئەگەر تۆپێت وایە خۆت لەسەر هەقیت.ئەوا نیشانە شینەكەمان بدەرێ.هەرچەندە ئێمە لەسەر دوو هەزار دۆلار ڕێكەوتوین لەبەرانبەر ئەو كەلوپەلانەدا، بەڵام ئامادەین ئەورێكەوتنە هەڵبوەشێنینەوە وزیانی دووهەزار دۆلار قبوڵ بكەین لەپێناوی دڵی تۆدا.بەڵام پێویستە هۆشداری ئەوەشت بدەمێ، ئەگەر تۆ دەتوێ بەپێی خواستی تۆبێت.ئەوا دەبێ بەرپرسیارێتیەكە لەئەستۆبگریت.ئەگەر وازبێنیت ئێمە بەگوێرەی نەخشەكەی خۆمان جێبەجێی بكەین، كەپێمان وایە هەر ئەوەش باشە، ئەوكاتە ئێمە بەرپرسیارێتیەكانی لەئەستۆدەگرین).

لەكۆتایی ئەم وتوێژەدا، بەتەواوی هێمن بویەوە وگوتی: (زۆرباشە، لەسەركاری خۆت بەردەوام بە، ئەگەرچی كەلوپەلەكان جێگەی ڕەزامەندی نەبن.خوایارمەتی دەرت بێت).

لەپاش دروستكردنیان، كەلوپەلەكان بەتەواوی بونەهۆی دڵخۆشكردنی ئەوپیاوە، بەڕادەیەك بەڵێنی دا لەماوەی هەمان وەرزدا دوو تەندەری تری هاوشێوە پێشكەش بكات.

كاتێ ئەوپیاوە دەستی لەبەرانبەرمدا ڕاوەشاند وپێی گوتم تۆ لەكارەكەت نازانیت.وای لێكردم كۆنترۆڵی خۆم لەدەست بدەم وپاڵی پێوەنام بۆمشتومڕكردن وپاساودان وبەرگری كردن لەهەڵوێستەكانم.ئەمەش پێویستی بەخۆڕاگرتنێكی زۆر هەبوو.بەڵام

مەسەلەکە بەباشترین شێوە کۆتایی هات.ئەگەر بم گوتایە تۆڵەسەر هەڵەیت ودەستم بەمشتومڕبکردایە لەگەڵیدا. ئەوا مەسەلەکە زیاتر دەئاڵۆزا ودەگەشتە دادگاکان، هەروەها دڵ یەشان وزیانی مادی لەدەست دانی مامەڵەچیەکی باشیشی لێدەکەوتەوە.بەڵێ بڕوای تەواوم کردبەوەی هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بەبەرانبەرەکەت بێژیت تۆ بەهەڵەدا چویت).

بانمونەیەکی تر وەربگرین-لەبیرت بێت ئەم نمونانەی باسیان دەکەین لەوانەیە بەسەر هەزاران کەسدا دووبارە بوبێتنەوە... (ڕاف کرولی) وەك فرۆشیاری (کۆمپانیای تەختەی گاردنەر وتایلۆر) کاری دەکرد لەشاری نیویۆرك.کرولی باس لەوە دەکات، کەدابوا لەگەڵ هەندێ لەو بازرگانانەی تەختەدا مامەڵەبکات کەتەواو سەختگیربوون ومامەڵەیان ڕەق وناخۆش بوو.هەمیشە پێی دەگوتن ئێوە لەسەر هەڵەن. جگەلەوەش چەندین مشتومڕی لەگەڵیاندا کردبوو.کەچی هیچکام لەو ڕەفتارانە سودیان پێ نەگەیاندبوو.چونکە ئەو بازرگانانە وەکو یاریچی بایسبۆڵ وان، ئەگەر بڕیارێکیاندا بەئاسانی دەستی لێ هەڵناگرن. بەڕێز کرولی، هەستی کرد بەهۆی مشتومڕکردنەوە، کۆمپانیاکەی هەزاران دۆلار زیان دەکات. بۆیە کاتێ هاتە پەیمانگاکەی من بڕیاریدا دەست لەمشت ومڕکردن هەڵبگرێت.ئەی ئەنجامی ئەم بڕیاردانەی چی بوو... خۆی لەبەردەم قوتابیەکانی پەیمانگادا، ئاواباسی لەئەنجامی بڕیارەکەی کرد: بەیانیەکیان، زەنگی تەلەفۆنی نوسینگەکەم لێیدا.کەسێکی سەرقاڵ وتوڕە لەسەرهێڵ بوو.ڕاستە وخۆ بەوە دەستی بەقسەکانی کرد کەئەو لۆریە تەختەیەی نێردراوە بۆ کارگەکەمان باش نەبوو.پاش ئەوەی

چارەکێکی بارەکەی داگیرا. پشکنەری کارگە گوتویەتی ئەو تەختەیە (٥٥٪) لەخوار ئاستی پێویستەوەیە. لەبەر ئەوە. بارەتەختەکەیان ناوێت.

بەپەلە ڕومکردە کارگەکە ولەبیری ئەوەدا بووم ڕێگەیەکی لەبار بدۆزمەوە بۆچارەسەرکردنی کێشەکە. لەبارودۆخی ئاوادا. هەمیشە لیستی پلەبەندی تەختەکانم لەگەڵ خۆمدا دەبرد. بەهۆی شارەزایمەوە وەك پشکنەرێکی تەختە. دەمتوانی قەناعەت بەبازرگانەکە بکەم، کەتەختە کە لەئاستی پێویستدایە وئەو بەهەڵە پۆلێنی تەختەکانی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا بیرم لەوە کردەوە ئەو یاسایانە بەکار بێنم کەلەپەیمانگا فێریان ببوم.

پاش ئەوەی گەیشتمە کارگە کە، بینیم بریکارەکە و پشکنەری کارگە، مشتومڕێکی گەورەیانە وخەریکە دەست ئەدەنە یەخەی یەکتری. بەرە و ئەو لۆریە ڕۆیشتین کەنیوەی بارەکەی داگیرابوو. داوام کرد هەموو بارەکە دابگرن بۆ ئەوەی بزانم کارەکە چۆن ڕایی دەکەن. هەروەها داوام لەکابرای پشکنەرکرد هەر پارچەتەختەیەکی ناوێ، بیخاتە لایەکەوە و، ئەو پارچانەش کەبەلایەوە باشن بیخاتە لایەکی ترەوە.

پاش ئەوەی ئەو دەستی بەکار کرد ومنیش کەمێك ڕاوەستام وچاودێریم کرد، هەستم کرد پشکنەرەکە، ئەوەندە ووردە، تەنانەت لەیاساکانی پۆلێنی تەختەش دەردەچێت!!. جگەلەوە بۆم ڕون بویەوە ئەو کابرایە زانیاریەکی گشتی هەیە لەبارەی جۆرەکانی تەختەوە. بەڵام ئایا ڕێگری ئەو شێوازە پۆلێن کردنەم کرد کەئەو پێیەوە سەرقاڵ ببوو؟ نەخێر!هەرگیز! تەناها چاودێریم دەکرد. پاشان دەستم کردە

ئاراستەکردنی هەندێ پرسیار سەبارەت بەهۆکاری ڕەت کردنەوەی هەندێ لەپارچە تەختەکان.بەبێ ئەوەی پێی بڵێم تۆ بەهەڵەدا چوویت.بەڵکو دڵنیام کردەوە ئەو پرسیارانە بۆیە دەکەم چونکە کۆمپانیاکەمان دەیەوێت لەداهاتودا ئەو تەختانەیان بۆ بنێرێت کەخۆیان حەزیان لێیەتی!!.

بەهۆی پرسیارکردنی نەرم ونیان و، گیانی هاوکاری کردن وپێداگری کردن لەسەر ڕاستی ودروستی قسەکانی. تووڕەییەکەی هێور بویەوە وشەخەتە سەهۆڵەکەی نێوانیشمان ڕووی لەتوانەوە کرد.بەڕێکەوت تێبینیەکیشم پێ گوت، بویە هۆی دروست بوونی بیرۆکەیەك لەمێشکیدا کەئەوپارچە تەختانەش ئەم بەباشیان نازانێت، لەئاستی پێویستدان.سەرباری ئەوەش من هەر بەحەزەرەوە بیرۆکەکانم دەگەیاندە ئەو.

هێدی هێدی شێوازی ڕەفتاری گۆڕا.دواجار دانی بەوەدانا کەلەبارەی جۆرەکانی تەختەوە شارەزایی تەواوی نیە.ئینجا پرسیاری هەرپارچەیەکی لێدەکردم کەلەلۆریەکە دادەگیرا!منیش تایبەتمەندیەکانی یەکە بەیەکەی پارچە تەختەکانم بۆ ڕوون دەکردەوە.پەیتا پەیتا پێشم ڕادەگەیاند: هەرکامیانت بەدڵ نیە، پێویست ناکات وەریان بگریت.ئەوەندەی نەبرد هەستی بەگوناهباری دەکرد لەبەرانبەر هەر پارچەتەختەیەکدا کەخستبویەلاوە.بۆیشی ڕوون بویەوە کەهەڵە کە، هەڵەی کارگەکەی ئەوانە کەئەو جۆرە تەختەیەی هەڵبژاردووە.لەکۆتایدا هەموو بارەکەی ویست.ئینجا چەکێکی بۆکردین بەنرخی هەموو بارە تەختەکە.

لەو ڕوداوەدا، بەهۆی کەمێك بیرکردنەوە وپێداگری کردن لەسەر بەهەڵە لەقەڵەم نەدانی کەسی بەرانبەرەوە، کۆمپانیاکە ڕزگاربوو لەزیانێکی مسۆگەر.

ئینجا من لەم بەشەدا، شتێکی تازەم نەگوتوە، چونکە نزیکەی نۆزدە سەدە لەمەوبەر، مەسیح گوتویەتی: (بەخێرایی، لەگەڵ ڕکابەرەکەتدا ڕێك بکەوە).

بەواتایەکی تر، لەگەڵ مامەڵەچی یان هاوسەرەکەت یاخود ڕکابەرەکەتدا مشتومڕمەکە.پێی مەڵێ تۆهەڵەیت وتوڕەیشی مەکە، بەڵکو کەمێك زیرەکی بەکار بێنە... ئەوەتا(٢٢٠٠ساڵ)بەرلەزاین، پادشا(ئەختەوی) ئامۆژگاریەکی کوڕەکەی دەکات کەئێمە ئەمڕۆ زۆر پێویستمان بەو ئامۆژگاریەیە.نزیکەی چوار هەزارساڵ بەرلەئێستا، شائەختەوی دەڵێت: (کوڕم، کەسێکی دیبلۆماسیی بە، چونکە ئەوە یارمەتیت ئەدا بۆکەسب کردنی دیدو بۆچونەکانت)!!.

جائەگەر تۆش دەتەوێت دڵی خەڵکی ڕابکێشیت بەرە وشێوازی بیرکردنەوەی خۆت.ئەوا پێڕەوی لەم ڕێسایە بکە:

ڕێز بۆبەرانبەرەکانت دەربڕە. بەهیچ مرۆڤێکیش مەڵێ، تۆبەهەڵەدا چوویت.

بەشی چواردەیەم

ڕێگەیەكی گشتی بەرەو بیركردنەوەی خەڵك.

ئەگەر ڕقت هەستا ویەك دووجنێوتدا، دەبینی هەلت دەستكەوتووە بۆخاڵی كردنەوەی توڕەییەكەت. بەڵام ئەی كەسی بەرانبەرت چی؟ ئایائەویش بەشداری تۆدەكات لەوحەوانەوەیەدا؟ ئایا ئەم قیڕوهوڕە دوژمنكارانەیەت، ڕێگەت بۆئاسان دەكات تاكولەگەڵیدا پێك بێیت؟.

(وۆردۆ ویڵسۆن) دەڵێت: (ئەگەر مشتەكۆڵەكانت توندكردبێت وبێیت بەرەو ڕووم، بەڵێنت پێ ئەدەم مشتەكۆڵەكانی من لەوانی تۆ ڕەقتر دەبن. وەلێ ئەگەر بێت وپێم بڵێیت: وەرە بادابنیشین وگفتوگۆبكەین، بابیروبۆچونیشمان پێكەوە ناتەبابێت، بالەهۆكارەكانی ناكۆكی نێوانمان تێ بگەین.ئەودەمە حاڵی دەبین كەمن وتۆ زۆرناكۆك نین .بەڵكوبۆمان دەردەكەوێت ئەوخاڵانەزۆركەمن كەلەسەریان ناكۆكین، لەبەرانبەریشدا ئەوخاڵانە زۆرترن كەهاودەنگین لەسەریان .جائەگەر نیاز و ئاراممان هەبێت بۆئەوەی ڕێكبكەوین، بەدڵنیاییەوە دەگەینە ڕێكەوتنی تەواوەتی).

هیچ کەس بەقەدەر ڕۆکفیلەر لەڕاستی ودروستی ئەم ڕستەیە حاڵی نەبووە.ڕۆکفیلەر لەهەموان زیاتر ڕووبەڕووی سوکایەتی پێکردن دەبویەوەلە (کۆلۆرادۆ)دا... .وڕێك لەخۆپیشاندانە خوێناویەکانیش کەلەمێژوی پیشەسازی ئەمریکادا ڕویانداوە دژبەکۆمپانیاکەی ئەم بوو.کرێکارەکانی کانگەکان داوای زیادکردنی کرێیان دەکردلە(کۆمپانیای کۆلۆرادۆ بۆسوتەمەنی وئاسن).ئەم کۆمپانیایەش ڕۆکفیلەر خاوەنی بوو(یان زاڵ بوو بەسەریدا).

ئەوەبوو لەئەنجامی خۆپیشاندانەکاندا کەلوپەلەکانی کۆمپانیا تێکوپێك دران وگروپەکانی پارێزگاری کردن بانگ کران وخوێن ڕژاو، تەقە لەمانگرتوەکان کراو، گوللەجەستەیانی کون کرد.

لەوکاتەدا، لەوکەش وهەوایەدا کەپڕبوو لەڕق وتوڕەیی، ڕۆکفیلەر ویستی مانگرتوەکان ڕاکێشێت بۆلای خۆی.ئەم ویستەشی هاتەدی.بەڵام چۆن؟ فەرموو لەگەڵ چیرۆکەکەیدا:

پاش چەند هەفتەیەك لەهەوڵدان بۆپەیداکردنی دۆست ولایەنگر، ڕۆکفیلەر دەستی کردە وتاردان بۆنوێنەرانی مانگرتوەکان. ئەم وتارانەی پارچەیەکی قەشەنگی ئەدەبین.ئەنجامی سەرسامکەریشی لێکەوتەوە.توانی ئەوشەپۆلی ڕق وتوڕەیی وتوندوتیژیە کۆتایی پێ بێنێت کەهەڕەشەیان لە ڕۆکفیلەر دەکرد.هەروەها سەرکەوتنی لەوەشدا بەدەست هێناکەهەندێ کەسی سەرسامکرد... ئەوپیاوە بەشێوەیەکی نەرم ونیان ودۆستانە ڕاستیەکانی ڕوون کردەوە، لەئەنجامدا توانی مانگرتوەکان بگێڕێتەوە بۆسەرکار، بەبێ ئەوەی بچوکترین ئاماژەش

بدات بەزیادکردنی کرێکانیان، کەئەوان لەبنەڕەتدا لەوپێناوەدا مانیانگرتبوو.

لێرەدا پیشەکی ئەو وتارە قەشەنگە دەخوێنیتەوە، تێبینی بکە پڕە لەنەرم ونیانی... لەبیرت بی ڕۆکفیلەر قسەی بۆکەسانێك كردوە کەبەرلەچەند ڕۆژێك ویستویانە لەملەوە هەڵی بواسن بەدارسێویکی ترشدا.لەگەڵ ئەوەشدا، وتارەکەی لێوان لێوە لە دەستەواژەی وەك: من شانازی دەکەم کەلێرەم، لەپاش ئەوەی سەردانی ماڵەکانتانم کردووچاوم بەژن ومنداڵەکانتان کەوت، ئەمڕۆ وەکوبێگانە ونەناس چاومان بەیەکتر ناکەوێت، بەڵکو وەکو هاوڕێ وئاشنا ودۆست چاومان بەیەك دەکەوێت بەگیانی دۆستایەتی وبەرژەوەندی هاوبەشەوە... هتد.

ڕۆکفیلەر وتارەکەی بەم شێوەیە دەست پێکرد: (ئەمڕۆمەزنترین ڕۆژی ژیانمە.چونکە یەکەمجارە بواری ئەوەم بۆدەڕەخسێ کەلەگەڵ نوێنەری بەکارهێنەر وکرێکارانی ئەم کۆمپانیا مەزنەدا کۆببمەوە.دڵنیاتان دەکەمەوە زۆرشانازی دەکەم کەلەنێونێوەدام، بەدرێژایی ژیانم یادی ئەم کۆبونەوەیەمان دەکەمەوە.ئەگەر دووهەفتە لەمەوبەر ئەم کۆبونەوەیە ئەنجام بدرایە، ئەوامن وەکوکەسێکی نەناس وبێگانە لەنێوتاندا ڕادەوەستام وچەنددەموچاوێکی کەم نەبێ کەسی ترم نەدەناسی.بەڵام دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو دەرفەتم بۆهەڵکەوت تاکو سەردانی هەموو ئۆردوگاکانی کێڵگەکانی خەڵوزی باشووربکەم، قسەلەگەڵ هەموو نوێنەرەکانیشدا بکەم جگەلەوانەی کەلەهەندەران بوون، هەروەها لەپاش ئەوەی سەردانی ماڵەکانتانم کرد وچاوم بەژن ومنداڵەکانتان کەوت، ئێستا وەکو دۆست وئاشناپێکەوەکۆدەبینەوە، نەك وەکونەناس، بەڵکو

وەکو هاوڕێ، بەگیانێکی دۆستانە وبەرژەوەندی هاوبەشەوە.پێم خۆشە ئەم هەلەبقۆزمەوە وپێکەوە باسی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانمان بکەین... هتد.

ئایا ئەمەنمونەیەکی قەشەنگ نیەلەمەڕهونەری گۆڕینی دوژمن بەدۆست؟ باوادابنێین ڕۆکفیلەر شێوازێکی‌تری هەڵبژاردوە.ودەستی کردۆتە مشتومڕلەگەڵ کرێکارەکاندا و، بەڵگە وڕاستیەکانی بۆکۆکردونەتەوە وپێی ڕاگەیاندوون. با گریمانی ئەوەش دابنێین کە ڕۆکفیلەر توانیویەتی بەگوێرەی یاساوبنەمالۆژیکیەکان ئەوەبسەلمێنێت کەکرێکارەکان لە سەر هەڵەن، لەوکاتەدا چی ڕوی ئەدا؟ .بێگومان لەوحاڵەتەدا دەبوەهۆی زیاتر توڕەکردنی کرێکارەکان.وخرۆشاندنیان بۆ شۆڕشکردن.

ئەگەر دڵی بەرانبەرەکەت پڕبێت لەڕق وکینەبەرانبەرت، ئەوائەگەر هەموو لۆژیکی دونیایشی لەگەڵدا بەکاربێنیت، هەر ناتوانیت قەناعەتی پێ بکەیت.باوکەتوڕەکان وسەرکردە ومێردمنداڵەکان وژنانی هەمیشەیاخی وتەرێزکەریش، پێویستە ئەوە باش بزانن کەبەرانبەرەکانیان نایانەوێت ڕاوبۆچونەکانیان بگۆڕن.هیچ کەسیش ناتوانێ ناچاریان بکات بەوەی ڕاوبۆچونەکانیان بگۆڕن.بەڵام ئەگەر لەوەی لەواقیعدا هەین، نەرم ونیان بین لەگەڵیاندا، دەتوانین وایان لێ بکەین ئەوگۆڕانە دروست بکەن.؟ لنکۆڵن سەدساڵ لەمەوبەر، قسەیەکی کردووە، فەرمووبزانە دەڵێ چی... دەڵێت: (پەندێکی کۆن هەیە دەڵێت: دڵۆپێك هەنگوین لەگالۆێنێ ژەهر زیاترمێش لەخۆی کۆدەکاتەوە) خەڵکیش وانە.جاتۆئەگەر دەتەوێت کەسی‌بەرانبەرت بەرەودیدو

بۆچونەکەی خۆت پەلکێش بکەیت.یەکەمجار قەناعەتی پێ بکەکەتۆ هاورێی دڵسۆزی ئەویت... چونکە ئەمە دەبێتە ئەودڵۆپە هەنگوینەی کەدواتردڵی وبیرکردنەوەیشی بەرەو تۆپەلکێش دەکات.

بزنسمانەکان بڕوایان وایە، باشترە لەگەڵ کرێکارە مانگرتوەکاندا نەرم ونیان بجوڵێنەوە.بۆنمونە: نزیکەی دووهەزار وپێنج سەد کرێکارلەکۆمپانیای (وایت مۆتۆرز) لەپێناوی زیادکردنی کرێدامانیان گرت.ئەم کردەوەیە نەبویە هۆی تورەکردنی سەرۆك (ڕۆبەرت.ف.بلاك).نەشبویە هۆی ئەوەی هەڕەشەبکات وباس لەستەم ولەکۆمۆنیزم بکات.بەڵکوهات ستایشی کرێکارە مانگرتوەکانی کرد.نەك هەر ئەوەندە، بگرە لەڕۆژنامەی (کلفلاند)دا ئاگاداریەکی بڵاوکردەوە وتیایدا دەستخۆشی لە کرێکارەکان کردبووکە بەوشێوەئاشتی خوازانە داخوازیەکانی خۆیان دەربڕیوە).کاتێکیش زانی تەواوبێتاقەت بوون، دەستکێش وپێداویستی یاری (بایسبۆڵ)ی بۆکڕین وداوایشی لێکردن لەیاریگەری کۆمپانیاکە یاری تۆپێن بکەن. جگە لەوەش هۆڵێکی تایبەتی (بولینگ) ی بەکرێ گرت بۆئەو کرێکارانەی ئارەزوی ئەویاریە دەکەن..

ئەم نەرمونیانیەی سەرۆك (بلاك)وەك هەرنەرمونیانیەکی تر، بویەهۆی دروست بونی دۆستایەتی وئاشنایەتی.ئەوەبوو کرێکارە مانگرتوەکان گسك وعەرەبانەی خۆڵڕشتنیان هێنا ودەستیان کردەپاككردنەوەی دەوروبەری کارگەکە و، کۆکردنەوەی هەموو ئەوخەوش وخاڵ وئاغزەجگەرە وپیس وپۆخڵیانەی لەدەوری کارگەکەدابوون.بیرلەوە بکەرەوە! کرێکارە مانگرتووەکان لەهەمان ئەوکاتەدا کەمانیانگرتبوو

بۆزیادکردنی کرێ ودانانان بە یەکێتیەکەیاندا، خۆیان هەستان کارگەکەیان پاککردەوە... ڕووداوی لەم شێوەیە لەمێژوی جەنگی کرێکاران لەئەمریکادا نەبینراوە.ئەوەبوو ئەم مانگرتنە لەماوەی هەفتەیەکدا بەچارەسەرێکی مام ناوەندی کۆتایی هات، بێ ئەوەی ببێتەهۆی ڕق وتوڕەیی.

دانیاڵ وبستەر، یەکێك بوو لەپارێزەرە هەرەسەرکەوتوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەهێزترین مورافەعەکانیدا، تێبینی گەلێکی دۆستانەی پێشکەش دەکرد، وەکو: (مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆدادگا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەبکات لە...).

(بەڕێزان ڕەنگە ئەمە شایستەی بیرکردنەوەبێت)... (بەڕێزان، لێرەدا هەندێ ڕووداو هەیە کەبڕوام وایە ئێوەی بەڕێزیش فەرامۆشتان نەکردون ولێیان بێ ئاگانین) یاخود(ئێوە بەهۆی شارەزاییتان بەسروشتی مرۆڤ، بەئاسانی دەرك بەبایەخی ئەو ڕاستیانە دەکەن)...

نەفشاری خوێنی خۆی بەرزکردەوە ونەهەوڵیشی‌دا ڕاوبۆچونی خۆی بسەپێنێت بەسەر بەرانبەرەکەیدا، بەڵکو(وبستەر) شێوازی نەرم ونیان ودۆستانەی بەکار هێنا.ئەمەش بویە یارمەتی دەری بۆ ئەوەی ناوبانگێکی فراوان پەیدابکات.

لەوانەیە تۆبانگهێشت نەکرێیت بۆچارەسەرکردنی کێشەی مانگرتنێك یان مورافەعەکردنێك لەبەردەم دادگادا، بەڵام ڕەنگە حەزبکەیت کرێی خانوەکەت دابەزێنیت.ئایا لەوبوارەدا شێوازی نەرم ونیان سودت پێ دەگەیەنێت؟ باسەرنجی ئەوەش بدەین.

ئەندازیار(و.ل.ستڕۆب) حەزی لەوەبوو كرێی خانوەكەی كەم بكاتەوە.لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی خاوەنی خانوەكە زۆر سەختگیرە.بەڕێزستڕۆب لەوتارێكیدا لەبەردەم قوتابیانی پۆلدا گوتی: (لەنامەیەكدا بۆم نوسیی هەركەماوەی بەڵێننامەكە كۆتایی هات.خانوەكە چۆڵ دەكەم.لەڕاستیشدا، نەمدەویست خانوەكە چۆڵ بكەم.بەڵكو دەمویست لەخانوەدا بمێنمەوە، ئەگەر بتوانم كرێكەی كەم بكەمەوە.وەلێ بارودۆخەكە نەگەنجاو ویاخی بوو.چونكە زۆرێك لەكرێ چیەكانی ئەوكابرایە هەوڵیان دابوو، كرێ كەم بكەنەوە بەڵام هەموویان شكستیان هێنابوو. هەریەكێكیش لەو كرێچیانە بگریت.پێیان دەوتم كابرای خاوەن ماڵ سەختگیرە وكەس ناتوانێ مامەڵەی لەگەڵدا بكات.سەرباری هەموو ئەوانەش لەدڵی خۆمدا گوتم: (بەم مامەڵەیە، شێوازێكی ترلە لەهەڵس وكەوتكردن لەگەڵ خەڵكیدا فێردەبم، باتاقی بكەمەوە.دواتر سەیردەكەم بزانم چی ڕوودەدات).

هەركە نامەكەی بەدەست گەشت، خۆی وسكرتێرەكەی هاتن بۆچاوپێكەوتنم.لەبەردەرگا سڵاوێكی(چارلی شواب) ئاسام لێكرد، من تەواو دڵگەرم ولێوان بووم لەنیازی پاك.

لەسەرەتادا باسی كرێی گرانی خانوەكەم نەكرد، بەڵكو ڕادەی سەرسامی خۆمم بەماڵەكە بۆ دەربڕیی.بڕوام پێ بكە، ڕاستگۆبوم لەستایش كردنەكەمدا. پیرۆزبایم لێكرد كەتوانیویەتی بەوشێوەیە خانوەكە دروست بكات. دواتر ئەوەم پێ ڕاگەیاند كەحەزدەكەم ساڵێكی تریش لەخانوەكەدا بمێنمەوە.بەڵام ناتوانم كرێكەی بدەم.كابرای خاوەن ماڵ، لەهیچ كرێچیەك شێوازی ئاوای نەدیبوو.بۆیە نەیدەزانی چۆن وەڵام

بداتەوە.ئینجا دەستی کرد بەباسکردنی سەریەشەکانی لەگەڵ کرێچییەکانی تردا.یەکێك لەو کرێچیانە چوارده نامەی بۆ نوسیبوو، کەیەکێك لەونامانە سوکایەتی زۆری تێدابوو.یەکێکی تریان هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کەئەگەر کرێچییەکەی قاتی سەرەوە بێدەنگ نەکات وکۆتایی بەو هەموو زرم وهوڕەی قاتی سەرەوە نەهێنێت، ئەوا بەڵێن نامەکە هەڵدەوەشێنێتەوە پاشان بەمنی گوت: (چەندخۆشحاڵم کرێچییەکی پڕقەناعەتی وەك تۆم هەبێت)... بەبێ ئەوەی خۆم داوای بکەم، کەمێك کرێکەی دابەزاند.وەلێ من دەمویست زیاتر دایبەزێنێت بۆیە ئەو نرخەم پێ ڕاگەیاند کەبۆمن ئاسانەبیدەم... کەچی بەبێ وەی تاکە وشەیەك بڵێت قسەکەمی پەسەند کرد وکرێکەی بۆدابەزاندم.کاتێکیش لەماڵ چوە دەرەوە، ئاوڕی دایەوە بەلامدا وپرسیی: (چ جۆرە ئەندازەیەکی ناوماڵت ئەوێت بۆت بخەمە ناوماڵەکە؟).

ئەگەر من هەوڵم بدایە بەوشێوازانە کرێکە دابەزێنم کەخەڵکانی تر پێڕەوی دەکەن. دڵنیام دووچاری هەمان ئەو شکستە دەبووم کەئەوان دووچاری ببوون. لەمەشدا دەرکەوت ستایش کردن وشێوازی نەرم ونیان ودۆستانە سود بەخشە. چەند ساڵێك لەمەوبەر، کاتێ مێردمنداڵێکی پێ پەتی بووم... ڕۆژانە بەدارستانێکدا تێ دەپەڕیم تاکودەگەشتمە قوتابخانەی گوندەکە کەدەکەوتە باکوری ڕۆژئاوای (میسوری).ڕۆژێکیان چیرۆکێکی ئەفسانەیم خوێندەوە سەبارەت بەخۆر وبا.

(خۆر وبا) ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە لەسەر ئەوە کامیان بەهێزترن.
(با) بەخۆری گوت: (ئێستا دەیسەلمێنم من بەهێزترم. ئەو پیاوەپیرە

دەبینێ کەپاڵتۆلەبەرکردوە؟ گرەو دەکەم لەسەرئەوەی من لەتۆ خێراتر دەتوانم پاڵتۆکەی پێ فڕێ بدەم).

خۆر لەپشتی هەورەوە ڕاوەستا، با بەوپەڕی سەختی هەڵیکرد تاکو ئەو ڕادەیەی خەریك بوو ببێتە گەردەلول. بەڵام تاچەندە ڕەشەباکە بەهێزبوایە، پیاوەپیرەکەش زیاتر پاڵتۆکەی لەخۆیەوە دەپێچا.

دواجار، ڕەشەباکە هێوربویەوە وخۆی دابەدەستەوە، ئینجاخۆر لەپشتی هەورەکان هاتەدەرەوە و زەردەخەنەیەکی نەرم ونیانی بۆپیاوەکە کرد. هێندەی نەبرد پیاوەکە ڕوخساری سڕی وپاڵتۆکەیشی داکەند... لەئەنجامدا خۆر بەبای گوت: نەرم ونیانی وهاوڕێیەتی هەمیشە بەهێزترە لەتوندوتیژی وسەخت گیری!.

کەهەرزەکاربووم ئەم ئەفسانەیەم دەخوێندەوە. ناوەڕۆکی ئەو ئەفسانەیە بەکردەوە لەشاری (بۆستن)دا بەرجەستە دەبوو. ئەوشارەی کەمەڵبەندی زانست وڕۆشنبیریە وهەرگیز بەخەوتنیش نەمدیبوو. لەو شارەدا لەسەر دەستی (دکتۆر أ.هـ.ب)دا بەرجەستەدەبوو کەلەپاش سیی ساڵ بوویە یەکێك لەقوتابیەکانم... فەرموو ئەوە تۆ و، ئەوەش بەسەرهاتی دکتۆری ناوبراو کەخۆی لەبەردەمی قوتابیەکانی تردا گێڕایەوە:

لەو ڕۆژگارەدا. لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی شاری بۆستن، پڕکرابوون لەڕیکلامێکی پزیشکی هەڵبەستراو، ڕیکلام بۆ کۆمەڵێ دکتۆری پسپۆڕی لەباربردن و نۆژداری جادوباز، کەبانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە نەخۆشینەکانی پیاوان چارەسەردەکەن. کەلەڕاستیدا نێچیرەکانیان لەخشتەدەبرد ودەیان تۆقاندن بەقسەی وەك: نەمانی پیاوەتی

ونەخۆشینی ترسناکیتر... شێوازی کاری ئەمانەتەنها بریتی بوو لەوەی قوربانیەکەی ژێردەستیان بەردەوام لێوان بێت لەترس وتۆقین، هەروەها لەوەشدا خۆی دەبینیەوە کەدەرمانی ساختە وبێ کەڵکیشیان دەدایە... لەباربەرەکان، ببونە هۆی ڕودانی حاڵەتی زۆری مردن.لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی کەمیان دادگایی کرابوون.زۆرینەیان باجێکی کەمیان ئەدا، یان دەستەڵات وهەژمونی سیاسییان هەبوو!.ئیدی لەدادگایی کردن قوتاردەبون.

کێشەکە بەشێوەیەکی مەترسیدار ئاڵۆزا وتەنانەت دانیشتوانی بۆستن ڕق وتوڕەییان بەرزکردەوە.واعیزەکان لەبڵندگۆکانەوە پرۆتسۆی ئەو ڕۆژنامانەیان کرد وداوای ڕەحمەت وبەزەیی خوایان دەکرد بۆ ڕاوەستاندنی ئەو ڕیکلامانە. ڕێکخراوە مەدەنیەکان وبزنسمان ویانەکانی ژنان ودێر وڕێکخراوەکانی لاوانیش، هەریەك لەلای خۆیانەوە پرۆتستۆی ڕیکلامەکانیان کرد، بەڵام هیچ سودێکی نەبوو... پێکدادانی سەختیش دروست بوو لەئەنجومەنی یاسادانان‌دا لەپێناوی ئەوەدا ئەو ڕاگەیاندنە درۆزنانە بەناشەرعی لەقەڵەم بدرێت، وەلێ بەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندنەکان خاوەنی هەژمونی سیاسی بوون پێکدادانانەی نێوئەنجومەنیش هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

لەوکاتەدا، دکتۆر(ب) سەرۆکی کۆمەڵەی هاوڵاتیەباشەکان بوو لەبۆستندا، کۆمەڵەکەیشی هەموو ڕێگەیەکی گرتەبەر، سەرجەم ئەو ڕێگەیانەش بەشکست دەگەیشتن. وادەردەکەوت دژایەتی کردنی تاوانبارەکان هیچ ئومێدێ نابەخشێ.لەم تاو ماوەدا، لەنیوەشەوێکدا، دکتۆر هەوڵێکی تری‌دا کەتائەودەم لەبۆستندا کەس بیری لەهەوڵێکی بەو

جۆرە نەکردبویەوە. هەوڵیدا نەرم ونیان بێت وهەست بەمەسەلەکان بکات.هەوڵیدا کارێ بکات سەرنوسەرەکان خۆیان ئارە زوو بکەن ئەو ریکلامانە لەرۆژنامەکانیاندا ڕابوەستێنن. هێنای نامەیەکی نوسی بۆسەرنوسەری ڕۆژنامەی (بۆستن هیراڵد)، باسی ئەوەی بۆکردبوو کەزۆر سەرسامە بەڕێکوپێکی ڕۆژنامەکە.هەمیشە دەیخوێنێتەوە، چونکە دابەشکردنی هەواڵەکان لەورۆژنامەیەدا ئاشکرایە وبێ لایەنانەیشە.هەروەها نوسەرەکانیشی نایابن. ڕۆژنامەیەکی خانەوادەیی قەشەنگیشە.دکتۆر (ب) ڕای گەیاندبوو کەبەلای ئەوەوە ڕۆژنامەکە، باشترین ڕۆژنامەیە لەئینگەلتەرای نوێدا، قەشەنگترین ڕۆژنامەشە لەئەمریکادا.

(بەڵام) دکتۆر بەردەوام دەبێت لەسەرقسەکانی ودەنوسێت: برادەرێکم کچێکی بچکۆلانەی هەیە.برادەرەکەم بۆی گێڕامەوە کەئەو کچەبچوکە یەکێك لەو ڕیکلامانەی ناوڕۆژنامەکەی تۆی بەدەنگێکی بەرز خوێندۆتەوە، ڕیکلامەکە بانگەشەبووە بۆ لەبار بەرێکی پسپۆڕ.دواتر کچەکە پرسیاری لەباوکی کردوە ئەو ڕستە یانی چی؟ . بەڕاشکاوی، برادەرەکەم هەستی بەقەڵسی کردووە، نەیزانیوە چی بڵێت وچۆن وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.ڕۆژنامەکەی تۆدەچێتە باشترینماڵەکانی بۆستنەوە.جائەگەر ئەو ڕوداوە لەماڵی برادەرەکەی مندا ڕووی دابێ، ئایا ناگونجێت لەماڵێکی تریشدا ڕوبدات؟ .

ئەگەر تۆ خۆت کچێکی بچکۆلانەت هەبێت، حەزئەکەیت ئەو جۆرە ڕیکلامانە بخوێنێتەوە؟ ئەی ئەگەر خوێندیەوە وپرسیاری لەبارەوەکرد، چۆنی بۆشیی دەکەیتەوە؟ .

مایەی نیگەرانیە کەڕۆژنامەیەکی قەشەنگی وەکو ڕۆژنامەکەی تۆ-کە لەهەموو ڕویەکەوە تێر وتەواوە-ئەم دیاردەیە تێدابێت کەوابکات باوکان خۆیان دوربخەنەوە لەوەی بۆکچەکانیانی باس بکەن. ئایا ئەگەری ئەوە لەئارادانیە هەزاران خوێنەری تریش هەمان ئەوهەستەیان هەبێت کەمن هەستم پێ کردووە؟ .).

لەپاش دوو ڕۆژ، سەرنوسەری (بۆستن هیرالد) نامەیەکی نوسیی بۆ دکتـۆر(ب). دکتـۆر ئـەو نامەیـەی بـۆ مـاوەی سـێ یـەکی سـەدەیەك پاراستبوو، کەبویە قوتابی لەپەیمانگاکەی مندا، نامەکەی دابەمن. ئێستا نامەکەم لەبەردەستدایە ومێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(١٣/١٠/١٩٠٤) .

دكتۆر ا.ه.ب

بۆستن، ماس

بەڕێز وخۆشەویست:

بەڕاستی هەستم بەمنەتباری کرد لەبەرانبەرتدا، بەهۆی ئەو نامەیەوە کەئاراستەی سەرنوسەرت کردبوو، بەڕادەیەك بەم دواییانە بڕیارم هاتە سـەرئەوەی شـتێ بکـەم کەلەوکاتـەوە دەسـت بـەکار بـووم دوودڵ بـووم لەسەری.

لەبەرەبـەیانی ڕۆژی دووشـەممەوە، بڕیارمـداوە ڕۆژنامـەی(بۆسـتن) دەربچێت وخـاڵی بێـت لەوڕیکلامـە قێزەونانـە.هـەروەها ڕیکلامـی کارتـە پزیشکیەکان وداودەرمانی هێو کەرەوەش لەڕۆژنامەکەدا ناهێڵێم. بەڵام ئـەو ڕیکلامانـەی کـەناتوانین هـەڵیان بوەشێنینەوە، بەشێوازێك بڵاویـان دەکەینەوە کە نەبنە هۆی بێزاری و تەرێزکردن.جارێکی تریش سوپاسی

نامەجوانەکەت دەکەم کەلەم ڕووەوە بۆیە یارمەتی دەرم. تکام وایە بەردەوام هاوڕێت بم.

دڵسۆزتان و.إ.هاسکل

بڵاوکاری ڕۆژنامە

(ئیسۆپ) خزمەتکارێکی یۆنانی بوولە کۆشکی کریزیس دەژیا، لەشەش سەدساڵ بەر لەزاینەوە، ئەفسانە نەمرەکانی دادەڕشت.لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕاستیانەی کەلەبارەی سروشتی مرۆڤەوە فێریان ببوو، هەمان ئەو ڕاستیانە کەلەبۆستن وپەرمەنگەهامدا بوون، وەك چۆن لەیازدەسەدە لەوە وبەرەوە لەئەسینادا وەك ڕاستی سەرنج یان لێ دراوە.خۆر لەباخێراتر دەتوانێ پاڵتۆکەت پێ دابکەنێت .نەرم ونیانی وقسەی خۆش ودۆستایەتی لە تووڕەبون و هەڵچون، زیاتر دەتوانن وابکەن لە خەڵکی بەخێراییەکی زۆر ترەوە بیرو بۆچونەکانیان بگۆڕن، ئەوقسەیەت لەبیربێت کەلنکۆڵن گوتی: (دڵۆپێ هەنگوین مێشی زیاتر کۆدەکاتەوە لەگالۆنێك ژەهر.هەرکات ویستت خەڵکی بەرەو لای بیروبۆچونی خۆت ڕابکێشیت.لەبیرت نەچێ ئەم ڕیسایە بەکار بهێنە: بەنەرم ونیانی دەست بەقسەکردن بکە.

بەشی پازدەیەم

نهێنی سوکرات

لەکاتی قسەکردن وهەڤپەیڤینت لەگەڵ کەسێکدا، لەو مەسەلانەوە دەست پێ مەکە کە هەردووکتان لەسەریان ناکۆکن... بەڵکو پێداگریبە لەسەرئەوشتانەی کەتیایاندا هاودەنگ وکۆکن... تاچەندە دەتوانیت.هەوڵ بدە دووپاتی ئەوە بکەیتەوە کەهەردووکتان هەوڵ بۆگەیشتن بەیەك ئەنجام دەدەن وتاکەجیاوازی نێوانیشتان لەمیکانیزم وهۆکاری گەیشتن بەئامانجەکەدایە، نەك لەخودی ئامانجەکەدا.

کەسی بەرانبەرت پەلکێش بکە بۆئەوەی هەرلەسەرەتاوە بڵێیت: (بەڵێ، بەڵێ).تادەتوانیت دووری بخەرەوە لەوەی بڵێت: (نەخێر).

پرۆفیسۆر(ئۆفرستریت) لەکتێبەکەیدا(دانانی کاریگەری لەسەر هەڵس وکەوتی مرۆڤ) دەڵێت: وەڵامی نێگەتیڤ سەخت ترین گرفتە کەبتوانیت بەسەریدا زاڵ بیت.کاتێ مرۆڤێك دەڵێت(نەخێر).هەموو هەست ونەستی داخوازی ئەوەی لێدەکەن لەسەر ئەو ڕایەی، لەسەر ئەو نەخێرە بەردەوام وپێداگربێت... لەوانەیە دواجار هەست بکات(نەخێر) وەڵامێکی هەڵەیە، بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی کیبریای خۆی!کاتێ شتێ دەڵێت، پێویستە

دەست بەقسەی خۆیەوە بگرێت.بەم پێیە، زۆر گرنگە لەڕووە ئیجابیەکانەوە دەست بەوتوێژ بکەین!).

قسەکەری لێزان، ئەوکەسەیە کەهەر لەسەرەتاوە کۆمەڵێ وەڵام بە(بەڵێ) لەبەرانبەرەکەیەوە بەدەست دێنێت.چونکە لەو بارەدا، کردارە دەرونیەکانی گوێگرەکەی بەرەو لایەنە باشەکان پەلکێش دەکات.ئەم پرۆسەیە لەجموجوڵی تۆپی بلیار دەچێت.کاتێ لێیدەدەیت بەرەو هەر لایەکی مێزەکە، هێزێ پەیدادەکات لێدوورکەوتنەوە، هێزێکی مەزنی وا کەدەیگەڕێنێتەوە بۆ لاتەنیشتەکەی بەرانبەر.

ڕێ وشوێنە دەرونیەکان لێرەدا زۆر ڕونن.کاتێ مرۆڤێك دەڵێت(نا)بەبێ ئەوەی خۆی بزانێت چی وتوە، شتێکی وتوە کە زیاترە لەوشەیەکی دووپیتی.چونکە هەموو جەستەی(بەڕژێنەکان ودەمار وماسولکەکانیەوە) بۆ ئەو حاڵەتی ڕەت کردنەوەیە یەکدەگرن... هەروەها پاشگەزبونەوەیەکی کاتی جەستەیی هەیە، یان ئامادەباشی بۆ پاشگەزبونەوە.هەموو کۆئەندامی دەمار-ماسولکە، ئامادەدەبن بۆ دوورکەوتنەوە لەقبوڵکردن.

بەڵام کاتێ مرۆڤ دەڵێت(بەڵێ).هیچکام لەو چالاکیە جەستەییانەڕونادەن. بەڵکو جەستە جموجوڵێکی چالاکانە دەست پێ دەکات بۆقبوڵکردن وپێڕەو کردنی شێوازی کراوە.لەبەر ئەوە.تاچەندە بتوانین هەرلەسەرەتاوە وەڵامی ئەرێی بەدەست بێنین، ئەوەندەش ئەگەری سەرکەوتنمان زیاد ئەبێت بۆسەرنج ڕاکێشانی بەرانبەرەکەمان بەرەو ئامانجەکانمان.

وەڵامی ئەرێی، پرۆسەیەکی زۆر ئاسانە.هەرچەندە زۆریش فەرامۆشکراوە! تەنانەت زۆرجارخەڵکی هەست بەگرنگی وبایەخی خۆیان دەکەن، بەڵام لەڕێی هەستکردنیانەوە بەدوژمنایەتی.

کارێ بکە کەسێك هەر لەسەرەتاوە بڵێت(نەخێر)، یان مامەڵەچی یان منداڵ یاخود ژنەکەت هەرلەسەرەتاوە بڵێن(نەخێر).ئەودەم، دەبێ ئارامگری ودانایی فریشتەکان بەکاربێنێت بۆ گۆڕینی ئەو وەڵامە نەفرەتیە بۆبارێکی ئەرێی.

بەکارهێنانی شێوازی ئەرێی، بویە هۆی ئەوەی(جیمس ئیبرسۆن) بەڕێوەبەری بانکی(گرینوریچ سایفینگ) لەشاری نیویۆرك، بتوانێت پارێزگاری لەمانەوەی مامەڵە چیەکی باڵابکات.بەڕێز ئیبرسۆن دەڵێت: (ئەوپیاوە هات ژمارەیەکی بانکی بکاتەوە، منیش لیستی ئاسایی داواکاریم پێدا تاکوپڕی بکاتەوە.بەخەیاڵێکی ڕەحەتەوە هەندێ لەپرسیارەکانی وەڵام دایەوە.بەڵام ئامادەنەبوو، وەڵامی هەندێ پرسیاری تر بداتەوە... بەرلەوەی لێکۆڵینەوە وخوێندنەوە بکەم، لەمەڕ پەیوەندیە مرۆییەکان، دەمگوت هەرمامەڵە چیەك ئامادەنەبوو ئەو زانیاریانە بدات، ژمارەی بانکی پێنادرێت وبۆی ناکرێتەوە... ئێستا شەرمەزارم کەلە ڕابردوودا ئەو هەڵەیەم کردووە.ئاساییە گەربەم وەڵامە هەست بەدڵخۆشی بکەم، چونکە بەمیوانەکەم نیشان ئەدا کەکێ سەرۆکە ونابێت هیچ کەسیش توخنی یاساکانی بانك بکەوێت.بەڵام ئەم ڕەفتارە، نەبویە هۆی ئەوەی ئەو کابرایەی کەهاتبوو هاوکاری وپشتگیری خۆیمان پێشکەش بکات، هەست بەگرنگی وسنگ فراوانی بکات.

ئەوبەیانیە بڕیارمدا کەمێك لەدانایی ئەسپ بەکاربێنم.بڕیارمدا باس لەوەنەکەم کەبانك چی دەوێت.بەڵکو باس لەوە بکەم کەمامەڵەچیەکە چی دەوێت.سەرباری ئەوەش، بڕیارمدا هەرلەسەرەتاوە پەلکێشی بکەم بۆ ئەوەی بڵێت(بەڵێ).بۆیە هاوڕایی خۆم بۆ دەربڕی وپێم گوت ئەو پرسیارانەی کەناتەوێ وەڵامیان بدەیتەوە، بەهیچ شێوەیەك بایەخیان نیە.

(بەڵام) پێم گوت، (باوای دابنێین تۆ لەپاش مردنت پارەیەکت لەم بانکەدا هەیە، ئایا پێت خۆشە بەگوێرەی یاسا ئەو پارەیەت بگێڕینەوە بۆ یەکێك لەخزمەکانت؟ .لەوەڵامدا گوتی: (بێگومان!).

-ئایا پێتوانیە باشتروایە ناوی خزمێکی خۆتمان پێ بدەیت تاکو لەحاڵەتی کۆچی دوایی تۆدا، بتوانین ئارەزوەکەت بێنینەدی بەبێ هیچ جۆرە هەڵەکردن ودواخستنێك؟ .

* دووبارە گوتی: (بەڵێ).

دەست بەجێ شێوازی هەڵس وکەوتی ئەو کابرا مامەڵەچیە گۆڕا، بەتایبەت کاتێ زانی ئێمە لەپێناوی خۆماندا داوای ئەو زانیاریانە ناکەین، بەڵکو لەپێناوی خۆیدا داوای دەکەین.بۆیە بەرلەوەی بانك بەجێ بهێڵێت، نەك تەنها زانیاری تێرو تەسەلی لەبارەی خۆیەوە پێداین، بگرە ژمارەیەکی بانکی کردەوە کەدایکی لێی سودمەندبێت، بۆیە بەدەرونێکی بێ خەوشەوە، وەڵامی هەموو پرسیارەکانیشی لەمەڕدایکی دایەوە.

هەستم کرد، لەمیانەی پەلکێش کردنیەوە بۆگوتنی وشەی(بەڵێ)، هەمووهەستەکانی لەبیرچویەوە، تەنانەت زۆر شادومانیش بوو بەجێ بەجێ کردنی ئەوپێشنیارانەی کەدەمخستە بەردەمی).

(جۆزیف ئەلیستۆن) کەکاری(فرۆشیار) دەکات لەکۆمپانیای(وستینگ هاوس)، گوتی: (پیاوێك لەناوچەکەماندا هەیە، کۆمپانیاکەمان حەزی دەکرد هەندێ شتی پێ بفرۆشێت.بەرلەمن لەماوەی دەساڵدا، فرۆشیارەکانی تر هەوڵیان لەگەڵدا دابوو، بەڵام نەیانتوانی بوو هیچی پێ بفرۆشن.پاش ئەوەی بەرپرسیارێتی ئەو ناوچەیەم وەرگرت.بۆماوەی سێ ساڵ سەردانی نوسینگەکەیم دەکرد، بێ ئەوەی هیچ داواکاریەکی کڕینم لێیەوە دەست بکەوێت.دواجار، پاش سیازدەساڵ لە هاتوچۆکردن وسەردان وباس وخواسی کڕین.توانیمان چەند بزوێنەرێکی پێ بفرۆشین. ئەگەر بزوێنەرەکانی بەدڵ بوایە، دڵنیام چەندسەد دانەیەکی تریشی دەکڕی.

من دڵنیابووم لەوەی بزوێنەرەکان باشن، بەوجۆرە، کاتێ پاش سێ هەفتە چومەوە بۆسەردانی، هەستم دەکردبەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێم.

بەڵام هەنگاوەکانم زۆر پەلیان نەهاویشت، چونکە ئەندازیارەکە بەرەو ڕووم دەهات ولەناکاو پێی ڕاگەیاندم(ئەلیستۆن!ناتوانین بزوێنەرەکانی ترت لێ بکڕین)بەقەڵسیەکەوە لێم پرسی: (بۆچی؟).

—چونکە بزوێنەرەکانت پلەی گەرمییان زۆر بەرزدەبێتەوە وناتوانم دەستیان لێ بدەم.

زانیم قسەکردن وچەلەحانێ هیچ سودێکیان نیە. چونکە لەزووەوە ئەو ڕێگەیەم تاقی کردبویەوە.بیرم لەوە کردەوە وەڵامی(بەڵێ) بەدەست بێنم.گوتم: (زۆرباشە. بەڕێز سمیس ئێستا سەرنج بدە.من سەد لەسەد لەگەڵ ڕاکەی تۆدام. بزوێنەرەکان پلەی گەرمییان بەرزە نابێ تۆهیچیان

بکرێت.ئەبێ تۆ بزوێنەرێ بکرێت کەپلەی گەرمییەکەی بەرزتر نەبێت لەپلەی گەرمی بزوێنەرەکانی یەکێتی نیشتمانی بۆپیشەسازیە ئەلکترۆنیەکان.وانیە؟ !).

لەگەڵمدا هاوڕابوو، بەو جۆرە یەکەم(بەڵێ)م دەست کەوت.تێکڕای پلەی گەرمی لای یەکێتی نیشتمانی بۆپیشەسازیە ئەلکترۆنیەکان، پێویستە ٧٢پلەی فەهرنهایت بێت، لەگەڵ پلەی گەرمی ژورەکەدا.وایە یان نا؟ .

(بەڵێ)، (ڕاستە.بەڵام بزوێنەرەکانی تۆ پلەی گەرمییان بەرزترە).

لەوبارەوە قسە ودەمبەدمەم لەگەڵدا نەکرد... گوتم: (پلەی گەرمی ژوری توانەوە(قاڵکردن) چەندە؟).

-نزیکەی ٧٥پلەی فهرنهایت.

*زۆرباشە، ئەگەر پلەی گەرمی ژوری قاڵکردن ٧٥ پەبێت، ٧٢پلەی بزوێنەرەکەیشی بخەیتەسەر.دەکاتە ١٧٤ پلە.ئایا ئەم گەرمیە، بەس نیە بۆ ئەوەی دەستت بسوتێنێت؟ .

-دووبارە گوتی: (بەڵێ).

* زۆرباشە، ئایا باشترنیە دەستت لەبزوێنەرەکە دووربخەیتەوە؟ .

-گوتی(بەڵێ)پێم وایە تۆلەسەرهەقیت). ئینجا بۆماوەیەك قسەو باسمان کرد.پاشان کچەسکرتێرەکەیی بانگ کرد و تەندەرێکی بەبڕی (٣٥/٠٠٠)دۆلار پێدام تاکو بایی ئەو بڕەپارەیە کەلوپەلی بۆ بهێنم.

چەندین ساڵ وهەزاران دۆلارم لەدەست چوو، بەرلەوەی تێبگەم لەوەی دەمبەدمە هیچ سودێکی نیە.بەڵکو زۆر بەسودترە لەگۆشەنیگای ئەوانی ترەوە سەرنجی شتەکان بدەین وپەلکێشیان بکەین بۆ ئەوەی بڵێن(بەڵێ).

سوکرات، وەئاگاهێنەرەوەی ئەسینا، گەنجێکی قەشەنگ بوو، هەرەچەندە تەمەنی بەپێی پەتی بردەسەر.لەگەڵ کچێکدا هاوسەرگیری کرد، تەمەنی کچەکە نۆزدە ساڵان بوو، بەڵام سوکرات لەتەمەنی چل ساڵیدابوو.قژی سەری ڕوتابویەوە وسەری ساف ببوو.ئەوپیاوە شتێکی کرد، کەزۆرێك لەپیاوانی مێژوو نەیانتوانیوە بیکەن: ئەم توانی ڕێڕەوی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی‌بگۆڕێت.هەنوکەش، لەپاش بیست وسێ سەدە لەمردنی ئەو پیاوە، یادی دەکرێتەوە وەك ژیرترین کەس کەتوانیویەتی قەناعەت بەبەرانبەرەکانی بکات وکاریگەری لەسەر ئەم جیهانە پێکدا ئاڵاوە دابنێت.

شێوازی سوکرات چۆن بوو؟ ئایا بەخەڵکی دەگوت ئێوە لەسەر هەڵەن؟ نەخێر، ئەوە سوکرات نیە وابڵێت.ئەو زۆر ژیر و هۆشمەند تربوو لەوەی وابڵێت، شێوازەکەیشی کەئێستا بە(شێوازی سوکرات) ناو دەبرێ.پێداگری لەوە دەکات کە کەسی بەرانبەر پەلکێش بکرێت بۆ ئەوەی بڵێت (بەڵێ).پرسیاری وای دەکرد کەڕکابەرەکەی لەگەڵیدا هاوڕابێت.ئیدی هاوڕایی لەدوای هاوڕایی لەبەرانبەرەکەیەوە بەدەست دەهێنا وپڕ بەباوەشێك وەڵامی (بەڵێ)ی لەبەرانبەرەکەیەوە وەردەگرت وکۆی دەکردنەوە. بەردەوام جۆرە پرسیارێکی دەکرد، تاکو بەرانبەرەکەی والێدەکرد هەرلەخۆیەوە باوەش بەو ئەنجامەدا بکات کە بەر لەچەند خولەکێك ڕەتی دەکردەوە.

جارێکی تر، کەویستمان زیرەکی خۆمان پیشان بدەین وکەسی بەرانبەرمان قەناعەت پێ بکەین کەلەسەر هەڵەیە.باسوکراتی پێ پەتیمان

لەبیربێت وپرسیاری نەرم ونیانانەی وابکەین کەبەرانبەرەکەمان ڕابکێشێت بۆ گوتنی(بەڵێ).

چینیەکان پەندێکیان هەیە کەلێوانە لەدانایی ڕۆژهەڵات ودەڵێت: (هەرکەس بەنەرم ونیانی هەنگاو بنێت، زیاتر ڕێ دەکات (یان ڕێگەیەکی درێژتر دەبڕێت).

ئەوچینیانە پێنج هەزارساڵ لەسروشتی مرۆڤ کۆڵیونەتەوە، ئەوجا توانیویانە ئەو پەندە وەدەست بخەن: (هەرکەس بەنەرم ونیانی هەنگاوبنێت، ڕێگەیەکی درێژتردەبڕێت).

ئەگەر ئەتەوێت خەڵکی ڕابکێشیت بۆ لای شێوازی بیرکردنەوەی خۆت، ئەوا پێڕەوی لەم ڕێسایە بکە: کەسی بەرانبەرت پەلکێش بکە بۆ ئەوەی دەست بەجێ بێژیت: (بەڵێ).

بەشی شانزەیەم

چۆن هاوکاری بەدەست دێنیت؟

ئایا زیاتر بڕوات بەو بیرۆکانە نیە کەخۆت دەیان دۆزیتەوە ، وەك لەو بیرۆ کە ئامادە کراوانەی کە لەسەر سینیەکی زیوین پێشکەشت دەکرێت؟ ئەگەر وایە، ئایا شتێکی ناپەسەند نیە گەر بیروبۆچونەکانت بەسەر بەرانبەرەکانتدا بسەپێنیت؟ ئایا حیکمەتێکی زیاتر نیە گەر تۆ تەنها پێشنیار پێشکەش بکەیت و لێ گەڕێیت بەرانبەرەکانت، خۆیان بیر لەبەرەنجامەکان بکەنەوە؟ .

بۆنمونە: ئەدلۆف سلتز، کەیەکێك بوو لەقوتابییەکانم، ڕووبەڕووی گرفتێك بوویەوە، گرفتەکەش ئەوە بوو کەدەبوا گەرم وگوڕی دروست بکاتەوە لەنێو دڵی هەندێ فرۆشیاری ئۆتۆمبیلدا کەبەتەواوی ئومێد بڕاو ببوون، پاش ئەوەی داوای کۆبونەوەیەکی گشتی کرد، پیاوەکانی هاندا تاکو ئاگاداری بکەنەوە لەوەی کەهەرکامیان بۆ چونی چیە سەبارەت بەکۆبونەوەکە و چاوەڕوانی چی لێ دەکات.لەکاتی قسەکردندا، بۆ چونەکانی ئەوانی لەسەر ڕوپەرێك نوسیەوە، پاشان گوتی: (هەموو ئەو شتانەتان ئەدەمێ کەئێوە چاوەڕوانی دەکەن، ئێستاش بەڕاستی پێیان

ڕادەگەیەنم منیش چ چاوەڕوانیەك لەئێوە دەکەم) ڕێژنەی وەلامەکان بەپەلە دابارین: دڵسۆزی، دەست پاکی، چالاکی وئومێد، گروپێکی کارکە ڕۆژانە هەشت کاتژمێرکار بکات. تەنانەت پیاوێك ئامادەیی دەربڕی چوارده کاتژمێر لەڕۆژێکدا کاربکات... بۆیە کاتێ کۆبونەوە کەتەواو بوو گوڕوتین وچالاکیەکی نوێ لەناو ئەندامانی کۆبونەوە کەدا پەیدا ببوو. بەڕێز (سلتز)یش دواتر باسی لەوە کرد کەبڕی فرۆشراوەکانیان لەدوای ئەو کۆبونەوەیە زۆر بەڕوونی زیادی کرد.

سلتز هەروەها دەڵێت: (ئەو پیاوانە پەیمانێکی ئەخلاقییان دابوو، لەبەر ئەوەی من لەسەر پەیمانەکەم مابومەوە، هەریەکێك لەوانیش هەوڵی ئەدا لەسەر پەیمانەکەی بمێنێتەوە... ئەو پرسیارەش کەمن دەربارەی ئارەزوو بۆ چونەکانیان لێم کردن گوشادیەك بوو کەبەڕاستی ئەوان پێویستیان بوو).

هیچ پیاوێ نیە حەزبکات بەوەی پێی بگوترێ فلان شت بکە.بەڵکو هەموومان حەزمان بەوەیە کەبەئارەزوی خۆمان شت بکڕین وبەگوێرەی بیروبۆچونەکانی خۆشمان هەڵس وکەوت بکەین. حەزدەکەین پرسیارمان لێ بکرێت سەبارەت بە حەز وخولیاو پێویستی وبۆچونەکانمان .

باحاڵەتی (ئەیۆژین ونسۆن) وەك نمونە وەربگرین.ئەم پیاوە هەزاران دۆلاری لەدەست دا بەرلەوەی ئەم ڕاستیە فێرببێت. ئەم پیاوە لەستۆدیۆیەکدا کاری دەکرد کەدیزاینی جل وبەرگی بۆ بازرگانەکان دەکرد. بۆماوەی سێ ساڵی ڕەبەق هەموو ڕۆژێك سەردانی یەکێك لەدیزاینەرە بەناوبانگەکانی جلوبەرگی شاری نیویۆرکی دەکرد. (ونسۆن) خۆی دەڵێت: هەرگیز چاوپێکەوتنمی ڕەت نەدەکردەوە، بەڵام

هەرگیز هیچیشی لێ نەدەکڕیم.زۆر بەووردی سەرنجی دیزاینەکانی دەدا... ئینجا دەیگوت: (بەڕێز ونسۆن، وانازانم ئەمڕۆ لەسەر هیچ شتێ ڕێ بکەوین).

لەپاش سەدوپەنجا جار شکست خواردن، ئەوجا (ونسۆن) بیری لەوە کردەوە کەلەوانەیە دووچاری شڵەژانی بیرو بۆ چون بوبێت.بۆیە بڕیاریدا هەفتانە ئێوارەیەك تەرخان بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەشێوازی کاریگەری دانان لەسەر هەڵس وکەوتی مرۆڤ وگەشەدان بەبیرۆکەی نوێ کەدواجار ببێتە هۆی سەرهەڵدانی دڵگەرمی تازە.

لێرەدا بیری لەوە کردەوە، شێوازێکی تازە پێڕەو بکات.هەندێ دیزاینی ئامادە نەکراوی هێنا کەهێشتر هونەرمەندەکان کاریان تێدا دەکرد.بەهەڵەداوان هات بۆ دوکانی بازرگانەکەو گوتی: (زەحمەت نەبێ ئەگەر یارمەتیەکی بچوکم بدەیت.هەندێ دیزاینی تەواو نەکراوم پێیە، دەتوانیت ئەوەندە زەحمەت بکێشی پێم بڵێیت چۆن تەواویان بکەم لەگەڵ داخوازیەکانی تۆدا دەگونجێن؟).

کابرای بازرگان ماوەیەکی زۆر تەماشای دیزاینەکانی دەکرد، بێ ئەوەی تاکە وشەیەك لەدەمی بێتە دەرەوە، پاشان گوتی: (بەڕێز ونسۆن، چەند ڕۆژێك لای من دایان بنێ ودوایی بگەڕێرەوە بۆلام).

ونسۆن ڕۆشت ولەپاش سێ ڕۆژ گەڕایەوە بۆ لای وهەموو پێشنیارەکانی لەگەڵ خۆیدا بردەوە بۆ ستۆدیۆ وبەگوێرەی ئەو پێشنیارانە دیزاینەکانی تەواو کرد.ئەی ئەنجامی ئەم کارەچی بوو؟ ئەنجامەکەی ئەوە بوو هەموو دیزاینەکان قبوڵ کران.

نۆمانگ لەمەوبەر ئەم ڕووداوە ڕووی داوە.لەوکاتەوە تائێستا بەردەوام کڕیارەکان داوای دیزاینی زیاتری لێ دەکەن، هەموو دیزاینەکانیش بەگوێرەی بۆ چونەکانی خۆی تەواو دەکات... ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی بەڕێز ونسۆن زیاتر لەشەش سەد دۆلار دەستکەوتی لەعمولەدا هەبێت.ئەو خۆی دەڵێت: ئێستە هەست دەکەم کەبۆچی لەسالانی ڕابردودا شکستم دەهێنا.چونکە من هەوڵم ئەدا شتێ بەکڕیارەکان بفرۆشم کەخۆم پێم وابوو شتێکی باشە. ئێستا بەپێچەوانەوە، هەوڵ ئەدەم بیروبۆ چونەکانیم پێ بڵێیت، بۆیە ئێستا ئەو واهەست دەکات خودی خۆی دیزاینی جلوبەرگەکان دەکات، هەر بەڕاستیش وایە.چونکە ئێستا من کاڵاکەم نافرۆشم، بەڵکو ئەو خۆی دێت ولێم دەکڕێ).

ئەو دەمەی (تیۆدۆر ڕۆزڤلت) فەرمانداری نیویۆرك بوو، کارێکی زۆر باشی کرد، بەردەوام پەیوەندی باشی بەسەرکردە سیاسیەکانیەوە هەبوو... ناچاری کرد بوون هەندێ ڕیفۆرم بکەن کەئەوان ڕقییان لێی دەبووەوە. لەماوەی دادێ شێوازی کاری (ڕۆزڤلت) دەیخەنە بەرچاو: هەرکات پێویست بوایە پۆستێکی بەتاڵ پڕبکرێتەوە، سەرکردەکانی بانگ دەکرد بۆ ئەوەی پێشنیارەکانیان بخەنە بەرچاو. ڕۆزڤلت دەڵێت: (لەسەرەتاوە سەرکردەی حیزبێکی شکستخواردویان پێشنیاردەکرد. بۆیە منیش پێم ڕادەگەیاندن ئەو جۆرە پیاوانە لەڕووی سیاسیەوە ناگونجێن، هەروەها جەماوەریش قبوڵی ناکەن.ئینجا ناوی ڕابەری حیزبێکی تریان دەهێنا، ئەگەرچی کەس دژایەتی نەدەکرد، بەلام کەسانێکی کەم پشتیوانییان لێ دەکرد. بۆیە پێم دەگوتن: ئەم جۆرەپیاوانەش لەئاستی داخوازیەکانی میللەتدانین... داوام لێدەکردن

بەدووی پیاوێکی تردا بگەڕێن... سێیەمین جار ناوی پیاوێکی تاڕادەیەك گونجاویان دەبرد. بەڵام ئەمیش تەواو گونجاو نەبوو.

بۆیە سوپاسم دەکردن وداوام لێدەکردن هەوڵێکی تر بدەن وناوێکی تریێشکەش بکەن. دواجار پێشنیاری چوارەمیان قبوڵ دەکرا. چونکە ئەوانیش هەر ئەو ناوەیان پێشنیار دەکرد کەمن خۆم هەڵم بژاردبوو... دواجار لەپای ئەو هاوکاری کردنەیاندا سوپاسم دەکردن، ئەو پیاوەشم بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکە دەست نیشان دەکرد کەئەوان پێیان باش بوو، فەزڵی هەڵبژاردنەکەیم بۆ ئەوان بەجێ دەهێڵاو پێم دەگوتن: من ئەو پیاوەم بۆ قایل کردنی دڵی ئێوە لەوجێگەیەدا دانا، ئێستا نۆرەی ئێوەیە دڵی من قایل بکەن.

ئەوانیش وایان دە کرد! بەتایبەت کاتێ چاکسازیەکانی ڕاژەی شارستانی وبەخشین لەباجیان پەسەندکرد.

شیاوی گوتنە (ڕۆزڤلت) زۆر دوور ڕۆشتوە لەڕاوێژکردن بە دەوروبەرەکەی و ڕێزگرتن لەبیروبۆچونەکانیان. هەرکاتێ کەسێکی بۆ پۆستێ دابنایە، کارێکی دەکرد سەرکردەکانی دەوری واهەست بکەن خۆیان ئەوکەسەیان داناوە وبیرۆکەکە، بیرۆکەی خۆیان بووە.

کابرایەکی ئۆتۆمبیل فرۆشیش لەشاری (لۆنگ ئایلەند) هەمان شێوازی مامەڵەی بەکار هێنا، کاتێ ویستی ئۆتۆمبیلێکی بەکار هاتوو بفرۆشێتە پیاوێکی ئۆسکۆتلەندی وهاوسەرەکەی. ئەم کابرایە ئۆتۆمبیل لەدوای ئۆتۆمبیل پیشانی کڕیارەکەی دەدا. بەڵام کابرای ئۆسکۆتلەندی دڵی لەسەر هیچ کامیان ڕانەدەهات ولەهەرکامیاندا ناتەواویەکی دەدۆزیەوە، ئەمیان گونجاونیە وئەویان کۆنە وئەوی تریان زۆر گرانە...

لەبەرانبەر ئەم هەڵوێستەدا، كابرای فرۆشیار پەنای بردە بەر قوتابییەكان (چونكە خۆیشی قوتابی پەیمانگاكەی من بوو) تاكو هاوكاری بكەن .ئێمە ئامۆژگاریمان كرد وازلەفرۆشتن بە(ساندی) بێنێت وكارێك بكات بە(ساندی) خۆی بێت ئۆتۆمبیل بكڕێت. پێمان گوت: لەبری ئەوەی (ساندی) بڵێیت پێویستە ئاوابكەیت ، بۆچی وازی لێ نایەنیت ئەوبێت پێت بڵێت پێویستی بەوەیە شتێكی بۆ بكەیت؟ لێ گەڕێ باوا هەست بكات بیرۆكەكە هینی خۆیەتی.

وادەرئەكەوت ئەم شێوازە ڕاست بێت، فرۆشیارەكەش هەروایكرد... كاتێ كڕیارێ ویستی ئۆتەرە كۆنەكەی بگۆڕێتەوە بەئۆتۆمبیلێكی نوێ... فرۆشیارەكە دەیزانی لەوانەیە ساندی ئەم ئۆتۆمبیلە بەكار هاتووەی بەدڵ بێت.

بۆیە دەست بەجێ تەلەفۆنەكەی هەڵگرت وداوای لەساندی كرد، بێت بۆلای وسەبارەت بەو ئۆتەرە هەندێ ئامۆژگاری پێشكەش بكات!!.

كاتێ ساندی گەیشت، فرۆشیارەكە پێی گوت: تۆ كەسێكی زیرەك ولێهاتویت ونرخی ئۆتۆمبیل دەزانیت. بەڵكو سەیرێكی ئەم ئۆتۆمبیلە بكەیت وتاقی بكەیتەوە ودوایی پێم بڵێیت بەچەن بیكڕم باشە؟ .

ساندی زەردەخەنەیەكی درێژی بۆ كرد ودەستی كردە پشكنینی ئۆتۆمبیلەكە. ئینجا دەستی كردە لێخوڕینی لە(جمایكا) وە بەرەو(فرست هیلتر).كاتێك گەڕایەوە گوتی: (ئەگەر بتوانیت ئەم ئۆتۆمبیلە بەسێ سەد بكڕیت، مامەڵەیەكی قازانجدارت كردووە). فرۆشیارەكە لێی پرسی: (ئەگەر تۆبەو نرخە دەستت بكەوێت، ئامادەیت لێم بكڕیت؟).

دواجار ئەم بگرە وبەردەیە بەنوسینی بەڵێننامەی کڕینی ترۆمبیلەکە کۆتایی هات... هەمان ئەم شێوازە لەلایەن دروستکەرێکی کەلوپەلی تیشك گرتنی پزیشکیەوە پێڕەوکرا، کاتێ ویستی کەلوپەلەکانی بفرۆشێتە یەکێك لە نەخۆشخانە گەورەکانی (برۆکلین)... نەخۆشخانەکە بەشێکی تازەی کردبویەوە ودەیویست باشترین پێداویستیە پزیشکیەکان لە ئەمریکادا لەو بەشەدا دابنێت.دکتۆر(ل) ی بەرپرسی بەشی تیشکی نەخۆشخانەکە، بەتەواوی پەرێشان ببوو بە هۆی ئەو هەموو فرۆشیارەی کەدەهاتنە کنی وبەرهەمەکانی خۆیانیان دەخستە بەردەمی وداوایان لێدەکرد کەلوپەلەکانیان لێ بکڕێت.

لەنێو ئەو فرۆشیارانەدا، یەکێکیان لەوانی ترلێوەشاوە وزیرەك تربوو، لەوانی ترباشتر دەیزانی چۆن چۆنی چارەسەری سروشتی مرۆڤ دەکرێ، ئەوە بوو نامەیەکی بۆ دکتۆری ناو براو نوسی وتیایدا گوتبووی: (بەم دواییانە کارگەکەمان جۆرە کەلوپەلێکی تازەی تیشك گرتنی بەرهەم هێناوە، بڕی یەکەمی ئەو ئامێرانە گەشتۆتە نوسینگەکەمان، بەڵام تەواو نین.ئێمە ئەم ڕاستیە دەزانین، دەمانەوێت چاکیان بکەین، زۆر سوپاست دەکەین ئەگەر دەرفەتت ببێت وسەرێکمان لێ بدەیت وڕای خۆتمان پێ بڵێیت تاکو بزانین چۆن ئەو ئامێرانە تەواوبکەین لەگەڵ ئیشەکانی ئێوەدا دەگونجێن... من دەزانم تۆ زۆر سەرقاڵیت، لەبەر ئەوە خۆشحاڵ دەبم هەرکاتی بۆ تۆ گونجاوبێت ئۆتۆمبیلەکەی خۆمت بۆ بنێرم وسەردانمان بکەیت).

دکتۆر(ل) لەبەردەم پۆلەکەیدا، بەم جۆرە باسی لەچیرۆکەکەی کرد وگوتی: (زۆر سەرسام بووم کاتێ نامەکەم بەدەست گەیشت، چونکە

پێشتر نەمدیبوو خاوەنی کارخانەیەکی تری ئامێری تیشك دروست کردن داوای ئامۆژگاریم لێ بکات، ئەمە وای لێکرم هەست بەگرنگی وبایەخی خۆم بکەم. ئەو هەفتەیە زۆر سەرقاڵ بووم. لەگەڵ ئەوەشدا وادەی ئێوارە خوانێکی ڕۆژێکی ئەو هەفتەیەم هەڵوەشاندەوە، بۆ ئەوەی بچم چاوم بەئامێرەکان بکەوێت... هەرچەندە وردتر سەیری ئامێرەکانم دەکرد.زیاتر پێیان سەرسام دەبووم.

هیچ کەس هەوڵی نەدا ئامێرەکانم پێ بفرۆشێت. بۆیە هەستم کرد بیرۆکەی کڕینی ئەو ئامێرانە بۆ نەخۆشخانەکە بیرۆکەی خودی خۆمە.بەهۆی باشی ئامێرەکانەوە کڕیمن، داوام کرد بۆم بگوازنەوە وبۆم دابمەزرێنن).

چەندساڵێك لەمەوبەر کابرایەکی تری خەڵکی (نیوبرانسویك) هەمان شێوازی مامەڵەی تاقی کردەوە. توانی من بکاتە کڕیاری خۆی.ئەوکاتە، من پلانم دادەنا بۆ ڕاوەماسی کردن ولێخوڕینی بەلەم لە(نیوبرانسویك)دا. نامەیەکم بۆ نوسینگەیەکی گەشتوگوزار نووسی تاکو زانیاریم لەوبارەیەوە پێ بدەن. ناو وئەدرەسەکەم خرایە سەر لیستە گشتیەکە. ئەوەندەی نەبرد دنیایەك نامەونامیلکەم لەخاوەنی خێوەتگەو ڕێبەرانی گەشتوگوزارەوە پێ گەیی. دووچاری شۆك بووم و نەمدەزانی کامیان هەڵبژێرم. لەناو هەمویاندا، یەکێکیان کارێکی زۆر زیرەکانەی کردبوو.ئەم هاتبوو ژمارەی تەلەفۆن وناوی کۆمەڵێك کەسایەتی شاری نیویۆرکی پێدام کەپێشتر خزمەتگوزاری پێشکەش کردبوون، داوای لێکرم لەوان بپرسم کەئەم کابرایە تاچ ئاستێ خزمەتی ئەوانی

کـردووه! تـاکو لـەزمانی ئەوکەسایەتیانەوە تـێ بگـەم خێوەتگاکـەی ئـەم کابرایە چەندە خزمەتگوزارە.

سەرسام بـووم، چـونکە یـەکێك لـەو ناوانـەم دەناسـی کەئـەو کابرایـە پێـشکەشی کردبـووم. بۆیـە پەیوەنـدیم پێـوەکرد وپرسـیاری خزمەتگوزاریەکانی ئەو خێوەتگایەم لێکرد. لەئەنجامدا هەرکە گەیشتمە شوێنی مەبەست، پەیوەندیم بەو خێوەتگایەوە کرد.

هـەموو خـاوەن خێوەتگاکـانی تـر هـەوڵیان ئەدا خزمەتگوزاریـەکانیانم پێ بفرۆشن، بەڵام یەکێکیان وازی لێهێنام بۆ خۆم خزمەتگوزاریـەکانی لێ بکڕم: بۆیە (هەر ئەویشی براوە بوو).

بـەو جـۆرە، ئەگـەر دەتـەوێت دڵـی خـەڵك بـەلای شێوازی بیرکردنـەوەی خۆتدا ڕابکێشیت، کاربەم ڕێسایە بکە کەدەڵێت: لێ گـەڕێ بەرانبەرەکـەت هەست بکات بیرۆکەکە، بیرۆکەی خۆیەتی. بیست وپێنج سـەدە لەمەوبەر، یـەکێك لـەدانایانی وڵاتـی چـین، کـەناوی(لاوسـتی)یـە هەنـدێ شـتی باسکردوەکە دەکرێ خوێنـەران بەکاری بێنن، ئەو دەڵێت: هۆکـاری پێك گەیـشتنی ڕوو بـارو دەریاکـان، ئـاوی سـەدان سەرچـەشمەی چیاکانە کەدەکرێ لـەوان خـوارتریش بن... بـەو جـۆرە دەتوانیت تـەحکوم بکـەیت بەهەموو سەرچاوە شاخاویەکانەوە.

بـەم پێیـەش، ئەگـەر حـەکیمێك بیـەوێت بکەوێتـە سـەروی خەڵکـەوە، پێویـستە خـۆی بخاتـە خوارویانـەوە، ئەگـەر بیـەوێت خـۆی بخاتـە پێشیانەوە، پێویـستە لەدوایانـەوە بڕوات... بـەم پێودانەگە، هەرچـەندە لەسـەروی خەڵکیشەوە بێت، خەڵکەکە هەست بەقورساییەکەی ناکـەن، هەرچەندیش لەپێشیانەوە بڕوات، وانازانن سوکایەتی پێکردبن).

بەشی حەڤدەیەم

داواکاریەك کەبۆ هەموان باشە!

من لە دەوروبەری شارۆچکەی (جیسی جایمس)ی ویلایەتی (میسوری) پەروەردە بووم.سەردانی کێڵگەکانی (جایمس)م لە (کیرنی) سەر بەویلایەتی (میسوری) دەکرد.ئەودەم هێشتر کوڕەکەی جیسی جایمس لەژیاندا مابوو. ژنەکەی باسی هەندێ لەو چیرۆکانەی بۆ دەگێڕامەوە کە(جیسی) دەچوو شەمەندەفەرو بانکەکانی تاڵان دەکرد و ئینجا هەرچی دەستکەوت بوایە دابەشی دەکرد بەسەر جوتیارە هەژارەکاندا، تاکو بتوانن قەرزو قوڵەکانیانی پێ بدەنەوە.

ڕەنگە بەکردنی ئەو کارە جیسی جایمس خۆی بەکەسێکی نمونەیی هاتبێتە بەرچاو، وەك چۆن (داچ شوڵتز وکراولی، ئال کابونی) دەیانکرد.لەڕاستیشدا هەموو ئەوانەی دەیان بینیت، بەوەشەوە کەلەئاوێنەدا ڕووبەڕوو لەبەردەمتا دەوەستێت(مەبەست لەخۆتە کە کاتێ لەبەردەم ئاوێنەدا دەوەستیت، وێنەکەت لەبەردەمتدا ڕادەوەستێت... وەرگێڕ) – ئیعتیبارێکی زۆر دائەنێن بۆ خۆیان.پێی

خۆشە نەرم ونیان بێت و منگەرایی وخود پەسەندی نەکات، دیارە بەمەزەندەی خۆی.

(ج.پیارپۆنت مۆرگان) لەپەرەگرافێکی شیکاریانەدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە کەمرۆڤ کاتێ هەر کارێك دەکات دوو هۆکارو پاڵنەری بۆ کردنی کارەکەی هەیە: هۆیەکیان ئەوەیە کەهەست دەکات ئەوکارەی پێی هەڵدەستێت ڕاست ودروست وڕاستەقینەیە. مرۆڤ هەمیشە بیرلە هۆکارە ڕاستەقینەکان دەکاتەوە، ئیدی پێویست ناکات لەدووی پشت ڕاست کردنەوەی ئەو ڕاستی وناڕاستیە بچێت.وەڵێ هەمووومان، لەبەر ئەوەی تەواو ئایدیایین، حەزمان لەوەیە سەرنجی زیاتر لەسەر ئەو هۆکار وپاڵنەرانە چڕبکەینەوە کەبەباش دێنە بەرچاو، بەم پێیەش بۆ ئەوەی بتوانیت خەڵکی بگۆڕیت، پێویستە ڕووی داواکاریەکان بکەینە لایەنە زۆر باشەکانیان.

ئایا ئەمە شتێکی باش ونمونەییە تاکو لەکارەکاندا کەڵکی لێ وەربگرین؟ باتەماشابکەین وحاڵەتەکەی (هاملتۆن ج.فاریل)ی سەرۆکی کۆمپانیای (فاریل میچیل) لەشاری (گلینولدن) ی ویلایەتی (پەنسلڤانیا) بەنمونە وەربگرین... بەڕێز فاریل، کرێ چیەکی هەبوو، زوو زوو بێتاقەتی دەکرد وهەڕەشەی ئەوەی لێدەکرد کەچوارمانگ بەر لەوەی ماوەی گرێ بەستەکەیان کۆتایی بێت،ماڵەکە بەجێ دەهێڵێت... کرێی مانگێکی ماڵەکە (٥٥)دۆلار بوو.

بەڕێز فاریل، ئەو بەسەر هاتەی لەبەردەم قوتابییەکانی پەیمانگاکەمدا گێڕایەوە وگوتی: (ئەوان بەدرێژایی وەرزی زستان لەماڵەکەی مندا مانەوە-لەو وەرزەشدا نرخەکان لەهەموو کاتێکی تر بەرزترن.من باشم

دەزانی زۆر زەحمەتە کەسێك بەر لە وەرزی پایز بێت و بیەوێ خانوو بەکرێ بگرێ.ئەمەش مانای وایە من بڕی(٢٥٠دۆلار) زیانم لێ دەکەوێ! بۆیە زۆر توڕە وبێتاقەت بووم).

لەکاتە ئاساییەکاندا، خۆم دەڕۆشتمە لای وئامۆژگاریم دەکرد تاکو گرێ بەستەکە بەباشی بخوێنێتەوە.پێم دەگوت ئەگەر خانوەکە چۆڵ بکات، پێویستە لەسەری بەگوێرەی گرێ بەستەکە کرێی هەموو مانگەکانم بەتەواوی بداتێ.دەشم توانی ناچاری بکەم هەموو کرێکەم بداتێ.

بەڵام ئەمجارەیان لەبری ئەوەی هەڵبچم وتوڕە ببم. بڕیارمدا هەندێ شێوازی تری لەگەڵدا پەیڕەو بکەم. بۆیە بەم شێوەیە لەگەڵیدا کەوتمە وتوێژەوە: (بەڕێز دۆ، من بەباشی گوێم گرت بۆ قسەکانت.بەڵام ئێستاش بڕوام بەوەنیە تۆ نیازی ئەوەت هەبێت خانوەکە چۆڵ بکەیت.چونکە ئەو چەندساڵەی لەکاری بەکرێداندا سەرقاڵ بووم، شتێ لەسروشتی مرۆڤ تێ گەیشتوم، بۆیە دەزانم تۆ پیاوێکی خاوەنی قسەی خۆتی.لەڕاستیشدا زۆر لەوە دڵنیام، تەنانەت ئامادەم گرە وبکەم لەسەر ئەوەی تۆ خاوەنی قسەی خۆتیت.

من پێشنیارێك دەخەمە بەردەستت، جارێ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بڕیارەکەت لاوەبنێ ودووبارە بیری لێ بکەرەوە. هەر لەئێستەوە تاکو سەرەتای مانگی داهاتوو، کەوەختی کرێدان دێت، مۆڵەتت بێت، کەهاتیتەوە چ بڕیارێکتدا، پێم ڕابگەیەنە.ئەو کاتە ڕێگەت پێ ئەدەم ماڵەکە چۆڵ بکەیت ولەناخی خۆشمەوە دان بەوەدا دەنێم کەمن لەهەڵسەنگاندنی تۆدا بەهەڵەدا چووم.بەڵام تائەم چرکە ساتەش پێم وایە

تۆ خاوەنی قسەی خۆتیت ولەسەر گرێ بەستەکەش بەردەوام دەبیت.بەر لەهەر شتێ، ئێمە یان مرۆڤین یاخود مەیمونین. هەرخۆشمان دەتوانین بڕیار بدەین کام لەو دووانە دەبین).

کەسەری مانگ هاتەوە، ئەو بەڕێزە خۆی هاتە لام وکرێکەی پێدام، لەگەڵ ژنەکەیدا باس وخواسی زۆری کردبوو، هاتبویە سەر ئەوەی کەخانوەکە چۆڵ نەکات... هەردووکیان پێکەوە گەشتبونە ئەو بڕوایەی کەباشترین ونمونەیی ترین شت ئەوەیە لەسەر گرێ بەستەکە بمێننەوە.

کاتێکیش(لۆرد سکلین) بینی ڕۆژنامەیەك وێنەیەکی ئەمی بلاو کردۆتەوە کەخۆی حەزی پێ ناکات، نامەیەکی نوسی بۆ سەرنوسەری ڕۆژنامەکە.بەڵام تیایدا نەی گوتبوو: (تکادەکەم جارێکی تر ئەو وێنەیە بلاو مەکەنەوە، چونکە حەزی پێناکەم) بەڵکو.ڕووی داواکاریەکەی کردبویە بەهاجوانەکان، بەخاتری خۆشەویستی دایك بۆ منداڵەکەی، داوای لەسەر نوسەرەکە کرد: (تکام وایە ئەو وێنەیەم جارێکی تر بلاو نەکەیتەوە.چونکە دایکم پێی قایل نیە).

(جۆن د.ڕۆکفیلەر) پێی باش بوو پەیامنێرانی ڕۆژنامەکان وێنەی منداڵەکانی نەگرن، بۆ ئەم مەبەستە هات بەخاتری بەها جوانەکان داوای لێکردن.نەیگوت: (نامەوێت وێنەکانیان بلاو ببێتەوە) نەخێر.بەڵکو ئەو هەستەی بزاوند کەلەقولایی ناخی هەر کامێکماندایە بۆ دوورکەتنەوە لەئازار گەیاندن بەمنداڵەکانمان. بۆ یەگوتی: (گەنجە بەڕێزەکان، هەندێك لەئێوە منداڵتان هەیە، دەشزانن ئەوە لەبەرژەوەندی منالان نیە کەببنەخاوەنی ناوبانگێکی زۆر).

ئەو دەمەی (سایرۆس هـ.ك كورتیس) ی هەژار، گۆڕانی لەژیانیدا بەرپاکرد و، ڕێڕەوی ژیانێکی درەوشاوەی گرتە بەر، دواجار توانی بێتە خاوەنی ڕۆژنامەکانی (ساتردەی ئیڤنینگ پۆست) و(لیدیز هۆم جۆرنال) ولەو ڕێگەیەشەوە ملیۆنەها دۆلای دەستکەوت. لەسەرەتاوە نەیدەتوانی نوسەرە پلە یەکەکان بەکاربێنێت تاکوبابەتی بۆ بنوسن، بۆیە پەنای بردە بەر بزواندنی بەها جوانەکانی نێو ناخی نوسەرەکان. لەم ڕێگەیەوە توانی نوسەرێکی وەکو خاتوو (لویزا مای ئەلکۆت) ی نوسەری ڕۆمانی (ژنەبچکەڵەکان) قایل بکات بابەت بۆ ڕۆژنامەکەی بنوسێت، لەکەکاتێکدا ئەم خانمە لەترۆپکی ناوباگیدا بوو.

ڕەنگە لێرەدا کەسێك بەگومانەوە بڵێت: (ئەم قسەیە بۆ نورسکلیڤ وژنە ڕۆماننوسە عاتیفیەکە دەست ئەدا. بەڵام من هیوادارم لەگەڵ ئەو منداڵە هارو هاجانەشدا بەسود بێت کەپێویستە لەسەر هەموان بەبەزەیی ودادگەرانە لەگەڵیاندا بجوڵێنەوە).

لەوانەیە تۆ لەسەر هەق بیت، هیچ شتێ نیە بۆ هەموو حاڵەت وبارودۆخێك بگونجێت، تەنها یەك شتیش ناتوانێ بۆ هەموو کەس بەسودبێت.

جائەگەر تۆ بڕوات بەئەنجامەکان هەیە، ئیتر گۆڕانکاری دەکەیت؟ ئەگەر بڕوایشت نیە، بۆچی تاقی ناکەیتەوە؟ .

بەهەرحاڵ، وادەزانم لەخوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتە ڕاستەقینەیە چێژوەردەگریت کەبەڕێز(جایمس ل.تۆماس)ی کۆنە قوتابیم بۆی باسکردم. پوختەی بەسەرهاتەکەش بەم شێوەیەیە:

شەش کەس لەکڕیارەکانی کۆمپانیایەکی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل ئامادە نەبوون کرێی خزمەتگوزاریەکان بدەن بەکۆمپانیا، هیچکامیان نکولییان نەدەکرد لەکرێدان، بەڵام دەیانگوت کرێیەکی زیادەی تێدایە، هەریەك لەو شەش کەسە ئاماژەیان بەو هەڵەیە دەکرد، کۆمپانیاکەش دانی بەهەڵەکەدا نا، ئەمەش هەڵەی یەکەم بوو.

بەرپرسیارانی بەشی (سەنەدەکان) چەند هەنگاوێکیان نابۆ کۆکردنەوەی ئەو بڕەپارەیەی لای ئەوکەسانە بوو، بەڵام ئایا گومانت وایە لەو هەنگاوانەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا؟ .

(١) هەموو کڕیارەکانیان بانگ کردوبە توندوتیژی پێیان گوتن کەپێویستە ئەوبڕە پارەیەی ماوەیەکە لەلایانە کۆبکەنەوەو بیدەنەوە بەکۆمپانیا.

(٢) ئەوەیان بۆ ڕوون کردنەوەکە کۆمپانیا لەسەر هەقە، بەو پێیەش کڕیارەکان لەسەرناهەقن.

(٣) پێدا گرییان لەسەر ئەوەکرد کەکۆمپانیا پتر لەوان شارەزای ئۆتۆمبیلەکانە.ئەی ئەنجام چی ڕویدا؟ .

(٤) ئەنجام؟ ئەوە بوو چونە نێو دەمبەدمەیەکی دووردودرێژەوە. ئایا هیچکام لەو ڕێگەو هەنگاوانە توانییان ئاوی دڵی کڕیارەکان بدەن وکۆتایی بەکێشەکە بێنن؟ تۆ خۆت دەتوانیت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیتەوە.

لەم قۆناغەدا، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە خەریك بوو جەنگێکی یاسایی لەگەڵ کڕیارەکاندا دەست پێ بکات، بەڵام کاتێ بەڕێوەبەری گشتی سەرنجیدا هەستی کرد ئەو شەش کەسە لەباشترین کڕیارەکانی

کۆمپانیان.بۆیە گەشتە ئەو بڕوایەی کەهەردەبێ هەڵەیەك ڕوی دابێ. هەڵەیەکی گەورە لەکۆکردنەوەدا. بۆیە (جیمس ل.تۆماس) بانگ دەکات وداوای لێدەکات (حسابە نەکراوەکان) کۆبکاتەوە.

بەڕێز(تۆماس) چەند هەنگاوێکی بۆ ئەو مەبەستە گرتەبەر، کەبریتی بوون لە:

(١) بەڕێز تۆماس دەڵێت: (سەردانی هەرکڕیارێکم دەکرد، بۆ ئەوە بوو بڕێ پارە کۆبکەینەوە کەماوەیەکی دوورودرێژ بوو لایان بوو، تەواو دڵنیاش بووین لەوەی حسابەکەی کۆمپانیا ڕاست ودروستە.بەڵام من بچوکترین وشەم لەبارەی ڕاستی و دروستی حسابەکەی خۆمانەوە نەدرکاندا.بەڵکو بۆم ڕوون دەکردنەوە کەهاتووم بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیە بدۆزمەوە کەکۆمپانیاکردوێتی!.

(٢) پاش ئەوەی گوێم بۆ قسەکانی ئەوانیش ڕادەدێرا، بۆم ڕوون دەکردنەوە کە من هیچ ڕایەکم نیە تاکو پێیانی ڕابگەیەنم. کۆمپانیاش پڕوپاگەندەی ئەوە بۆ خۆی ناکات کەحسابەکەی خۆی ڕاستە.

(٣) بەهەر یەك لەو کڕیارانەم دەگوت، من تەنها گرنگی بەئۆتۆمبیلەکەی تۆ ئەدەم وجەنابت لەبەرتری لەو ڕوەوە.

بوارم ئەدایە بەئارەزوی خۆی قسەبکات، بەبایەخێکی زۆرەوە گوێم بۆ دەگرت وهاوسۆزیم بۆ دەردەبڕی، بەو جۆرەی ئەو پێی خۆش بوو.

(٥) دواجار، پاش ئەوەی توڕەیی کڕیارەکە نەدەماو هێور دەبویەوە، بەهاجوانەکانی نێوناخ و دەرونیم دەبزواند، سەرەتا پێم دەگوت: (دەمەوێت جەنابت بزانیت کەمنیش هەست دەکەم مەسەلەکە بەباشی نەگوزەراوە.تۆش لەیەکێك لە فەرمانبەرەکان بیتاقەت بوویت.دڵنیات

دەکەم ئەوە دووبارە نابێتەوە... زۆر نیگەرانم! بەو پێیەی نێردراوی کۆمپانیاشم داوای لێبوردنت لێدەکەم، پۆزشت بۆدەهێنمەوە. کاتێ دانیشتم وگوێم بۆ قسەکانت ڕادێرا، نەم توانی نەچمە ژێرکاریگەری نەرم ونیانی وئارامگری تۆوە... ئێستاش پاش ئەوەی هێوبویتەوە ومەسەلەکان لەلات ڕوون بونەوە، دەمەوێت داوای شتێکت لێ بکەم کەلەبەرمن بیکەیت. شتێ کەتۆ لەهەموو کەس باشتر دەتوانیت بیکەیت ولەهەرکەسێکی تریش زیاتر لێی بەئاگایت... ئەمە فاتورەکەتە، دەزانم دەتوانیت زۆر بەباشی پڕی بکەیتەوە، وەك ئەوەی خۆت سەرۆکی کۆمپانیاکەبیت... ئەوەت بۆ جێ دێڵم تاکو پڕی دەکەیتەوە.دوای ئەوەش هەرچی داوابکەیت جێبەجێی دەکەین.

ئایا لەکۆتایدا پارەی فاتۆرەکەیاندا؟ بەڵێ، بێگومان.نرخی فاتۆرەکان لەنێوان (١٥٠-١٤٠٠) دۆلاردا بوو. ئایا هیچکامیان یاخی بوون لەوەی پارەکەبدەن؟ بەڵێ!یەکێك لەکڕیارەکان ئامادە نەبوو ملیمێك بدات! بەڵام پێنج کڕیارەکەی تر هەموو پارەکەیاندا.پوختە وکورتەی بەسەرهاتەکەش ئەوەبوو کەلەماوەی دوو ساڵی داهاتو تردا کۆمپانیا شەش ئۆتۆمبیلی دایە دەست هەرشەش کڕیارەکەی!.

بەڕێز(تۆماس) دەڵێت: (ئەزمونەکانم فێریان کردووم، هەرکاتێ هیچ زانیاریەکت نەبوو لەسەر کڕیارەکەت، تاکە ڕێسایەك بۆ ئەوەی بتوانی بەهۆیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، ئەوەیە گریمان دابنێیت کەئەم کەسە کەسێکی دڵسۆز وڕاستگۆیەو ئارەزوی لەوەیە هەرکاتێ بڕوای بەوە هێنا کەحسابەکان ڕاست ودروستن، پارە وهەقەکانی بدات، . بەشێوەیەکی ڕوونتر دەتوانین بڵێین: خەڵکی خاوەنی ڕێزو حورمەتن وئارەزویان

لەوەیە بەڵێنەکانیان بەرنەسەر... من بڕوام وایە ئەو کەسەش کەحەزی لەفرۆفێڵ و چەواشەکاریە، بەنیازێکی باشەوە ڕەفتار دەکات ئەگەر هەست بکات تۆ پێت وایە ئەوکەسێکی سەرڕاست وشەریفە.

کەواتە، ئەگەر ئەتەوێت دڵی خەڵك ڕاکێشیت بەلای بیرو بۆچونەکانی خۆتدا، واباشترە پێڕەوی لەم ڕێسایە بکەیت: ڕوی داواکاریەکانت بکەرە بەها جوان وپیرۆزەکانی نێو ناخیان.

دەروازەی چوارەم

ڕێگەكانی گۆڕینی خەڵك، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی سوكایەتی پێكردن وبێزاركردنیان).

ئەگەر بمانەوێت خەڵكی بگۆڕین بەبێ ئەوەی ببینە هۆی سوكایەتی پێكردن وبێزار كردنیان، پێویستە بەشێوەیەك دەست پێبكەین كەئەو پێی قبوڵ بێت وڕێزی لێ بگرێت.

چونكە كاردانەوەی ئەو، بەندە بە شێوازی مامەڵەی ئێمەوە.

بەشی هەژدەیەم

چۆن ڕەخنە دەگریت، بەبێ ئەوەی بەرانبەرەکەت بێزاربببێت؟

دوانیوەڕۆیەک (چارلز شواب) بەکارگەیەکی پۆلادا تێ پەڕی، بینی کۆمەڵێك دانیشتون وجگەرە دەکێشن، لەهەمان کاتدا لەسەرویانەوە تابلۆیەك هەڵواسرابوو لێی نوسرابوو (جگەرە کێشان قەدەغەیە!)... ئایا چارلز سەرنجیانی بۆ تابلۆکە ڕاکێشا وپێی گوتن: ئەرێ ئێوە خوێندەواریتان نیە؟ .نەخێر، ئەوە شواب نیە کارێکی وابکات! بەڵکو بەرەو ڕویان ڕۆشت ویەکی جگەرەیەکی دایە دەست هەر هەموویان وپێی گوتن: (زۆر مەمنون ئەبم ئەگەر لەدەرەوە ئەم جگەرەیە بکێشن). لەوکاتەدا ئەوان تێگەیشتن لەوەی شواب ئاگای لێیانە کەیاسایان پێشێل کردووە، بۆیە زۆر ڕێزیان لەشێوەی مامەڵەکەی گرت کە بەهیچ شێوەیەك فەرمانەکەی وەبیر نەهێنانەوە، بەڵکو دیاریەکی بچوکی دایە هەر یەکێکیان ووایلێکردن هەست بەبایەخی خۆیان بکەن.جائایا تۆ دەتوانیت خۆشەویستی پیاوێکی ئاوها لەناو دڵتا دەربکەیت؟ .

(جۆن وانامایکەر) یش هەمان شێوازی مامەڵەکەی پێڕەو کرد، ئەم ڕاهاتبوو لەسەر ئەوەی ڕۆژانە گەشتێك بەکۆگاگەورەکەیدا بکات کەدەکەوتە (فیلادلفیا) وە.ڕۆژێکیان بینی یەکێك لەکڕیارە ئافرەتەکان لەبەردەم ژمێریارەکەدا ڕاوەستاوە وهیچ کەس نیە گوێی پێبدات ومامەڵەکەی بۆ بەڕێ بخات.ئەی فرۆشیارەکانی کۆگاکە لەکوێ بوون؟ هەموو فرۆشیارەکان لەولاوە دانیشتبون و سەرقاڵی پێکەنین وشۆخی کردن بوون.(وانامایکەر) تاکە وشەیەکی لەدەم نەهاتە دەر.بەڵکو زۆر بەهێوری ڕۆشتە پشتی ئامێری ژماردنەکەوە و، مامەڵەی ژنەکەی بەڕێ کرد، دوای ئەوە بەڕێگەی خۆیدا ڕۆشت.

لەهەشتی ئازاری ساڵی ١٨٨٧دا، (هنری وارد بیچری) زمانپارا وکۆچی دوایی کرد، یان وەکو ژاپۆنیەکان دەڵێن کۆچی کرد بۆجیهانێکی تر.ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو، لایمن ئەیوت بانگهێشت کرا تاکو لەسەر بڵندگۆکەی بیچەرەوە مەوعیزە بکات.چونکە لەدوای مردنی (بیچر) ئیتر ئەو دوانگەیە بێدەنگ ببوو... (لای من ئەبوت) بەهەموو توانایەوە، (وەکو فلۆبیر) بەوپەڕی بایەخەوە وتارەکەی دەنوسی و پاشان پاکنوسی دەکرد، دواتر لەبەردەم هاسەرەکەیدا خوێندیەوە، وتارەکە وەك هەروتارێکی ئاسایی لەڕو لاواز بوو.ئەگەر ژنەکەی حیکمەتی نەبوایە لەوانەیە پێی بگوتایە (لایمن، ئەوە شتێکی بێ سودە، ئەم وتارەی تۆ وا لەخەڵك دەکات دەست بکەنە باوێشکدان وبنون، چونکە لەئینسکلۆپیدیا دەچێ. پێویستە تۆ لەپاش چەندین ساڵی دوورو درێژ کەلەبواری ئامۆژگاری ووەعزدا بەسەرت بروە، ئێستا زانیاریت زیاتر بوایە لەو بارەیەوە.بۆچی وەکو مرۆڤ نادوێیت؟ بۆچی بەشێوەیەکی

ئاسایی هەڵسوکەوت ناکەیت؟ ئەگەر ئەوقسە پوچانە بۆ خەڵك بخوێنیتەوە، خراپە دەدەیتە پاڵ خۆت).

هاوسەرەکەی خەریك بوو ئەوقسەیە بکات! بەڵام تۆ دەزانیت ئەگەر ئەوقسەیە بکرایە چی دەقەوما، خۆیشی ئەوەی دەزانی لەبەر ئەوە، ستایشی ئامۆژگاریەکانی کرد وگوتی: مەوعیزەکەت بۆ ئەوە باشە بکرێت وتارێك لەڕۆژنامەی (نۆرس ئەمریکان ڕیڤیو= North Amrican Review)دا، لەهەمان کاتدا پێشنیاری ئەوەیشی کرد کەوەکو مەوعیزە یان وتارێ کە بۆخەڵك بخوێندرێتەوە، دەست نادات!!.

لایمەن ئەبوێت، هەڵەکانی خۆی دۆزیەوە، بۆیە کاغەزی وتارەکەی دڕاند، دواتر مەوعیزەکەی پێشکەش کرد بەبێ ئەوەی هیچ تێبینیەکی پێش وەخت ڕەچاو بکات.

بەم جۆرە، ئەگەر دەتوێت خەڵکی بگۆڕیت بەبێ ئەوەی ببیتە هۆی بێزار بوون ودڵتەنگکردنیان ئەوا کار بەم ڕێسایە بکە:

بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئاماژە بەهەڵەکانیان بدە!.

بەشی نۆزدەیەم

یەکەمجار، باسی هەڵەکانی خۆت بکە...

چەندساڵێك لەمەوبەر (جۆزفین کارنگی) خوشکەزام، ماڵی خۆی لە(کنساس) بەجێ هێشت و، ڕووی کردە نیویۆرك تاکو لەلای من ببێتە سکرتێرە.ئەو دەمە تەمەنی نۆزدەساڵان بوو، سێ ساڵ بوو لەقۆناغی دواناوەندی دەرچوو بوو، ئەزمونی کرداریشی سێ کەڕەت سفر بوو!! بەڵام ئێستا یەکێکە لەباشترین سکرتێرەکان... ڕۆژێکیان ویستم ڕەخنەی لێبگرم، بەڵام لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەی کارنگی!پەلەمەکە... تەمەنی تۆ دوو ئەوەندەی تەمەنی جۆزفینە، دەئەوەندەی ئەو ئەزمونی کرداریت هەیە.ئیتر چۆن چاوەڕوان دەکەیت، ئەویش هەمان بۆ چون ودانایی و زانیاری تۆی هەبێت، لەکاتێکدا ڕەنگە ئەوانەی تۆش شتانێکی ئاسایی بن؟ ... تۆزقاڵێ ڕاوەستە! ئەی دیل!ئەرێ تۆ خۆت کەلەتەمەنی نۆزدەساڵیدا بویت چیت دەکرد؟ ئایا ئەو هەموو هەڵە وپەڵەیەت لەبیرە کەئەنجامت دەدان؟ ... کاتێ بەبێ لایەنگری کردن بیرم لێکردەوە، گەشتمە ئەو دەرەنجامەی کە جۆزفین لەمن باشترە کەلەتەمەنی

نۆزدەساڵیدا بووم، جێگەی نیگەرانیشمە دان بەو ڕاستیەدا بنێم کەمن لەم ڕووەوە موجامەلەی ناکەم!.

بەو پێیە، هەرکاتێ بمویستایە سەرنجی جۆزفین بۆ لای هەڵەیەکی ڕابکێشم، ڕاهاتبووم لەسەر ئەوەی بەم ڕستانە دەست پێ بکەم: (جۆزفین گیان، تۆهەڵەیەکت کردووە، بەڵام خودا ئاگادارە لەو هەڵانە خراپترنیە کەمن لەتەمەنی تۆدا ئەنجامم ئەدان.تۆ بەزانستەوە لەدایکت نەبویت، چونکە زانست بەدەست نایەت لەڕێی ئەزمونەوە نەبێ.هەرچەندە ئێستا تۆباشتریت لەمن لەوکاتەی لەتەمەنی تۆدا بووم.من لەو تەمەنەدا کاری خراپ ودەبەنگانەی زۆرم دەکرد، بەجۆرێ هەڵەکانی ئەوکاتەم وایان لێکردوم نە ڕەخنە لەتۆبگرم ونە لەهیچ مرۆڤێکی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئایا پێت وانیە شتێکی باشە ئەگەر ئاواو ئاوا بکەیت؟).

شتێکی زۆر نارەحەت نیە ئەگەر گوێ بۆ ژماردنی هەڵەکانت بگریت، بەمەرجێك ئەو کەسەی قسەت بۆ ئەکات دان بەو ڕاستیەدا بنێت کەخۆیشی بێ هەڵەوکەم وکووڕیی نیە.

شازادە (فۆن بیلۆ) لەساڵی (١٩٠٩)دا هەستی کرد، پێویستە بەو شێوەیە ڕەفتار بکات... ئەم لەوکاتەدا کە(ویلهلهم) ی لوت بەرزی بەناوبانگ، دوایەمین قەڕاڵەکانی ئەڵمانیا لەسەر کورسی دەستەڵات بوو، ڕاوێژکاری پادشابوو.

پادشا خەریکی دروستکردنی سوپایەك وکەشتیگەلێکی دەریایی وابوو کەتادەهات لەجیهاندا سەنگی پەیدا دەکرد.لەم ناوماوەدا شتێکی سەیر ڕویدا، قەڕاڵ باسی هەندێ شتی باوەڕپێنەکراوی کرد، هەندێ شتی گوت کەتەواوی کیشوەری ئەورووپای هێنایەوە لەرزە وسەدا

ودەنگۆکەی جیهانی تەنیەوە. بۆئەوەی قەیرانەکە پتر ئاڵۆزببێت، قەراڵ کاتێ لەئینگلتەرا میوان بوو هەندی بانگەشەی خودپەسەندانە وپوچی تریشی بڵاوکردەوە.فەرمانێکی شاهانەیشی دەرکرد تاکولێدوانەکانی لەرۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف)دا بڵاوبکەنەوە... لەولێدوانانەدا (بۆنمونە) گوتبوی: من تاکە ئەڵمانیەکم، هەست بە دۆستایەتی لەگەڵ ئینگلتەرادا دەکەم.یاخود گوتبوی: بۆ دژایەتی کردنی ژاپۆن کەشتیگەل بنیات دەنێم.یان گوتبوی: من تاکەکەسێکم ئینلگتەرام ڕزگارکردوە لەوەی نوقمی تەپوتۆزی ڕوسیا وفەرەنسابێت... هتد.

لەماوەی ئاشتیدا لەئەوروپاکەسەد ساڵی ڕەبەقی خایاند، هیچ پادشایەکی ئەوروپی لێدوانی قەڵساکاری بەوشێوەیەی لەدەم ناهاتۆتەدەرەوە.بۆیە کیشوەری ئەوروپا شڵەژا وبەتەواوی تورەبوو... ئینگلتەرا گڕی گرت، پیاوانی دەوڵەتی ئەڵمانیابەتەواوی توشی شۆك بوون!.

لەمیانی ئەم شڵەژانەدا، ترس چوەدڵی قەراڵەوە، بۆیە پێشنیاری کرد بۆشازادە (فۆن بیلۆ)ی ڕاوێژکاری پادشا، تاکوئۆباڵی لێدوانەکان بخاتە ئەستۆی خۆیەوە: بەڵێ، دەیویست فۆن بیلۆ دان بەبەرپرسیارێتی خۆی لەو لێدوانانەدا بنێت وڕای بگەیەنێت کەئەم ئامۆژگاری پادشای کردوە تاکوبەوشێوەیە بدوێت!!.

فۆن بیلۆ، لەم پێشنیارە ناڕازی بوو، گوتی: (بەڵام پادشای مەزن، پێم وایەشتێکی ناماقوڵە گەر هەرکەسێك لەئەڵمانیا و ئینگلتەرادا بڕوابەوە بکات کەمن ئێوەی خاوەن شکۆ ئامۆژگاری دەکەم، تاکوبەو شێوەیە بدوێن)!.

هەرکە ئەمەی گوت، فۆن بیلۆ هەستی کرد، هەڵەیەکی گەورەی کردووە.چونکە قەڕاڵ زۆر تورەبوو، قیڕاندی: (تۆمن بەکەردەزانیت، پێت وایە هەڵەی وادەکەم کەناگونجێت جەنابت ئەوهەڵانە بکەیت)!.

لەم کاتەدا ئیدی(بیلۆ) هەستی کرد، پێویست بوو بەرلەوەی ڕەخنەی لێبگرێت، ستایشی بکردایە.بەڵام تازەکارلەکار ترازابوو... سەرباری ئەوەش بەشێوەیەکی جادوگەرانە دەستی کردە ستایش کردنی قەڕاڵە و، لەوەڵامیدا بەڕێزەوە گوتی: (نا هەرگیزمەبەستم ئەوەنەبوو.چونکە خاوەن شکۆی بەڕێز لەزۆر ڕووەوە لەمن شارەزاتر وکارزان ترە، نەك بەتەنها لە ڕووی سەربازی ودەریاوانیەوە، بەڵکو بەرلەهەرشتێ لەزانستە سروشتیەکاندا. من زۆر بەتامەزرۆیی وسەرسوڕمانە گوێم بۆشل کردبویت کاتێ شیکردنەوەت لەسەر بارۆمەتر وبێ تەل پێشکەش دەکرد، یاخودکاتێ لەبارەی تیشکی ڕۆنتگنەوە دەدوایت.من زۆر بەداخەوە لەهیچ لقێکی زانستە سروشتیەکان شارەزانیم، بچوکترین زانیاریم لەبارەی کیمیا وفیزیاوە نیە، ناتوانم ساکارترینی دیاردە سروشتیەکان شیی بکەمەوە... (بەڵام من) فۆن بیلۆ بەردەوام بوولەسەر قسەکانی وگوتی: (لەبری ئەوە، کەزانیاریم لەبارەی مێژووەوە هەیە، ڕەنگە هەندێ وردەزانیاری سودبەخشیشم لەسەر سیاسەت وبەتایبەت لەبواری دیبلۆماسیدا هەبێت).

بەم قسەیەڕوخساری قەڕاڵ گەشایەوە.چونکە فۆن بیلۆ ستایشی کردبوو.لەپلە وپایەی بەرزکردبویەوە. بەوشێوەیە قەڕاڵ ئامادەبوو لەبەرانبەر ئەوستایش کردنەدا لەهەمووشتێ ببورێ... بۆیە

بەدڵگەرمیەوە گوتی: (ئەدی هەمیشەپێت ناڵێم ئێمە تەواوکەری یەکین؟ پێویستە هەمیشە هەردوایەکگرتوبین).

ئینجا چەندجارێ تەوقەی لەگەڵ فۆن بیلۆداکرد، ئەوڕۆژە تاکوئێوارە گەرم وگوڕبوو، پاشان بەهەڕەشەوە مشتەکۆڵەی توندکرد وبەرزی کردەوە وگوتی: (هەرکەس شتێکم لەدژی شازادە بیلۆپێ بڵێت، لوتی دەشکێنم)!.

(فۆن بیلۆ) لەکاتی گەنجاودا خۆی ڕزگارکرد.بەڵام لەگەڵ ڕەفتاری باش ولێزانینەکەیدا، یەك هەڵەی کرد: دەبوا قسەکانی بەباسکردنی ناتەواویەکانی خۆی وستایشکردنی قەڕاڵی دەست پێ بکردایە.

نەك بەوشێوەیەی گوایە قەڕاڵ ناتەواوە وپێویستی بەڕێنمونی کەرێ هەیە!.

جائەگەر چەندڕستەیەکی خۆبەکەمزانین وستایشکردنی کەسی بەرانبەر بێتەهۆی ئەوەی قەڕاڵێ بکاتە هاوڕێیەکی دڵسۆز، ئەوا بیرلەوە بکەرەوە کەسوکایەتی پێکردن وستایش کردن لەژیانی ڕۆژانەماندا چ کاریگەریەکیان دەبێت، ئەگەر ئەم شێوازە بە شێوەیەکی ڕاست ودروست بەکاربهێنیت، ئەوا کاریگەریەکی ئەفسانەیی دروست دەکات لەنێوپەیوەندیە مرۆییەکانماندا.

بەوجۆرە، ئەگەر ئەتەوێ خەڵکی بگۆڕیت بەبێ ئەوەی قەڵس وبێتاقەت وبێزاریان بکەیت، ئەواکاربەم ڕێسایەبکە:

بەرلەوەی ڕەخنەلەوی تربگریت، باس لەهەڵەو کەموو کوڕیەکانی خۆت بکە.

بەشی بیستەم

هیچ كەس حەزناكات فەرمانی بەسەردا بكرێ!

ئێوارەیەك شەرەفی ئەوەم پێدرا لەگەڵ خاتوو(ئیداتاربل)ی ڕێبەری ژیاننامەنوسە ئەمریكیەكاندا، نانێك بخۆم.كەباسی ئەوەم بۆكرد نیازمەكتێبی(چۆن هاوڕێ پەیدادەكەیت)بنوسم.دەستمان كردە گفتوگۆ لەبارەی هەڵس وكەوت كردن لەگەڵ خەڵكیدا.ئەوخانمە باسی ئەوەی بۆگێڕامەوە كەوەختێ سەرقاڵیﻨوسینەوەی ژیاننامەی (ئۆین یونگ) بووە.چاوپێكەوتنی لەگەڵ پیاوێكدا كردووەكەسێ ساڵ لەگەڵ(یونگ)دا لەیەك نوسینگەدا كاریان پێكەوە كردووە.ئەوپیاوە باسی ئەوەی كردووە كەلەماوەی ئەوچەندساڵەدا، هەرگیز نەی بیستوە(یونگ) فەرمان بۆهیچ كەسێك دەربكات.بەڵكو پێشنیاری پێشكەش دەكرد.نەك فەرمان!!.

یونگ نەیدەگوت(ئەمەبكەیان ئەوەبكە) یان (ئەمەمەكە وئەوەبكە).بەڵكودەیگوت: (دەتوانیت وابكەیت) یاخود: (ئایا پێت دایە ئەوكارە سودبەخش بێت؟).

هەمیشەلەدوای نوسینی نامەیەك دەیگوت: (ڕات چیە لەسەرئەونامەیە؟) هەركاتی بەسەرنامەی یەكێك لەهاوكارەكانیدا

بچوايەتەوە، دەيگوت: (لەوانەيە ئەگەربەم شێوازەی تر دای بڕێژيتەوە، باشتربێ!).

هەميشە هەلی دەدايە كەسەكە، تاكو خۆی هەستێ بەئەنجامدانی كارەكە... داوای نەدەكرد لەهاوكارەكانی تاكوكارێ ئەنجام بدەن، بەڵكو لێيان دەگەڕاخۆيان بەئەركەكانيان هەستن ولەهەڵەكانيانەوەفێرببن.

ئەم شێوازی مامەڵەيە ڕێگەكەئاسان دەكات بۆكەسی بەرانبەر تاكوهەڵەكانی خۆی ڕاست بكاتەوە.هەروەها ڕێزی مرۆڤ دەپارێزێت وهەست بەگرنگی خۆيشی دەكات.وايشی لێدەكات حەزلەهاوكاری بكات لەبريتی شۆڕش وهەرا وياخی بوون.

كەواتە ئەگەر دەتەوێت خەڵكی بگۆڕيت، بەبێ ئەوەی بێزاريان بكەيت.كاربەم ڕێسای دووەمەبكە:

پرسيار بكە.لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ فەرمان دەربكەيت.

بەشی بیست ویەکەم

لێگەڕێ، ئاوی ڕوی خۆی بپارێزێ!

چەندساڵێك لەمەوبەر کۆمپانیای گشتی کارەبا، فەرمانێکی بۆدەرچوو تاکو(چارلز ستاینمتز) لەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکە لابەرێ ودووری بخاتەوە.

ستاینمتز بلیمەتێکی پلەیەك بوو لەکارەبادا، بەڵام لەبەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەدا ئەوبلیمەتیەی نەبوو.لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیا نەیدەوێرافشار بخاتە سەری.چونکە پێویستی زۆری هەبوو بەبوون ومانەوەی ئەوکابرایە.لەبەرئەوەهاتن پۆستێکی تریان پێبەخشی.پۆستەکەیان ناونا(ئەندازیاری ڕاوێژکاری کۆمپانیای گشتی کارەبا) واتە ناوێکی تازەیان دانابۆ ئەوکارەی کەپێشتر دەیکرد.لەهەمان کاتداپۆستە ئیداریەکەیان لێ وەرگرتەوە ودایان بەکەسێکی تر.ستاینمتز بەم گۆڕانکاریە خۆشحاڵ بوو، هەروەها بەرپرسیارانی تری کۆمپانیاش پێی شادومان بوون.چونکە ئەوان دەربارەی ئەو ئەستێرە هەستیارەی کۆمپانیاکەیان پێشتر ڕاوێژیان کردبوو، لەئەنجامیشدا توانییان ئامانجەکەیان بەدەست بێنن بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە گەردەلولێك بەدوای خۆیدا بهێنێت... چونکە لێگەڕان ئاوی ڕووی بپارێزێ!.

لێگەڕان ئاوی ڕووی خۆی بپارێزێت!چەند ئەم پەیڤە گرنگە! کەسانێکی زۆرکەم لەئێمەدا هەن کەلەئاقاری ئەو پەیڤەدا ڕادەوەستن ولێی دەکۆڵنەوە!... ئێمە زۆربەتوندی هەستی بەرانبەرەکانمان پێشێل دەکەین... بەردەوام دەگەڕێین تاکوهەڵەکانی خەڵکی بدۆزینەوە ودەست بکەینە هەڕەشە وگوڕەشە کردن.ئەوەتا لەبەرچاوی خەڵکیدا ڕەخنەلەمنداڵ یان لەفەرمانبەرەکانمان دەگرین، بێ ئەوەی هەست بەوئازارەبکەین کەبەو هۆیەوە دووچاری دەرونی ئەوکەسانە دەبێت!ئەمەلەکاتێکدا چەند چرکەیەك بیرکردنەوە و، دوو وشەی جوان ونەرم ونیان، تێگەشتنێکی قوڵ لەهەڵس وکەوت وڕەفتاری بەرانبەرەکانمان، ڕەنگە ببێتەهۆی ئەوەی ئازار وژانیان لێ دووربکەوێتەوە!.

باهەرکاتێ پێویست بوو فەرمانبەرێ یاخود خزمەتگوزارێ دەربکەین ئەوەمان لەبیربێت کە(دەرکردنی فەرمانبەران سەرچاوەی خۆشحاڵی نیە... ئەگەر تۆش دەربکرێیت هەرگیز شادومان نابیت).

(ئەمەی خوارەوە بڕگەیەکە لەو نامەیەی کە(مارشاڵ گرانگر) بۆی ناردووم... ئەوکەژمێریارێکی بەناوبانگە لەنامەکەیدا دەڵێت: (زۆربەی ئیش وکارەکانی ئێمە وەرزانەن، لەبەرئەوە پێویستە لەمانگی ئاداردا زۆربەی کرێکارەکانمان دەرکەین... ئەوئەرکەش دەبوا ئێمە ڕاییمان بکردایە لەکاتێکدا کەس حەزی لەئاوائەرکێك نیە... بەڵام نەریتمان وابوو، بەم شێوەیە کەسێکمان لەکارکردن دووردەخستەوە: (بەڕێز سمیس، فەرمووو دانیشە.واوەرزی کارکردنمان کۆتایی هات.پێناچێت

هیچ کارێکمان مابێت.تۆخۆت لەوەتێ دەگەیت کەجەنابت تەنها لەوەرزی کارکردندا لێرە کاردەکەیت، بەهەرحاڵ، ... هتد).

لەم بارەدا بەرەنجامی ئەوکارە بێ ئومێدبوونی کەسی بەرانبەر دەبێ.واهەست دەکات دابەزێنراوەتە خواری خوارەوە.چونکە زۆربەیان هەوڵیان بۆ بژێوی دەدا.بۆیە چیدی هیچ خۆشەویستیەکیان نامێنێ بۆئەو کارگەیەی کەلەسەر کارەکانیان دەری کردن.

دواجار بڕیارمدا بەشێوەیەکی جوانتر وشایستەتر مامەڵەبکەم لەگەڵ ئەوانەی تردا کەهێشتر لەلامان مابونەوە.بۆیە هەریەکیانم بەجیا بانگ دەکرد، پاش ئەوەی سەرنجی ووردم ئەدا لەوکارەی کەلەزستاندا کردبووی، ئەوجا پێم دەگوت: بەڕێز سمیس، جەنابت کارێکی زۆر جوانت کردووە(ئەگەر هەربەڕاستی کاری جوانی کردبێ).بەلام کاتێ تۆ نێردراویت بۆ(بوئارك).کارێکی سەخت وناڕەحەت خرایە ئەستۆت.کەچی تۆبەوپەڕی ڕێکوپێکی کارەکانت ڕاپەڕاند.ئێمە حەزدەکەین بزانیت کەکۆمپانیاکەمان شانازی بەجەنابتەوە دەکات.تۆ فەرمانبەرێکی چالاکیت، کۆمپانیاکەمان بڕوای بە تۆ هەیە، هیوامان وایە بمێنیتەوە.ئەوەت لەیادنەچێت!).

ئەی بەرەنجامی ئەم شێوە ڕەفتارەچیە؟ فەرمانبەرەکان کەلەکۆمپانیا دێنەدەرەوە هەستیان زۆر لەوەباشترە کەهەست بە دەرکردن بکەن.هەست ناکەن دابەزێنرابنە خواری خوارەوە.چونکە دڵنیابوون لەوەی ئەگەرکارمان بمایە، دەستمان لێ بەر نەئەدان. هەرکاتێکیش کاری ترمان هەبوو، دەتوانن زۆر بەشادومانی وئاسایی بگەڕێنەوە بۆلامان.

دویت مورو، توانایەکی زۆر نائاسایی هەبووبۆ ئاشتکردنەوەی دووکەسی ناکۆك، ئەگەرچی لەوەشدابن دەست لەبینەقاقای یەکترگیربکەن.بەلام چۆن؟ دویت، دەگەڕابەدوای لایەنەباشەکانی هەریەك

لەودوو کەسە ناکۆکەدا وباسی دەکرد... ناکۆکیەکەشیان لەسەرهەرچی بوایە، هیچکامیانی بەهەڵە لەقەڵەم نەئەدا.

پیـاوە مەزنەڕاسـتەقینەکان. زۆرلەوەگـەورەترن کاتیـان لـەوەدا بەفێرۆبدەن کەتەماشای سەرکەوتنەشەخسیەکانی خۆیان بکەن. بۆنمونە: لەسـاڵی ١٩٢٢دا، لـەپاش چـەند سـەدەیەك لەدوژمنایەتیـەکی تـاڵ، تورکـەکان بڕیاریانـدا بۆهەتایـە یۆنانیـەکان لـە ناوچـەتورکیەکان دووربخەنەوە.

مـستەفاکەمال لەبـەردەم سـەربازەکانیدا (وتـارێکی نـاپلیۆنی) دا... تیایدا گـوتی: (دەریـای ناوەڕاسـت ئامـانجی ئێوەیـە). لـەم کاتـەدا ئیدی یـەکێك لەجەنگەسـەختەکانی مێـژوی نـوێ هەڵایـسا. تورکـەکان تیایـدا سـەرکەوتن. لەئەنجامـدا هـەردوو سـەرکردەنی یۆنـانی (تریکـوبیس) و(دایـونیس) ڕوویـان کـردە کۆشـکەکەی کـەمال بۆخۆبەدەسـتەوەدان... تورکـەکان خوازیـاری ئـەوەبوون نەفرەتـەکانی ئاسمـانیش دابەزێتـە سـەر دووژمنـەدۆڕاوەکانیان، بـەڵام ڕەفتـاری کـەمال ڕەهـابوو لەهەسـتی سـەرکەوتن. بۆیـە دەسـتی هەردووسـەرکردەکەی گرتـوپێـی گـوتن: (فەرمووودانیشن، لەوانەیە هیلاك بن) دوای ئـەوەی بـەووردی باسیان لە هێرشـەکەکرد، قورسایی شکستەکەیانی لەسـەر کـەم کردنـەوە، دروست وەك ئەوەی سەربازێ لەگەڵ سەربازێکی تردا بدوێ، پێـی گوتن: (جەنگ یاریەکە، زۆرجار باشترین پیاوەکانیش تیایدا دەدۆڕێن).

تەنانـەت لـەترۆپکی سـەرکەوتنیدا، کـەمال ئـەم ڕێـساگرنگەی لەبەرچاوبوو: لێگەڕێ، ئاوی ڕووی خۆی بپارێزێ.